# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٣٦) تەمووزی ٢٠٢٣ زایینی - خەرمانانی ٢٧٢٣ کوردی


# فەلسەفەی وەرگێڕان

کتێبخانەی کوردیی پڕ بووە لە کتێبی وەرگێڕدراوی بێ سەروبەر و بێ کەڵک، کەسیش نییە بەرییان لێ بگرێت، یان هەر هیچ نەبێت سنوورێکیان بۆ دابنێن.

گرفتەکان زۆرن، هەر لە دیاریکردنی جۆری کتێبەکەوە بگرە، تا دەگاتە چۆنیەتی وەرگێڕان و چەندبارە وەرگێڕانەوەیان، لە لایەن زیاتر لە کەسێک و بە کەیفی خۆ داڕشتن و ئەمسەر و ئەوسەر پێکردنی زمان و داتاشینی دەستەواژەی قۆڕ.

بە جۆرێکە، نازانم هەندێک لەو وەرگێڕانە، مەبەستیان لەو گەمە زمانییە چییە؟ بۆ هێندە عەودالّی تێ ئاخنینی ئەو وشانەن، کە بۆ نووسین نامۆن.

هەموو ئەوانەی ئەو جۆرە فەلسەفەیە لێ دەدەن، ناتوانرێت دوو پەڕ لە کتێبە وەرگێڕدراوەکانیان بخوێنرێتەوە.

بەڕاستی لەتیف هەڵمەت لەوەیاندا ناحەقی نییە، کە دەڵێت: ئامادە نیم یەک چرکە لە کاتم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە وەرگێڕدراوانەی کوردیی خەسار بکەم.

جا کێشەکە لەوە گەورەترە، ئێمە بە چەند وردە نوسینێک و هەڵوێستێکی تاکە کەسیی بتوانین سنوورێک بۆ ئەو بێ سەروبەرییە دابنێن، چونکە جیاواز لەگەڵ نەوەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە جگە لە زمانی کوردیی، لانی کەم، یەک دوو زمانی دیکەشیان دەزانی، بەڵام نەوەی ئێستە، تاکوتەرا نەبێ، جگە لە کوردیی هیچ زمانێکی دیکە نازانن، بۆیە بە ناچاریی دەبێت سەر بخەنە سەر ئەو کتێبە سەقەتانە.

جگە لەوەش سەردەمی زوو نە نووسینی کوردیش هێندە وێران بوو، نە وەرگێڕان ئاوەها بدەبەرێ بوو، بۆیە دەبینین، زۆر لە کتێبەکانی ئەو سەردەم، ئێستەش وەک توحفە وان، خوێنەر بە تامەزرۆییەوە بەدوایاندا دەگەڕێ و لەنێو ڕەفەی کتێبخانەکانیاندا بە پیرۆزی تەقەتیان دەکات.

کاتێکیش ڕەخنە لەو جۆرە وەرگێڕانە دەگریت، هەزار و یەک شێر و ڕێویت بۆ دێننەوە، نەک ئامادە نین کتێبە وەرگێڕدراوەکانیان لە بازاڕ خڕکەنەوە و بە دەنکە شقارتەیەک بیانسووتێنن، بەڵکو ئامادە نین دان بە هەڵەکانیشیان دابنێن، لەوەش زیاتر ئەگەر پێی بڵێی برا ئەوە کەی وەرگێڕانە؟ خۆیت لێ لالووت دەکات، وەک ئەوەی باوەکوشتەی بێت.

لە هەمووشی سەیروسەمەرەتر ئەوەیە، زۆربەی ئەوانەی تووشی ئەو دەردە هاتوون، ئەوانەن، کە لە مەجلیسانیش گوێت کاس دەکەن، هێندەی باسی زمان و زمانەوانیی و ڕێنووست بۆ بکەن.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە، زۆربەی وەرگێڕەکان، خۆشیان هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەیان لەسەر وەرگێڕانەکان هەیە، ئیدی خوێنەر لێی تێک دەچێت و تێناگات وەرگێڕە خراپەکان کامانەن.

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام



تیراژ: (١٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

# لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە: (عەونی یووسف)**

١. دەستپێکی کاری سیاسیی و حزبی لە هەولێر ..... ٤

٢. عەونی یووسف .. ژیان و ڕۆڵی سیاسی/ چەند نووسەرێک ..... ٩

٣. عەونی یووسف .. پیاوێک پڕاوپڕ لە کوردایەتی / ئا: محەمەد گۆران ..... ٢٧

٤. عەونی یووسف لە بیرەوەرییەکانی مەلا ماتۆڕدا / شێرزاد هەینی ..... ٣٣

٥. چی دەربارەی عەونی یووسف دەگوترێت؟ ئامادەکردنی دیوان ..... ٣٦

٦. پاتاڵ/ عەبدولڕەحمان فەرهادی ..... ٤٠

*** مێژوو:**

١. ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن (بەشی چوارەم) عەلی مەحموود محەمەد ..... ٤٢

٢. دڵەڕاوکێی بەر لە ئەنفال / د. قارەمان شێخ بزێنی ..... ٤٨

*** ئەدەب:**

١. گفتوگۆی ئەدەبیی .. گەنگەشەی ڕۆژانە – بەشی دووەم / گفتوگۆی/ سمکۆ محەمەد ..... ٥٢

٢. توانا و داهێنان .. لەنێوان کاری حیکایەت و دەقی ڕۆماندا / عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ..... ٥٩

٣. بە ڕۆمانکردنی داستان / کافکاف ..... ٦٢

٤. کورتە چیرۆک .. دوو کڵاوەکەی باوکم / محەمەد مێرگەیی ..... ٦٤

٥. مانگی تابان خەرمانەی کردبوو / ئیسماعیل خۆشناو ..... ٦٥

٦. پرسیارە سەرەتاییەکان / ئەحمەدی مەلا ..... ٦٦

*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**

١. چەند سەرنجێک لەبارەی وەرگێران / ڕێباز مستەفا ..... ٧٠

٢. ئایا زمان موڵکی کەسییە؟ سەدیق سەعید ڕواندزی ..... ٧٤

٣. ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا (بەشی دووەم) د. راوية عبدالمنعم عباس و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ..... ٧٧

٤. با منیش قسەی خۆم بکەم (بەشی یەکەم) عەبدوڵڵا زەنگەنە ..... ٧٩

*** دیدار:**

١. فرمێسک وریا قانیع / دیمانە: محەمەد گۆران ..... ٨٤

*** هونەر:**

١. حەسەن زیرەک و دانپێدانان (بەشی یەکەم) مەولود ئیبراهیم حەسەن ..... ٩٦

٢. شانۆگەریی تۆ مەچۆ بۆ شەڕ .. نمایش، بینەر، جیاوازیی / داستان بەرزان ..... ١٠٥

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. ڕەوسەی قەڵەمەکەی مومتاز حەیدەری ... ڕەوسەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت / سەعید عەبدوڵڵا ..... ١١٤

*** لەبری بیرەوەری:**

١. شەو لەکێوان (بەشی ٢٠) د. ئەرسەلان بایز ..... ١١٨

*** وێستگەی دیوان:**

١. (١) پرسیار (ڕزگار شێخانی) ..... ١٢٦

٢. دیوانی هەولێر (یانەی مۆزەفین و مام ڕەمەزانی چایچی) نازم دڵبەند ..... ١٢٨

٣. گۆشەی دیوان (چاوپێکەوتنێکی تەواونەکراوی فەرهاد پیربال) ئا: هەڵمەت ..... ١٣١

٤. یەکەم بابەت (عبدالرحمن صادق فرهادی) ئا: قەلەندەر ..... ١٣٣

٥. سینەما فیلم (فیلمی چاوە شین کاڵەکە) ئا: پەروەر ..... ١٣٤

٦. دیوانی وەرزش (یانەی وەرزشی برایەتی) ئا: پەیام فەتحوڵڵا ڕەسووڵ ..... ١٣٦

٧. دایکم و سەرشوشتنی جارانم / حوسامەدین سەرداری ..... ١٣٩

٨. لە دەفتەری نەمریدا (جان تۆماس) ..... ١٤٠

٩. لە دەفتەری نەمریدا (کاروان شەمسەدین ) ..... ١٤١

١٠. ساڵۆنی لاپەرە (٩) ئا: ڕەوەست نەوزاد ..... ١٤٢

*** لاپەرە ١٤٤:**

سەکۆی گۆڤاری دیوان لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنیدا / د. ئەحمەد حەمەدئەمین ..... ١٤٤

# دۆسیە

# عەونی یووسف

## ١٩٠٨ - ١٩٨٨/٧/١٥

عەونی یووسف ئەحمەد قاسم، ناسراو بە عەونی قازی، ساڵی ١٩٠٨ لە شاری هەولێر لەدایک بووە. سەرەتا لای باوکی و شەهباز ئەفەندی حەیدەری دەستی بە خوێندنی ئایینیی کردووە. ساڵی ١٩٢١ قۆناغی سەرەتایی لە شاری هەولێر تەواوکردوە. ساڵی ١٩٣٤ قۆناغی ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٣٤ لە کۆلێژی ماف، لەبەغدا وەرگیراوە. ساڵی ١٩٣٩ بەکالۆریۆسی مافی لە کۆلێژی ماف لە بەغدا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٤٠ بووە بە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی عێراقیی و سەرەتا لە شاری سلێمانی و دواتر لە شاری هەولێر دەستی بە کاری پارێزەریتی کردووە. ساڵی ١٩٤٢ دادوەر بووە لە شارۆچکەی زاخۆ. ساڵی ١٩٤٢ وەک دادوەر گواستراوەتەوە بۆ مووسڵ. ساڵی ١٩٤٣یش بۆ شاری بەسرە لە باشووری عێراق گواستراوەتەوە. بەڵام پێش چوونی بۆ ئەوێ، لە هەولێر دەستگیرکراوە و بە سێ ساڵ بەندکردن سزا دراوە. ساڵانی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە و ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، لە ١٥ تەموزی ١٩٨٨ لە نەخۆشخانەی ئیبن بەیتاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شارەوانی شاری هەولێر بەخاک سپێردراوە. لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٩٤ ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر بڕیاری دا یەکێک لە شەقامەکانی هەولێری بە ناوی «عەونی یووسف»ەوە بکرێت

# دەستپێکی کاری سیاسیی و حزبی لە هەولێر




لەبەرئەوەی هەر زوو ئاشنای کتێب و خوێندنەوە دەبێت، دەبێتە خاوەنی گەنجینەیەک لە زانیاریی، ئاستی ڕۆشنبیریی لە هەڤاڵەکانی زیاتر بووە.
مام جەلال هەرزوو وەک کەسێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو سیاسەت دەکات، ئەوانی دیکەش گوێ لە بۆچوونە تازەکانی دەگرن، هەرزوو کار و کاریگەریی لەسەر ژینگەی حزبی دەبێت، زمانی نووسین و گوتاردان و پەیامی گەیاندنی، بە جۆرێک بوو، دەوروبەری سەرسام دەکرد. ئاخر ئەگەر خوێندنەوەی بەردەوام نەبێت، چۆن کتێبێک دەنووسێت بەناوونیشانی «کوردایەتی» کە حەوت دەیە بووەتە تێزی پراکتیزەکردن و ناسینەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان.
مام جەلال تا ئەو ڕۆژەی ماڵاوایی لە ژیان دەکات کتێب هاوڕێی بەردەوامی بووە، بۆ نووسینیش بەهەمان شێوە، دەکرێت ناوی بنێین ماشێنێک بۆ نووسینی وتار، توێژینەوە و نامەنووسین، لە گوتاردانیشدا نەوعی نەبووە. بابەتەکانی پڕن لە زانیاریی و تەرحی نوێ.
ئەوەی ئێمە لەم دۆسیەیەدا هەڵوەستەی بۆ دەکەین، ئەو وتارەیە، کە تەمەنی سی ساڵە و لە ژمارە ٧٣٣ی ڕۆژی ١٩٩٤/٧/١٧ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەم ناوونیشانە بڵاوبووەتەوە «لە یادی کوردپەروەری هەولێر کاک عەونی یووسف دا». عەونی یووسف ڕۆڵەیەکی تێکۆشەری هەولێر بووە.
ئەگەرچی وتارەکە بەشێکە لە خەباتی سیاسیی و حزبیی عەونی یووسف لە کوردستان، هەولێر دەبێتە خاڵی دەستپێک و بەردەوام بوون بۆ جۆشدانی خەبات. لە وتارەکەی مام جەلال، وەک نموونە، تەنیا هەڵوەستە لەسەر ئەم ڕستانە دەکەین:
– هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حزبی هیواشەوە مامۆستا عەونی بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە.
– کە لە زیندان ئازاد کرا، خێرا دەستی دایەوە چالاکی ڕێکوپێک لە ڕیزی حزبی ڕزگاری کوردا و بووە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە لە شاری هەولێر، کە مەڵبەندی چالاکی بێ وچانی ئەو ڕۆڵە کوردپەروەرەی کوردەواری بوو.
– تا ڕۆژێ هات کە کۆنگریسی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد- عێراق بەسترا ١٩٤٦ کاک عەونی بە ئەندامی کۆمیتی ناوەندی هەڵبژێردرا. واتا هەر لە سەرەتای پارتییەوە کاک عەونی بە سەرکردەیەکی ئەو پارتە هەڵبژێردرا و پاشان لە لقی هەولێریشدا بوو بە سەرۆک.
– لە هاوینی ١٩٥٠دا کە چوومە هەولێر بۆ کوبوونەوەی لق و پاشان چووم بۆ خوێندن، زۆر لە نزیکەوە کاک عەونیم باشتر ناسی.
– لە هەولێریش کاک عەونی هەمیشە خەریکی هۆشیارکردنەوەی خەڵک بوو. ئەوەندەی پێیکرابێت چۆتە ناو جەماوەری ڕەنجدەرەوە. هەمیشە دەیگوتەوە (عەمرم ڕووتەڵە، عەمرم ڕەشوڕووت).
– لە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨یشدا کاتێک کە تێکۆشەرانی هەولێر کەوتنە جموجۆڵ، کاک عەونی هەر لە ڕیزی پێشەوەی خەباتەکە بوو.
– کاک عەونی لە شاری هەولێردا تاکە ڕووی ناسراوی پارتی بوو.
ئەو چەند ڕستەیەی پێشەوە زانیاری وردن بۆ دەستپێکی کاری سیاسیی و حزبی لە شاری هەولێر، مام جەلال لە وتارەکەیدا، سەرەڕای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی عەونی یووسف، ئاماژە بە ناوی چەندان کەسایەتی دیکەی هەولێری دەدات، کە پێگەیان لە گەشەی کاری حزبایەتی لە شارەکە دیار بووە.



**دەقی وتارەکەی مام جەلال**

**لە یادی کوردپەروەری هەولێر کاک عەونی یووسف دا**

مام جەلال



٧/١٥ بیرەوەریی کۆچی دوایی کوردپەروەری دێرینی هەولێر شەخسیەتی ناسراوی کوردستان مامۆستا عەونی یووسفی پارێزەر و حاکم و وەزیری نیشتمانییە.

کاک عەونی یووسفی خوالێخۆشبوو، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە لە کوردایەتیدا بەشدارییەکی دیار و چالاکانەی کردووە.

دەستەی یەکەمی تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان لە شاری هەولێر، کاک عەونی یووسف، عیزەدین فەیزی، ڕەمزی نافیع ئاغا، فەیسەڵی ئەحمەد عوسمان و چەندین کوردپەروەری تر بوون.

لەو سەردەمەدا بەدەگمەن هەڵدەکەوت، خەڵک خەبات لە پێناوی ڕزگاریی کوردستاندا بکات، هەرچەندە مامۆستا عەونی یووسف کوڕی یووسف ئەفەندی قازی-ی ناوداری هەولێر بووە و لە بنەماڵەیەکی ناسرابووە، بەڵام وەک لاوێکی عیصامی لە سەرەتای لاوێتییەوە خۆی ژیاندووە و لە مەحکەمەدا بۆتە کاتیب تاکو بتوانێ خوێندنی کولیەی حقوق بەسەربەرزی تەواوبکات.

لەکاتی خوێندنیشا لە بەغدا لەگەڵ چەندین خوێندەواری هۆشیاری عەرەبدا وەک خوالێخۆشبوان مستەفا عەلی و لوتفی صدقیدا بۆتە دۆست و ناسیاو.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حزبی هیواشەوە مامۆستا عەونی بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە و پاشان کە کراوە بە حاکم لە شاری زاخۆ لەسەرەتای شەڕی جیهانی دووەمدا، لەگەڵ کوردپەروەری دێرینی کورد دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریمدا پێکەوە کوردایەتیان درێژە پێداوە و بیروباوەڕەکەیان لەناو خوێندەوارانی زاخۆدا بڵاوکردۆتەوە تا ئەو ڕۆژەی پێکەوە گیران و ڕەوانەی زیندانی (معتقل)ی ئەو سیاسیانە کران کە بە تۆمەتی دژایەتی بەریتانیا و دۆستایەتی ئەڵمانیا گیرابوون، کە بێگومان ئەو تۆمەتەش هەر ئەوەندەی ڕاست بوو کە کاک عەونی و کاک دکتۆر جەعفەر دوژمنی ئیمپریالیزمی بەریتانیا و دوو تێکۆشەری دیموکرات و ئازادیخوازی دوژمن بە داگیرکردن بوون، ئەگینا هەردووکیان دوژمنی سەرسەختی فاشیزم و دوو مرۆڤی دیموکرات و پێشکەوتخواز بوون.

خوالێخۆشبوو کاک عەونی ساڵانی زیندانی بە سەربەرزی و خۆڕاگری و ورەی بەرزەوە بردە سەر و لەوێش هەر بە گوێرەی توانا کوردایەتی خۆی دەکرد.



کە لە زیندان ئازاد کرا خێرا دەستی دایەوە چالاکی ڕێکوپێک لە ڕیزی حزبی ڕزگاری کوردا و بووە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە لە شاری هەولێر کە مەڵبەندی چالاکی بێ وچانی ئەو ڕۆڵە کوردپەروەرەی کوردەواری بوو. هەر زووش لەگەڵ دەستەی دووەمی تێکۆشەرانی هەولێردا کە هەرە ناسراوەکانیان مامۆستایان صالح حەیدەری و ڕەشید عەبدولقادر و نافیع یونس بوون، بوو بە هەڤاڵ و دۆست و ئاشناو. بێگومانە تەمەنی ژیان و خەبات لەژێر سەرکردایەتی ئەواندا خۆنەویستانە خەباتی کرد. تا ڕۆژی هات کە کۆنگریسی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردی - عێراق بەسترا (١٩٤٦) کاک عەونی بە ئەندانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

واتا هەر لەسەرەتای پارتییەوە کاک عەونی بە سەرکردەیەکی ئەو پارتە هەڵبژێردرا و پاشان لە لقی هەولێریشدا بوو بە سەرۆک.

لە هەولێریش کاک عەونی هەمیشە خەریکی هۆشیارکردنەوەی خەڵک بوو. ئەوەندەی پێیکرابێت چۆتە ناو جەماوەری ڕەنجدەرەوە. دەردی خۆی هەمیشە دەیگوتەوە (عەمرم رووتەڵە عەمرم ڕەشورووت).

ئەوەش خۆی لەخۆیدا نیشانەیەکی ئەهمیەت دانی بوو بە هێزی سەرەکی خەبات. بەڵام کاک عەونی لەگەڵ هەموو توێژەکانی کۆمەڵیشدا دۆست بوو: لەگەڵ چوار جوامێرە نیشتمان پەروەرە لاوە ئاغا دزەییەکانیش زۆر نزیک و دۆست بوو کە بریتی بوون لە بەهەشتیانی خوالێخۆشبوو کاک ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، کاک مشیر، کاک ئیبراهیم عەلیو کاک صابر ئاغا. هەروەک زۆر دۆستی شەخسیەتی کوردپەروەری هەولێر کاک قاسمی مەلا ئەفەندی بوو.

هەموو ئەوانە و چەندین پیاوماقوڵی هەولێریی تریش دۆست و ناسیاوی کاک عەونی بوون کە بە (جەناب) ناویان دەبرد سەبارەت بەوەی

> **کە لە زیندان ئازاد کرا خێرا دەستی دایەوە چالاکی ڕێکوپێک لە ڕیزی حزبی ڕزگاری کوردا و بووە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە لە شاری هەولێر**



هەمیشە دەیگوتەوە (جەناب بەڕاستی کورد مەغدورە) لە ساڵانی ١٩٤٦و ١٩٤٧و ١٩٤٨ کاک عەونی و تێکۆشەرانی تر خەباتێکی زۆریان بۆ بوژاندنەوەی جەژنی نەورۆز لە هەولێر کرد.

لە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨یشدا کاتێک کە تێکۆشەرانی هەولێر کەوتنە جموجۆڵ، کاک عەونی هەر لەڕیزی پێشەوەی خەباتەکە بوو. ئەوە بوو لە پاشەکشەی ساڵی ١٩٤٩دا حوکمی کۆنەپەرستی بەغدا جارێکی تر قین و تووڕەیی خۆیان لە خەباتی ئەو جوامێرەی هەولێر بە زیندانی کردنەوەی کاک عەونی دەربڕییەوە. ئەوەندەیان ڕق لە کاک عەونی و خەباتەکەی هەڵدەستا تا ئەو ڕادەیەی پریشکی کەسوکاریشی دەگرتەوە. لەکاتی مەحکەمە کردنی مامۆستا برایم ئەحمەدی سیاسەتمەدار و ئەدیبی ناوداری کورد لەگەڵ کاک جەلیل هۆشیاری برای کاک عەونی لەکاتێکدا مامۆستا برایم گاڵتەی بە شایەدە دەستچینەکانی (تحقیقات الجنائیة) دەکرد و کاک جەلیلیش زەردەخەنەیەکی دێتێ: نەعسانی حاکمی عورفی پێی دەڵێ (هەم برای عەونی و هەمیش لە مەحکەمە پێدەکەنی - دەبڕۆ تۆش ساڵ و نیوێ حوکم بە) بێ ئەوەی هیچی لەسەر ثابت بێت.

ئەوجارەیان کە کاک عەونی لە زیندان بەرەڵابوو. بەسەر وەزعێکی شڕی پارتی دیموکراتی کوردی عیراقدا کەوت. بەڵام لەگەڵ هەڤاڵانی تردا قۆڵ و بازووی ژیاندنەوەی پارتیان لێ هەڵکردەوە. واتە کاک عەونی یووسفی تیژتر دەکرد لە خەباتیدا و سوورتر دەکرد لەسەر ڕێبازی کوردایەتیدا.

> **لەو سەردەمەدا لە نزیکەوە کاک عەونی یوسفم ناسی، لەو کاتەدا من لە گروپەکەی ناو پارتی بووم کە دژی ئەو تۆمەتە نارەوایە بووین کە درایە پاڵ مامۆستا حەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری ئەو سەردەمەی پارتی**

من لەو سەردەمەدا لە نزیکەوە کاک عەونی یووسفم ناسی، لەو کاتەدا من لە گروپەکەی ناو پارتی بووم کە دژی ئەو تۆمەتە ناڕەوایە بووین کە درایە پاڵ مامۆستا حەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری ئەو سەردەمەی پارتی کە لەگەڵ سەرکردایەتی کاتیش تەبا نەبوو. یەکێکیان کاک عەونی بوو، زۆر بە ڕووخۆشییەوە

> **لە شوباتی ١٩٥١دا لە ماڵی شەهید عەلی حەمدی نەمر کۆنگرەی دووەمی پارتیمان بەست، کاک عەونی زۆر دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ پارتی نیشاندا**

گوێی لە قسە توندوتیژەکانی ئێمە دەگرت و بە پێکەنینەوە وەڵامی داینەوە کە ئێمە (دەروێشین) بەڵام پێی گوتین کە دەروێشی دڵسۆز و تێکۆشەرین، بۆیە لێمان زویر نەبوو.

لە هاوینی ١٩٥٠دا کە چوومە هەولێر بۆ کۆبوونەوەی لق و پاشان چووم بۆ خوێندن، زۆر لە نزیکەوە کاک عەونیم باشتر ناسی. پیاوێکی ڕووخۆش. گەش و هێمن و دەم بە پێکەنین، هەرچەندە هەردووکمان لە دوو خەتی لێک جیاواز بووین، هەمیشە لەگەڵمان میهرەبان و دۆستانەبوو.

خوالێخۆشبووان نوری شاوەیس، میرزا فەندی و حەیدەر حەمەدەمین لەلایەک بووین و کاک عەونی ڕەحمەتیش لەلایەکی تربوو، کەچی زۆر هەڤاڵانە و گەرم دۆست بوو لەگەڵمان و هەمیشە وەک برایەکی گەورە لەگەڵمان ڕەفتاری دەکرد.

لە شوباتی ١٩٥١دا لە ماڵی شەهید عەلی حەمدی نەمر کۆنگرەی دووەمی پارتیمان بەست، کاک عەونی زۆر دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ پارتی نیشاندا، هەرچەندە کە ئێمە زۆربەمان لەو کۆنگرەیەدا داوای لابردنی خۆی و هەموو کۆنە سەرکردەکانی پارتیمان دەکرد. لەکاتێکدا دوو لەو تازە سەرکردانە ملی کوێرەڕێی جیابوونەوەیان گرت کە کاک عەونی بەڕووە خۆشەکەیەوە هەڵوێستی زۆربەی سەلماند و وەک ئەندامێکی سادە ملی نایەوە خەبات.

لەو کۆبوونەوەیەدا مامۆستایان برایم

ئەحمەد، جەلیل هۆشیار، نوری شاویس، بەکر ئیسماعیلو محەمەدەمین مارف بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران و ناوی پارتی کرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق و ڕێبازی چەپی شۆڕشگێڕانەش پەسەندکرا.

من خۆم یەکێک لەو پێنج هەڵبژێردراوانە بووم، بەڵام سەبارەت بە ڕێکەوتنی پشت پەردە و لەبەر کەمیی تەمەن و لەسەر داوای مامۆستا برایم ئەحمەدی سکرتێری نوێ هەڵبژێردراویی هەموولایەکمان، خۆم کێشایەوە و دوای من بە دەنگ مامۆستا جەلیل هۆشیار شوێنەکەی بەرکەوت.

کە گەڕاینەوە هەولێر، دیسان کاک عەونی بێ تۆران و زیزبوون و لالوتی لەگەڵمان بە برایانە و هەڤاڵانە کەوتەوە خەباتی بێوچانی نهێنی ئەو سەردەمە.

ئەوەی ڕاست بێ کاک عەونی لە شاری هەولێردا تاکە ڕووی ناسراوی پارتی بوو کە زۆریش لەسەر بارزانییەکان هەڵی دەدایە. لەبیرمە ئەوسا کوڕی نولوبەگی شێروانی بارزانی لەلایەن پیاوەکانی ئاغا زێباریەکانەوە کوژرا بوو، کاک عەونی تەتەوعی کرد و چووە مەحکەمە لە دژیان.

لەو سەردەمەدا کاک عەونی جیرانی خوالێخۆشبوو ئەمین ڕەواندزی بوو، بۆیە زۆر جار لە ماڵی کاک عەونی ئەویشمان دەدیت. ئەوسا خوالێخۆشبووان کاکە زەیدی ئەحمەد عوسمان و قاسم ئەفەندی مەلا ئەفەندی نـــاودار و کـاکـە زیـاد ئاغـای کوردپەروەری کۆیە و کاک ئەحمەد حەمەدەمینی دزەیی و حـەیـدەر حـەمـەدەمـیـنـی جوانەمەرگیش زۆرجار لەماڵی کـاک عـەونـی کـۆدەبـوونـەوە و قسەوباسی کوردایەتیان دەکرد و لەو سەردەمەدا کاک عەونی بە نهێنیش خەریکی ڕێکخستنی جووتیاران بوو. بەتایبەتی کاک صالح شێرە و کاک حەسەن مستەفا و چەندانی تر لەناو کرێکارانی





عەونی یووسف



شەمەندەفەریش مەلا عەولای حاجی مەلا ئیسماعیلی ڕێکخستبوو لەناو قەساب و فیتەر و شۆفێرانیشدا شانەیەکی هەبوو.

لە هاوینی ١٩٥١دا کاتێک بۆ یەکەمجار من گیرام و نەفی موسڵ کراین، مامۆستایانی خوالێخۆشبوو کاکی کاکان (عومەر دەبابە) و عەونی یووسف و عومەر حەبیب و مامۆستا عەلی عەبدوڵلا و چەندین تێکۆشەری تری پارتیش نەفی کراوبوون.

لەو نەفیەدا کە لە موسڵ بەناخۆشی بردمانە سەر، کاک عەونی وەک زۆر لەو هەڤاڵانە هەر گاڵتەی بە حکومەت و نەفیەکە دەهات. کاکە دەبابە شاگوڵی مەجلیسەکان و مشورخۆری هەمووومان بوو، هەمیشەش لەگەڵ کاک عەونی لەسەر عومر و ساڵی لەدایک بوون گاڵتەیان دەکرد!

کاک عەونی زۆر بێباکانە و بە گیانێکی سپۆرتەوە تەعلیقاتی کاکمانی وەردەگرت. لەوێدا بۆم دەرکەوت کە کاک عەونی زۆر هێمن و کۆیی گوتەنی (باغەڵ قووڵ) قسە قبوڵ کەرە لە هەڤاڵان.

ئەوانەی سەرەوە کورتەی لایەنە گەشەکانی بیرەوەریی خۆمە لەسەر ئەو پیاوە تێکۆشەر و گەورەیەی هەولێر کە بێگومان وەک هەموو ڕۆڵەیەکی تری ئەو گەلەش لایەنی سەلبیشی هەبووە و بۆتە هۆی هەندێک گیروگرفتیش لەناو ڕیزەکانی پارتی. لەگەڵ هەڤاڵەکانی تریدا. بەڵام بێگومان خەباتی ئیمڕۆ درێژەپێدانی خەباتی ئەوسا پێش ئەوسای گەلەکەمانە. بەرو دەسکەوتەکانیشی بەری ڕەنج و خەباتی هەموو ئەو تێکۆشەرانەی ئەو سەردەمە و پێش ئەو سەردەمە و دوای ئەو سەردەمەیە تا ئیمڕۆ.

ئەم ڕاستییە زۆر گرنگە بۆ مێژووی گەلان، بۆیە نابێ فەرامۆشی بکەین، ئەگینا هەق و ئەرکی تێکۆشەرانی دێرین بەربا دەدرێن.

هەربۆیەش کاک عەونی یووسف-ی تێکۆشەر و ڕۆڵەی خۆڕاگری زیندانەکان و خەباتگێڕی

**"ئەوەی ڕاست بێ کاک عەونی لە شاری هەولێردا تاکە ڕووی ناسراوی پارتی بوو کە زۆریش لەسەر بارزانییەکان هەڵی دەدایە"**

**لە سەرەتای دامەزراندنی حزبی هیواشەوە مامۆستا عەونی بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە و پاشان کە کراوە بە حاکم لە شاری زاخۆ لەسەرەتای شەڕی جیهانی دووەمدا، لەگەڵ کوردپەروەری دێرینی کورد دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریمدا پێکەوە کوردایەتیان درێژە پێداوە**

ڕیزی کۆمەڵانی خەڵک، هەمیشە لە مێژووی گەلەکەماندا زیندوو دەمێنێتەوە و لەناو مێژووی هەولێریشدا جێگەیەکی تایبەتی دیاری بۆخۆی گرتووە. بۆیە هەقە شەقامێکی گەورەی هەولێری بەناو بکرێت و گۆڕەپانێکیشی بۆ تەرخان بکرێت، یان ناوی لەسەر قوتابخانەیەک دابندرێت.

هەزاران سڵاو لە گیانی مامۆستا عەونی یووسفی خوالێخۆشبوو. دەبا گیانی پاکی لە بەهەشتی نەمریدا شادبێت بەوەی کە ئیمڕۆ شارەکەی ڕزگار و پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانە. دەبا بەلەدیەی هەولێریش پاداشتی ئەو هەموو ئەرک و زەحمەت و ناخۆشی و زیندانییەی مامۆستا عەونی یووسف بۆ کوردایەتی بە ناودانانی بەسەر شەقامێکی گەورەدا بدەنەوە، تا هیچ نەبێ گیانی کاک عەونی یووسف دڵنیا بکەین کە جەناب مەقایس ماوە و کورد دەفتەری بۆ خۆی پەیداکردووە، کە زۆرجار خۆی دەیگوت کە جەناب مەقایس نەماوە و کورد دەفتەری نییە.

*** ئەو وتارە پێشتر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە: ٧٣٣ ڕۆژی یەکشەممە ١٩٩٤/٧/١٧ بڵاوکراوەتەوە.**



# عەونی یووسف
# ژیان و ڕۆڵی سیاسیی
# ١٩٠٨–١٩٨٨

د.شوان محەمەدئەمین تەها – د. مستەفا محەمەد کەریم – م.بارزان محەمەد عەلی
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەددین

عەونی یووسف یەکێکە لەو کەسایەتییە نەتەوەییانەی کورد، کە هەوڵ و کۆشش و خەباتی لە پێناو نەتەوەکەی ئەوە دەهێنێت، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیی مێژووییەوە بەسەربکرێتەوە.
عەونی یووسف، لە بنەماڵەیەکی دیاری شاری هەولێر لەدایکبووە و پەروەردە بووە، باوکی کەسایەتییەکی دیاری شارەکە بووە و ماوەیەکیش قازی بووە. ڕۆڵی سەرەکی لە پەروەردەکردنی زانستییانەی عەونی یووسف-دا گێڕاوە و هەرزوو ناردوویەتییە بەر خوێندن.
عەونی یەکێکە لە ڕوخسارە دیارەکانی نێو خانەوادەکەی، ڕۆڵێکی گرنگی لە بزووتنەوەی سیاسیی شاری هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی گێڕاوە، خاوەن هەستێکی نەتەوایەتی و نیشتیمانیی بەرز بووە، ئەمەش دەبێتە بەشێک لە خەباتی نیشتیمانیی و نەتەوایەتی نێو لاپەڕەکانی مێژووی کورد.

## ژیاننامە و کار و پۆستەکانی عەونی یووسف

### ژیاننامەی:

عەونی کوڕی یووسف کوڕی ئەحمەد ئاغایە، دەگووترێت ئەو ئەحمەد ئاغایە خەڵکی گوندی (ترپەسیپان)ی نزیک شاری هەولێر بووە، بۆیە بە ئەحمەد ئاغای ترپەسیپانی ناسراوە (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣٩٣). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە، کە بنەماڵەی عەونی یووسف بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر عەشیرەتی (باجەلان) لە خانەقین، بەڵام بنەماڵەکەیان هەر لە زووەوە لە خانەقینەوە هاتوونەتە شاری هەولێر، بە یەکجاری نیشتەجێی ئەو شارە بوونە. هونەرمەند (عومەر دزەیی) دەربارەی عەونی یووسف دەڵێت: «ئەگەرچی دایک و باوکی عەونی یووسف لەماڵەوە بە زمانی تورکمانی قسەیان دەکرد. بەڵام خۆیان بەڕەچەڵەک کورد بوون، ئەمەش بۆ کاریگەری زمان و کلتووری عوسمانیی، لەو سەردەمە دەگەڕێتەوە» (دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ٢٠١٧/١/٢١).
عەونی لە ساڵی ١٩٠٨ لەگەڕەکی تۆپخانەی قەڵاتی هەولێر و لە ماڵی سەعید ئەفەندی باپیری (باوکی دایکی) لەدایکبووە (بێخاڵی، ١٩٩٧، ل٢٥٧) یووسف ئەفەندی باوکی، لە بواری شەریعەتدا خوێندوویەتی و تەواوی کردووە، نموونەی زانایەکی ئایینیی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە و کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی بەتوانا بوو، لە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا قازی هەولێر بووە، خەڵکی شار بۆ کاروباری دادوەری و کۆمەڵایەتی ڕوویان تێکردووە. لە ڕۆژانی سێشەماندا ڕووی کردووەتە مزگەوتی گەورەی قەڵات و لەوێ لە ژووری مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی، کە ناسناوی (مەلا ئەفەندی)یە، لەگەڵ چەند مامۆستایەکی ئایینیی کۆبوونەتەوە و لە بنەماکانی ئایینیی ئیسلامییان کۆڵیوەتەوە، لەو زانایانەش وەک مەلای گەورەی کۆیەو شێخ مستەفای نەقشبەندی (١٨٨٨/هەولێر–١٩٨٦/ هەولێر) ...تاد (شریف، ١٩٨٨، ص٦١) یووسف ئەفەندی خاوەنی چوارمنداڵ، دوو کوڕ و دوو کچ بووە، ئەوانیش «عەونی و جەلیل هۆشیار و سەنیە و فەخریە» بوون (دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ٢٠١٧/١/٢١).
عەونی یووسف، سەرەتای ژیانی ڕۆشنبیریی لە نێو خانەوادەکەی دەست پێکردووە. هێشتە منداڵ بووە، چاوی بە کتێب و نووسراوەکانی نێو



ماڵیان ڕۆشن بووەتەوە. لەتەمەنی حەوت ساڵیی، دەستی بە خوێندنی کتێبە ئایینییەکان و قورئانی پیرۆز کردووە. ئەویش دوای ئەوەی لەسەر ڕاسپاردەی باوکی، لای (مەلا شەهباز ئەفەندی حەیدەری) داندراوە، بۆ ئەوەی فێری بنچینەی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بێت (دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری ٢٠٢٠/٨/٢٣).

ئەوکاتەی کە جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) بەرپابوو، دەوڵەتی عوسمانیی وەک هاوپەیمانی ئەڵمانیا، لەگەڵ زلهێزەکان لە شەڕ دابوو، عەونی یووسف لە بەشێکی بیرەوەرییەکانیدا، باسێکی ئەو سەردەمانەی شاری هەولێرمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «کاربەدەستانی عوسمانی لەبەردەم سەرای میری، لەبەر دەرگا سەرەکییەکەی قەڵات، هەموو ڕۆژانی دووشەممەیەک بە تیپی مۆسیقای تورکی، سروودی پایەداری سوڵتانیان دەگێڕا» لە بەشێکی دیکەیدا دەڵێت: «ساڵی ١٩١٥ سەربازە ئەڵمانە دۆستەکانی عوسمانییەکان بۆ یەکەمجار بە ئۆتۆمبێل هاتنە هەولێر، دانیشتوانی هەولێر و دەوروبەری بە سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردن» دۆخی شەڕ بەگشتیی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر ڕەوشی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی شارێکی وەکو هەولێر، بۆ نموونە لە بواری پەروەردە و خوێندن، دۆخێکی خراپ هاتە پێشەوە، قوتابخانەکانی سەر بە دەوڵەت زۆربەیان داخران، بەڵام دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ شاری هەولێر لە ساڵی ١٩١٨ دا، قوتابخانەیەکی میری کرایەوە، کە قوتابخانەی




بڕوانامەی دەرچوونی لە کۆلێژی ماف

(اربيل الاولى) بوو، ئەوەش بووە دەرفەتێک بۆ ئەو قوتابییانەی، کە ئارەزووی خوێندن و خوێندەوارییان هەبوو (نەجار، ٢٠١٦، ل٥-٦).

عەونی یووسف لەساڵی ١٩٢١، لە تەمەنی ١٣ ساڵییدا چووەتە قوتابخانەی میری (اربيل الاولى) پاشان لە ساڵی ١٩٢٧، چووەتە قۆناغی ناوەندی، کە ئەوکاتە ژمارەی سەرجەم قوتابییانی قۆناغی ناوەندی لە شاری هەولێر پانزە قوتابی بووە (غازی، ٢٠٠٨، ل٤٩).

لە ساڵی ١٩٣١، قۆناغی ناوەندی تەواوکردووە (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٥٤٤)

بەڵام بۆ قۆناغی دواناوەندی ڕووی کردووەتە شاری بەغداد (چونکە ئەوکاتە قۆناغی دواناوەندی لە شاری هەولێردا نەبووە) لە بەغدا لە قوتابخانەی مەرکەزی وەرگیراوە، یەکێک لە مامۆستاکانی لەو قوتابخانەیەدا، هاشم جەواد (١٩١١/بەغداد-١٩٦٩/بەیرووت) بووە، کە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز لە کابینەکەی عەبدولکەریم قاسمدا بووەتە وەزیر. نموونەی هاوپۆلەکانیشی، محیەددین عەبدولحەمید (١٩١٤/بەغداد-١٩٧٥/بەغداد) و نازم تەبەقچەلی بوون.

دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغەش بەسەرکەوتوویی، بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٣٤-١٩٣٥) لە کۆلێژی قانوون وەرگیراوە. لە دیارترین ئەو مامۆستایانەی، کە وانەیان پێی داوە، لە عێراقییەکان ئەمانەبوون: ڕەشید عالی گەیلانی (١٨٩٢/بەعقووبە-١٩٦٥/بەیرووت) محمد زكي البصري (١٨٩٤/بەسرا-١٩٣٧/بەغداد) منير القاضي (١٨٩٢/بەغداد-١٩٦٩) دوای ئەوەی کە پێڕەوی خوێندن لە کۆلێژدا گۆڕاوە، چەند مامۆستایەکی میسری داندراون نموونەی ئەوانەش وەک: دکتۆر عبدالرزاق السنهوري (١٨٩٥/ئەسکەندەرییە-١٩٧١/قاهیرە) دانەری قانوونی عێراق و دکتۆر محەمەد زوهێر جرانا کە لە سەردەمی حکوومەتی وەفد لە میسر ماوەیەک وەزیر بووە (شریف، ١٩٨٨، ص٦٣).

عەونی یووسف، لە کۆلێژدا نموونەی قوتابییەکی چالاک بوو، بەشداری جموجۆڵەکانی قۆناغی کۆلێژی کردووە، لەوکاتەی کە مەلیک غازی لە شاری بەغداد دەکوژرێت، عەونی یووسف لەگەڵ دەستەیەک لە قوتابییانی کۆلێژی یاسا،



خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام دەدەن و ناڕەزایی خۆیان دژ بەم کردەوەیە پیشاندەدەن و دروشمی سزادانی تاوانباران و ڕاوەدوونانی داگیرکەرانیان دەربڕیوە (بێخاڵی،١٩٩٧، ل٢٥٨)

جەلال تاڵەبانی لە نووسینێکیدا دەربارەی عەونی یووسف نووسیویەتی: «عەونی یووسف وەک لاوێکی عصامی لە سەرەتای لاوێتییەوە خۆی ژیاندووە و لە مەحکەمەدا بۆتە کاتب تاکو بتوانێ کولیەی حقوق بەسەربەرزی تەواو بکات، لە کاتی خوێندنیشا، لە بەغدا لەگەڵ چەندین خوێندەواری هۆشیاری عەرەبدا، وەک خوالێخۆشبووان مصطفی عەلی و لطفی بەکر صدقی دا بۆتە دۆست و ناسیاو» (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤).

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٣٩ ئەم قۆناغەش بە سەرکەوتوویی تەواودەکات و دەبێتە ئەندامی سەندیکای پارێزەران، وەک پارێزەرێکی یاساناس.

دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ، وەکو پیشەی پارێزەری ڕووی کردووەتە شاری سلێمانی، کە لەو کاتەدا تەنها سێ پارێزەر لەو شارەدا هەبوون و یەکێکیان عەونی یووسف بووە، تەنها بۆ ماوەی چوار مانگ لەوشارەدا ماوەتەوە، دواتر بە تۆمەتی جموجۆڵی سیاسی و بە فەرمانی (حمید صرصر)ی موتەسەریفی ئەوسای شاری سلێمانی، بۆ شاری هەولێر گواستراوەتەوە (شریف، ١٩٨٨، ص٦٤)

لە هەولێر خەریکی کاری پارێزەری بووە، لەوکاتەدا تەنها یەک پارێزەر لەو شارەدا هەبووە بەناوی (ضیاء علی) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری موسڵ بوو (بێخاڵی، ١٩٩٧، ل٢٥٩).

عەونی یووسف لە ساڵی (١٩٤٠)ەوە تێکەڵ بە بزووتنەوەی کوردایەتی بووە و بۆتە ئەندامێکی چالاکی (حیزبی هیوا) و لە سەر هەڵوێستی سیاسی ساڵی ١٩٤٢ بە فەرمانی مستەفا یەعقووبی (١٩٤١/٦/٩- ١٩٤٢/١٠/٢٤) موتەسەریفی ئەوسای هەولێر دەستگیرکراوە و ڕەوانەی شاری بەغدا کراوە و لە بەندیخانەی مەرکەزی زیندانی کراوە، لە بەندیخانەدا کاربەدەستەکانی کورد سەردانیان کردووە، هەوڵی بەردانیان داوە، جارێ هەر لە گرتووخانەدا دەبێت، بە دادوەر لە شاری زاخۆ دادەمەزرێت و دوای ئازادکردنی لەوێ وەک دادوەر دەستبەکار دەبێت، لەوێش لە سەر چالاکی سیاسی کوردایەتی، دەگوێزرێتەوە بۆ شاری موسڵ و دوای شەش مانگ دەنێردرێت بۆ شاری بەسرا و لەکاتی تێپەڕبوونی بە شاری هەولێردا، تاکو بچێت بۆ (بەسرا) جارێکی دیکە بە فەرمانی موتەسەریفی هەولێر ئەوسای شاری دەستگیر دەکرێتەوە و سێ ساڵ لە بەندیخانە دەمێنێتەوە و ساڵی ١٩٤٦ دا ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە سەر پیشەی پارێزەری و لە هەمان کاتدا، بەشێوەی نهێنی بەردەوام دەبێت لەسەر خەباتی سیاسی (حەیدەری، ٢٠١٤، ل٨١).

لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی (١٩٤٦/٨/١٦) وەک ئەندامێکی دیاری ئەو پارتە دەستبەکار دەبێت و دەبێتە ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی حزب و لە کۆتایی دانیشتنەکانی کۆنگرەکەوە، بە ئەندامی یەکەمین لێژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێت (فەییاز، ٢٠٠٩، ل١٦٧)

عەونی یووسف لە ساڵی ١٩٥٧ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (لامیعە عوسمان خدر ئاغا) پێکهێناوە و خاوەنی چوار منداڵ بووە، کە ئەوانیش (بارزان، بۆتان، هێرۆ، بەیان) بوون (دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یووسف ٢٠١٧/١/٢٧)

لە ئەنجامی خەباتی بێ وچانی سیاسیی، وەک سەرکردەیەکی پارتی، تووشی گەلێک کێشە و تەنگ و چەڵەمە بووە، تاکو لە دوای شۆڕشی (١٤ی تەممووزی ١٩٥٨) کراوە بە سەرۆکی دادگای کەرکووک، لە ڕێکەوتی (١٩٥٩/٧/١٣)شدا، لە حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا کراوە بە وەزیری ئەشغال، تاکو ساڵی ١٩٦٠ بەردەوام بووە و ئینجا دەستی لەکارکێشاوەتەوە و گەڕاوەتەوە سەر پیشەی پارێزەری لە دادگای هەولێر (بێخاڵی، ١٩٩٧، ل٢٦٢)

دواجار لە شاری بەغدا لە ناوچەی (محیط) لە کازمییە نیشتەجێ دەبێت، تا لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٧/١٥) لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لەشاری بەغدا لە نەخۆشخانەی (ئیبنولبەیتار) کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ شاری هەولێر و لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) نێژراوە (دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یووسف ٢٠١٧/١/٢٧).

**“لە هەولێر خەریکی کاری پارێزەریی بووە، لەوکاتەدا تەنیا یەک پارێزەر لەو شارەدا هەبووە بەناوی (ضیاء علی) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری موسڵ بوو”**



## کەسایەتی عەونی یووسف

عەونی یووسف، ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی سەرووی چینەکانی کۆمەڵگەوە پەروەردە ببوو، بەڵام مرۆڤێکی خاکی و سادە بوو، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، تێکەڵاوی لەگەڵ هەموو چینەکانی کۆمەڵگەدا هەبوو، هەر لە جووتیارێکی سادەوە بگرە، تا دەگاتە کەسایەتییە دەوڵەمەند و ناسراوەکان، ئەوەندەی پێی کرابێت چووەتە نێو خەڵک و دۆست و ناسیاوانی و ڕۆڵی هۆشیارکەرەوەی گێڕاوە، خۆی بە دۆستی خەڵکی ڕەش و ڕووت زانیوە و هەمیشە دەیگوت: «عەمرم ڕووتەڵە....عەمرم ڕەش و ڕووت» (ئەوەش مانای ئەوەیە کەهەمیشە پاڵپشتی چینی هەژار و ڕەنجدەرانی نەتەوەکەی کردووە) لەگەڵ خەڵکە نەتەوە پەروەرەکان زۆرنزیک و دۆست بووە، لەوانەش وەک: قاسم مەلا فەندی (١٩١٧/ هەولێر-١٩٩٩/هەولێر) ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی (١٩٢٥/هەولێر-١٩٧٦/هەولێر) عەبدولقادر ڕەشید (١٩٢٣/هەولێر-٢٠٠٥/هەولێر) عەبدوڵڵای مەلا سمایل (١٩٢٧/هەولێر-١٩٩٩/هەولێر) جەلال تاڵەبانی، ئەوانە و چەندین کەسایەتی دیکەی ناسراوی شاری هەولێر، ناسیاوی عەونی بوون، کە بە جەناب ناویان دەبرد، سەبارەت بەوە هەمیشە دەیگووتەوە: «جەناب بەڕاستی کورد مەغدوورە» (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤)

لەگەڵ ئەمەدا هەوڵیداوە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە کوردییەکی پاراو قسە بکات، کە ئەوسا هەندێک دەستەواژەی عەرەبی بەکارهاتووە و زاڵ بووە بە سەر هۆش و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد، بەتایبەت ئەوانەی لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی چەپدا بوون (زۆر لە هەولێرییە ڕەسەنەکان لە نێوان خۆیاندا بە زمانی تورکمانی قسەیان دەکرد) بۆ نموونە لەکاتی سڵاوکردن لەگەڵ هاوڕێکانییدا، لە جیاتی دەستەواژەکانی (صباح الخیر) و (مساء النور)ی عەرەبی، وشەی وەک (بەیانی باش) و (ڕۆژ باش) و (سوپاست دەکەم) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پتەوی بیروباوەڕی نەتەوەیی لای ئەو (دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ٢٠١٧/١/٢١).

عەونی یووسف بەردەوام هاوڕێکانی لە نێو شاری هەولێر و دەوروبەری بەسەر دەکردەوە و لەماڵەکەی خۆشیدا، پێشوازی لە میوانەکانی دەکرد، بەتایبەت ئەوانەی لە ڕێکخستنی سیاسیی پارتایەتییدا کاریان لەگەڵ دا دەکرد، عەبدوڵڵای مەلا سمایل لە چەند شوێنێکی بیرەوەرییەکانیدا، هاموشۆی بەردەوامی خۆی و کەسانی دیکەی سەر بە ڕێکخستنی پارتی بۆ ماڵی عەونی، بە تایبەت لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، دەگێڕێتەوە و ڕۆڵی ئەو لە ڕێکخستنەکاندا، بەرز هەڵدەسەنگێنێت.

عەونی یووسف بۆ هەمان مەبەست، هاموشۆی هاوڕێکانی لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر دەکرد، لەم بارەیەوە هونەرمەند عومەر دزەیی دەڵێت: «کاتێک کاک ئەحمەدی برا گەورەم، کە لە (دووگردکان)ەوە دەهات بۆ هەولێر، هەمیشە برادەرێکی لەگەڵ خۆی دەهێنایە ماڵەوە و هەڵسان و دانیشتنیان هەمیشە پێکەوە دەبوو. ئەو برادەرە کاک عەونی بوو، کە دیار بوو کاکمی لەناو ڕێکخراوی یەکێک لە حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردی ڕێک دەخست، نازانم کامە حزب بوو، بەڵام دواتر ئاگام لەوە هەبوو کە هەردووکیان و کاک سەعدیی براشم لەگەڵیانا ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد بوون، کە لە پاشانا ناوی بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان. جا هەر جارێکی کاک ئەحمەدی برام کاک عەونی لەگەڵ خۆیا بهێنایە ماڵەکەی ئێمە لە هەولێر، ئەمن بەو منداڵییەی خۆم ڕکم لێی دەبوووە، چونکە دەمزانی هاتووە کۆبوونەوەی پارتایەتی لەگەڵ کاکما بکات. پاش ساڵانێک کە گەورە بووم و



عەونی یووسف ، ؟



کاک عەونی بوو بە خۆشەویستی هەموومان، بە بیری دەهێنامەوە دەیگوت: ئای کە ئەتو مەبدەئی بوویت کاک عومەر! توومەز هەستی دەکرد کە ڕکم لێی دەبۆوە» (دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ٢٠١٧/١/٢١).

عەونی یووسف بایەخی بە ڕێکپۆشی داوە، هەمیشە جلوبەرگی سەردەمیانە و ڕێک و پێکی پۆشیوە، کە ئەوکاتە توێژی ڕۆشنبیر و فەرمانبەرانی عێراق لەم جۆرە جلوبەرگانەیان دەپۆشی، خولیای لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی هەبووە، یەکێک بووە لە کەسە بەرایییەکانی شاری هەولێر، کە ئۆتۆمبێلی خۆی هەبووە (دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یووسف ٢٠١٧/١/٢٧)

لە بیرەوەرییەکانیدا باسێکی یەکەم ئۆتۆمبێلی شاری هەولێر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «ساڵی ١٩٢٠ بۆ یەکەمجار سواری ئۆتۆمبێل بووم، ئۆتۆمبێلەکە لە جۆری (فۆرد) بوو، خاوەنەکەی ئەحمەد پاشای دزەیی بوو، کوڕەکەی واتە خدر ئەحمەد پاشا لێی دەخوڕی، لەگەڵ ئەودا، گەشتێکی کورتمان بە دەوری هەولێردا کرد» (شریف، ١٩٨٨، ل٦٢)

لەگەڵ ئەمەدا، عەونی یووسف یەکێک بووە لەو گەنجانەی کە گرنگیی بەجلوبەرگی کوردی (ڕانک و چۆغە و جەمەدانی) داوە و بەردەوام لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەیی و تەنانەت لە کاتەکانی دیکەشدا پۆشیویەتی، گرنگیی بە هەڵگرتن و پاراستنی کەلوپەلی وەک خەنجەر و تەسبیح و سەعات و کەلوپەلی کوردەواری داوە و لەنێو ماڵەکەی خۆیدا پاراستوونی. یەکێکی دیکە لە ئارەزووەکانی، ڕاوکردنی باڵندە و ئاژەڵی کێوی و مامز بووە، لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری هەولێر ڕاوی کردووە. هەروەها ئارەزووی لە بەخێوکردنی وڵاخی ڕەسەن بووە (دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یووسف ٢٠١٧/١/٢٧؛ دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری ٢٠٢٠/٨/٢٣).

بەردەوام بە دەستەواژەی گاڵتەئامێزانە قسەی کردووە، لەو دەستەواژانەش وەک: جەناب مەقاییس نەماوە، کورد دەفتەری بۆ خۆی پەیدا کردووە، کورد دەفتەری نییە. سەرەڕای گاڵتە و گەپەکانی لەگەڵ خەڵک، کەسێک بووە، گاڵتەی خەڵکیشی قبووڵ کردووە، جەلال تاڵەبانی لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە هاوینی ساڵی ١٩٥١ کاتێک بۆ یەکەم جار من گیرام و نەفی مووسڵ کراین، مامۆستایانی خوالێخۆشبوو کاکی کاکان- عومەر مستەفا دەبابە (١٩٢٤/کۆیە-١٩٩٢/سلێمانی) عەونی یووسف، عومەر حەبیب (١٩٢٣/کۆیە-١٩٧٦/هەولێر) مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢/کۆیە-٢٠١٧/هەولێر) و چەندین تێکۆشەری دیکەی پارتیش نەفی کراو بوون، لەو نەفییەدا، لە مووسڵ بە ناخۆشی بردمانە سەر کاک عەونی وەک زۆر لەو هەڤاڵانە هەر گاڵتەی بە حکوومەت و نەفییەکەی دەهات، کاکە دەبابە شاگوڵی مەجلیسەکان و مشورخۆری هەموومان بوو، هەمیشەش لەگەڵ کاک عەونی لەسەر عومر و ساڵی لەدایکبوون گاڵتەیان دەکرد، کاک عەونی زۆر بێباکانە بە گیانێکی سپۆرتەوە تەعلیقاتی کاکمانی وەردەگرت، لەوێدا بۆم دەرکەوت کە کاک عەونی زۆر هێمن و کۆیی گووتەنی (باغەڵ قووڵ) و قسەقبوڵکەرە لە هەڤاڵان» (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤).

لەگەڵ ئەمانەدا عەونی یووسف، نموونەی ڕۆشنبیر و خوێنەری کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی بووە، جگە لە زمانی کوردی و تورکمانی، زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیشی زانیوە، تەنانەت لە ساڵانی چلەکاندا، چەند بەرهەمێکی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردووەتەوە، کە لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەرهەمەکانیش ئەمانەبوون: لە دەرەبەگێتییەوە بۆ سەرمایەداری، بەرەو بازرگانی، بەرەو شارەوە. ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمانە، لە گۆڤاری گەلاوێژدائەوەمان بۆ دەردەخا کە عەونی یووسف تەنیا سیاسیێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو خوێندنەوەی بۆ مێژوو، ئابووریی، تیۆری سیاسیش هەبووە. سەلیقەی نووسین و وەرگێڕانیشی هەبووە، زمانی ئینگلیزیشی تا ئەو ڕادەیە زانیوە، کە ئەم بەرهەمانەی بۆ زمانی کوردیی پێ وەربگێڕدرێ (گەلاوێژ، ژ: ٨، تەممووزی ١٩٤٤، ل٤٣-٥٠، ژ:١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٤٤، ل٩-١٥، ژ: ٢، شوباتی ١٩٥٤، ل٤٤-٥٠)

تەنانەت عەونی یووسف وەک کەسێکی خەمخۆری

> **“عەونی یوسف لە ساڵی ١٩٤٠ەوە تێکەڵ بە بزووتنەوەی کوردایەتی بووە و بۆتە ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا”**




بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیی، باربووی گۆڤاری گەلاوێژی کردووە، هەروەها بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لە دێهاتەکانی دەوروبەری هەولێر گەڕاوە، پارەی بۆ گۆڤارەکە کۆکردووەتەوە (گەلاوێژ، ژ:١١، تشرینی دووەمی ١٩٤٦).

## پیشە و پلە و پۆستە فەرمییەکانی عەونی یووسف

عەونی یووسف لە ژیانییدا جگە لە پیشەی سەرەکی خۆی، کە کاری پارێزەری بووە، گەلێ پۆست و پایەی گرنگیشی بینیوە، کە زۆربەیان پەیوەندییان بە پێگەی یاسایییەوە هەبووە:

کاری پارێزەری: عەونی یووسف دەرچووی کۆلێژی ماف بوو لە شاری بەغدا ، لە ساڵی خوێندنی (١٩٣٩–١٩٤٠) تەواوی کردووە و



٤٣

لە دەرەبەگییەوە بۆ دەسمایەداری

« From Feudalism to Capitalism »

بەشی یەکەم

لە کتێبی ( Man's Worlds Coods ) ەوە لە لایەن ( عونی یوسف ) ەوە وەرگێڕاوە: آیین پەروەرەکان Prayers ، جەنگاوەرەکان Fighters ، کرێکارەکان Workers

خاوەن سینەماکانی جاران جارجارێ زۆر سەیریان پیشانی خەلك ئەدا ، یەکێ لەو شتانە ئەوەبو کە چون پیاوێك سواری گەروك — Taxi ئەبێ و دا ئەبەزێ بێ ئەوەی دراو بەدا بە خاوەن گەروکەکە — کە بەبەس لەمەش دراوپێویست نەبونە .

ئەو نامانە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نوسراون باسێکی زۆرمان بۆ ئەکەن لە بابەت سوارەکانەوە Knights کە چون بە جلو چەکی جوان خۆیان ئەرازاندەوە پێش ئەوەی بچن بۆ یاریورمبازی ، ژیانێکی زۆر خۆشیان — لە ناو کۆشکی جوانا بە خواردمەنیەکی فرەوە — را ئەبوارد .

ئەم شتانەش بێ گومان لە خۆیانەوە پەیدا نابن ئەگەر دەستی آدەمیزاد لە زەویا کار نەکا .

بێجگە لەسوارەکان — کە ایشوکاریان جەنگ کردن بو — لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چینی قەشەکان ( Priests Class ) یش

٢٣٤٩

نموونەیەک لە بابەتێکی وەرگێڕدراوی عەونی یووسف لە گۆڤاری گەلاوێژ

گەڕاوەتەوە کوردستان و دەستی بە کاری پارێزەریی کردووە.

پیشەی پارێزەریی بۆ عەونی یووسف گرنگیی خۆی هەبووە و زۆر بایەخی پێداوە، کار و پیشەی سەرەکی بووە، سەرەتا لە شاری سلێمانی دەستی بە کاری پارێزەریی کردووە، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات هەر لەو ساتەدا بۆتە ئەندامی سەندیکای پارێزەران، ئەوکاتە تەنیا سێ پارێزەر لە شارەکەدا هەبوون. دوای چوار مانگ بە هۆی کاری سیاسیی بە فەرمانی موتەسەڕیفی سلێمانی گواستراوەتەوە بۆ شاری هەولێر (بێخاڵ، ١٩٩٧، ٢٥٩)

ساڵی ١٩٤١ جارێکی دیکە عەونی یووسف بەتۆمەتی کاری سیاسیی دەستگیر دەکرێت و دەگوێزرێتەوە شاری بەغدا، دوای ئازاد کردنیشی، ڕەوانەی شاری زاخۆ دەکرێت و دەبێتە دادوەری شارەکە، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت و جارێکی دیکە بە تۆمەتی سیاسیی دەستگیر دەکرێتەوە، ساڵی ١٩٤٦ ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و دەست دەکاتەوە بەکاری پارێزەریی. ئەوەی گرنگە بگوترێت، عەونی یووسف لەو کاتەوە، وەک پارێزەرێک لە ڕێگەی دادگاوە، سکاڵا لە دژی وەزیری دادوەری عێراق تۆمار دەکات، بەوەی کە لە کاتی دەستگیرکردنی، مووچەکەیان بڕیوە، داوای گەڕاندنەوەی مافەکانی خۆی دەکات، ئەوەش یەکەم داوای یاسایی لەو جۆرەیە لە مێژووی دادوەریی عێراقدا. لەوبارەیەوە دەڵێت: «کاتێک لە گرتووخانەی (عمارە) بەند کرابووم، داواکارییەکم لە ڕێگەی سەرپەرشتیاری گرتووخانەکە، پێشکەش بە (ئەحمەد موختار بابان)ی وەزیری دادی ئەوسا کرد، دەربارەی ئەوەی، کە هێشتا لە ڕێگا بووم، بۆ پەیوەندیکردن بە کارە فەرمییە تازەکەم (کە دادوەری دادگای بەرایی بەسرا) بوو، دەستگیرکرام. پاش ١٥ ڕۆژ وەڵامی وەزارەتی داد بە فەرمانی لەکار دەرکردنم بۆ گەڕایەوە، لەکاتی دەستگیرکردنم داوایەکم لەسەر وەزیری داد بەرزکردەوە، پاشان بە شانازییەوە چوومە بەردەم دادگا لە بەغداد، پاش سێ دانیشتن، دادگا بڕیاریدا بە پێدانەوەی سەرجەمی مووچەکانم، کە

لە ڕۆژی لەکار دەرکردنمەوە لێم بڕابوو، ئەمەش بە پشتبەستن بە بڕگەی (ج) لە مادەی (١٢)ی یاسای خزمەتی مەدەنی بوو، کە لە دەقەکەیدا هاتووە (فەرمانبەری لەکار دەرکراو، هەموو ئەو مووچەیەی پێدەدرێتەوە، کە لە یەکەم ڕۆژی لەکار دەرکردنییەوە لێی بڕاوە) پاش ئازادکردنم مووچەکانی خۆم وەرگرتەوە و ماوەی دەستگیر کردنەکەشم بە خزمەت بۆ هەژمار کرا». ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لێهاتوویی و شارەزایی لە کاری یاسایی و پارێزەرییدا، تەنانەت وەک خۆی دەڵێت یەکێک لە پارێزەرەکانی هاوڕێی لە بەندیخانە پێی گووتووە، زەحمەتە ئەو کارە سەر بگرێت، بەڵام کاتێک کارەکە سەرکەوتوو بووە، زۆر بە گەرمییەوە پیرۆزبایی لێکردووە (شریف، ١٩٨٨، ص٦٩)

لە ساڵی ١٩٤٧ یشدا، سکاڵایەک لە دژی موتەسەڕیفی هەولێر، کە ناوی عومەر نەزمی بووە تۆمار دەکات، سەبارەت بە پاشگەزبوونەوەی لە ڕێپێدانی ئاهەنگگێڕانی نەورۆز لە شاری هەولێر. عەونی یووسف بەردەوام بووە لە کاری پارێزەرایەتی و ساڵی ١٩٥٣ دوای ئەوەی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دێتە دەرەوە، بەتایبەتی خۆی بۆ کارەکەی تەرخان دەکات و تەنانەت کارەکەی خۆی بۆ گەلێک هەڵوێستی نەتەوایەتی بەکاردەهێنێت، وەک ئەوەی ئاماژەمان پێدا، دەبێتە پارێزەری خۆڕایی ئەو جووتیارانەی، کە لە ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر دەستگیر کرابوون (بێخاڵی، ١٩٩٧، ل٢٦٠)

دوای ڕووداوەکانی (شۆڕشی ١٤ی تەمموز) عەونی یووسف کۆمەڵێک پۆست و پایە لە دەوڵەتدا وەردەگرێت، بەڵام هەرکاتێک لە پۆستەکەی دوورخرابێتەوە، هانای بۆ کاری پارێزەریی وەک پیشە سەرەکییەکەی خۆی بردووەتەوە، لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا، جارێکی دیکە بە کاری پارێزەریی خەریک دەبێتەوە، تاکو مردنی ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام دەبێت. وەک خۆی دەڵێ: «یەکێکە لە پارێزەرە کۆنەکانی هەموو عێراق» (شریف، ١٩٨٨، ص٧٧).


**کاری دادوەری و سەرۆکی دادگا**

عەونی یووسف، لە ژیانییدا چەند جارێک و لە



چەند شوێنێکی جیاواز بۆتە دادوەر، ساڵی ١٩٤٢ بۆتە دادوەر لە زاخۆ، بۆ ماوەی پێنج مانگ لەم کارەیدا ماوەتەوە، پاشان فەرمانی گواستنەوەی کاری دادوەری، لە شوباتی ساڵی ١٩٤٣ بۆ بەسرە بۆ دەردەچێت، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، بە فەرمانێک دەکرێتە سەرۆکی (دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووک -محكمة استئناف كركوك) خۆی چیرۆکی چۆنیەتی بوونی بە سەرۆکی ئەو دادگایە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشی چواردەی تەمموز، بە مەبەستی پیرۆزبایی لە وەزیرە تازەکان چوومە شاری بەغدا، کە هەندێکیانم پێشتر دەناسی، کاتێک چوومە لای وەزیری داد، پێشنیازی بوون بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووکی بۆ کردم، منیش قبووڵم کرد و لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٨ دەستبەکار بووم». لەو ماوەیەدا چاوی بە سەرۆک وەزیران عەبدولکەریم قاسم کەوتووە، دەنگوباسی شاری کەرکووکی لێ پرسیوە و داواشی لێ کردووە ببێتە ئەندام لە (لێژنەی پاککردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری- لجنة تطهير الجهاز القضائي) ئەویش بووەتە ئەندامی ئەو لیژنەیە، کاریان بەدوواداچوونی دادگاکانی عێراق بووە، لە ڕووی یاساییەوە کاریان کردووە بۆ چاککردنیان (شریف، ١٩٨٨، ص٧٦)

هەر لەو ماوەیەدا، کە سەرۆکی دادگاکە بووە، سەرۆکایەتی شاندێکی حکوومەتی کردووە، بۆ



عەبدولکەریم قاسم، عەونی یووسف



دانوستان لەگەڵ شێخ ڕەشید لۆلانی سەرۆکی جووڵانەوە چەکدارییەکەی ناوچەی برادۆست دژ بە حکوومەت. هەرچەند دانوستانەکە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام چەند جارێکی دیکە سەرۆکایەتی شاندی حکوومەتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە کردووە. تاکو تەممووزی ساڵی ١٩٥٩ لەم پۆستەیدا ماوەتەوە (خۆشناو، ٢٠١٢، ل١٥٦-١٥٧)

یەکێکی دیکە لە وێستگەکانی کارکردنی عەونی یووسف، ئەوساتە بووە، کە بووەتە دادوەری شۆڕشی ئەیلوول، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە دوای بەرپابوونی کودەتاکەی (٨ ی شوباتی ١٩٦٣) خۆی دەگەیەنێتە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و بە فەرمانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێتە دادوەری شۆڕشی ئەیلوول.

کەریم شارەزا لە وتارێکیدا دەربارەی عەونی یووسف ئاماژە بەوە دەدات، کە تا ساڵی ١٩٦٤ لە ناو شۆڕشدا دەمێنێتەوە و دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بەغداد (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٥٤٤). سەرچاوەیەکی دیکە لەسەر ئەم باسە نووسیویەتی: «بارەگای دادوەری کەوتبووە ناو سەربازگەی نووسینگەی تەنفیزی، کە لە سێ دادوەر پێکهاتبوون، تاکو ساڵی ١٩٦٦، عەونی یووسف سەرۆکی بووە، بەڵام کارەکان بەشێوەیەکی کاتی لەلایەن پارێزەر عیرفان تاڵەبانییەوە بەڕێوە دەبرا، موحسین دزەییش ئەندامی نووسینگەی تەنفیزی و بەرپرسی دادوەریی مەدەنی بووە» (وانلي، ٢٠١٢، ص٣٤٠).

**وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن**

عەونی یووسف دوای ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێک سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووکی کرد، لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٥٩ لە دووەم کابینەی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، وەک کەسێکی سەربەخۆ فەرمانی بوون بە وەزیری بۆ دەرچوو. بەم شێوە باسی چۆنیەتی دەرچوونی فەرمانەکە، دەکات:

«دەنگوباسی بوونە وەزیری خۆم لە شەقامێکی بەغدا بیست، ئێوارەی ١٣ لەسەر ١٤ ی تەممووزی ١٩٥٩ چەند خزمێکی خۆمم بۆ ئێوارە خوانێک، بانگهێشتی خواردنگەیەکی کۆرنیشی ئەبو نەواس کردبوو، لەوکاتەدا لە ڕادیۆ گوێبیست بووم کەوا بۆ وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن هەڵبژێردراوم، زۆرم لا سەیر بوو چونکە بەبێ ئاگاداری خۆم بوو، کابرایەکیش گوێی لە ڕادیۆ گرتبوو، لە دەوروبەری خۆی ڕوانی و گوتی دەبێ ئەم عەونی ناوە کێ بێت؟ لەمەشیان سەیرتر یەکێک لەو خزمانەی بانگهێشتم کردبوو، ڕووی تێکردم و گوتی: غەددار دەتزانی دەبیە وەزیر، بۆیە ئێمەت بانگهێشتی ئەو خوانە کردووە. دوای ئەوە گەڕامەوە ماڵی خوشکم لە ڕاغبە خاتوون، خالید نەقشبەندی تەلەفۆنی کرد، گوتی لە کۆبوونەوەی وەزیران دواکەوتیت، ئیتر بە نیوەشەو خۆم گەیاندە لای هاوڕێ وەزیرەکانم» (شریف، ١٩٨٨، ص٧٧).

عەونی یووسف لەسەر پشکی هیچ لایەنێک نەبووەتە وەزیری ئەشغال، بەڵکو ئەو هەڵبژێردراوی تایبەتی عەبدولکەریم قاسم بووە، بۆ ئەو پۆستە، هەر لەسەر پێشنیازی ئەو ببووە ئەندامی (لێژنەی پاککردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری) نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەرجیس فەتحوڵڵا (١٩٢١/موسڵ-٢٠٠٦/هەولێر) ئاماژە بەوەدەدات، کە عەونی لەسەر پشکی پارتی هەژمار دەکرێت و ڕای مستەفا بارزانیش لەسەر ئەوە بووە (اوریل دان، ٢٠١٢، ص٣٩٨) بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئەوکارە بە فەرمی ئەنجام درابێت، ئەوەتە محەمەد دەربەند فەقەرەیی لە بیرەوەرییەکانییدا، ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەو کاتەی عەونی یووسف وەزیر بووە، ئەو بە نوێنەرایەتی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەندێک لە بارزانییە بەندکراوەکان چۆتە لای، بەڵام ئەو واتە (عەونی یووسف) بیانووی هێناوەتەوە و کارەکەی جێبەجێ نەکردووە (دربند فقريی، ٢٠٠٧، ص١٩٨)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە بە فەرمی لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی نەبۆتە وەزیر. ئۆرێل دان لە کتێبەکەی بەناوی (العراق في عهد قاسم) دەڵێت: «عەونی یووسف ئەوکاتە چەپ بووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە وەک کەسێک، کە لە شیوعیییەکان نزیک بێت، بە وەزیر داندراوە، چونکە ئەوکاتە عەبدولکەریم

“ عەونی یووسف لە ساڵی ١٩٥٧ ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ لامیعە عوسمان خدر ئاغا پێکهێناوە و خاوەنی چوار منداڵ بووە ”



قاسم زیاتر لە شیوعییەکان نزیک بوو» (اوریل دان، ٢٠١٢، ص٢٨٩-٢٩٠)
لە هەڵوێستەکانیدا دەردەکەوێت، کە دڵسۆز بووە، بۆ عەبدولکەریم قاسم، دوای هەوڵی تیرۆرکردنی قاسم و ڕزگاربوونی لە هەوڵەکە، برووسکەیەکی دڵخۆشی بەو بۆنەیەوە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکردووەتەوە (خەبات-النضال، ع:١١٣، کانون الاول ١٩٥٩) توێژەرێک لەوبارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە: «لەگەڵ بەدەرکەوتن و ئاشکرابوونی بارگرژی نێوان پەیوەندییەکانی کورد و حکوومەت (عەونی یووسف)ی وەزیری کار و نیشتەجێبوون، بە شێوەیەکی تەواو بڕیاری هاوسۆزی و پابەندی خۆی بۆ لاگیری قاسم دووپات کردۆتەوە و خۆی لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کشاندۆتەوە» (خۆشناو،٢٠١٢، ل٢٣٤) عەونی یووسف تاکو تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ لەم پۆستەیدا ماوەتەوە، پاشان لادراوە (اوریل دان، ٢٠١٢، ص).

**ژیانی سیاسیی عەونی یووسف**

سەرەتای ئاشنابوونی بەکاری سیاسی: دەستپێکی وێستگەی ژیانی سیاسی عەونی یووسف بۆ ساڵی ١٩٤١ دەگەڕێتەوە، کاتێک پەیوەندی بە (حزبی هیوا) کرد و وەکو ئەندامێکی چالاک لەنێو حزبەکەدا بەدیارکەوت و ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی ئەوسەردەمەدا گێڕاوە، بەتایبەت، کە ناوبراو، بەشداری کاریگەری لە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتییدا هەبووە، بە شێوازی میللییانە گوزارشتی لە گیانی نەتەوایەتی کردووە (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤).
لە جووڵانەوەی مایسی ١٩٤١ دا عەونی یووسف سەرۆکایەتی دەستەیەک گەنجی کردووە و لە خۆپیشاندانێکی گەورەدا، دروشمیان دژ بە بەریتانیا بەرزکردووەتەوە، لەو کاتەدا قوتابییان و مامۆستایان و کاسبکار و پیاوانی ئایینی و چین و توێژەکانی دیکە پاڵپشتی بزووتنەوەکەیان کردووە، ئەوکات عەونی یووسف، خۆی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکەی کردووە (مستەفا، ٢٠٠٨، ل٨) کە دواتر خۆپیشاندانەکە توندوتیژی لێکەوتووەتەوە. پاش هەرەسی ڕاپەڕینەکە و هاتنەوەی ئینگلیز، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەولێر دەستگیرکران (مەزهەر،٢٠٠١، ل ١٤٨؛ رسول، ٢٠٠٥، ص١٧٨) یەکێک لەوانە عەونی یووسف بوو، کە بە جموجۆڵی سیاسیی تاوانبار کرا و بە فەرمانی مستەفا یەعقووبی موتەسەریفی ئەوسای هەولێر دەستبەسەر کرا (شریف، ١٩٨٨، ص٦٤-٦٥) لەوکاتەدا، ژمارەیەکی زۆر قوتابی، بەسەرپەرشتی هەریەک لە زەید ئەحمەد عوسمان (١٩٢٤/هەولێر-١٩٧٨/هەولێر) نافع یونس (١٩٢٦/هەولێر-١٩٦٣/بەغداد) و ڕەشید عەبدولقادر، بەرانبەر موتەسەریفییەی هەولێر گردبوونەوە، داوایانکرد عەونی یووسف ئازاد بکەن، دواتریش بەرەو لای (مێجەر ستینگ) ئەفسەری پەیوەندییەکانی ئینگلیز ڕۆیشتن، بەو ئومێدەی عەونی یووسف ئازاد بکات، بەڵام موتەسەریف، نەک هەر ئازادی نەکرد، بەڵکو قوتابییەکانیشی دەستگیر کرد، کە بەوکارە هەڵسابوون (گوڵچنێک، ٢٠١٩، ل٨٩-٩٠) دواتر عەونی یووسف بەرەو شاری بەغداد ڕەوانەکرا. لەوکاتەدا، هەندێک لە کەسایەتییە کوردەکان لە ڕێگەی سەعید قەزاز (کە ئەو کات بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بوو) هەوڵی ئازادکردنیان دا، لە ئەنجامی ئەو هەوڵانە، عەونی یووسف لەبەندیخانەی (سەرا)وە گواسترایەوە بۆ بەندیخانەی (خوێندنگەی پۆلیس) بەمەش ڕێگە بۆ قوتابییانی کورد ئاسان کرا، تا ڕۆژانە سەردانی بکەن، مەسعوود محەمەد (١٩١٩/کۆیە-٢٠٠٢/هەولێر) یەکێک بووە لەو قوتابییانەی، کە ڕۆژانە سەردانی کردووە (شریف، ١٩٨٨، ص٦٥).
لەوکاتەی لە بەندیخانە دابوو، وەزیری داد، داود حەیدەری (١٨٨٦/هەولێر-١٩٦٥/ئەستەنبوڵ) سەردانی کردووە و هەواڵی ئازادکردنی پێداوە، پاش چەند ڕۆژێک، فەرمانی ئازادکردنی لە ڕۆژنامەی (البلاد)دا بڵاوکراوەتەوە (شریف، ١٩٨٨، ص٦٥) دوای ئازادکردنی، صالح جەبری وەزیری ناوخۆ بەدوای دەنێرێت و داوای لێ دەکات لەمەبەدوا، لە کاری سیاسیی دووربکەوێتەوە. هەر دوای ئازادکردنی، بە بڕیارێکی وەزارەتی داد وەک دادوەری ناوچەی زاخۆ دیاری کراوە (بێخاڵی، ١٩٩٧، ل٢٥٩) دوای پێنج مانگ مانەوەی لە زاخۆ و لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٢، پەیوەندی لەگەڵ شاكر الهرمزي قائمقامی ئەوسای



زاخۆ تێک دەچێت، چونکە لەگەڵ جەعفەر محەمەد کەریم (١٩١٠/دیالە-٢٠٠٠/تاران) بیروباوەڕی کوردایەتی و پەیڕەووپڕۆگرامی حزبی هیوایان لەنێو خوێندەوارانی زاخۆدا بڵاودەکردەوە (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤). ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بۆ دادوەرێتی شاری مووسڵ بگوازرێتەوە، هەر دوای شەش مانگی دیکە، بڕیاری گواستنەوەی بۆ شاری بەسرا بۆ دەرچوو (بێخاڵی، ١٩٩٧، ل٢٥٩) لەڕێگەی چوونی بۆ بەسرا، بە شاری هەولێردا تێدەپەڕێت، کاتێک موتەسەریفی ئەوسای هەولێر، بەهاتنەکەی دەزانێت، جارێکی دیکە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەکات، بە تۆمەتی دژایەتی بەریتانیا و دۆستایەتی ئەڵمانیا، دەستبەسەر دەکرێت.

جەلال تاڵەبانی لەمبارەیەوە دەڵێت: «بێگومان ئەو تۆمەتەش هەر ئەوەندە ڕاست بوو، کە عەونی یووسف دوژمنی ئیمپریالیزمی بەریتانیا و تێکۆشەری دیموکرات و ئازادیخوازی دوژمن بە داگیرکردن بوو، ئەگینا دوژمنی سەرسەختی فاشیزم و مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز بوو، تەنانەت لەناو زیندانیشدا بەشێوەیەکی خۆڕاگری ورەبەرزییەوە بەپێی توانا کوردایەتی خۆی کردووە« (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤)

ئەم کردارەی موتەسەریفی هەولێر، قوتابییانی دواناوەندی هەولێری هاندا، لە (بەردەرکی سەرای هەولێر) خۆپیشاندانێک بکەن و داوای ئازادکردنی بکەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی موتەسەریف ناچار بێت بە بەندکراوی ڕەوانەی مووسڵی بکات، تا بۆ بەندیخانەی (عمارە)ی ببەن، دوای ئەوەی گەیاندییانە بەندیخانەی ناوبراو، لەوێ لەگەڵ بەشداربووانی جووڵانەوەی مایسی ١٩٤١ یەکیان گرتەوە، کە دیارترینیان: محمد صدیق شنشل (١٩١٠/موسڵ-١٩٩٠) فائق السامرائي (١٩٠٨/عمارە-١٩٧٩/بەغداد) خلیل کنە (١٩١٠/ فەلووجە-١٩٩٥/بەغداد) بوون.

هەر لەو بەندیخانەیە، پەیوەندی لەگەڵ خەباتکارانی شۆڕشی ١٩٢٠ پتەو دەکات، ئەوانیش وەک: علوان الیاسري (١٨٦٩/مشخاب-١٩٥١/نەجەف) عبدالواحد حاجی سکر (١٨٨٠/نەجەف-١٩٥٦/ بەغداد) کاطع العوادي (١٨٧٣/دیوانیە-١٩٤٥/ نوعمانییە) (شریف،١٩٨٨، ص٦٦- ٦٧) بۆ ماوەی سێ ساڵ لەو بەندیخانەیە دەمێنێتەوە (شارەزا، ٢٠٠٩، ل٢٥٩)

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت وەکو ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا، گرنگیی دان بە کاری سیاسیی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هەمیشە بۆتە ئاستەنگێک لەبەردەم ژیانی فەرمانبەرییدا. بەتایبەت لەو کاتەدا، بەدەگمەن هەڵدەکەوت، خەڵک خەبات لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا بکەن (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤).

عەونی یووسف یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی حزبی ڕزگاری کورد لە شاری هەولێر، لەگەڵ بەرپرسانی دیکەی حزبەکەدا، لە ڕێگەی یاداشت و بەیاننامە و بڵاوکراوەکانییانەوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە دژایەتییکردنی ئەو بیروبۆچوونانەدا گێڕاوە، کە لەلایەن حکوومەتەکانی سەردەمی پاشایەتی لە عێڕاقدا، لەبەرانبەر کورد دەربڕاوە، وەکو بەرپەرچدانەوەی وتەکانی سەرۆک وەزیرانی عێڕاق تۆفیق سویدی (شوباتی ١٩٤٦-حوزەیرانی ١٩٤٦) کە لە قاهیرە دەربارەی ژمارەی کورد لە عێڕاق و شێواندنی بزووتنەوەی بارزان لەساڵی (١٩٤٥) دا ڕوونکردنەوەی دابوو. بەم بۆنەیەوە لە ڕێکەوتی (٤ی نیسانی ١٩٤٦) بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە: «قسەکانی سەرۆک وەزیران هەمووی هەڵە و هەڵبەستراون. لە ئاستی ژمارەی کورد لە عێڕاقدا، مەبەستی شاردنەوەی قەوارەی ئەم گەلەیە. جووتیارەکانمان وەک کۆیلەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، نەزانی و



نەخوێندەواری تەشەنەی تیایاندا کردووە و نەخۆشی گەیشتۆتە مۆڵی ئێسکەکانیان، بێ بەش کراوین لە خوێندن بە زمانی زگماکی نەتەوەییمان، تا دەگا بە بێ بەش بوونمان لە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ئاشکرا.. ئەمانە هەموو شایەدی و بەڵگەی ئەو مافانەن کە دراوە پێمان. ئەمە جگە لەوەی هەر کوردێکی دڵسۆز و ئازاد داوای چاککردنی بارودۆخی گەلەکەی بکا ئەوا سزای دەربەدەری و توندکردنە لە قوژبنی تاریکی بەندیخانەکاندا. کورد هەیە و کێشەیەکی هەیە بە هۆی بوونی وەکو گەلێک» (شریف، ٢٠٠٧، ص ١٩٩-٢٠٣).
لەسەر ئاستی دەرەوەشدا، لەگەڵ هاوڕێکانی لە حزبی ڕزگارییدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، بۆ گەیاندنی دەنگی ڕەوای کورد و ناساندنی کێشەکەی بە جیهان، لەم چوارچێوەیەشدا، لە ڕێکەوتی (١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥) دا، لە ڕێگەی باڵیۆزی بەریتانیا لە شاری بەغدا، یاداشتێکیان ڕەوانەی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی (بەریتانیا و ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت) لە شاری مۆسکۆ کرد، کە تیایدا لە خراپی ڕەوشی کوردانی عێراق، ئاگاداریان کردنەوە. بەتایبەت لە پێشێلکردنی مافە دەستووری و دیموکراتییەکانیان، بەهۆی بوونی حکومەتێکی کۆنەپەرست و پاڵپشتی کراو لە لایەن داگیرکەرانەوە. حزبی ڕزگاری کورد، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕەوتی خەباتدا هێنا کایەوە، بە شکانی هەموو ئەو بەندە فکرییانەی کە بەربەست بوون لە پێناو یەکگرتن و خەباتی نەتەوەیی، هەرچەندە قوربانییدان تاکە ڕێگەی ڕزگاری گەلانی چەوساوە و زوڵم لێکراوە، بەڵام حزبی ڕزگاری کورد، لە ڕێگەی سیاسی و دبلۆماسییەوە هەوڵی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردی دەدا، هەروەها خەباتی هەردوو گەلی کورد و عەرەبی بە خەباتێکی ڕەوا و هاوشێوە دادەنا لە دژی داگیرکەران ( قادر، ٢٠٠٥،١١٠-١١٥).

## ڕۆڵی لەنێو پارتی دیموکراتی کورد- عێراق

وێستگەیەکی دیکەی ژیانی حزبایەتی عەونی یووسف دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی لەنێو (پارتی دیموکراتی کورد) دوای ئەوەی لە کۆنگرەی دامەزراندنی حزب، لە ڕێکەوتی (١٦ی ئابی ١٩٤٦) (کە بە شێوەیەکی نهێنی لە شاری بەغداد بەسترا) بەشداری کرد (عمر، ٢٠٠٤، ص ١١٣). کۆنگرە کارەکانی بەسەرکەوتوویی بەڕێوە برد و ڕەزامەندی و بڕیار لەسەر پڕۆگرامەکانی ناوخۆی حزب درا، بوو بە (پارتی دیموکراتی کورد-عێراق) دوای ئەوەش لێژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردران، بڕیاردرا (ڕۆژنامەی ڕزگاری) بکرێتە ئۆرگان و زمانحاڵی پارتەکە، عەونی یووسف جگە لەوەی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤) بە سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی نێو شاری هەولێر و دەوروبەری دانرا ( قادر، ٢٠٠٥، ل١٢٥) واتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە، وەک سەرکردەیەکی ئەو پارتە هەڵبژێردراوە و هەمیشە خەریکی هۆشیارکردنەوەی خەڵک بوو، چۆتە ناو جەماوەرەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی گرنگییدانی بوو بە هێزی سەرەکی خەبات (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤).
یەکێک لە سیما و خەسڵەتەکانی ئەوکاتە قۆستنەوەی بۆنە نەتەوەیی و ڕووداوە نیشتمانییەکان بوو، ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیش وەکو جەژنێکی نەتەوەیی، بە شێوازی نهێنی و هەندێک جاریش ئاشکرا لەشاری هەولێر زیندوو ڕاگیراوە، هەروەک نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ بە هەوڵ و کۆششی عەونی یووسف مۆڵەتی بۆ وەرگیرا (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣٩٣) سەبارەت بە شێوازی مۆڵەت وەرگرتنەکە، عەونی یووسف دەڵێت:» لە ئاداری ساڵی ١٩٤٧ سکاڵایەکم پێشکەش بە موتەسەریفی هەولێر جەمال عومەر نەزمی (١٩٤٧/١/١٦-١٩٤٨/١/١٥) کرد، بۆ ئەوەی ڕێگا بدات ئاهەنگی جەژنی نەورۆز بە ئاشکرا بگێڕین، ئەویش لای خۆیەوە ڕایگەیاند کە ئەوە لە دەست (عومەر نەزمی) باوکییەتی کە ئەوکات وەزیری ناوخۆ بوو، بۆ ئەم مەبەستە چوومە بەغداد و دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، ئەویش وای نیشاندا کە ئەو ڕێپێدانە لە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانە، کە ئەویش نووری سەعید بوو، پاش ئەوەی ڕەزامەندی سەرۆک وەزیرانم وەرگرت بۆ چاوپێکەوتنەکە لەڕێگەی وەزیری ناوخۆوە، دوای چاوپێکەوتنێکی (٢٠) دەقیقەیی



“
**ساڵی ١٩٤١ عەونی یووسف بەتۆمەتی کاری سیاسیی دەستگیر دەکرێت و دەگوێزرێتەوە شاری بەغدا، دوای ئازاد کردنیشی، ڕەوانەی شاری زاخۆ دەکرێت و دەبێتە دادوەری شارەکە**
”



سەرۆک وەزیران ڕەزامەندی دا کە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاهەنگی نەورۆز بگێڕین « (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩، ل٢٣٩٣-٢٣٩٤). لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە پیاوانی ئایینی هەولێر دژی ئاگرکردنەوە بوون و کۆمەڵێک هەوادارانی کۆمەڵەی برایانی موسڵمان (اخوان المسلمین)یش پشتگیرییان کردن و دژایەتی نەورۆزیان کرد (بێخاڵی،١٩٩٧، ل٢٤٣). بەڵام ئەم ئاهەنگە لە گۆڕەپانی یاریگەی قوتابخانەکانی شاری هەولێر ئەنجام درا، لێرەشدا توێژەرێک یادکردنەوەی نەورۆزی ١٩٤٧ بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ دادەنێت، ئەویش لەسۆنگەی ئەوەی کە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆوە بینی، لەبەر ئەوەی هەولێر یەکەم شار بوو، بە هەوڵ و تواناکانی عەونی یووسف ڕەزامەندی فەرمی لە میری وەربگرێت و بە ئاشکرا زۆرینەی جەماوەری شاری هەولێر بەشداری تیادا بکات (ڕەسول، ٢٠٠٧، ل ٢١).

یەکێک لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بڕیاری لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی کورد عزەت عەبدولعەزیز (١٩١٢/سلێمانی-١٩٤٧) مستەفا خۆشناو (١٩١٢/بێتواتە-١٩٤٧) محەمەد قودسی (١٩٢١/قودس-١٩٤٧) خەیروڵڵا عەبدولکەریم (١٩١٢/هەولێر-١٩٤٧) لە ڕێکەوتی (١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧) دەرچوو (گوڵچنێک، ٢٠١٩، ل٢٢٣) لەکاتی هێنانەوەی تەرمی خەیروڵڵا عەبدولکەریم بۆ شاری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس لە سەرەتادا ڕێگای ئەوەی نەدا کە تەرمەکەی بدرێتەوە بە کەس و کاری، بەڵام دواتر بەئامادەبوونی ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوانی شارەکە (لە گۆڕستانی ناو شەقامی دارتاشان) بەخاکسپێردرا (رسول، ٢٠٠٥، ص٢٨٦-٢٨٧). سەبارەت بەم ڕووداوە، تەنیا هەشت کەس لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی خەیروڵڵا عەبدولکەریم لە شاری هەولێر ئامادەبوون، عەونی یووسف یەکێک بوو لەو هەشت کەسە (گوڵچنێک، ٢٠١٩، ل٢٢٣) لەو کاتەدا عەونی یووسف ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی بوو، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی (خەیروڵڵا عەبدولکەریم) لێرەدا پەرۆشی عەونی یووسف دەردەکەوێت بەرانبەر بە خەڵک و تا ڕادەیەکی زۆر کارە توند و تیژییەکانی ڕژێمی پاشایەتی عێراقی لە بەرچاو بووە و ئیدانەی ئەو کارەی حکوومەتی کردووە.

**“ عەونی یووسف بووەتە دادوەری شۆڕشی ئەیلوول، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە دوای بەرپابوونی کودەتاکەی شوباتی ١٩٦٣ خۆی دەگەیەنێتە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و دەکرێتە دادوەری شۆڕشی ئەیلوول ”**

دیارە هەر ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی عەونی یووسف گێڕاویەتی، بووەتە هۆی ئەوەی، نەک هەر تەنیا خۆی، بەڵکو ماڵەوەشیان بکەوێتە ژێر مەترسی، جارێک تەقە بەسەر ماڵیاندا کرا، وەک هەڕەشەیەک لەبەرانبەر ئەنجامدانی چالاکییەکانی لە جووڵانەوەی نیشتمانیی شاری هەولێر، لەم بارەیەوە ساڵح حەیدەری (١٩٢٢/هەولێر-٢٠٠١/هەولێر) نووسیویەتی «لەنیوەی یەکەمی مانگی ئاداری ١٩٤٨، بەرەی کۆنەپەرستان وەکو سووکایەتی تەقەیان لە ماڵی کەسایەتی نیشتمانپەروەر عەونی یووسف کرد» (گوڵچنێک، ٢٠١٩، ل٣٢٠-٣٢١) دوای ئەو ڕووداوانە، شاندێک، کە پێکهاتبوو لە پارێزەر عەونی یووسف، عاصم حەیدەری (١٩٢١/هەولێر-١٩٧١/هەولێر) ئەنوەر محەمەد ئەمین دزەیی، سەردانی موتەسەریفیان کرد، ناڕەزایی خۆیان لەسەر تەقەکردن لە ماڵان و نانەوەی پشێوی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری لە شاریان پێ ڕاگەیاند، پێشیان وتووە، ئەگەر حکوومەت لەم بارەیەوە دەستەوەستانە، ئەوا جووڵانەوەی نیشتمانی دەتوانێت سنوورێک بۆ کۆنەپەرستان دابنێ». موتەسەریف وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: «ئەگەر هەر کارێکی تر بکەن، لە سنووری خۆیان دەیانوەستێنین» بەبێ ئەوەی هیچ ڕێوشوێنێک دژیان بگرێتە بەر، تەنیا شەش پۆلیسی بۆ پاراستنی ئەو سێ ماڵەی تەقەیان لێ کراوە دانا، واتا: ماڵی کۆچکردووان حەیدەر حەیدەری و عەونی یووسف و ئەنوەر محەمەد ئەمین دزەیی (گوڵچنێک، ٢٠١٩، ل٣٢٢-٣٢٣)

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨، عێراق بەهۆی واژووکردنی پەیماننامەی پۆرتسمۆس-ەوە لەگەڵ بەریتانیا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆز بووەوە، کە بووە هۆی خرۆشانی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق و بە هەزاران خۆپیشاندەر ڕژانە سەر شەقامەکانی شارە گەورەکان و ناڕەزایی خەڵک زۆر بە خێرایی تەشەنەی سەند و بە جۆرێکی وا گەیشتە پلەی ڕاپەڕین (لونکریک، ١٩٨٨، ص٥٦٥-٥٧٥)، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی

بەغدا و شارەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق، بووە هۆی ڕووخانی حکوومەتەکەی ساڵح جەبر لە ڕێکەوتی (٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨) و پووچەڵکردنەوەی پەیماننامەی پۆرتسمۆس و دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی محەمەد صدر (کانوونی دووەمی ١٩٤٨ تا حوزەیرانی ١٩٤٨)، کە چەند کەسایەتییەکی نیشتیمانپەروەری تێیدا بەشداربوو، لەدوای هەڵوەشانەوەی حکوومەتەکەی ساڵح جەبر، جۆرە ئازادییەک هاتە ئاراوە و هەموو شارەکان کەوتنە سازدانی بۆنەی تایبەتی، خۆپیشاندان و ڕێپێوان بۆ ماوەی چەند مانگێک لە دوای ڕاپەرینەکە بە شتێکی ئاسایی دادەندرا (دزەيي، ٢٠٠١، ص ٩١-٩٢). ئەمەش کارئاسانی کرد بۆ ئەوەی عەونی یوسف، جارێکی دیکە، ڕۆڵی خۆی لە هاندان و داواکارییەکانی خەڵک دەربخات، لە دیارترین چالاکییەکانی دوای ڕووخانی حکوومەتی ساڵح جەبر، لە ساڵی ١٩٤٨ سەرپەرشتی خۆپیشاندانێکی کرد و ڕۆڵی سەرەکی تێیدا گێڕا (هەفتەنامەی بەدرخان، ژ:١٠٤، ٢٠٠٨، ل٨)، بەتایبەت لە کاتی نەورۆز، خۆپیشاندان و نارەزایەتی خەڵک هەر بەردەوام بوو، عەونی یووسف هەوڵی دەدا خۆپیشاندانەکان بقۆزێتەوە و بەردەوامی پێبدرێت تا حکوومەت داواکارییەکانی کورد جێبەجێ بکات (سلێمان، ٢٠٠٧، ل ٨)

ئەو نیمچە ئازادییەی، کە لە ئەنجامی هۆشیاری و فیداکاری جەماوەر و ڕاپەرینی کانوونی ١٩٤٨ لە تەواوی عێراقدا هاتە کایەوە، زۆری نەخایاند ئەویش بەهۆی دروستبوونی کێشەی فەڵەستین، بە بیانووی پاراستنی ڕیزی پشتەوەی سوپای عێراق، کە بەشی هەرە زۆری بۆ ئازادکردنی فەڵەستین چووبوون، بۆیە حکوومەتی عێراقی (حوکمی عورفی) ڕاگەیاند و کەوتە پەلاماردان و ڕاوەدوونانی نیشتمانپەروەران، لە سەرتاسەری عێراق بە کورد و عەرەبەوە ژمارەیەکی زۆری لێ دەستگیرکردن (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ل٩٣) بەهەمان شێوە (پارتی دیموکراتی کورد) کەوتە بەر شاڵاوی گرتن و ژمارەیەک لە ئەندامەکانیان دەستگیرکران، کە عەونی یووسف یەکێک بوو لەوانە (موسوعة سرية، ١٩٤٩، ج١، ص٢١٣)



ئەوکاتە دەسەڵاتدارانی سەربازی و پۆلیسی نهێنی لە هەولێر لە هەڵمەتێکی ڕاوەدوونانەدا، توانیان (٥٤) کەس دەستگیر بکەن (موسوعة سرية، ١٩٤٩، ج١، ص ٢١٣؛ الحيدري، ٢٠٠٤، ص ٢١٢-٢١٣) سەرەتا گیراوەکانیان بە کەفالەت ئازاد کرد، تا ڕۆژی دادگا، لەو ڕۆژەدا هەموو گیراوەکانیان، هێنایە سەرای موتەسەریفیەت و سەرجەمیان بە پاسێکی دار (پەست) لە بەندیخانەی هەولێرەوە ڕەوانەی کەرکوک کرد، لە کاتی تێپەڕینی پاسەکە بە ناو شار سەرجەم گیراوەکان سروودی (ئازادیخوا کوردین ئێمە، شورەیین پۆلاین بەردین ئێمە) یان دەچڕی (حەیدەری، ٢٠١٤، ل١٥). لە دوای دادگاییکردنیان، عەونی یوسف بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بیری پەرتەوازەکاری لەنێوان تاکەکانی گەلی عێراق و لایەنگیری بۆ کۆمەڵە و حزبە سیاسییە قەدەغەکراوەکان و هاندانی خەڵک و ڕەواج پێدانی پرنسیپەکانی کۆمۆنیزم، لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا، دواتریش لە ڕێکەوتی (٢٠ی تەمووزی ١٩٤٨) بە بڕیاری ئەنجوومەنی عورفی سەربازی بۆ ماوەی یەک ساڵ و نیو زیندانی کرا (موسوعة سرية،١٩٤٩، ج٤، ص ٨٢٦-٨٢٩ ؛گوڵچنێک، ٢٠١٩، ل٣٢٥-٣٢٦)

جەلال تاڵەبانی لەوبارەیەوە دەڵێت: «کاربەدەستانی عێراق ئەوەندەیان ڕق لە عەونی یووسف و خەباتەکەی هەڵدەستا، تا ئەو ڕاددەیەی پزیشکی کەس و کاریشی دەگرتەوە، لەکاتی دادگایکردنی عەونی یووسف، ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤/سلێمانی-٢٠٠٠/لەندەن) و جەلیل هۆشیاری برای عەونی یووسف ئامادەی دادگاییکردنەکە





دەبن، کاتێک ئیبراهیم ئەحمەد گاڵتەی بە شایەدە دەستچینەکانی (تحقیقات الجنائية) دەکرد و جەلیل هۆشیار زەردەخەنەیەک دێنێ، نەعسانی حاکمی عورفی پێی دەڵێ هەم برای عەونی و هەمیش لە مەحکەمە پێدەکەنی، دەبڕۆ تۆش ساڵ و نیوێ حوکم بە، بێ ئەوەی هیچی لەسەر بسەلمێنێت» (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤)

بەپێی بیرەوەریی یەکێک لە زیندانییەکان، عەونی یووسف لەنێو زیندانیشدا کاروباری زیندانییانی ڕێکدەخست و کار و خزمەتگوزارییەکانی بەسەر دابەشدەکردن، تەنانەت هەوڵی زۆریشی لەگەڵ دەدان تا فێری خوێندن و نووسینیان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند کەسێکی ڕاسپاردووە، تا وانەیان پێ بڵێن (هەفتەنامەی بەدرخان، ژ:١٢١، ٢٠٠٩، ل٢١) واتە لەنێو زیندانیشدا ڕۆڵی سەرکردەیی گێڕاوە.

دوای ئازادکردنی لە زیندان، ساڵی ١٩٥١، لەتەک کاری پارێزەرییدا، لە خەباتکردن لەنێو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد، بەردەوام دەبێت. لەوکاتەدا، ناکۆکییەکی توند ڕیزەکانی پارتەکەی گرتبۆوە و بەسەر سێ باڵدا دابەش ببوون لەنێو ئەو فرە باڵییەدا، عەونی یووسف سەر بە هیچ لایەکیان نەبووە و تەواو بێلایەنی خۆی پاراستووە و زۆر پەرۆشی یەکڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی بووە و لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەوڵیداوە و گفتوگۆی لەگەڵدا کردوون، جەلال تاڵەبانی دەربارەی عەونی یووسف لە ڕێکخستنەوەی پارتییدا دەڵێت «کاتێک لە زیندان ئازاد دەکرێت، بەسەر بارودۆخێکی لاوازی پارتی دیموکراتی کورددا کەوت، چونکە لەو ماوەیەدا چالاکییەکانی حزب لە کوردستاندا بەرەو کزی هەنگاوی نابوو، ئەویش بەهۆی چاودێرییەکی توند لەلایەن دامودەزگا پۆلیسی و ئەمنییەکانەوە لەسەر چالاکیەکانی ئەم حزبە، هەر بۆیە عەونی یووسف چەند کەسایەتییەکی دیکەی نیشتمانپەروەری کۆکردەوە و دەستی کردەوە بە چالاکی و لقی هەولێر و بادینانی ژیاندەوە (مام جەلال، بەشی:١، ٢٠١٧، ل٧٣). بەمەش ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە لە ناوچەکانی ئامێدی و دهۆک و ئاکرێ زیادی کرد (هەفتەنامەی بەدرخان، ژ: ١٢٤، ٢٠٠٩، ل٩)

**«تەنیا هەشت کەس لە ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی خەیروڵڵا عەبدولکەریم لە شاری هەولێر ئامادەبوون، عەونی یوسف یەکێک بوو لەو هەشت کەسە»**

عەونی یووسف، ئەوکاتە چالاکیی سیاسی ئەنجام دەدا و بە گوڕوتینەوە کاری دەکرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر کاربەدەستانی حکوومەت دروستکرد، بۆیە دەزگائەمنییەکان چاودێرییەکی توونديان خستە سەری (رسول، ٢٠٠٥، ص٣٠٨-٣٠٩).

لە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٥١، لێژنەی ئاشتیخوازان دامەزرا، ئەم لێژنەیە لە بنەڕەتدا سەر بە بزووتنەوەی ئاشتیخوازان بوو، بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەک، عەونی یووسف یەکێک لە دیارترین ئەندامی ئەم لێژنەیە بووە و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە (قادر، ٢٠٠٨، ل١٥٥؛ خۆشناو، ٢٠١٢، ل٨٣) بیرۆکەی دامەزراندنی ئەمەش بەمەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتی بوو، لەم سۆنگەیەوە هەڵمەتێکی واژووکردنیش لە شاری هەولێر دژی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی کۆکرایەوە و ڕەوانەی لێژنەی ئازادیخوازانی بەغداد کرا، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ناوەڕاستی شاری هەولێر پەیکەری کۆتری ئاشتی لە لایەن شێوەکاری ناسراوی هەولێر جەواد ڕەسوول ناجی (١٩٢٢/کۆیە-١٩٧٥/هەولێر) لە ساڵی ١٩٥١ دروست کرا (خۆشناو، ٢٠١٢، ل٨٣-٨٤).

دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کورد، لە ساڵی ١٩٥١ کۆنفراسێکی لە شاری بەغداد بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشی ناوخۆی پارتەکە گرێدا، لەو کۆنفرانسەدا، عەونی یووسف وەکو یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتە و سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردرا، بە مەبەستی ئەوەی ئەو کۆمیتەیە





سەرپەرشتی ئەو پارتە بکات و تا زەمینە بۆ کۆنفرانسی گشتیی خۆش بکات (جەلال، بەشی ١، ٢٠١٧، ل٥٣). بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوانیان ئەم کۆمیتەیەش هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینی (شریف،٢٠٠٧، ص١٧٤). بۆیە لە ڕێکەوتی (١٣-١٤ی ئازاری ١٩٥١) کۆنگرەی دووەم لە ماڵی (عەلی حەمدی) لە گەڕەکی ئەعزەمییە لە شاری بەغداد بە ئامادەبوونی سی ئەندام، کە نوێنەری لق و لیژنە ناوخۆییەکانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و بەغداد بەسترا (حميدي، ١٩٨٠، ص٢٢٧). لەو کۆنگرەیەدا، سکرتێری نوێی حزب هەڵنەبژێردرایەوە و لیژنەیەکی نوێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لیژنەی مەرکەزی پێشوو لێپرسراوێتی وەرنەگرتەوە (کریم، ١٩٩٨، ص٤٧) ئەگەرچی کۆنگرە دیسان نەپڕژایە سەر ئەوەی باسی پرسە پەیوەندارەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی پارتی بکات، بۆیە قسە لەسەر کردنیان دواخرا بۆ کۆنگرەی سێیەم، هەروەکو کۆنگرە، عەونی یووسفی وەکو ئەندام بۆ لیژنەی مەرکەزی تازە هەڵنەبژاردەوە، بەڵام عەونی یووسف نەچووە ژێرباری داخوازییەکانی لیژنەی مەرکەزی، تا لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی لە ڕێکەوتی (٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣) دا کە لە شاری کەرکووک بەسترا، تیایدا چەند بڕیارێکی دەرکرد، یەکێک لەو بڕیارانە، قبووڵ نەکردنی عەونی یووسف بوو لە کۆنگرەدا، بە بیانووی جێبەجێ نەکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنەی پێشوو (عبدالله، ١٩٦٨، ل٧١-٧٢؛ شريف،٢٠٠٧، ص١٧٧) لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی نووسیویەتی «عەونی یووسف بە ڕووخۆشییەوە هەڵوێستی زۆربەی سەلماند و وەک ئەندامێکی سادە ملی نایەوە خەبات، بێ تۆران و زیزبوون لەگەڵمان بە برایانە و هەڤاڵانە کەوتەوە خەباتی بێوچانی نهێنی ئەو سەردەمە، ئەوەی ڕاستی بێ عەونی یووسف لە شاری هەولێر تاکە ڕووی ناسراوی پارتی بوو، بۆیە زۆرجار لە ماڵی عەونی یووسف کۆدەبوونەوە و قسە باسی کوردایەتی ئاڵوگۆڕ دەکرا، چونکە لەو کاتەدا عەونی یووسف بە نهێنییش خەریکی ڕێکخستنی جووتیاران بوو، بە تایبەتی ساڵح شێرە و حەسەن مستەفا و چەندانی دیکە لە ناو کرێکارانی شەمەندەفەریش مەلا عەبدوڵڵای حاجی ئیسماعیلی ڕێکخستبوو لە ناو قەساب و فیتەر و شوفێرانیشدا شانەیەکی هەبوو» (مام جەلال، ١٩٩٤، ل٤)

لێرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە عەونی یووسف کەسێک بوو لەپاڵ خەباتی حزبایەتی، خەباتی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵی خستۆتە نێو بەرنامەی کاری (پارتی)یەوە، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات، کە شێوازێکی نوێی بۆ خەبات بەکارهێناوە، چونکە پەیڕەوکردنی سیستەمێکی لەو جۆرە بۆ ئەو ڕۆژگارە لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، گرنگیی تایبەتی خۆی هەبوو.

هەر ئەم چالاکی و هەوڵانەی عەونی یووسف وایکرد هۆشیاری چینایەتی جووتیاران لە دەشتی هەولێر لە برەوسەندن دابێت، بە تایبەت لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی تایبەت بە چینی کارکەر و جووتیاران دەگەیشتە دەست کادیرانی ناوچەکە، وەکو (نرکەی جووتیار) کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەکرا (قادر، ٢٠٠٥، ل٢٤٣). چونکە جووتیارانی دەشتی هەولێر لە ژێر چەوساندنەوەی زۆرداری دەرەبەگەکانی دزەیی دووچاری نالەبارترین ژیانی چەوسانەوە هاتبوون (قادر، ٢٠٠٥، ل٢٤٣). هەر بۆیە لە ڕێکەوتی (٢٢ی نیسانی ١٩٥٣) لە ناوچەی دزەییایەتی دەشتی هەولێردا، بەرهەمی جووڵانەوەی هۆشیاریی چینایەتی هاتەبەر، کاتێک ڕاپەڕینێکی فراوانی جووتیاران لە گوندی (قازیخانە)ی نزیک دەشتی هەولێر هەڵگیرسا و بڵێسەکەی (٣٠٠) گوندی گرتەوە، کە دەنگ و ڕەنگێکی کاریگەری لە ناوچەکە و لە عێراق دایەوە (خيري، ١٩٧٨، ص ٢٠٦-٢٠٧؛ ڕەسول، ١٩٩٧، ل٩٥)

لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا، عەونی یووسف هانی خەڵکی دەدا کە پاڵپشتی جووتیاران بکەن، کاتێکیش بەهۆی دەستڕۆیشتوویی ئاغاکان و تاوانبارکردنی جووتیاران بە دژایەتییکردنی ڕژێمی پاشایەتی، بە پاڵپشتی حکوومەت، ڕاپەڕینەکە کپ کرایەوە، ژمارەیەک خاووخێزانی گوندە ڕاپەڕیوەکان دوورخرانەوە و دێبەدەرکران و ژمارەیەکیش خرانە زیندانەوە. لە پاش

**“ عەونی یووسف لەسەر پشکی هیچ لایەنێک نەبووەتە وەزیری ئەشغال، بەڵکو ئەو هەڵبژێردراوی تایبەتی عەبدولکەریم قاسم بووە ”**



سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، و بەدەنگەوە نەهاتنی حکومەتەکەی جەمیل مەدفەعی (٢٩ کانوونی دووەمی١٩٥٣-٥ی ئاداری١٩٥٣) عەونی یووسف وەکو پارێزەر، خۆبەخشانە کەوتە بەرگریکردن لە جووتیاران و ڕۆڵی گەورەی لەوبارەیەوە گێڕا (حزبی شیوعی کوردستان، ٢٠٠٢، ل١٩-٢١؛ بیری نویّ، ١٩٧٦، ل٧). بەهۆی پشتگیریکردنی جووتیاران لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا، عەونی یووسف تاوانبار کرا و تەنانەت دەستگیریش کرا، ئەم ڕووداوە لە دانیشتنی ٢٥ی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕێکەوتی (١٣ی ئایاری ١٩٥٣) دا لەلایەن (مەسعوود محەمەد)ی ئەندامی ئەنجوومەن بە چاکی وروژێنرا، هەردوو بابەتی دەستگیرکردنی عەونی یووسف و چەوسانەوەی جووتیارانی کردە یەک و هەڵوێستی حکوومەتی بە ناڕەوا و نادادپەروەرانە لە قەڵەم دا (العراقية، ١٩٥٣، ص٤٤٧)

کاتێکیش سەرۆککوەزیران فازڵ جەمال (٨ی ئازاری ١٩٥٤-٢٩ی نیسانی ١٩٥٤) دەستی لە کارکێشایەوە، ئەرشەد ئەلعومەری (٢٩ی نیسانی ١٩٥٤-٣ی ئابی ١٩٥٤) کابینەیەکی پێکهێنا، بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی پێشوو و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێی دا (الحسني، ١٩٩٨، ج٩، ص١٠٩-١١١) بەمەش پارتە ئۆپۆزسیۆن و نیشتمانییەکان بڕیاری بەرەیەکی نیشتمانیان بۆ هەڵبژاردن دا، لەشاری هەولێر عەونی یووسف وەکو پاڵێوراوی بەرەی نیشتمانی دیاریکرا، بەڵام بەهۆی فشارخستنە سەر پاڵێوراوان، بە جۆرەها شێواز، ناچاری خۆکشانەوە دەکران، ئەوانەی کە پڕوپاگەندەشیان بۆ پاڵێوراوان دەکرد، چاودێری توند دەکران،

**“ عەونی یووسف ئەوکاتە چەپ بووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە وەک کەسێک، کە لە شیوعییەکان نزیک بێت، بە وەزیر داندراوە، چونکە ئەوکاتە عەبدولکەریم قاسم زیاتر لە شیوعییەکان نزیک بوو ”**

هەر بەو هۆیەوەش عەونی یووسف، بە تۆمەتی نانەوەی ئاژاوە دەستگیرکرا، بەمەش بەشێک لە پاڵێوراوان دوای دەستگیرکردنی عەونی یووسف لە پاڵێوراوی خۆیان کشاندەوە (رسول، ٢٠٠٥، ص٣٣١-٣٣٢).

یەکێکی دیکە لەو پێشهاتە سیاسییانەی، کە عەونی یووسف هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی بەرانبەر دەربڕیوە، (شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) بوو، کاتێکیش شۆڕش هەڵگیرسا، لە ڕووی جەماوەرییەوە عەونی یووسف دەڵێت: «هەر زوو پەیوەندیم بە نوێنەری هێزە نیشتمانییەکان کرد و خۆپیشاندانێکی گەورەمان لە هەولێر ڕێکخست، زۆربەی خەڵکی هەولێر لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا ڕژابوونە سەر شەقامەکان و شار بە جاریّ خرۆشا بوو، ئەندامان و کادیرانی پارتی و شیوعی لە پێشتردا نهێنی بوون و دەرکەوتن، بۆ پاڵپشتی کردنی شۆڕش دەیان بروسکەی پشتگیری ڕەوانەی بەغداد کران (شریف،١٩٨٨، ص٧٤ ؛ خۆشناو، ٢٠١٢،ل١١٠).

دواتریش عەونی یووسف بیری لە پێکەوەنانی شاندێکی نیشتیمانی کردەوە، تاکو بەناوی جەماوەری شاری هەولێرەوە بچنە بەغداد، بۆ پیرۆزبایکردن لە سەرانی شۆڕش و پێشکەشکردنی داخوازییەکانی جەماوەری کورد، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هەریەک لە عاصم حەیدەری، شەمسەدین موفتی (١٩٣٣/ هەولێر- ٢٠١٢/هۆڵەندا) و چەند کەسایەتییەکی دیکە، بەرەو شاری بەغداد بەڕێکەوتن، لەوێش لەگەڵ شاندێکی دیکەی کوردستان یەک دەگرن و داخوازییەکانیان یەک دەخەن و لە ڕۆژی ٢٧ی تەمووز دەچنە وەزارەتی بەرگری و سەرکردەی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم پێشوازییان لێدەکات، ئیبراهیم ئەحمەد، بەناوی شاندی هاوبەشی کوردستان هەموو داخوازییەکانی کورد لەگەڵ وتارێک پێشکەش دەکات (شارەزا، ٢٠٠٨، ل١٧٠-١٧١)

## حزبی ڕزگاری

ویستگەیەکی نوێی کاری سیاسی عەونی یووسف، لە ساڵی ١٩٦٩ دەست پێدەکات، ئەمەش کاتێک لەو ساڵەدا لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی



کورد لە شاری بەغداد ڕێکخراوێکی سیاسییان بە ناوی (حزبی ڕزگاری) دامەزراند، کە ناوەکەی وەکو ئاماژەیەک بوو بۆ (حزبی ڕزگاری کورد) (گۆمەتاڵی، ٢٠١٢، ل ١٥٩)

ئەم هەنگاوەش بە ڕەزامەندی و پاڵپشتی حزبی بەعس بوو، حزبی بەعس هەوڵی دەدا ئەو کەسایەتییە کوردانە دەستەمۆ بکات، کە لە ژێر هەر بارودۆخێک بووبێت، وەکو بێلایەن لە شاری بەغداد مابوونەوە، هەوڵی خۆ نزیککردنەوەی داون. دیارە ئامانجی حکوومەتی عێراقی لەوەدا، دروستکردنی لێکترازانێک لەنێو بزاڤی نەتەوەیی کورد بوو، بە ئومێدی ئەوەی بتوانێت هێزی سێیەم لە بەرانبەر هەردوو باڵی پارتی (بارزانی- مەکتەبی سیاسی) دروست بکات، کە ئەوکاتە لە ململانێدا بوون سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو کۆمەڵەیە نەیتوانی ببێتە ئەو هێزە و ئەو ئامانجەشی نەپێکا، بەڵکو بە لاوازی و نەزۆکی وەکو حزبێکی کارتۆنی مایەوە (گۆمەتاڵی، ٢٠١٢، ل ١٥٩). جگە لەوەی نەبووە حزبێکی جەماوەری، بەڵکو دواتر لە ئەنجامی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی (ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠) خۆی هەڵوەشاندەوە، لیژنەی باڵای بزووتنەوەکە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ لە بەیاننامەیەکدا هەڵوەشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و داوای لە کادیر و ئەندامانی کرد پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە بکەن، لەبەرامبەریشدا پارتی پێشوازی لەو هەنگاوەی حزبەکە کرد و داوای لە جەماوەری حزبەکەیان کرد کە بە گەرمی پێشوازیان لێبکەن و ناکۆکی و ململانێکانی ڕابردوو بەلاوە بنێن ( التأخي، ٢١ تشرين الاول١٩٧٠) بەشدارییکردنی عەونی یووسف لە دامەزراندنی ئەو پارتە کارتۆنییەدا، ڕێک پێچەوانەی تێکڕای هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پێشووتری بووە، چونکە ئەو کارە خزمەتی بە ئامانجەکانی حزبی بەعس گەیاندووە. هاوکات ئەوەش دەردەکەوێت، حکوومەت لە شێوەی تۆڕێک لەسەر هەموو دەستە و کەسایەتییەکی کورد کاری کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت سوودی لێببینێت و لە دەرفەتێکدا بەکاریان بهێنێت.

## سەرچاوەکان:

### کتێب:

### بە زمانی کوردی


١- ئەحمەد، ئامانج حەسەن، برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی رزگاریخوازی و ڕووناکبیریی گەلی کوردا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢- بێخاڵی، مەولوود قادر، هەولێرم وادیوەو-بیستوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

٣- جاف، وریا، مێژووی رۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان(١٩٤٦-١٩٩٦)، پێداچوونەوە و پێشەکی: زاهیر رۆژبەیانی، دهۆک، ١٩٩٦ .

٤- حەیدەر، مومتاز، قاموسی ناوە نەمرەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- ڕەسول، اسماعیل شوکر، نەورۆزی هەولێر ١٩٣٢- ١٩٥٨ چەند لاپەڕەیەکی شاراوەی مێژووی گەلی کوردە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.

٦-خۆشناو، شوان محەمەد ئەمین تەها، هەولێر لە نێوان سالانی (١٩٥٨-١٩٦٣)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢ .

٧-عبداللە، عەلی، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، (ب.ش)، ١٩٦٨ .

٨-قادر، مەهدی محەمەد، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٩-گۆمەتالی، بورهان حاتم، سالح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ ڕۆلی سیاسیی و ڕووناکبیری، چ١، هەولێر،٢٠١٢ .

١٠مەزهەر، کەمال (دکتۆر)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، بەرهەڤکرنا: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ .

١١-نەجار، هۆشەنگ سالح، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦.


### بە زمانی عەرەبی:


١- اوریل دان، العراق في عهد عبدالكريم قاسم، دار اراس، اربيل، ٢٠١٢.

٢-بابان، جمال، اعلام الكرد، ج٢، السليمانية، ٢٠٠٩.

٣-بوتاني، عبدالفتاح على، موقف الاحزاب السياسة من القضية الكردية ١٩٤٦-١٩٧٠، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٧.

٤-البياتي، احمد كاظم، ناظم طبقجلي ودوره العسكري والسياسي في العراق ١٩٣٥-١٩٥٩، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٢.

٥-شريف، عبدالستار طاهر، الجمعيات و المنظمات والاحزاب الكردية فى نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ط٢، من منشورات دار سردم، للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٧.

٦-شبيب ، محمود، وثبة في العراق و سقوط صالح جبر ، بغداد ، ١٩٨٨ .

٧-شاميلوف، حولا مسألة الاقطاع بين الكرد، ترجمة: كمال مظهر احمد، بغداد، ١٩٨٧.

٨-حميدي، جعفر عباس، التطورات و الاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، بغداد، ١٩٨٠ .

٩-الحسني، عبدالرزاق ، تاريخ الوزارات العراقيه، ج٧، ط (٧)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٨.

١٠-..........................، تاريخ الوزارات العراقيه، ج٩، ط (٧)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٨.

١١-..........................، تاريخ الوزارات العراقيه، ج٩، ط (٧)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٨.

١٢-..........................، الاسرار الخفية في حركة مايس لسنة ١٩٤١ التحررية، ط٥، بيروت، ١٩٨٢.






١٣-خيري، سعاد، من تأريخ الحركة الثورية في العراق ١٩٢٠-١٩٥٨، ج١، ط٢، بغداد، ١٩٧٨.
١٤-عمر، شيركو فتح الله، الحزب الديمقراطي الكوردستاني و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٤٦-١٩٧٥، المديرية العامة للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٤ .
١٥-رسول، اسماعيل شكر (الدكتور)، اربيل-دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، مطبعة بينايي، سليمانية، ٢٠٠٥.
١٦-الزبيدي، محمد حسين، ثوره ١٤ تموز في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣ .
١٧-الصويركي، محمد على، معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها، السليمانية، ٢٠٠٥.
١٨-كريم، حبيب محمد، تأريخ الحزب الديموقراطي الكوردستاني – العراق ( في محطات رئيسية)، ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خەبات، كوردستان، ١٩٩٨ .
١٩-لونكريك، ستيڤن همسلي، العراق الحدبث من سنة ١٩٠٠ الى ١٩٥٠، ترجمة: سليم طة التكريتي، مطبعة حسام، الجزء الثاني، ١٩٨٨ .
٢٠-موسوعة سرية، مديرية الشرطة العامة- شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعى العراقى السري،ج١،بغداد، ١٩٤٩.
٢١-......................، مديرية الشرطة العامة- شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعى العراقى السري،ج٤،بغداد، ١٩٤٩.
٢٢-محمد، شيرزاد زكريا، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣-١٧تموز ١٩٦٨، اربيل، ٢٠٠٦ .
٢٣-منير، توفيق، حقيقة حركة السلام، دار الفكر، قاهرة، ١٩٥٦ .
٢٤-وانلي، عصمت شريف، كردستان العراق هوية وطنية (دراسة ثورة ايلول)، مطبعة شفان، سليمانية، ٢٠١٢.
نامەی زانکۆیی:

## چاپکراوی حزبی و حکوومی:

### بەزمانی کوردی :

١-حیزبی شیوعی کوردستان، ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣ وەکو خۆی، کۆکردنەوەی: حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد، بابا عەلی جەباری،... هەولێر، ٢٠٠٢ .

### بەزمانی عەرەبی:

١-العراقية، المملكة، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، بغداد، ١٩٥٣.
بیرەوەری:

### به زمانی کوردی

١-حەیدەری، جەمشید، چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانم ١٩٤٩-١٩٦٦، بەرگی یەکەم چاپخانەی ئازادی،٢٠١٤.
٢-ڕەسول، فاتح، لە کاروانێکی دوور و درێژدا « کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ»، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧ .
٣-گوڵچنێک لە یاداشتەکانی ساڵح حەیدەری _ یادداشت و تیلەچاوێک بە مێژووی جووڵانەوەی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی لە کوردستان و عێراقدا، وەرگێڕانی : حەیدەر عەبدوڵڵا، پێداچوونەوەی: مومتاز حەیدەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩ .
٤-کەریم، غەفور میرزا ، کێو ماڵێ بە ناو بیرەوەرییەکانمدا، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥-فەییاز، مەعد، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، و: سۆران عەلی، کەرکووک، ٢٠٠٩.
٦-مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی: سەلاح ڕەشید، بەشی (١)، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.
٧-مەلا سمایل، عەبدوڵڵا، سەربردەی ژیانی سیاسیم، چاپخانەی ڕەشاد، بەغداد، ب.س.

### به زمانی عەرەبی:

١-دربند فقريي، محمد محمد امين، مذكرات، مطبعة شفان، السليمانية، ٢٠٠٧.
٢-دزەيي، محسن، احداث عاصرتها، ج١، حاوره : طارق ابراهيم شريف، دار أراس، اربيل، ٢٠٠١.
٣-الحيدري، صالح، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، السليمانية، ٢٠٠٤.
٤-شريف، طارق ابراهيم، شخصيات تتذكر، الجزء الاول، أربيل، ١٩٨٨ .

## وتار و توێژینەوە:

### به زمانی کوردی

١-بیری نوێ «ڕۆژنامە»، ڕاپەڕینی جوتیارانی دزەیی، ژ: ١٨٥، ١٩٧٦ .
٢-شارەزا، کەریم، خەباتگێڕی پێشکەوتنخوازی کورد عاصم حەیدەری ١٩٢١-١٩٧١، گۆڤاری k21، ژ: ١، ٢٠٠٨.
٣-......................، نیشتمان پەروەری ناسراوی کورد عەونی یووسف ١٩٠٨-١٩٨٨، گۆڤاری k21، ژ:٤، ٢٠٠٩.
٤-عەبدوڵڵا، هۆشیار، ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ١٩٤٧ی شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی (٦)، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩.
٥-قادر، مهدی محمد، ڕۆڵی کورد لە بزوتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراق ١٩٥٠-١٩٥٨، گۆڤار « مێژوو « ژ ( ٦)، ٢٠٠٨ .
٦-گەلاوێژ، ژ: ٨، تەمموزی ١٩٤٤، ل٤٣-٥٠، ژ:١٠؛ تشرینی یەکەمی ١٩٤٤، ل٩-١٥؛ ژ: ٢، شوباتی ١٩٤٥، ل٤٤-٥٠؛ ژ:١١، تشرینی دووەمی ١٩٤٦.
٧-مام جەلال، لە یادی کوردپەروەری هەولێر کاک عەونی یووسف دا، ڕۆژنامە «کوردستانی نوێ» ژ (٧٣٣)، ١٩٩٤/٧/١٧ .
٨-مام جەلال، هەمزەیی و صالحی لە پارتی دا، گۆڤاری «خاک» ، ژ(٢٠)، ساڵی دووەم، ١٩٩٩.
٩- مستەفا، عەلی حەسەن، بیرەوەری، هەفتەنامە « بەدرخان «، ژ( ١٠٤)، ٢٠٠٨.
١٠-مستەفا، حەسەن، بیرەوەری، هەفتەنامە « بەدرخان «، ژ( ١٢١)، ٢٠٠٩.
١١-......................، بیرەوەری، هەفتەنامە « بەدرخان «، ژ( ١٢٤)، ٢٠٠٩.
١٢هۆرمزیار، عەباس و سەڕابی، شوان، زانای بەناوبانگ «مەلا ئەفەندی»، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب٧، ٢٠٠٩، ل٤٣٥٩-٤٣٦٧.

### به زمانی عەرەبی:

١-التآخي « الجريدة»، ع: ٥٧٠ ، ٢١ تشرين الاول ١٩٧٠.
٢-خەبات-النضال، ع: ١١٣، كانون الاول ١٩٥٩.
دیداری تایبەت:
١-دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یووسف ٢٠١٧/١/٢٧.
٢-دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ٢٠١٧/١/٢١.
٣-دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری ٢٠٢٠/٨/٢٣.



# عەونی یووسف

# پیاوێک پڕاوپڕ لە کوردایەتی

ئا: محەمەد گۆران

لەنێو میللەتی کورد زۆر کەسایەتی گەورە هەڵکەوتوون، کە هەمیشە خەمی میللەتەکەیان بووە و بەردەوام تێکۆشاون، تا گەلەکەیان بە ئامانج بگات.


عەونی یووسف زۆر زوو تێکەڵ بەکاری سیاسیی بووە و خەباتی کوردایەتی جۆش داوە، سەرەتا چووەتە ڕیزەکانی حزبی هیوا و دەستی بەخەبات کردووە، بەهۆی زیرەکی و چەلەنگی و کاریگەریی بەسەر چین و توێژە جیاجیاکانی شاری هەولێر، هەرزوو دەبێتە ئامانجی هێزە داپلۆسێنەرەکان و دەخرێتە ژێر چاودێریی بەتایەت لەلایەن (موستەفا یەعقوبی) موتەسەڕیفی شاری هەولێر، دوای ئەوەش کە دەستبەسەر دەکرێ لەلایەن قائیمقامەوە، ڕەوانەی شاری بەغدا دەکرێت، بەهۆکاری دەسگیرکردنیشی لەسەر خەبات و هەستی کوردانەی، بۆیە لەلایەن کوردە ئازادیخوازەکانی ئەوکاتە هەوڵی ئازادکردنی دەدرێ.

عەونی یووسف هەر لەزینداندا دەبێت، کاتەک فەرمانی بوونە دادوەری لەشاری زاخۆ بۆ دەردەچێ، بۆیە ڕاستەوخۆ و لەدوای ئازادبوونی، دەبێتە حاکم لەشاری زاخۆ.

عەونی یووسف کاتێ حاکمیش بووە لەسەر هەڵوێستەکانی دژ بەچەوساندنەوەی میللەتەکەی بەردەوام بووە، هەربۆیە دەیگوازنەوە بۆ شاری مووسڵ و وەک سزایەکیش دوای شەش مانگ ئەوجارە دەگوازرێتەوە بۆ شار بەسرا، لەکاتی چوونی بۆ بەسرا، بە هەولێردا تێپەڕ دەبێت و موستەفا یەعقووبی موتەسەڕیفی هەولێر بەمە دەزانێت و فەرمانی گرتنی بۆ دەردەکات و ڕەوانەی گرتووخانەی مووسڵ-ی دەکات، سێ ساڵ لەزیندان دەمێنێتەوە و ساڵی ١٩٤٦ لەزیندان ئازاد دەبێت.

عەونی یووسف خوێندەوار و هەڵسوڕاوێکی سەردەمی خۆی بووە، لەدامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد) لەباشووری کوردستان، یەکێک لەو پانزدە کەسە دەبێت کە دەستەی دامەزرێنەری حزب بووە.

لەسەروبەندی دەسەڵاتی کۆماریدا دەبێتە سەرۆکی دادگای کەرکووک، لە ١٣ی تەمووزی ١٩٥٩دا دەکرێت بەوەزیری ئەشغاڵ



عەونی یووسف

لەحکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا. تاکو ١٩٦٠ پاشان دەست لەکارکێشانەوەی ڕاگەیاند و دەستی کردەوە بەکاری پارێزەریی.



عەونی یووسف تا دواسات لەڕێبازەکەی کۆڵی نەدا، هیچ کات سازشی لەسەر نەکرد و هەمیشە بەدڵ کاری بۆ دەکرد بەڵام ژیان بۆ خزمەتکردنی هەمیشە نییە و میوانە، هەر بۆیە عەونی یووسف مردن یەخەی دەگرێ و لە ١٥ی تەمووزی ١٩٨٨ لەشاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات، تەرمەکەی دەهێنرێتەوە شاری هەولێر و بەخاک دەسپێردرێت.

### مومتاز حەیدەری:

## دۆستایەتییەکی بەهێز لەنێوان مام جەلال و عەونی یووسف هەبوو



عەونی یووسف لەبنەماڵەیەکی مەلازادە و لە دایکبووی قەڵاتی شاری هەولێرە، کوڕی قازی یووسفە فەندی بوو، عەونی یووسف لەجووڵانەوەی نیشتمانی لەگەڵ براکانمدا لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا دەوریان هەبووە، بۆیە بەردەوام هاتوچۆی ماڵی ئێمەی کردووە. ڕۆژی ١٥ی ٥ی ١٩٤٨ پاش ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیەنرا، ئیعلانی عورفی کرا لەهەموو عێراق، لەو کاتەدا ژمارەیەک نیشتمانپەروەر و تێکۆشەری شاری هەولێر لەشیوعییەکان و پارتییەکان دەسگیرکران، لەپارتییەکان عەونی یووسف و ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی و چەند کەسێکی دیکە بوون، لەناو شیوعییەکانیش چەند کەسێک بوون، کە دوو لەبراکانی منیشی تێدابوو، لەبەندیخانە لەدوو ژووریان دانابوون، من ڕۆژانە هاتوچۆی حەپسخانەکەم دەکرد چونکە ئەوکات حکوومەت پارەی دەدایە زیندانییە سیاسییەکان، ڕۆژێ ١٢٠ فلسی دەدایە هەر یەک لەوان، جا کە من دەچووم، شێخ ڕەقیبی کوڕی مەلای، کە ئەمین سەندووق بوو و پارەکە لای ئەو دادەنرا، ئەو پارەیان دەدایە من، شێخ ڕەقیب لیستەکی بۆ دەکردم لە تەواوی خواردن و پێداویستی ڕۆژانە، وەک تەماتە و باینجان و شەکر و چا، ڕۆژانە ئەوانەم دەکڕی و بۆم دەبردن.

دوای ماوەیەک ژمارەیەک لەو زیندانیانە ڕەوانەی کەرکووک کران، عاسم حەیدەری و عەونی یووسف و شێخەشەل و هی دیکەش بوون، عەسرەکی بەپاسەکی دار (پەست) ئەوانیان برد، لەو کاتەش زیندانییەکان سروودی ئازادی خوای کوردین ئێمەیان دەگوتەوە، جا لە کەرکووک، کە دادگایی کران، لەنێو هەمووان تەنیا عەونی یووسف بەساڵ و نیوێک و شێخەشەل بەساڵەک حوکم دران، ئیدی لەوێوە ناوی عەونی یووسف، نەک وەک کەسایەتییەک لەسەر ئاستی شاری هەولێر بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستانیش، وەک تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر و وەزیر ناسرا.

عەونی یووسف وەکو بنەماڵەیەکی هەولێریی مەلازادە و قازی باوکی، لەچوارچێوەی کۆمەڵێ هاوڕێ و برادەری لەبنەماڵەی حەیدەری و دزەیی بوونە چەپ، عەونی یووسف-

یش بەهۆی نزیکی لەوانەوە، بووە کەسێکی نیشتمانپەروەری چەپ، بەڵام تەواو چەپ نەبووە، کتێبی لینینی بە ئینگلیزی خوێندبۆوە، هەندێک جار، کە قسەی دەکرد بە ئینگلیزیی نموونەکانی لینینی دەهێنایەوە نەک عەرەبیی چونکە زمانی ئینگلیزییەکەی باش بوو.

شتێکی دیکەی گرنگ هەیە، کە تاکو ئێستە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە، یەکەم شانەی مارکسی، کە لە هەولێر دروست بوو، ساڵح حەیدەریی و حاکم ڕەشید عەبدولقادر و شوعا مەخلووف و ئەواکم لێل، کە چەپ بوون، کە ئەوکاتە حزبی هیوا لە سەرتاسەری کوردستاندا هەبووە، بەڵام لەئەنجامی سەرکەوتنی بەرەی میللەتان بەسەر نازییەت و فاشییەتدا لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، حزبی هیوا بووە دوولەت، لەتێک جەماعەتی (ڕەفیق حیلمی) بوون، کە پێیان وابوو ئینگلیز دەوڵەت بۆ کوردان دروست دەکات، لەتەکەی دیکە، ئەوانە بوون، کە بەرەو چەپ هاتن و چوونە نێو حزبی ڕزگاری و حزبی شۆڕش، دواتر کە لەساڵی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کورد دروست بوو، ئەو دوو حزبە (ڕزگاری و شۆڕش) هەڵوەشانەوە و زۆربەی هەرەزۆری کادیرە چەپەکانی ئەوکاتە وەک نووری شاوێس و عەلی عەبدوڵلا و دکتۆر جەعفەر و عەونی یووسف، ئەوانە هەموو بوونە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

مەبەستم ئەوەیە، کە بڵێم عەونی یووسف مەیلی چەپی هەبوو، بەڵام هزری نەتەوەیشی هەبوو، بۆیە دەتوانم بڵێم، کە عەونی یووسف نەتەوەپەروەرەکی کۆنەپەرست نەبوو، بەڵکو کەسێکی پێشکەوتووخواز بوو.

لەشۆڕشی ئەیلوول، ئەوانەی بەشدارییان تێدا کرد، سەرەتا هەموو کرێکار و جووتیار بوون، کە چەکیان هەڵگرت و بوونە پێشمەرگەی کوردستان، بۆیە، کە داوا لە عەونی یووسف کرا واز لەپۆستی وەزارەت بهێنێ و لەخانووەکەی دەربچێت و پەیوەندی بکات، عەونی ئەوەی ڕەت کردەوە، بەو هۆیەوە ساردییەک لەنێوان سەرکردایەتی پارتی و عەونی یووسف دروست



بوو. عەونی یووسف هەر لەگەڵ حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم مایەوە، تاکو ساڵی ١٩٦٣ی بەسەردا هات، ئەوکاتە عەونی یووسف ڕایکرد چونکە بەنیازبوون ئەویش دەسگیر بکەن.

مام جەلال دەستی هەبوو لە ڕزگارکردنی عەونی یووسف، چونکە مام جەلال، کە دەچووە بەغدا لەماڵی ئەودا دادەبەزیی و دۆستایەتییەکی بەهێز چ وەک پارتییەکی کۆن و سەردەمی پاشایەتی چ دوای ١٤ی تەمووز، لەنێوان مام جەلال و عەونی یووسف هەبوو.

### دکتۆر هۆشنگ محەمەد:

**عەونی یووسف زۆر پەرۆشی ئەوە بووە، کە خەڵکی خۆمان بە کوردی پەتی قسان بکەن، هەمیشە بە «ڕۆژباش» یان «ئێوارەباش» دەستی بە قسان کردووە**





ئەگەر بمانەوێت باس لەعەونی یووسف بکەین، دەبێ بۆ سەرەتاکانی ژیانی و خانەوادەکەی بگەڕێینەوە، چونکە خانەوادەکەی کاریگەریی زۆر و جێ پەنجەیان لەسەر کەسایەتی و هەڵکەوتنی عەونی یووسف هەبووە، یووسفی باوکی کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و ئایینیی سەردەمی خۆی بووە، هەر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا قازی هەولێر بووە، بۆیە خوێندەواری باوکی و هەبوونی کتێبخانە لەنێو ماڵەکەیاندا ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر کەسایەتی عەونی یووسف هەبووە.

لەتەمەنێکی بچووک لەسەر قەڵاتی هەولێرێ خوێندنی دەست پێکردووە و لای شەهباز حەیدەری خراوەتە بەر خوێندنی حوجرە، دوای هاتنی ئینگلیز و کرانەوەی قوتابخانە و خوێندنی فەرمی، ئەوجارە لەساڵی ١٩٢١ چووەتە قوتابخانە سەرەتایی لەساڵی ١٩٢٧ تەواوکردووە و چووەتە قۆناغی ناوەندیی، دواتر بۆ قۆناغی ئامادەیی ڕوودەکاتە بەغدا و ساڵی ١٩٣٥ لەکۆلێژی ماف وەرگیراوە، لە کۆلێژیش مامۆستا هەرەباشەکان وانەیان پێگوتووە، وەک ڕەشید عالی گەیلانی، کە دواتر بووە سەرۆک وەزیرانی عێراق، مامۆستا مونیر قازی و محەمەد زەکی بەسری و عەبدولڕزاق سەنهووری، کە داڕێژەری قانوونەکانی عێراقە، ئەو مامۆستایانە دەرسیان بەعەونی یووسف گوتووە و لێیان بەهرەمەند بووە.

خۆیشی لەسەردەمی خوێندنی کۆلێژدا قوتابییەکی ئاسایی نەبووە، بەردەوام بەشداری چالاکییەکانی کردووە، بەتایبەت دوای وەفاتکردنی مەلیک غازی «بەڕووداوی ئۆتۆمبێڵ» کە هاوکات بوو لەگەڵ دەسپێکی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەوان چالاکییەک لەنێو شاری بەغدا ڕێک دەخەن. ساڵی ١٩٣٩ کۆلێژی ماف تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی، کە ئەوکاتە بەعەونی یووسفەوە سێ پارێزەر لەشاری سلێمانی هەبوونە، لەوێ لەگەڵ کاری پارێزەری پەیوەندی بە (حزبی هیوا)وەش دەکات، چونکە هەر لەقۆناغ و سەردەمی کۆلێژدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیری ناسیۆنالیستی، بۆیە کار و جموجۆڵە سیاسیی و نەتەوەییەکانی لەسلێمانی ئاشکرا دەبێت و بەفەرمانی موتەسەڕیف لەسلێمانییەوە دەگوازرێتەوە شاری هەولێر، ئەوکاتەشی، کە دێتە هەولێر، تەنیا یەک پارێزەری عەرەب لەهەولێر هەبووە ناوی (زیا عەلی) بووە، ئیدی بەعەونی یووسفەوە دەبنە دوو پارێزەر.

«لە سەروبەندی دەسەڵاتی کۆماریدا دەبێتە سەرۆکی دادگای کەرکووک، دواتریش وەزیری ئەشغاڵ»



عەونی یووسف لە ناوەڕاست دانیشتووە

که دەگەڕێتەوە هەولێریش، لەچالاکییەکانی لەگەڵ حزبی هیوا بەردەوام دەبێت و یەکێ لەو چالاکییە دیارانەی، کە بەشداریی تێدا کردووە، بەشداریکردنی بوو لەڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١ کە لەشێوەی گردبوونەوەیەکی گەورەدا بووە بۆ پاڵپشتی کردنی ڕاپەڕینەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەسگیرکردنی چەند کەسێکی شاری هەولێر، کە یەکێ لەوان عەونی یووسف بووە، پاش دەسگیرکردنی لەسەر فەرمانی موتەسەڕیفی هەولێر، دەگوازرێتەوە بۆ زیندانی ناوەندی شاری بەغدا، ئیدی لەوێوە فەرمانی بۆ دەردەچێ و دەبێتە دادوەر لەشاری زاخۆ، کە دەچێتە ئەو شارەش بەشداری کاری سیاسیی دەکات و پەیوەندی بەڕێکخستنی حزبی هیواوە دەکاتەوە، دیسانەوە لەسەر فەرمانی قائیمقامی زاخۆ دەگوازرێتەوە شاری بەسرا.

ساڵی ١٩٤٥ کە لەزاخۆوە دەیەوێت بەرەو بەسرا بچێت و بەشاری هەولێردا تێپەڕ دەبێت، جارێکی دیکە لە لایەن موتەسەڕیفی هەولێر دەسگیر دەکرێ و پاشتر زیندانی دەکرێت، تاکو کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٥ لەزینداندا دەمێنێتەوە، هەر لەنێو زیندانیشدا بەردەوام بووە لەکاری سیاسیی، بۆیە کاتەک ئازادیش دەکرێ ئەمجارە پەیوەندی بەحزبی ڕزگاری دەکات، لەنێو ئەو حزبەشدا چەند چالاکییەک ئەنجام دەدەن، کە دیارترینیان ئەو بەیاننامە بووە، کە لەدژی (تۆفیق سوەیدی) سەرۆک وەزیرانی عێراق دەریان کردووە لەسەر ئەوەی ڕاپەڕینی دووەمی بارزانی بەیاخیبوون و گێرەشێوێن لەقەڵەم داوە.

عەونی یووسف کەسێکی نەتەوەیی بووە بەڵام فیکری چەپیشی بەسەردا زاڵبووە، ئەوکاتە، کە وەک گەنجێک بەشداری کاری سیاسی کردووە، لەحزبی هیوا و پاشان لەحزبی ڕزگاریی و دواتریش لەپارتی دیموکراتی کوردستان، فیکری چەپ بەسەریدا زاڵبووە، چونکە ئەو کاتە چەپ بوون وەک جۆرەک لەپێشکەوتنخوازی سەیر دەکرا لەبەرامبەر فیکرە نەتەوەییەکە، هەر بۆیەش ئەو بەرگرییەی کە ساڵی ١٩٥٣ عەونی یووسف لەجوتیارانی کوردی کرد، بۆ ئەو هزرە



چەپبوونە دەگەڕێتەوە کە لەناخیدا هەبوو.

دەتوانین بڵێین، کە عەونی یووسف کەسێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بووە، ئەوەش دەگوترێ کە ئەو پەیوەندییەی لەنێوان عەبدولکریم قاسم و عەونی یووسف-دا هەبووە و ئەو کاتەی، کە بووە بەسەرۆکی دادگای کەرکووک و پاشان بەوەزیری ئیشغاڵ هەر بەو هۆیەوە بووە، کە عەونی یووسف لەچەپەکان و حزبی شیوعی نزیک بووە، بۆیە قاسم هەڵیبژاردووە بۆ ئەو پۆستانە.

لەچلەکانی سەدەی ڕابردوودا زۆر پەرۆشی ئەوە بووە کە خەڵکی خۆمان بەکوردی پەتی قسان بکات، هەمیشە، کە چۆتە نێو کۆبوونەوە جەماوەرییەکان پێی خۆش بووە سەرەتا بە «ڕۆژباش» یان «ئێوارەباش» دەست بەقسان بکات، لەبەرانبەردا، کە کەسێک ئیشێکی بۆ کردبێ گوتوویەتی «سوپاست دەکەم» کە ئەوکاتە خەڵکی لەهەولێر وشەی «تەشەکور» و «مەمنوون»ی بەکارهێناوە، هەروەها زۆر ئارەزووی لەپۆشینی جلوبەرگی کوردی بووە، لەجەژنی نەورۆزدا بەلەبەرکردنی ڕانکوچۆغە و بەستنی پشتێن و لەسەرکردنی جەمەدانی، لەگەڵ خەنجەری بەرنێکی و لەدەستگرتنی تەسبیح بەشداری کردووە، هەروەها ماڵەکەشی وەک مۆزەخانەیەکی بچووک لێکردووە و کەلوپەلە کوردەوارییەکانی تێدا پاراستووە.



ئەوەی جلوبەرگی کوردی لەبەرە عەونی یووسف-ە



دکتۆر شوان خۆشناو:

# تاکو ساڵی ١٩٥٣ عەونی یووسف یەکێ لە کارەکتەرە هەرە زیندووەکانی خەباتی سیاسیی نێو شاری هەولێر بووە



کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٨ عەونی یووسف داخوازینامەیەک پێشکەش بەوەزارەتی ناوەخۆیی عێراق دەکات و داوای کردنەوەی یانەیەک بەناوی «لاوان» دەکات، وەک باس دەکرێت ئەو یانەیە، کە لەداخوازینامەکەدا نووسراوە، دووربووە لەمەسەلەی ئایینیی و سیاسیی، تەنیا ڕۆشنبیریی بووە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت لەو کەسانەی کە داخوازینامەکەیان واژۆ و ئاراستە کردووە، ئیبراهیم ئەحمەد یەکێ لەستافی دامەزرێنەران بووە، ڕاستە کارەکە بەسەرۆکایەتی عەونی یووسف بووە، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد-یش ئەندامەک بووە تێدا، بۆیە دواتر وەزارەتی ناوەخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیسی بەغدا داخوازینامەکە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن «ئەو کەسانەی داخوازینامەکەیان بەرزکردۆتەوە کەسانی گومان لێکراون، کە بەشداری کار و جموجۆڵی سیاسی ببن».

وێستگەکانی ژیانی عەونی یووسف پڕبووە لەهەوراز و نشێویی، بۆیە دەتوانین بڵێین تاکو ساڵی ١٩٥٣ یەکێ لەکارەکتەرە هەرە زیندووەکانی خەباتی سیاسیی نێو شاری هەولێر بووە و کاریگەریی بەسەر زۆربەی هەرەزۆری چین و توێژەکانی ناو شاری هەولێردا هەبووە، هەر لەڕۆشنبیرەوە تاکو خەڵکی جووتیار و هەژار و نەدار، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەهێز و پتەو بووە، خەڵکێکی زۆر لەماڵەکەیدا کۆبوونەتەوە و ژوورەکەی وەک دیوەخانەیەک بووە بۆ خەڵکەکە.

بەهۆی پێگەی دادوەریی و ڕۆشنبیرییەکەی، هاوکات پێگەی بنەماڵەیی و حزبی، توانیویەتی کەسێکی کارا و کاریگەربێت لەنێو خەڵکیدا، هەر بۆیە لەزۆربەی وێستگەکانی ژیانیدا ڕووبەڕووی زیندان و ڕاوەدونان بۆتەوە، ئەمەش لە ١٩٤٨ەوە دەست پێدەکات، کە بەشداری ڕاپەڕینەکانی خەڵکی عێراقی کرد، کە لەهەولێر عەونی یووسف و چەند کەسایەتییەکی دیکە بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێن. عەونی یووسف بەهۆی ئەزموونی ژیانی خۆی لە خوێندن و گرتن و کاری کۆمەڵایەتی و بەشداری کردنی لەخەباتی سیاسیی، ئەمانە هەمووی وای لێکردووە کە کەسێکی بوێر و کاریگەری نێو کۆمەڵی ئەو کاتەی هەولێری لێ دەربچێت.



**تێبینی: ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەی سەر ژیان و خەباتی عەونی یووسف، لەبنچینەدا لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وەرگیراوە و داڕێژراوەتەوە، کە ڕۆژنامەوان جەمال لۆلۆ ئامادەی کردووە.**



# عەونی یووسف
# لە بیرەوەرییەکانی مەلا ماتۆڕدا

مەلا عەولای حاجی سمایل، ناسراو بە مەلا ماتۆڕ، دەکەوێتە نێو بواری کوردایەتی، وەک کەسایەتییەکی خوێندەوار، چونکە ئەو چەندان ساڵ لە حوجرەکان خوێندبووی و پێگەیشتبوو، بەڵام مەلایەتی ناکات، وەک کەسێکی پەرۆشی کوردستان و خەبات شێلگیرانە دەکەوێتە نێو کۆڕی خەبات، بەڵام چ جۆرە خەبات و سەختی و ماندووبوونێک، بەنان و سکی برسی، ئیش و کاری حزبایەتی دەکات، دەچێتە گوندەکان، لەگەڵ ئاغا و جووتیارەکانی دەشتی هەولێر و ناوچە نزیکەکانی دی.

بە پێیان، دوایی بە پایسکیل، تا دەگاتە ئەوەی شرە ماتۆڕێک بکرێت، بەو ماتۆرە گوند بە گوند، لە گوندەکانەوە بەرەو هەولێر وەستانی نابێت. دەگیرێت و ئازاد دەکریت، کۆڵ نادات، ناوەستێت، خەڵکێکی زۆر دەکاتە پارتی، بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە ئاستی سەرکردایەتی پارتی!

لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە ڕۆژانی حزبایەتی دەکات، تا دەگاتە ڕۆژانی شۆڕشی ١٤ تەممووزی ساڵی ١٩٥٨.

مامۆستا و ڕابەر و فێرکەر و بەرپرسی سەرەکی حزبایەتی و ئیشکردنی لەگەڵ پارێزەرێکی ناوداری شاری هەولێر بووە، هەر زوو لەو مەیدانە عەونی یووسف دەناسێت، هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی بەو دەکات، ئەو کارەکانی ڕێکخستنی فێر دەکات، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵی بووە، بەردەوام سەردانی کردووە، لە ژوورە تایبەتییەکەی نێو کۆشکە گەورەکەیان لەبەر ئاگردانەکەیان نانی بەیانییان پێکەوە خواردووە، قسەیان کردووە، ڕێنمایی لێ وەرگرتووە، دانوستانیان کردووە، بڵاوکراوەکانی لە باخەڵ پەستاوە، ئەویش بە ماتۆڕەکەی بەرەو گوندەکانی بردووە، چوویتە دیوەخانەی ئاغا دەزبییەکان، ئەوانەی وڵاتپارێز بوون.

لە لاپەرە ٣٥ دا مەلا ماتۆڕ باس لەوە دەکات بۆ ئەوەی باش و ئاسان بگاتە عەونی یووسف شوێنی کارەکەی دەگوازێتەوە گوندێکی نزیک شار، ئەو دەڵێت:

دەمتوانی هەموو دانە ئێوارەیە بچمە هەولێر و لە جاران پتر سەردانی کاک عەونی بکەم و هەر هەمان ڕۆژیش بگەڕێمەوە ماڵێ

بەڵام دوایی عەونی کارەکەی قورستر دەکات و پێتی دەڵیت؛ دەمەوێ بەیانیان زوو بێیتە ماڵەکەم، بەو جۆرە باسی ئەو پرۆسەیە دەکات؛

«دەبووایە ڕۆژانی چوارشەممە لەگەڵ مەلا بانگدانی سبەینێ لە ماڵێ بگەمە لای، بەدرێژایی ساڵێک پتر هەموو بەیانییانێکی ئەو ڕۆژە بەبێ دواکەوتن دەگەیشتمەوە لای و لە پێش ڕۆژهەڵات دا دەگەڕامەوە و لە پێش کرێکارەکانیش دا دەگەیشتمە سەر ئیش، ئەگەر شەوێک بایەکی بەتین لەلای هەولێرەوە هەڵی کردبایە زۆر ماندوو و شەکەت دەبووم»

لەو هاتوچۆیانەی مەلا عەولا بە پایسکیلەکەی بۆ هەولێر، لەناو شار پۆلیسی هاتوچۆ دەیگرن،



شێرزاد هەینی

***حکومەت بەوردی چاودێری ماڵەکەی عەونی یوسفی کردووە، زانیویەتی بووە بە بارەگە و شوێنی کۆبوونەوەی پارتییەکان***



پێی دەڵێن پایسکیلەکەت تۆمار نەکراوە، ژمارەی نییە، پارەی باجی نەدراوە، ئەویش پەنا دەباتە بەر عەونی یووسف، ئەویش بە دەسەڵات و ناسین و ناوبانگییەکەی بەهانای وەدەچێت بە پارەیەکی کەم، بە سزای سەد فلوس وەک ڕەسمی ساڵانە دەربازی دەکات و پایسکیلەکەی وەردەگرێتەوە.

لە لاپەڕە ٤٧ ی کتێبەکەی مەلا عەولا بەو جۆرە باسی پەیوەندیی خۆی و عەونی یووسف دەکات؛

«لەگەڵ کاک عەونی دا نێوانمان ئەوەندە خۆش بوو یادی بەخێر ئەوەندەی خۆش دەویستم لەوە دەچوو کە وەکو دوو هـاوڕێ یان مامۆستا و قوتابی ڕەفتارم لەگەڵ دا بکا وەکو برای خۆی حەسیب دەکـردم و گەلێکیشی مەبەست بوو پێ بگەم و پێشبکەوم، ئەسپێکی باشی هەبوو مەیتەرێکی تایبەتی بۆ ڕاگرتبوو»


عەونی یووسف

عەونی یووسف بۆ دیداری خەڵکی گوندەکان، دیمانەی ئاغا خوێندوارەکان، بۆ ڕاویش دەچووە گوندەکان، لەوەش دیداری کوردانەی کردووە، باسی بارودۆخی سیاسیی کردووە، کرمانجەکانی هوشیار کردیتەوە، ئەندامانی حزبی دیوە. ئەوەش نیشانەیەکە حەزی لە ڕاو بووە، ئەسپی هەبووە، کەسانی وەک مەیتەر و بەردەست لەکن بووە، خزمەتی ئەسپەکانی کردووە، شەوانەش بۆ ڕاو و شکار ماوەتەوە.

لە لاپـەڕە ٣٧ دا بـەو جـۆرە باسـی پارێزەرە نـاودارەکـەی هەولێر و عێراق عەونی یووسف دەکات:

«هەموو ڕۆژێ لە پاش ڕۆژهەڵاتن دا پۆلیسێکی شوعبە خاسە کە سەر بە تەحقیقاتی جینائی بوو بە جلوبەرگی ئاساییەوە لە زارکی داڵانەکەی دایــەرەی گومـرگ لـەسـەر سـەکـۆیـەکـە بـەرەو ماڵی کاک عەونی لای دادەنیشت هەندێک جار کابرایەکی کـەرکوکی نـاوچـەوان زەقـی مەیلە و قـەش، جار جارەشیان کابرایەکی کەڵەگەتی قـەڵـەوی بـەنـاو سـاڵ داچـووی شلوشـەوی لە ڕۆیشتن دا وەک شەغرەت شکات بەلادا دەهات و بەسەر نێکان دا دەچوو نازانم ناوی چیبوو و خەڵکی شاری هەولێر، وەیان یونس ناوێکی کوڵەبنەی ڕەشکەڵەی ناشیرین دەبوو، کە یەکێک لە ماڵی کاک عەونی بهاتایە دەرێ و بەرەو لای سەرایە بچووبوایە ـکە ڕووی دەکەوتە ئەوـ ئەوا لێی موور دەبووە و هەر لە تۆقی سەرییەوە هەتا پشتی پێ و بەپێچەوانەشەوە ژوورەوە و ژێرە و ژێر و ژوور دیقەتی دەدایە، کە ئەو کەسە دەگەیشتە قەرە بە قەرەی و ئەگەر ئاوڕێکی بەلای ئەودا بدایایەوە»

لەوەیان دیار حکومەت بەوردی چاودێری ماڵەکەی عەونی یووسفی کـردووە، زانیویەتی بـووە بە بارەگە و شوێنی کۆبوونەوەی پارتییەکان، لەوێ بڵاوکراوەی سیاسیی و کۆبوونەوەکان کراون، بەردەوام چاوی لەسەر بووە، لەسەر ئەوەش زۆر جار عەونی یووسف گیراوە و ئازار دراوە، بەڵام لەوەیان سڵی نەکردووە و بەردەوام بووە. بەڵام کە حزب ناکۆکی تێکەوتووە و لەگەڵ بەرنامەی

ئەو نەگونجاوە دوور کەوتووتەوە، ئەگەرنا لە حەپس و چاودێری نەترساوە و سامان و دەسەڵات و ئۆتۆمبێل و خانووە گەورەکەی لە خزمەت حزب بووە.

عەونی یووسف کە بە میوانداری، یان ڕاو چوویتە گوندەکان مەبەستی ئامۆژگاریی بووە، چیرۆک و لاپەڕەی مێژوویی بۆیان گێڕاوەتەوە و بە زمانی جووتیارەکان قسەی کردووە، مەبەستی بووە، کاریان تێ بکات و خەبات بکەن و دژ بە زوڵم و ستەم هەڵبستنەوە.

مەلا عەوڵا هەر لە ماڵەکەی ئەو لە هەولێر، کۆشکە گەورەکە، دیوەخانە ئاوەدانەکەی کەسایەتی زۆری پارتی دیوە، ناسیوە، ئاشنایەتی پەیدا کردووە، لەوێ سالح شێرە، عەلی عەبدوڵا، مەسعود موحمەد، مەولود ڕۆژباش و کەسایەتی زۆری ناسیوە!

لە لاپەڕە ٨١ دا بەو جۆرە باسی سەردانەکانی ماڵی عەونی یووسف دەکات؛

«ڕۆژانەی هەولێرم پێ سپێردرابوو، هەموو ڕۆژێ سەر لە سبەینان بە سواری پایسکیلە بۆرە دەچوومە هەولێر، هەندەک جاران لە پێش هەموو شتێک دا سەرێکی کاک عەونیم دەدا ئەگەر قسە و باسێکم لەلا بوایە پێم ڕادەگەیاند و ئەویش هەرچی هەیبوایە بۆی باس دەکردم ئەگەر بڵاوکراوەیەکیشی لەلا بوایە لێم وەردەگرت»

لە لاپەڕە ٩٨ دا مەلا عەوڵا باسی ناکۆکییەکانی نێو پارتی لە ساڵی ١٩٥٣ دەکات و ناوی حزبەکە دەکەن بە پارتی دیموکراتی کوردستان _ عێراق، هەمزە عەبدوڵا لە سکرتێری حزب دوور دەکەنەوە، عەونی یووسفیش لە ئەندامیەتی مەکتەبی سیاسیی لادەدەن، عەونی دادەنیشت و هیچ ئاژاوەیەک ناکات، بەڵام هەمزە خەریکی دانانی حزبی تر دەبێت و دەیەوێ ببێتەوە بە ڕابەری حزبێک بە ناوی «لقی عەشایەر» دادەمەزرێت و پەنا دەباتە بەر ئاغاکان، بەڵام عەونی خەریکی کارەکانی خۆی پارێزەریی و کاری کشتوکاڵ دەبێت، ناچێتە ناو ململانێیەکان.

ئەو بۆ هەموو کار و ئیشێک سەردانی عەونی یووسفی کردووە، نامەی بۆ نووسیوە، بە نامەکانی ئەو لە بەغدا ئیشەکانی باش ڕۆیشتووە، کێشەکانی چارەسەر کردووە، ڕۆژێکیان لێی دەپرسێت؛ کاک عەونی تۆ پارێزەرێکی باشی، برادەرت زۆرە، زۆر لەوانە هاوڕێی تۆ بوون، باشە ئەوە ئاساییە ئەوانە بناسیت، بەڵام ئەو ئەفسەرە گەورانە چۆن دەناسیت! ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت:



«ئای ... بنۆڕە ئاقڵی! ئاخر ئەمن ئەگەر ئەو ئەفسەرانەی نەناسم کە عورفی ئیعلان دەکرێ ئەمنی ئیعدام دەکەن!» ل١١١و١١٢

لە لاپەڕە ١٣٧ دا و لاپەڕەکانی تر باس لەوە دەکات چۆن لە ساڵی ١٩٥٤ بۆ یادی نەورۆز پلان و بەرنامە دادەڕێژن. ئەو لەگەڵ جەلیل هوشیاری

**مەلا ماتۆڕ باس لەوە دەکات بۆ ئەوەی باش و ئاسان بگاتە عەونی یووسف شوێنی کارەکەی دەگوازێتەوە گوندێکی نزیک شار و دەڵێت: دەمتوانی هەموو دانە ئێوارەیە بچمە هەولێر و لە جاران پتر سەردانی کاک عەونی بکەم و هەر هەمان ڕۆژیش بگەڕێمەوە ماڵێ**

برای و کاک حەمەدەمین دزەیی و تەحسین یاسینی پارێزەر دادەنیشن بۆ دانانی لیژنەیەکی پێنج کەسی بۆ سازکردنی ئاهەنگی نەورۆز، لیژنەکە دەچنە کن موتەسریف بۆ ڕەزامەندی ئاهەنگی نەورۆز، لەکن مام گیو موکریانی ڕیکلام چاپ دەکەن، ئەویش داوا دەکات کوردستانی کچی پارچەیەک شیعر لەو ئاهەنگەدا بخوێنێتەوە.

لە سەرەتای پەنجاکان عەونی یووسف بۆ مەلا عەوڵا مامۆستا و قوتابی بووە، خۆی دان بەوە دەنێت فێری کردووە چۆن ڕاپۆرت بنووسێت، شێوازەکانی ئیشکردنی حزبی فێر دەکات، عەونی بە ئاغاکانی دزەیی دەناسێنێت، ئەوانەی سۆزیان بۆ پارتی هەبووە، لە هەموو دەزگە حکومییەکان هاوکاری بووە، لە دادگە شان بەشانی وەستاوە!



# چی دەربارەی عەونی یووسف دەگوترێت ؟

ئامادەکردنی دیوان

*فاروق جەمیل:*

## عەونی یووسف حەزی لە ڕاو و ئاژەڵداریی بووە



لەساڵانی پەنجاکان، خوالێخۆشبوو کاک عەونی یووسف، وەکو بنەماڵە لەگەڵ ئێمە تێکەڵاوی هەبووە. بەتایبەتی، لەگەڵ ئامۆزایەکم، حاجی مستەفای دوزتەپەیی، زۆر هاتووچۆی ئەوی دەکرد، چونکە کاک عەونی یووسف حەزی لە ڕاو و ئاژەڵداری بوو، ئێمەش ئەو شتانەمان هەبوو، ئەسپ و ئاژەڵی باشمان هەبوو

ئەوکات من منداڵ بووم، ئەو پارێزەر بوو لە هەولێر زۆرجار دەهاتە دەشتێ، بەڵام ناسینی من لەگەڵ کاک عەونی بۆ کۆتایی شەستەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی، کە بوومە پارێزەر، ئەو ماڵی لە بەغدا بوو، پارێزەرایەتیشی دەکرد. ئەگەر چووبامایە بەغدا، جاربەجار دەچووم سەرم لێی دەدا.

پێش هەشت نۆ ساڵێک بەر لەوەی من لە دایک ببم کاک عەونی تێکەڵاوی سیاسەت ببوو، بۆیە وەک کاری سیاسیی نا، بەڵام کە دەچووینە لای لە بەغدا، باسی هەموو بابەتێکمان دەکرد.

پێموایە لە کۆمەڵەی دارکەر-یش، کە پێش ئەوەی حزبی هیوا دروست ببێت کاری کردووە. مێژووی سیاسیی کاک عەونی یووسف دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی پارتی بەنزیکەی هەشت نۆ ساڵ.

لەساڵانی شەستەکان، کە بزووتنەوەی کوردیی دەستی پێکرد ماوەیەک سەرۆکی دادگای شۆڕش بوو، هەتا پاش ئینشیقاق، دوایی هاتەوە تەقریبەن وازی لە حزبایەتی هێنا، بەڵام وازی لە کوردایەتی نەهێنا.

لەساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ بەهۆی پارێزەرایەتی پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ دەستڕۆیشتووەکانی نێو دەسەڵات دروست کردبوو، هەوڵی دا خەڵکێکی باش لەخولەکانی ئەفسەر و مفەوەزی پۆلیس وەربگیرێن.

ساڵی ١٩٧٣ کاک عەونی لەگەڵ خاووخێزانەکەی بۆ گەشتوگوزار چووبووە

مەسیف، لەوێ خانوویەکی بەکرێ گرتبوو، مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئیعازی سەرکردایەتی ئەوکاتە دەست بەسەریان کرد و هێنایانە گەڵاڵە، کە من ئەودەم حاکمی شۆڕش بووم، بەڵام بەند نەکرا بوو، دەیتوانی هاتووچۆ بکات. من چەند چەند جارێک لەوێ بینیم.

پاش ئەوەی شۆڕشی کورد تووشی ئەو کارەساتە گەورەیە بوو لەساڵی ١٩٧٥ ئێمەش هاتینەوە کاک عەونی کاری پارێزەریی دەکرد، ماڵیشی لەبەغدا بوو، بەڵام زۆرجار قەزیەی دەگرت و دەهاتە هەولێرو لە هەولێر لەژووری پارێزەران دەمدیت و بە یەکەوە دادەنیشتین

نیشتماپەروەریەتی لەمێشکدا هەر مابوو، ئەوەنییە وەک هەندێک کەس باسی دەکەن، کە دەڵێن ماوەیەک بووەتە پیاوی حکومەت، نەخێر ئەو بۆ خۆی لەبەغدا دانیشتبوو کاری پارێزەریی دەکرد، بەحوکمی کەسایەتی خۆی و نزیکی لە دەسەڵات هەندێک ئیشوکاری لە بەغدا جێبەجێ دەکرا.

لەدانوستانەکەی ساڵی ١٩٨٤یش مام جەلال زۆرجار جەولەی دەکرد، ڕۆژێکیان هاتە لای مورتکە، من لای مام جەلال دانیشتبووم کاک عەونی سەردانی کرد. دواتریش چەند جارێک چاوی بەمام جەلال کەوت، چونکە خۆی بەدۆستی مام جەلال دەزانی، واش بزانم مام جەلال خۆی ئۆتۆمبێلی بۆ ناردبوو بێتە لای، دیاربوو، داوای کردبوو، کە هاتە مورتکە، لەوێ لەگەڵ مام جەلال نانیان خوارد و مایەوە و خەڵکێکی زۆریش ئەوکاتە لەوێندەر بوون.

کاک عەونی بەڕاستی بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی کوردانەی باشی هەبوو دوور بوو لەتەکەتولاتی سیاسی و حزبی، چونکە لەڕووی سیاسی و حزبایەتییەوە دانیشتبوو، بەڵام لەڕووی کوردایەتییەوە هەر خۆی بە کوردپەروەر دەزانی و حەزی دەکرد کورد ببێت بەشت.



### عەبدولباست فەرهادی:

## خەڵکی هەولێر هەر کارێکیان لەبەغدا عاسی بوایە هانایان بۆ عەونی یووسف دەبرد



وابزانم ساڵی ١٩٧٥ بوو، باوکم لە یەک لە گەشتەکانی حەج کردنی لە پێشبرکێی قورئان خوێندن خەڵاتی یەکەمی وەرگرتبوو، کە هاتەوە زۆر کەس هاتن سەردانیان کرد یەکێک لەوانە عەونی یووسف بوو، لەگەڵ خوالێخۆشبوو حوسێن مەیاس، کە کەسایەتیەکی شوعیی خەڵکی مورتکەی بوو، بە بەردەوامی بەیەکەوە بوون.

لەباوکم پرسی ئەوە کێیە هات؟ ئۆتۆمبێلێکی شۆفرلێتی پانی هەبوو، لە هەولێر ئەوکاتی دوو ئۆتۆمبێلی دیکەی وا هەبوون، یەکیان هی خدری پاشای بوو، کە وابزانم ژمارە ٦ بوو، ئەوی دیکەیان هی فازڵ ڕەشیدی بوو، کە مامۆستامان بوو لە ئامادەیی، لەگەڵ ئەوەی عەونی یووسف، ڕەنگ شینێکی ئاسمانی، ژمارەی پازدە هەزار، بەغدا بوو. ژمارەکەی جیاواز بوو، بۆیە قەت لەبیرم ناچێت

باوکم گوتی: کوڕم ئەوە عەونی یووسف-ە دادوەر بووە، کاتی خۆی لەگەڵ مەلا برایم-ی مامت لەسەر کوردایەتی دەستگیرکراوە.

باوکم زۆرجار دەچووە بەغدا سەردانی دەکرد،



دەیگوت لە بەغداماڵیان لەسەر زێیە کۆشکێکی گەورەی هەیە لە ماڵەوە بەلەمی هەیە، ئەسپیشی هەبوو، زۆر ئارەزووی لە ڕاو و ئەسپسواری بووە.

هەر باوکم بۆی گێڕاومەتەوە دەیگوت زۆر دۆستی عەبدولکەریم قاسم بووە، کردیە وەزیر. بەردەوام پرسوڕای پێ دەکرد

منیش دوای ئەوەی کۆلێژی یاسام تەواو کرد و بوومە لێکۆڵەر لە دادگای هەولێر، ئەوکاتی لە ساڵی ١٩٨٤ – ١٩٨٥ لەگەڵ قوبادی جەلیزادەی پێکەوە بووین. ئەو لە بەغداوە دەهاتە هەولێر، زۆرجار لە ژووری پارێزەران دادەنیشت، کاری پارێزەریی دەکرد، بەڵام وەک کارێکی سەرەکی نا، تەنیا بۆ ئەوەی بوو، کە دانەبڕێت، کە بێکار بوایە دەهاتە ژوورەکەی ئێمە و لەلای من دادەنیشت، چونکە منی خۆش دەویست، دەیگوت تۆ کوڕی مەلا عەبدوڵلای و برازای مەلا برایم-ی.

جارێکیان باسی شتێکی سەیری بۆ کردم، گوتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق بووە، نازانم مەجلیسی نواب بوو، چی بوو، من نوێنەری هەولێر بووم، هی پارتی لە کۆیە مەسعوود محەمەد بوو، مامت مەلا برایم-یش لەمەخموور بوو، گوتی ئەوکات ئاغاکان پێیان خوش نەبوو مامت مەلا برایم خۆی لەوێ هەڵبژێرێت لەبەر ئەوەی ئەوان خۆیان بە شایستەتر دەزانی، ئەوکات یەکێک لە دادوەرە سەربازییەکان موتەسەریف بووە، کە ئەفسەری سەربازیی بوو، کرابووە موتەسەریفی هەولێر، ئەو ڕۆژە ناوچەی مەخمووری کردۆتەوە مەنع تەجەول، بۆ ئەوەی مامت برایم نەگاتە مەخمووری خۆی کاندید بکات، کە ئەو ڕۆژە دوا ڕۆژ بووە.

عەونی یووسف گوتی مامت مەلا برایم-مان لەنێو لۆریەکی کای دانا لەنێوان فەردەی کای تا نەیبینن خۆی گەیاندە مەخمووری و ناوی خۆی تۆمارکرد.

عەونی یووسف کەسێکی زۆر خاکی بوو من بە تەمەن لە کوڕی ئەو بچووکتر بووم، ئەوجا لەگەڵ من دادەنیشت ڕێنمایی دەکردم، من سەرەتای ژیانی وەزیفیم بوو، لە بواری قەزا، وەک مامۆستایەکی خۆم تەماشام دەکرد.

دەهاتەوە لای باوکم باسم دەکرد. باوکم دەیگوت عەونی یووسف زۆر زیرەک بوو، یەک لە زیرەکییەکانی ئەوەبوو، دادوەر بوو، لەسەر مەسەلەی کوردایەتی دەستگیرکرا، ماوەیەک پاشتر کە ئازادکرا داوایەکی لەسەر حکومەتی نووسی، مووچەی ئەو ماوەی گیرانی هەمووی وەرگرتەوە.

ئەوەی من هەستم پێ دەکرد عەونی یووسف نەتەوەپەرستێکی پێشکەوتووخواز بوو، عەلی خورشید

دراوسێمان بوو، یادی بەخێر ئەو دەیگوت کاتی خۆی لەساڵانی ١٩٤٩ و پەنجاکان عەونی یووسف دەهاتە گوندی ئێمە هەوڵی دەدا باوکم بکاتە پارتی، یانی لەو گوندانە گەڕاوە خەڵکی کەسب کردیە بۆ پارتایەتی، نەک هەر خۆی پارتی بووبێت، یان کوردایەتی کردبێت.

وابزانم لەساڵی ١٩٤٨ بووە، مامم مەلا برایم و مەلا محەمەد لەسەر کوردایەتی و ئاهەنگی نەورۆز گیراون. هەندێک لەشێخەکان تەکفیریان کردوون و گوتویانە ئەو دوو مەلایە کافرن.

باوکم دەیگێرایەوە دەیگوت: هەندێک لە دوکاندارەکان، بەتایبەتی ئەوانەی تۆرانی بوون و خۆیان بەتورکمان دەزانی، کۆنە خۆشناویش بوون، کە هەموویان هی ناوچەی خۆران و ئەو شوێنانە بوون، هەڵگەڕابوونەوە، کە مەلا محەمەد لە بازار دوکانی هەبووە، هەرجارێک بە لایاندا تێپەڕیوە، ئەو دوکاندارانە دەیانگوت ئەڵڵاهو مەسەڵی عەلا سەیدینا محەمەد، سەڵاوتیان لێداوە، واتە مەلا محەمەد-یان بە کافر زانیوە.

دڵزاری شاعیریش لەبیرەوەریەکانی خۆی باسی دەکات و دەڵێت لە سجنی خاسەی کەرکووک بووم دوو مەلای گەنجیان بەجلی مەلایەتی هێنا، هەردوکیان لەسەر کوردایەتی گیرابوون، کە مام مەلا برایم و مام محەمەد بوونە. ئەوکاتی، کە ئەوان گیراون عەونی یووسف وەکو خۆبەخشێک چووە بەرگری لێیان کردووەو بووە بە بەپارێزەریان.

باوکم هەموو جار باسی ئەوەشی دەکرد، دەیگوت خەڵکی هەولێر هەر کارێکیان لەبەغدا عاسی بوایە پەنایان بۆ عەونی یووسف دەبرد ماڵەکەی وەک دیوەخانێک وابوو، ئامادە بووە لەگەڵ هەر یەکێک بچێت لەهەر وەزارەتێک کاری هەبێت. بۆیان جێبەجێ بکات.



ئەوکاتی، لە هەولێر بوو، چووبووە نێو تەمەنەوە، خانەنشین ببوو، زۆرجار دەهاتە دادگای هەولێر، وەک ئەنجومەنێکی ڕیش سپی پارێزەران وابوون، لەگەڵ حوسێنی مەلای و ئەحمەد عەلی دزەیی. پارێزەرە تازەکان کێشەیەک، یان بەرچاوڕوونییەکیان هەبووایە، پرس و ڕایان بەوان دەکرد بەتایبەتی حوسێنی مەلای، من خۆم زۆر سوودم لێی وەرگرتووە، لەبواری قانوونی زۆر شت لە عەونی یووسف فێربووم. بۆ نموونە دەیگوت قەت پەلە مەکە لە حوکم دان، تا بە تەواوی بۆت ڕوون دەبێتەوە.

شاری هەولێر ناسراوە بە شاری خامۆش، دەیان مێژوونووس و زانا و پیاوی گەورە لەو شارە هەڵکەوتوون و کۆچییان کردووە، کەس نەیناسین، من دەستخۆشی لەئێوە دەکەم، کە دەبینم گۆڤاری دیوان لەدوای شتی وا دەگەڕێن، کە فەرامۆش کراون، ئێوە زیندوویان دەکەنەوە، دەستتان خۆش بێت.

## سابیر عومەر مامەسێنی:

## ئەو ڕۆژە عەونی یووسف بە شۆفرلێتە شینە ئەمریکییەکەی پیاسەیەکی ناو بەغدای پێکردین



پەیوەندی نێوان خانەوادەی ئێمە و کاک عەونی یووسف، کە پارێزەر و وەزیریش بوو لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان ئەوکاتەی کە سەردانی ماڵی شەهید کەریم عارەب-ی خاڵمی دەکرد لەشارۆچکەی دیبەگە.

چونکە ئەوکاتی کە پارتی بوون، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیکەی وەک خۆی و ئەحمەد حەمەدەمین، عەوڵا پاشا، ئەنوەری عەزیز ئاغای، مەلا ماتۆڕ و شێخ لەتیف بەرزنجی-ش ئەمانە هەموویان بۆ کاری حزبی لە شارۆچکەی دیبەگە سەردانی ماڵی شەهید کەریم عارەب-یان دەکرد

ئەو کۆمەڵە کەسە لەساڵانی پەنجاکان لە ناوچەی بەڕانەتی، کەندێناوە و قەراج ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو، بۆ هێنانی خەڵک بۆ ڕیزی پارتی.

دوای ئەوەی منیش پۆلی سێی ناوەندیم تەواوکرد، پێم خۆش بوو بچمە ئامادەیی پۆلیس ئەوەبوو لەگەڵ محەمەدی خاڵم چووینە ماڵی کاک عەونی لەبەغدا، کە یەکەم جار بوو بینیم، پێمانگوت بۆ ئەوە هاتووین لە ئامادەیی پۆلیس وەربگیرێم و ببمە مفەوەزی پۆلیس، گوتی بەسەرچاو بەیانی بەیەکەوە دەچین

ئەو ڕۆژە عەونی یووسف بە شۆفرلێتە شینە ئەمریکییەکەی پیاسەیەکی ناو بەغدای پێکردین، بۆ ڕۆژی دوایش منی برد بۆ ئەوەی لە ئامادەیی پۆلیس وەربگیرێم، بەڵام بەهەر هۆکارێک بێت پەشیمان بوومەوە نەچوومە چاوپێکەتنەکە.

ساڵی ١٩٧٦یش، کە ئامادەییم تەواو کرد دیسان حەزم کرد بچمە کۆلێژی پۆلیس، جارێکی دیکە چوومەوە لای عەونی یووسف بۆ ئەوەی هەولێکم بۆ بدات وەبگیرێم. ڕۆژێکیان دانا بۆ چاوپێکەوتن، کە چووم خەڵک ڕیزی بەستبوو، منیش لە ڕیز ڕاوەستام، بینیم لەنێو قوڕ و چڵپاو مەشقیان بە هەندێک کەس دەکرد، منیش پرسیارم کرد ئەمە چییە؟

یەکێک گوتی: بۆ مەگەر تۆ بۆچی هاتووی؟ بۆ کۆلێژی پۆلیس نەهاتووی؟ گوتی ئەمانە قوتابی کۆلێژی پۆلیسن، ئیدی کوو وازم هێنا، جارێکی دی بەلایدا نەچوومەوە.

ئیدی دوای مردنی خاڵیشم پەیوەندی من و عەونی یووسف هەر بەردەوام بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی منیش بوومە پارێزەر.

# پاتاڵ





عەبدولڕەحمان فەرهادی

خانووەکەی عەونی یووسفیان
لەگەڵ زەوی، تەخت کرد
ئەو خانووە جوانەم چەند بینیبوو
کە زەنگی دەرگاکەی ئاسنێکی زەرد بوو
لە شێوەی دەستی بنیادەم
ئەوەی کەریم شارەزاشیان ڕوخاند
کتێبەکانیشیان وەک گومەتەقەڵا
ڕشتە ژوورێکی شێداری
کتێبخانەی زەیتوون.
ئێستا هەردوو جێخانوو
بوونەتە گەراجی ترومبێلان
ئەوەی حەیدەرەکەچەڵیشیان
حەواڵەی بڵدۆزەران کرد،
ئاساریان لەسەر پاتاری نەهێشت
ئەویش کرایە کۆمپانیای زیاد قەساب.
هەرسێکیان پیاوی گەورە بوون
یەکەمیان
تێکۆشەر و کوردپەروەر
دووەمیان
کۆڵەگەیەکی ئەدەبی کوردی
سێیەمیان
بولبولێکی خۆشخوانی
گۆرانیی کوردی و تورکمانی.
من تەنیا وامدەزانی
دوای مەرگەمووشنۆشی
دوای سەر ئاودیوبوون
تەنیا کتێبخانەکانمان
تەسلیمی بنکە ڕۆشنبیرییە دژە کتێب و
نەخوێندەوارە شەهادەدارەکان دەکەن
ئێستا زانیم
جێوڕێ و سوکناشمان
دەدەنە بەر دەوەشۆفەلان و
مانەندی خۆت
هیچت بەسەر هیچەوە نایەڵن.
ئۆۆۆف..
بۆ ئەوەندە پاتەخۆرین!
بۆ ئەوەندە دوژمنی قالبی خۆمانین!
دوژمنی مۆزەخانە و کتێب و ئەنتیک،
تەنیاو تەنیا عاشقی
پاتاڵ و
تالانی و
بەلاشلووشیین

# مێژوو

- **ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن (بەشی چوارەم)**

عەلی مەحموود محەمەد

- **دڵەڕاوکێی بەر لە ئەنفال**

د. قارەمان شێخ بزێنی

# ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن



عەلی مەحموود محەمەد

## ئەنفالی یەک

شەوی سێشەممە کاتژمێری ٢:٢٥ بەرەبەیانی ڕێککەوتی ٢٣-٢-١٩٨٨ دەستی پێکرد تاکو شەممە ڕێککەوتی ١٩-٣-١٩٨٨ بەردەوام بوو، کۆی گشتیی بیست و شەش ڕۆژی خایاند. بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن کەمال ساجد فەرماندەی لەشکری یەک و لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم فەرماندەی ڕەدیفی لەشکری یەک، لیوا ڕوکن نیعمە فارس حوسێن محیاوی فەرماندەی لەشکری پێنجی ئەوکات و بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی فەریقی یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیرڵڵا وەزیری بەرگری عێراق، عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بیرۆی باکوری حزبی بەعس، سەرۆکی ئەرکانی سوپا فەریقی ڕوکن نزار عەبدولکریم خەزرجی ئەنجامدرا.

بیست لیوای سوپای عێراق سی فەوجی سەر بە گاردی کۆماری و حەفتا فەوج و مەفرەزەی تایبەتی جاش بەشدارییان تێدا کرد، کۆی هێزەکە مەزەندە دەکران بە زیاتر لە سەت هەزار چەکدار، واتە هەر دە مەتر چوارگۆشە سەربازێکی بەردەکەوت.

لە نۆ قۆڵەوە هێرشکرایە سەر گوندەکانی دۆڵی جافایەتی، تا مەرگە بە درێژایی حەفتا کیلۆمەتر، کە بریتی بوون لە گوندەکانی سنووری قەزا و ناحیەکانی (دوکان، بنگرد، چوارتا، قەڵاچوالان، ماوەت، کارێزە، سەرچنار و سورداش) پانتایی ڕووپێوەکەی نزیک بە ١١٥٤ کیلۆمەتر چوارگۆشە دیاریکراوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٣-٢-١٩٨٨، هێزە پەلاماردەرەکەی سوپای عێراقی بە چەکی کیمیاوی لە گوندەکانی چۆخماخ، یاخسەمەر، هەڵەدن، چالاوە، سەرگەڵو و بەرگەڵویان دا، ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ی شوبات گوندەکانی سەرگەڵو، هەڵەدن، یاخسەمەر و گوێزەڵە کیمیاباران کرانەوە. لە کیمیابارانەکەی ٢٦ مانگ ٨ شەهید و ٢٠١ بریندار هەبوون، دوای کۆتایی قۆناغی ئەنفالی یەک بە چوار ڕۆژ لە ڕێککەوتی ٢٣-٣-١٩٨٨ جارێکی دیکە بە چەکی کیمیاوی لە گوندی شاناخسێی ناوچەی ماوەتی دا، ٢٢ کەس شەهید بوون و زیاتر لە ٧٢٠ سڤیل و پێشمەرگەش بریندار بوون، هەمان گوند هەردوو ڕۆژانی پێشتریش کیمیاباران کراوە، لە پرۆسەی ئەنفالی ١ بەگشتیی ٧ جار دەڤەرەکە کیمیابارانکرا.

نزیکەی ١٥٠ گوند لەم قۆناغەدا بەر شاڵاوەکە کەوتن، هەموو خانوو و مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی ڕووخێنران و بەشێک لە خەڵکەکەشی ئەنفالکران، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغەی ئەنفالی یەک، لاوازکردنی هێزی پێشمەرگە، بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

لە ئەنفالی یەکدا دەیان کەس دوای بەجێهێشتنی ماڵەکانیان لە ڕێگەی هەڵاتن بۆ ئەو دیو سنوورەکان لەنێو بەفردا ڕەقبوونەوە، شایەدحاڵێک سی و شەش کەسی ژماردووە، کە ڕەقبوونەتەوە، شەشیان خەڵکی گوندی سەرگەڵو بوونە، مردنی منداڵ و پیر و نەخۆشەکان وەک کابوسێک وابووە. زیاتر لە ١٦٠ هاووڵاتی سڤیلی دیش لەو شەڕ و گەمارۆیەدا کوژراون.

بەشی چوارەم

لەم قۆناغەی ئەنفالی یەکدا، لە هەندێک گوند و جوگرافیا، لە لایەن سوپاوە خەڵکی سڤیل ئازاد و سەرپشک کراون بۆ دەربازبوون، تا ئەوکات بێسەروشوونکردن نەببووە سیاسەتی فەرمی، ڕێگەی خەڵک درا ناوچەکان چۆڵ بکەن و نەیان گرن، هەرچەندە زۆرینەیان بە کۆمەڵ کۆڕەویان کرد و چوونە ئێران، بەڵام لە مانگی نیسان لەسەر سنوور ژمارەیەکیان دەگرن و شوون بزریان دەکەن. هەندێکیشیان دوای بڵاوکردنەوەی بانگەوازی لێبوردن بە زمانی کوردیی و عەرەبیی و فڕێدانی لە ڕێگەی فڕۆکەوە، بەناوی لێبوردنەوە، لە ڕێگەی جاشەکانەوە گەڕانەوە، بەڵام ئەنفالکران، دواتریش ڕوفاتەکانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دۆزرانەوە.

ئەنفالی یەک بە بەیانی فەرمی ژمارە ٣٠٨٧ی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان لە ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی ١٩-٣-١٩٨٨ کۆتایی هات، دوای ئۆپەراسیۆنەکە وێڕای ڕۆڵی سوپا، ستایشی ڕۆڵی جاشە کوردەکانیش کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی پسپۆری ئەمەریکی «مایکل کۆمفر تریمبڵ» ١٢٣ ڕوفاتی ئەنفالی یەک لە سێ گۆڕی بە کۆمەڵ، لە نەینەوای دوو لە حەزەر دۆزراونەتەوە، بەهۆی ناسنامەکانی گیرفانیانەوە دەرکەوتووە قوربانیانی ئەنفالی یەک-ن، ناوبراو گۆڕەکەیانی هەڵداوەتەوە و شیکاری بۆ تەرمەکانیان کردووە، ٢٥یان ئافرەت و ٩٨ منداڵی خوار تەمەنی ١٣ساڵی بوونە، تێکڕا لە ٩٠٪یان منداڵ بوونە، ئەمەش نزیکی پێکهاتەی ئەنفالکراوان، لە کۆی پرۆسەکە دەردەخات.

**ئەنفالی دوو**

لە ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٢ی ئازاری ١٩٨٨ ئۆپەراسیۆنەکە دەستی پێکرد، تاکو ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی ٢-٤ بەردەوام بوو، ١٢ ڕۆژی خایاند.

بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی ئەل بەیاتی، فەرماندەی هێزەکانی جەحفەلی نیشتمانیی یەکەم (فەوجە سوکەکان) و بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق ڕوکن عەدنان خیرڵڵا وەزیری بەرگری عێراق و عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بیرۆی باکووری حزبی بەعس و فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەل خزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و فەریق ڕوکن حسین ڕەشید تکریتی یارمەتیدەری سوپا بۆ کاروباری ئۆپەراسیۆنەکان و لیوا ڕوکن سابیر عزیز دوری بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگریی سەربازیی و عەقید ڕوکن فرحان متڵەگ جبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگریی ناوچەی خۆرهەڵات ئەنجامدرا.

لە دە قۆڵەوە هێرش کرایە سەر ناوچەکانی قەرەداغ، سەنگاو، بازیان، عەربەت، زەڕایەن، نەسر و دەربەندیخان، ئۆپەراسیۆنەکە ڕووپێوی پانتایی زیاتر لە ١٠٠٠ بۆ ١٥٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی گرتەوە.

لەم شاڵاوەی ئەنفال بە کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنانیان لە ڕێککەوتی ٢٢-٣-١٩٨٨ دەستی پێکرد، تیایدا ٦٩ کەس لە هاووڵاتیانی گوندەکە بوونە قوربانی و زیاتر لە ٨٥ کەسیش بریندار بوون. ڕۆژی دواتر گوندەکانی جافەران و ولیان و دوکەڕۆ کیمیاباران کرانەوە. ٢٤ی مانگیش گوندەکانی بەڵەکجارو ناحیەی قەرەداغ کیمیاباران کرانەوە، لە ئەنجامدا کەسێک بووە قوربانی و چەندینی دیکەش بریندار بوون. ٢٧ی مانگیش گوندەکانی تەکیە، بەلەکجاڕ، بەڵخەو گومەتە کیمیاباران کران، لە ئاکامدا دوو قوربانی و چل برینداری لێکەوتەوە، بە گشتیی لە پرۆسەی ئەنفالی دوو حەوت جار بە چەکی کیمیاوی هاووڵاتیانی ناوچەکە کیمیاباران کران.

جگە لە لیوا و تیپەکانی سوپای عێراق، کە ژمارەیان ٢٧ تیپ بوو، ٧٧ فەوجی جاشیش بەشداریی شاڵاوەکەیان کرد و دواتر مەدالیای ئازایەتیان لە سەدام حوسێن-ەوە وەرگرت، لە پای ئەو ئازایەتییەی لە ئەنفال کردنی ژن و منداڵی گەلەکەیان نواندیان، وێڕای هەموو مەفرەزەی ئەمنی سلێمانی، لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هەندێک مەفرەزەی جاشی تایبەتیش بەشدار بوون.

سەرجەم گوندەکانی ئەم ناوچەیەیان ڕووخاند، کە زیاتر لە ٢٣٥ گوند بوون، ٢٠٣ مزگەوت و ٩٢ قوتابخانەیان تێدا بوو ٨٠ گوندیان ڕاستەوخۆ

> **"یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغەی ئەنفالی یەک، لاوازکردنی هێزی پێشمەرگە، بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو"**

کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفال کردنەکە، کە لە (٢٢٤١) خانوو پێک دەهات، (١٢٢٥٤) کەس لەم ناوچەیەدا دەژیان، لەوانە (٥٦٣٧) کەسیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و شوون بزرکران، کە دەکاتە ٤٦٪ی هاووڵاتیانی ئەو گوندانە.

لە ئەنفالی دوو ئەو هاووڵاتیانەی، کە گیران، یان خۆیان بەدەستەوە دا، بۆ سەربازگەی قۆرەتوو (قەڵای قۆرەتوو بارەگای فیرقەی پیادەی ٢١ی تێدابوو) گواسترانەوە، بەشێکیشیان گواسترانەوە بۆ بارەگای هێزەکانی تەواری لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی، کە بە تەوارییەکەی چوارباخ ناسرابوو، پاشان ڕەوانەی سەربازگەی تۆپزاوەی نزیک کەرکووک کران، لە وێشەوە بۆ مەرگی بیابانەکان و نگرە سەلمان و سەربازگەی دوبس.

ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی دوو بە شێوەی فەرمی لە ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی ٢-٤-١٩٨٨ بە بەیانی ژمارە ٣١٠٩ی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی عێراق کۆتایی هات، لە بەیانەکەدا وێڕای ستایشی ڕۆڵی هێزە عێراقییەکان، دەستخۆشی لە چەکدارە کوردەکانیش کراوە، کە دڵسۆزانە ئەرکەکانیان ڕاپەڕاندووە، لە پاداشتدا مەدالیای ئازایەتیان وەرگرتووە.

**ئەنفالی سێ**

ئەنفالی سێ، بە ئەنفالی گەرمیان یان ئەنفالی ڕەش ناسراوە، لەڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ٧-٤-١٩٨٨ بۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠-٤-١٩٨٨ بەردەوام بوو، دوو هەفتەی خایاند، قورسترین و بە زیانترین قۆناغی ئەنفال بوو.

بەسەرکردایەتی لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم، فەرماندەی فەیلەقی یەکی سوپای عێراق و لیوا ڕوکن کامل ساجد عەزیز جەنابیی فەرماندەی فەیلەقی دوو، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وەزیری بەرگری عێراق فەریق ڕوکن عەدنان خەیرڵلا و عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بیرۆی باکووری پارتی بەعس و فەریق ڕوکن نزار عەبدالکەریم فەیسەڵ خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و فەریق حوسێن ڕەشید محەمەد تکریتی یارمەتیدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپەراسیۆنەکان و لیوا ڕوکن سابیر عەبدالعەزیز دوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازیی و عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ جبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات و بە بەشداری بارق عەبدوڵڵا حاجی حەنتە جەلادی گەرمیانیەکان، فەرماندەی فەوجی ٦٦ی هێزی تایبەتی ئەنجام درا.

ئەنفالی سێ ناوچەکانی چەمچەماڵ، سەنگاو، کفری، کەلار، قادرکەرەم، دوز، پێباز و تیلەکۆ و لەیلان و قەرەحەسەن وجەباری و نەوجول و کەرکووکی گرتەوە، بە پانتایی زیاتر لە ٦٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە، لە ١٨ قۆڵەوە پەلاماری هەڵەت و پێدەشتەکانی ناوچەکە درا.

پرۆسەی ئەنفالی سێ لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ١٤ی نیسانی ١٩٨٨ گەیشتە لووتکە، تەنیا لەو ڕۆژەدا ڕژێمی بەعس نزیکەی ٢٠ هەزار منداڵ و ژن و پیاوی لە هەردوو گوندی کوڵەجۆ و ملە سوورەی گەرمیان کۆکردەوە، کە جاشەکان لە خشتەیانیان بردبوون، گوایە لێبوردن هەیە، دواتر بە ئیڤای سەربازیی و تراکتۆرەکانی خۆیان گواستنیانەوە بۆ قۆرەتووی نزیک کەلار «قەڵای قۆرەتوو بارەگای فیرقەی پیادەی ٢١ی تێدابوو، قەڵایەکی سامناک، بەلای کەمەوە دە هەزار کەس لە ئەنفال کراوانی تێدا بوو».

لە ناوچەی داوێ کۆپتەریشی لەگەڵدا بووە بۆ گواستنەوەیان بۆ دوز سەنتەری لاوان و دوا ناوەندی ڕەشید و شاری تکریت، کامپی سوپای میلی لە تکریت، هەندێک لە ئەنفال کراوانی تکریت و تۆپزاوە یەکسەر گواسترانەوە بۆ نگرە سەلمان، ئەوانەی لە تەمەنی نێوان ٥٠ بۆ ١١٠ساڵی دابوون.

سەرەتا گوند نشینەکانیان لە ملە سورە و قولیجانی ئەمین قارەمان و خۆرنەوازان و تاوێرکەوە ڕەوانەی قەڵا سەربازیەکەی ناحیەی قۆرەتوو، دوز، لەیلان، چەمچەماڵ، قادر کەرەم و کەلار...کران، دواتر بۆ تۆبزاوە و دوبز و تکریت گواسترانەوە، لەوێشەوە بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان و نگرە سەلمان: میدل ئیست وۆچ ملە سورە و فەقێ مستەفا و مەیدان و ئالیاوە و لەیلانی بە

> **بەپێی ڕاپۆرتی پسپۆری ئەمەریکی مایکل کۆمفر تریمبڵ ١٢٣ ڕوفاتی ئەنفاڵی یەک لە سێ گۆڕی بە کۆمەڵ، لە نەینەوای دوو لە حەزەر دۆزراونەتەوە**

سەنتەری کۆکردنەوەی ئەنفال کراوانی ئەنفالی سێ دیاری کردووە. لە لەیلان-یش گەنجانیان یەکسەر بۆ تیرباران بردووە، ئەوانەی کرابوونە نێو تەلبەندەکەوە.

لە ڕۆژی دووشەممە ١١-٤ بە ٦٥٠ ئۆتۆمۆبیل ژن و منداڵ و پیری سنووری سەنگا و گەرمیانی گواستەوە بۆ چەمچەماڵ، لەم پەلامارەدا دەیان یەکەی سەربازیی و هێزی تایبەتی و٧٠ فەوجی جاش و چەندین مەفرەزە خاسە بەشدارییان کردووە، ٤٥٧٧٧ خێزان، ئەنفال و ئاوارە کران. ژمارەی ئەنفال کراوان لە سنووری چەمچەماڵ ٥٦٤٥ کەس بوو، قادر کەرەم ١٤٨٦٣، کەلار ٤٥٦٧، سەنگاو ٤٩٢٢، تیلەکۆ ٣٦٨٠، لە پیبازیش ٤٤٢ کەس بوون. بەپێی ئاماری سی دی ئی ڤەی ئار، کە ئامارێکی نافەرمی ئەنفال کراوان بووە، لە ناوچەکانی «تیلەکۆ، کەلار، سەنگاو، قادر کەرەم، چەمچەماڵ، دەربەندیخان» لە شاڵاوەکەدا ٤٣،٢٠٤ کەس بێ سەر و شوێن کراون، ٤٨،٤٥٪ی کە کۆی ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە پێک دەهێنن، جگە لە مەڵبەندی قەزاکان.

لە پرۆسەی ئەنفالی سێ زیاتر لە ٥١٥ گوند و چوار ناحیە «قادر کەرەم، نەوجول، سەنگاو و تیلەکۆ» وێران کران، ٤٣٠ مزگەوت، ٣٤٠ قوتابخانە،١٧٢٠٠ ئۆتۆمۆبیل، تراکتۆر و ئامێری جۆراوجۆری هاووڵاتیان. وێڕای مەڕوماڵات و ماڵەکانیان و هەرچی لە گیرفانیان دابوو تاڵان کرا.

ئەنفالی سێ وەک ئۆپەراسیۆنەکانی دیکەی ئەنفال بە لێدانی کیمیاوی دەستی پێ نەکرد، تەنیا یەکجار لە شەڕی گوندی تازە شاری سەر ڕێگای دوز - قادر کەرەم لە ڕێککەوتی ٩ی ئەپریل بەرانبەر بە بەرگریی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکار هاتووە و تیایدا ٢٢ پێشمەرگە پاش شەڕێکی مێژوویی بێ نموونە بوونە قوربانی.

## ئەنفالی چوار

ڕۆژی سێشەمە ڕێککەوتی ٣-٥-١٩٨٨ بە کیمیاباران کردنی گوندەکانی گۆپتەپە، عەسکەر، مایلە، شێخان، کەڵەشێرە و چەمی ڕێزان..... دەستی پێکرد، لە گۆپتەپە ١٠٩ کەس لە ئەنجامی کیمیا بارانەکە گیانیان لە دەست دا، ٢٦٤ کەسیش، کە زۆرینەیان بریندار بوون ڕۆژی چوارشەمە ڕێککەوتی ٤-٥-١٩٨٨ بەهۆی ئەوەی پەکیان کەوتبوو و توانای خۆ ڕزگارکردنیان نەمابوو ئەنفال کران. لە گوندی عەسکەر-یش ٧ کەس گیانیان لە دەست دا، ١٣٠ کەسیش ڕۆژی دواتر ئەنفال کران. هەڵاتووەکانیان لەسەر جادەی سەرەکی ئاغجەلەر دەستگیر کران و ڕەوانەی سەربازگەی قەڵای سەربازیی سوسێ کران، لەوێشەوە بۆ تۆبزاوە.

ئەنفالی چوار سنووری ئەم ناوچانەی گرتەوە (چەمچەماڵ، تەکیە، قەرەهەنجیر، ئاغجەلەر، کۆتەڵ، تەقتەق، قوشتەپە، کۆیە، دێگەڵە، پردێ، شوان، دوکان، خەلەکان و دەشتی هەولێر).

لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٤-٥-٩٨٨وە تاکو ڕۆژی یەک شەممە ڕێککەوتی ٨-٥-١٩٨٨ بە فەرمی لە



**بەندیخانەی نگرە سەلمان**

ماوەی پێنج ڕۆژ دا بەردەوام بوو، بەڵام ئۆپەراسیۆنەکان، لە ناوچەکەدا زۆر زیاتر بەردەوام بوو.

ئەم ئۆپەراسیۆنە بە سەرکردایەتی سوڵتان هاشم و سەرپەرشتی عەدنان خێرڵڵا وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید و بەشداریی بارق عەبدوڵڵا ئەنجام درا. لە ٢١ قۆڵەوە پەلامار دەستی پێ کرد، بەپێی ڕاپۆرتی دەستەی پارێزەرانی بەرگریکاری قوربانییەکان لە دۆسیەی تاوانی ئەنفال بۆ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کۆی گشتیی٢٨٥٥٠ کەس لە ئەنفالی چوار دەستگیر کراون و دواتر بێ سەر و شوێن کران، لە ئۆپەراسیۆنەکەدا جگە لە هێزەکانی سوپا، ٥٥ فەوجی جاش و چەندین مەفرەزەی تایبەت بەشدار بوون، جاشەکان لە پەلامارەکاندا لە هەموو قۆڵەکانەوە وەک هەمیشە پێش سوپا کەوتوون.


لە ڕێککەوتی ١٢-٥-١٩٨٨ بارق عەبدوڵڵا حاجی حنتە، بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە ٣٠١٩٧ی ڕێککەوتی ٢١-٥-١٩٨٨ی زۆر نهێنی، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتیی سەربازیی سێ هاووڵاتی، کە دووانیان شوان و خەڵکی گوندی شەوگێڕی دەشتی کۆیە بوون، بە ناوەکانی کانەبی ڕەزا عەبدوڵڵا و حەمەد ڕەزا عەبدوڵڵا هاووڵاتی گوندی شەوگێر. عەبدوڵڵا ئەحمەد حەمەدەمین هاووڵاتی گوندی خەرابەی هەمان ناوچە، لە قووڵایی ئاسمانەوە بە دەست بەستراوی بە بەرچاوی خەڵکەوە بەرداونەتە خوارەوە، لە هەمان شوێنیش بە شۆفەڵ کراونەتە چاڵەوە، بە دوای ئەم ڕوداوەدا تاقە برای کانەبی و حەمەد، کە ڕوداوەکە بە چاوی خۆیان دەبینێت، هۆش لە دەست دەدات، تا ئێستەش.

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چواردا کۆی گشتیی ٣٥٩ گوند و ٣٤٣ مزگەوت و ٢٨٠ قوتابخانە، دوو مەنزلگەی پیاو چاکان «وەکاشە و ئۆمەرمەندان» و دەیان تەکیە و زکرگا ڕووخێنران. تەنیا لە ماوەی پێنج ڕۆژی ئۆپەراسیۆنەکە ١٢٧ گوند، ١١٦ قوتابخانە، ١٥ بنکەی تەندروستی، ١٢٣ مزگەوت، ١٢٧ پڕۆژەی ئاو و هەزاران ماڵ ڕووخێنران.

ناوچەی ئاغجەلەر ٦٧ گوندی هەبوو، ٢٨١٣ خانووی تێدا بوو، بە ناحیەکەوە ڕووخێنرا، ٧٢٠١ هاووڵاتی ئەنفال کراوە، ١١ گوندی بناری خاڵخاڵان، ١٦٢٦ هاووڵاتی ئەنفال کراوە، تەنیا لە گوندی جەلەمۆرد، ٤٨٥ هاووڵاتی ئەنفال کران، ٦ گوندی دەشتی کۆیە کلێسە و بۆگد و کانی بی و قزلو کانی هەنجیر و گۆمەشین ١٦٨٠ کەسیان ئەنفال کران.

هاوکات لانی کەم ٨٠ هەزار کەسی دانیشتووانی ناوچەکە بۆ ئۆردوگاکانی دەوروبەری هەولێر بە تایبەتی بۆ دارەتوو، بنەسەڵاوە، کەورگۆسک، جدیدە، لە هەولێر، چەمچەماڵ، پیرەمەگروون لە سلێمانی ڕاگوێزران.

پانتایی ئۆپەراسیۆنەکە ٣٩٨٥ کیلۆمەتر چوارگۆشە بووە، ئەنفال کراوەکان لە قەڵای سەربازیی هەرمۆتەی کۆیە، ئامریەی سەربازگەی تەق تەق لەبەر زۆری،



گەوڕی تەنیشت پردەکەی تەق تەق  نزیک ١٠ هەزار کەس بوونە، کە بە هاوکاری جاشەکان هەندێکیان ئازاد کراون. لە تەکیەی تەنیشت چەمچەماڵ کۆکراونەتەوە و لەوێوە بۆ  تۆپزاوە گواستراونەتەوە .

ڕووخاندن و گرتن و ئەنفال کردنی هاووڵاتیانی ناوچەکە، تا ڕێککەوتی ٦-٩-١٩٨٨ بەردەوام بووە.

هەردوو ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی سێ و چوار، دەتوانین بە بەشێک لە پرۆسەی تەعریبی کەرکووک دابنێین.

## ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت

ئەم سێ قۆناغە لەجەژنی ڕەمەزان، ڕۆژی یەکشەممە ڕێککەوتی ١٥ی ئایاری ١٩٨٨دەستیان پێکردووە، واتا هەفتەیەک دوای ئەنفالی چوار، تا ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ٢٦-٨-١٩٨٨ بەردەوام بووە، ١٠٤ ڕۆژی خایاندووە، زیاتر لەنیوەی کات و ماوەی هەموو ئەنفالەکان بردووە. زۆرتر لە شەڕی بەرەیی بەرفراوانی بێسەروبەری نارێکخراو دەچوو، وەک قۆناغەکانی دیکە نەتوانرا ناوچەکان ئابلووقە بدرێن، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکە و بەرگری پێشمەرگەوە تا ڕۆژەکانی کۆتایی، بۆیە زیانە مرۆییەکانی کەمتر بوو، بەتایبەتی دەستگیر کردن، وەلێ وەک قوربانی چەکی کیمیاوی زیانەکانی زیاتر بوو.

ناوچەکانی هەولێر، دێگەڵە، مەسیف، شەقڵاوە، هیران، نازەنین، هەریر، خەلیفان، دۆڵی خۆشناوەتی، ڕواندز، سۆران، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی خانەقا، دۆڵی مەلەکان، دۆڵە ڕەقە، چۆمان، هیزۆپ، چوارقورنە، ڕانیە و سەرکەپکان، گۆلان و قەڵادزێ، چیای قەندیل تاکو سنووری شێروان مەزن بەر شاڵاوەکە کەوتن، کە زیاتر لە ٦٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی دەگرتەوە.

ئەم قۆناغە لەلایەن فەرماندەی فەیلەقی پێنج یونس محەمەد ئەل زەرب سەرکردایەتی دەکرا و لە لایەن عەدنان خەیرڵلا وەزیری بەرگریی و عەلی حەسەن مەجید و نزار خەزرەجی-یەوە سەرپەرشتی کراوە.

جگە لە هێزەکانی سوپای عێراق، ٤٥ فەوجی جاشیش بەشدارییان تێدا کردووە، هەرچەندە بەهۆی بەربڵاوی و کاتی زۆرەوە پێم وایە ژمارەکە زۆر زیاترە، ژمارەیەکی زۆر فەوج سنووری ئەرکیان لەو ناوچانە بووە.

ئۆپەراسیۆنەکە لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێککەوتی ١٥-٥



بە کیمیاباران کردنی گوندەکانی سماقولی، کاموسەک، عەلیاوە، دەستی پێ کرد، بەرکەوتەی زۆری هەبوو، لە ڕێککەوتی ١٨-٥-١٩٨٨ گوندەکانی بۆتێ، گوڵان، وەرێ کیمیاباران کران، بەهۆیەوە لە بۆتێ بیست و سێ پێشمەرگەی کۆمەڵە-ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوون، شەست پێشمەرگەش بریندار بوون، لە وەرێش سی و شەش کەس لە هاووڵاتیان گیانیان لە دەستە دا و دەیانی دیش بریندار بوون. لە ڕێککەوتی ٢٠-٧-یش گوندەکانی خەتێ و بالیسان و سماقولی و گەرەوەران کیمیاباران کرانەوە، لە ٣١ی مانگیش دووبارە کیمیاباران کرانەوە و پێنج کەس گیانیان لە دەست دا، ٢٥ی مانگی ئابیش هیران و نازەنین و خەتێ کیمیباران کرانەوە، بەگشتیی سێزدە جار ناوچەکە لە ماوەی ئەنفالی ٥ و ٦ و ٧ کیمیاباران کران.

لە ١٥ قوڵەوە لە کۆیە و دێگەڵەوە تا سنووری حاجی ئۆمەران لە ئۆپەراسیۆنێکی نارێکوپێکی ماوە بەرفراواندا پەلاماری ناوچەکان درا، ئەوانەی دەستگیر کران نێردرانە سەربازگەی سپیلک، ئیدی نەگەڕانەوە.

لە شاڵاوەکانی ئەنفالی (پێنج و شەش و حەوت)دا زیاتر لە ٣٢٨ گوند، ٣١٠ مزگەوت، ١٥٨ قوتابخانە ڕووخێنران، ٥٢ گوندیان تەنیا  لە ناحیەکانی خەلیفان و شەقڵاوە و ڕەواندوز بوون، کە سەرجەمیان لە (٢٦٠٢) خێزان پێک دەهاتن، کە لەنێویاندا (٥٢) مزگەوت و (٢٤) قوتابخانەیان هەبوون و سەرجەمیان وێران کران.

جەژنانەی ڕژێم بۆ هاووڵاتییەکانی لەم ناوچەیە، ئەوە بوو، لەجەژنی ڕەمەزاندا دوو فرۆکە کیمیابارانی گوندی وەرێیان کرد، بۆ جەژنی قوربان-یش سەددام داوای کرد لە ڕێککەوتی ٢٥-٧-١٩٨٨ کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکان بێنن و ناوچەکە پاک بکرێنەوە، بەڵام بەهۆی بەرگری پێشمەرگەوە، کەوتە دوای ڕاوەستانی شەڕی عێراق- ئێران.

# دڵەڕاوکێی بەر لە ئەنفال

لە زۆرینەی ڕووداوە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەر لە ئەنجامدانیان دڵەڕاوکێ و دیاردەی نامۆ دەردەکەون و هەندێک لەوانە خۆوسیتانەیە و هەندێکی دیکەیان لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکاندا ڕوودەدەن.

هاوشێوەی ئەو شپرزەییەی، کە بەر لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسساز دێتە پێشەوە و لێدانی دڵی خوێندکار بە شێوەیەکی خۆنەویستانە بەرزدەبێتەوە، یاخود جەنگاوەرەکان دەڵێن ساتی پێش دەستپێکردنی جەنگ زۆر سەختە، بەڵام کە جەنگ و بەریەککەوتنەکان ڕوویاندا، کارەکان ئاسانتر دێنە بەرچاو.

ڕۆژەکانی بەر لە ئەنفالی چوار یاخود ئەنفالی ناوچەی شێخ بزێنی، کە وەکو شایەدحاڵێک لەنێو پرۆسەکەدا بووین چۆن گوزەری کرد، لەم بابەتەدا بۆ مێژووی نەوەکانمان، چەند ساتێکی هەژێنەر دەخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی ئەم بابەتە.

**(١)**

هەواڵەکانی شار: ئێمە لە گوندەکانی نزیک شار نیشتەجێ بووین، لە لایەن خزم و دۆستەکانمانەوە چەند ڕۆژێک بوو هەواڵ دەگەیشتە گوندەکان و داوایان لێ دەکردین خۆمان ڕزگار بکەین، هەندێک لە خزمەکان لە کوێرە ڕێگەکانەوە بەشەو خۆیان گەیاندە گوندەکان و پەیامی سەرۆک جاشەکانیان دەگەیاندە خەڵکی و داوایان لە خزم و کەسوکاری خۆیان دەکرد ڕازی بن پسوولەی جاشایەتیان بۆ دروست بکەن، بەشێکی کەمی گوندنشینەکان پەیوەندییان بە جاشاکانەوە کرد و لە ڕەبیە دوورە دەستەکاندا خۆیان حەشاردا، بەشێکی دیکەیان پسوولەیان بۆ دروست کراو لە گوندەکاندا مانەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی تەنگانە و گەڕانەوە بۆ نێو ڕژێم خۆی پەنا بدات و سوود لەو پسوولەیە ببینێ. بەشێکی زۆری گوندنشینەکان لە گوندەکان مانەوە و درێژەیان بە ژیانی ئاسایی خۆیاندا و متمانەیان بە هێزی پێشمەرگە هەبوو، کە ناوچەکە دەپارێزێت، ئەمانە بەشێک لە کەلوپەل و خواردنیان بەرەو دۆڵ و لاشیوەکان گواستەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی شاڵاوەکانی سوپایی ڕژێمی عێراقدا پشتی پێ ببەستن، تا لەو پشێوی و پێشهاتە چاوەڕوان کراوانە تێپەڕ دەبن. چونکە هەواڵەکانی، کە لە شارەکانەوە دەگەیشتن بە تەواوەتی گوندنشینەکانی شپرزە کردبوو، لەو ساتانەدا پێشمەرگەکانیش وەکو پڕوپاگەندەی ڕژێم ئەم هەواڵانەیان بۆ خەڵکی تەرجوومە دەکرد، بۆیە سەرەڕای مەترسییەکان بەشی زۆری گوندنشینەکان تا دواساتی هێرشەکان لە گوندەکان مانەوە.



**د. قارەمان شێخ بزێنی**

**(٢)**

بەر لە شاڵاوی ئەنفالی چوار زۆربەی کاتەکان، فڕۆکەکانی ڕژێم بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەخولانەوە، ئەو چەند ڕۆژە بارودۆخێکی دەروونی نالەباری بۆ خەڵکی دەڤەرەکە دروست کردبوو، سەرەڕای ئەوەی فڕۆکەکان بە بەرزی بە ناوچەکەدا دەسووڕانەوە و جاروباریش دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە دەبیسترا.

ئەم ڕووداوانە سەرەتای مانگی پێنجی ١٩٨٨

بوون، بەڵام کەشوهەوا خۆڵاوی بوو، ئاوی زێی بچووک لێوان لێو دەهات، دوو هێندەی جاران زیادی کردبوو، بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەڕینەوەی دانیشتوانی ناوچەکە لەم بەر بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە بگرێ. لە قەڵعەی کۆیەوە بە تۆپی نەمساویی بۆردمانی گوندەکانی شێخ بزێنی دەکرا، بەتایبەتی لە شەواندا، زۆربەی کاتەکان سێ گوللەتۆپ پێکەوە ئاراستەی ناوچەکان دەکران، کە بە ئاسمانەوە دیار بوون، تا دەگەیشتنە نزیک زەوی، ئاگری تۆپە نەمساوییەکان بە ڕوونی دەبینران.

**(٣)**

پێشمەرگەکان بە گرووپی بچووک و مام ناوەندی بە ناوچەکەدا دەسووڕانەوە شڵەژان و دڵەراوکێی زۆریان پێوە دیار بوو، هەرچەندە هەوڵیان دەدا لە ڕووی دەروونییەوە خۆیان ئارام پیشان بدەن، بەڵام هەندێک لە فەرماندەکان بە شێوەی نهێنی ئامۆژگاری کەسوکار و خانەوادەکانی خۆیان دەکرد، کە ناوچەکە جێ بهێڵن و بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بگوازنەوە، هەندێکی دی لە گرووپەکانی پێشمەرگە کەوتنە هەڕەشەکردن لە خەڵکی ناوچەکە، کە ناکرێت ناوچەکە چۆڵ بکەن و ئەوان بەرگری دەکەن و پێش بە پێشڕەوییەکانی سوپای عێراقی دەگرن، باسیان لەو بەرەنگاریانە دەکرد، کە لە ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و گەرمیان ئەنجامیان داوە، فەرماندەی پێشمەرگەکان بە تایبەتی شەهید دکتۆر هادی-م بینی، کە لە ڕێگەی ڕادیۆی ئێف ئێمەوە گوێی لە پەیوەندی نێوان فڕۆکەکان دەگرت، بۆ ئەوەی ئاگاداری پێشهاتەکان بێت.

**(٤)**

لە ڕۆژانی پێش ئەنفال گرووپی دوو کەسی و چوار کەسی و پێنج کەسی لە خەڵکی ڕزگار بووی دەڤەری گەرمیان بە کۆڵە پشتەوە لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا کۆچیان دەکرد، کە لێمان دەپرسین ئێوە کێن و بەرەو کوێ کۆچ دەکەن، بە ماندوویێتی و نیگەرانی زۆرە، کە تکای پێوە دیار بوو، داوایان دەکرد ناوچەکە چۆڵ بکەین، ئاگاداریان دەکردینەوە، کە ڕۆژگارێکی پڕ مەترسی چاوەڕوانی خەڵکی ناوچەکە دەکات، لە سۆراغی خانەوادەی خۆیان بە تەواوەتی بێ ئاگا بوون، وتەکانیان ئاماژە بوون بە پێشهاتێکی مەترسیدار.

**(٥)**

لە شۆڕشی نوێ دا هێزێکی جەماوەری نا ڕێکخراو لە گوندە ئازادکراوەکاندا، بە ناوی هێزی پشتگیری دروستکرا بوون، ئەم هێزە بە چەکی خۆی و فیشەکی خۆی هاوکاریی پێشمەرگەی دەکرد، بەتایبەتی لە کاتی بەرگری کردن و حاڵەتی ناجۆردا، بۆ نموونە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە ئابڵوقە بدرایە، ئەم هێزە ڕۆڵی خۆی دەبینی، لە کاتی پلاندانان و هێرشی سەر ڕەبیە و دانانی بۆسە بۆ هێزەکانی حکومەت، ئەم هێزانە بەر لە هێرشەکان ڕێنوێنی و چاوساغیان بۆ داڕشتنی پلانی هێرشەکە دەکرد، چونکە ئەم هێزە پشتگیرییە خەڵکی ناوچەکە بوون و شارەزایی باشیان هەبوو.

لە سەروبەندی ئەنفالدا داوا لەم هێزانە کرا پاڵپشتی تەواوی هێزی پێشمەرگە بکەن، لە پاراستن و بەرەنگاربوونەوە و پێشگرتن بە پێشڕەوییەکانی هێزە عێراقییەکان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، بۆیە هێزەکانی پشتگیریی هاوشانی هێزەکانی پێشمەرگە کەوتنە دروست کردنی خاڵەکانی بەرگریی لە گرد و تەپۆڵکەکان و سەرەڕێکانیان، تاکو لەکاتی هێرشدا بتوانین بە کەمترین زیان هێزەکانی ڕژێم بشکێنین.

بۆیە لە کاتی هێرشەکانی ڕژێمی عێراق لە گوندی مەرزیخەی خواروو شەوگێڕی ناوچەی شێخ بزێنی چەند بەرەنگاربوونەوەیەک لە لایەن پێشمەرگە و هێزەکانی پشتگیریی ڕوویاندا بەڵام بە هۆی

زۆری هێزی بێشوماری حکوومەت نەتواترا بەر بە پێشڕەوییەکان بگیرێ.

لە کۆتاییدا هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕژێمی عێراق کۆنترۆڵی گوندەکانیان کرد و ژمارەیەک خەڵکی ناوچەکە دەستگیرکران، پاشان بە چاوساغی جاشەکان بەرەو دۆڵ و قەدپاڵ و شاخ و ئەشکەوتەکان کشان، زۆرێک لە دانیشتوانی ناوچەکان، کە خۆیان لە چەند کیلۆ مەترێک لە دووری گوندەکان لەنێو ڕەز و قامیشەڵانەکاندا حەشاردرابوو دەستگیرکران، لەم پرۆسەیەدا جاشەکان ڕۆڵی بنەرەتیان بینی لەم دۆزینەوەوە و دەرهێنانی دانیشتوانی ناوچەکە، کە خۆیان لە دۆڵ و شاخەکاندا حەشاردابوو، بەتایبەتی قاسم ئاغای کۆیە، لە ڕێگەی بڵندگۆوە بە کۆپتەر بەسەر ناوچەکەدا دەسووڕانەوە بەڵێنی شەرەفیان بە خەڵکی دەدا، کە خۆیان ڕادەست بکەن پارێزراو دەبن، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان لێ ئەنفال کرا.

لە کۆتاییدا بەشێک لەو خانەوادانەی، کە بە پەلەکرۆزێ ڕزگاریان بوو، لە کومەڵگە زۆرەملێکاندا نیشتەجێکران.

لە چاوەڕوانی ئایندەیەکی نادیار ژیانیان دەگوزەراند و چاوەڕوانی دەرکەوتنەوە و ڕزگار کردنی ئازیزەکانیان بوون، بەڵام بێ ئاگا لەوەی، کە هەموو دەستگیر کراوەکان بە دڕندانەترین شێوە لەنێو براون. بۆیە دەکرێ بڵێین تا هەنووکە ئەو دڵەڕاوکێیەی، کە ڕۆژانی بەر لە ئەنفال و لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا دروستیان کرد، تا کۆتایی ژیان لە هزری کەسوکار و دۆستان و خەڵکی ناوچەکەدا دەمێنێتەوە، بە شێوەیەک، کە ئەوانەی پاشماوەی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفال-ن تا کۆتایی تەمەنیان لەنێو ئەنفالی ڕۆحیدا ژیان دەگوزەرێنن، کاریگەریی و نەهامەتییەکانی ئەو چەند ڕۆژە خامە ناتوانێ پێناسەیان بکات.



# ئەدەب

- **گفتوگۆی ئەدەبیی .. گەنگەشەی ڕۆژانە - بەشی دووەم**

گفتوگۆی/ سمکۆ محەمەد

- **توانا و داهێنان .. لەنێوان کاری حیکایەت و دەقی ڕۆماندا**

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

- **بە ڕۆمانکردنی داستان**

کافکاف

- **کورتە چیرۆک .. دوو کڵاوەکەی باوکم**

محەمەد مێرگەیی

- **مانگی تابان خەرمانەی کردبوو**

ئیسماعیل خۆشناو

- **پرسیارە سەرەتاییەکان**

ئەحمەدی مەلا

# گفتوگۆی ئەدەبیی

## گەنگەشەی ڕۆژانە



گفتوگۆی:
سمکۆ محەمەد لەگەڵ
عەباس عەبدوڵڵا یووسف

بەشی دووەم

**له ژمارەی پێشوو یەکەم ئەڵقەی گفتوگۆی ئەدەبی، کە سمکو محەمەد لەگەڵ عەباس عەبدوڵلا یووسف کردوویەتی بڵاومان کردەوە، لەم ژمارەیەو ژمارەکانی دادێش بەشەکانی دیکەی بڵاودەکەینەوە.**

**من بۆ خۆم دەمێک بوو بیرم لەوەها کارێک دەکردەوە، ئەو ئەدیبەی دیاریشم کردبوو کاک عەباس بوو، ئێستاش چەند بڕگەیەکی قسەکانی بە تۆمارکراوی لامە، وەلێ کاتێک لەگەڵ سمکۆ محەمەد ئەو باسەمان هێنایە گۆڕێ، گوتی: من چەند ساڵێکە خەریکی وەها گفتوگۆیەکم لەگەڵی.**

**بێ یەک دوو لەگەڵ کاک سمکۆ ڕێکەوتین ئەو کاری گفتوگۆیە بۆ گۆڤاری دیوان لەئەستۆ بگرێت، عەباس عەبدوڵلا یوسفیش دەستپێک بێت.**

**دوای چەند مانگێک گفتوگۆیەکەی تەواو کرد، بەلای منەوە کارێکی جوان و دانسقە بوو، دەرگا کردنەوەیەکی ئەدەبیی، فیکریی و ڕۆشنبیری پێویستیشە، بەتایبەتی بۆ ئەو سەردەمەی ئێستە، کە هەست بە جۆرێک لە خامۆشیی ئەدەبیی دەکرێت، دەمێکە ئەوجۆرە گفتوگۆیانە لەنێو ڕۆژنامەگەریی کوردیی فەرامۆش کراون، بەپێچەوانەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە ئەودەمانە زیاتر ئاوڕ لەو لەو جۆرە گفتوگۆیانە دەدرانەوە، ئەو وەختی مێزی ئەدیبان، لە ئێستە زۆر گەرموگوڕ تر بوو، ئێستا هێندەی قسە بەهەوادا دەدرێت  هێندە تۆمار ناکرێن و ناخرێنە سەر ڕووپەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئەمە جگە لە خەمساردی شتێکی دیکە نییە.**

**ئێمە لەو گۆشەنیگایەوە ئەو هەنگاوەمان هەڵێنا، پێمان وابوو کاتی ئەوە هاتووە جارێکی دی ئەوجۆرە گفتوگۆیانە بگەڕێینەوە نێو دیوانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی کوردیی، چونکە ناکرێت هەر خەریکی گفتوگۆی شەفەیی بین و لێیگەڕێین بێهوودە ئەو زانیاریی و ڕۆشنبیرییە کەڵەکەبووەی چەند ساڵی ڕابردوو، هەروا بەخامۆشی بمێنێتەوە و نەوەی ئێستەی نێو کایەی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی  لێی بێ ئاگا بن.**

**لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنەمانەوە پێمان باش بوو، بەدەر لەو دیاردانەی لەهەر ژمارەیەک لەگەڵ کەسایەتییەکی دیاری بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیری دەیکەین، ئەم کاری گفتوگۆیەش درێژە پێ بدەین و دوای کاک عەباس  ئاوڕ لە کەسانی دیکەی نێو بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیی و فیکریی بدەینەوە، سمکۆ محەمەد-یش بەخۆشحاڵییەوە ئەو ئەرکەی لەئەستۆ گرتووە و بەردەوام دەبێت.**

**ئێمەش تا گۆڤار بەردەوام بێت بەردەوام دەبین و سڵ لە هیچ شتێک ناکەینەوە، گۆڤاری دیوان دەکەینە ماڵی هەمووان بێ جیاوازیی، ماڵێک بۆ گفتوگۆ و خستنەڕووی ڕاوبۆچوونە جیاواز و هەمەچەشنەکان، لە ئێوە هیممەت و لە ئێمەش خزمەت.**

**سەرنووسەر**

## گفتوگۆی سێیەم

**سمکۆ محەمەد:** بابەتێکی دی، کە پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەیە، تۆ پیاوێکی سیاسیی بوویتە، کەسێکی نزیک لەبزووتنەوەی چەپ و شیوعییەکان، بۆ نموونە بڕوات بەو بەرەیەی دیموکراسیی هەبوو، کە حزبی شیوعی و حزبی بەعس پێکەوە هەیان بوو، لە هەمان کاتدا خەڵکیشیت هانداوە نارازی بن لە حکومەت، بخوێننەوە و بچنە دەرەوە بۆ شاخ و پەیوەندی بەهێزی سیاسییەوە بکەن، یەکێک لەوانە ئەسعەد ماوەرانی بووە، کە بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە نێو شار و پەشیمان نەبێتەوە، واتکرد  (دەفتەر خدمەی) ی سەربازیی بسووتێنێت، ئەم چیرۆکە زۆر ناوبانگی هەیە و خاوەنی بابەتەکە و برادەرانیشی دەیزانن، ئەگەرچی تۆ لەژێر دەسەڵاتی بەعس ڕاتکردووە و چوویت بۆ شاخ و لەوێش وەک کەسێکی بێلایەن لەبارەگای حزبێک ژیاویت، بەڵام هیچ لەوە ناچێت سیاسیی بووبیت، چونکە سیاسیی بەمانای خاوەن ستایلی تەکتیکی دێت؟

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** ئاخر ئەوە بزانە، کە من کەسی ئایدیۆلۆژیست نەبووم، سیاسەتکردنیش تەنیا ئەوە نییە لەریزی حزبێک بیت، یان دەرکەویت و لە نێویان ناوبانگت هەبێت، سیاسەتکردن ئەوەیە، کە

کاریگەریت لەسەر خەڵک هەبێت، جێدەستت دیار بێت و خەڵک شاهیدی ئەوەت بۆ بدەن، کە کردەوە و چالاکییەکانت چەند سیاسیانە بوونە، من لە دەسەڵات زۆر ترساوم، چونکە زۆر دڵڕەقانە و دڕندانە مامەڵەی دەکرد، بۆیە پێم وابوو سیاسەتکردن و خۆ ڕاگەیاندن و چوونە دەرەوە بۆ شاخ و بەرەی هێزی چەکداریی، هی پیاوی ئازا و نەترس و پیاوی خۆڕاگرە، بەڵام ئێمەومانان لەرێگەی خوێندنی قوتابخانە و قوتابییەوە کارمان کردووە، پێمان وایە، کە قوتابیەکی زیرەک پەروەردە بکەین، واتە سیاسەتمان بۆ میللەت کردووە، یان لانی کەم خیانەت نەکەین، کە بەشێک بووە لەسیاسەت، ئەو چیرۆکەش، کە باسی دەکەی،

سمکۆ محەمەد:
**بڕوات بەو بەرەیەی دیموکراسیی هەبوو، کە حزبی شیوعی و حزبی بەعس پێکەوە هەیان بوو**

عەباس عەبدوڵڵا یووسف:
**من بڕوام بەو بەرەیە هەبوو، کە حزبی شیوعی و حزبی بەعس پێکەوە ئیشیان لەسەر کرد، چونکە خەباتی کۆمۆنیست خەباتێکی شارستانییە، خەباتی چەکداریی لە ناچارییەوە دێت**

زۆربەی برادەران دەیزانن، لەکاتی خۆیدا تراژیدی نەبوو، ئێستە، کە دەیگێڕنەوە بووەتە کۆمیدی و بە زاری ماوەرانیی، خەندەبەخش و پاک و ڕوون خۆشترە من بڕوام بەو بەرەیە هەبوو، کە حزبی شیوعی و حزبی بەعس پێکەوە ئیشیان لەسەر کرد، چونکە خەباتی کۆمۆنیست خەباتێکی شارستانییە، خەباتی چەکداریی لە ناچارییەوە دێت بەلانی کەمەوەش شیوعییەکانی دەپاراست، کە بەرەکە نەما حزبی شیوعی بەناچاریی شاری بەجێهێشت و چووە شاخ، تاکو لە شاخ دووچاری ئەوەبن، کە نموونەی پشتئاشانی لێ بەرهەم هات.

**سمکۆ محەمەد:** باشە ئەی دواتر بۆ نزیک بوویت لە جەماعەتی عەزیز ئەلحاج، لەکاتێکدا ئەو جەماعەتە لە لای خەڵک واناسرابوون، کە بە ڕێگەی شەڕی پارتیزانی و تفەنگ دەیانەوێت دەسەڵات وەرگرن، دەکرێ کەسی سیاسیی ئەو ڕێڕەوە بگرێت؟

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** من خۆم دروشمێکم بۆ خۆم دارشت و پەیرەوم کرد ( حزبییەکی ناحزبیی) مێژووی ئەدەب تەماشای ئەفراندنی نووسەر دەکات، سیاسەتیش تەماشای ڕەوشتی تاکەکەسی دەکات، هەندێک میللەت هەن ناتوانن واز لە نووسەر و هونەرمەند بهێنن و خۆیان لەمێژوودا بەرتەسک دەکەنەوە، لەبەرئەوەی لە مێژوو پایەی داهێنان زۆر زیاتر و گەورەترە، لەشکستی نووسەر، کە وەکو خیانەت ڕەچاو دەکرێ، لەوانەیە ئەو نووسەرانە بەهۆی سیاسەتەوە بار و ژیانیان بگۆڕێت، بەڵام هەیە وانییە، بەکورتی لایەن و هەڵوێستیان وەردەگرن بەهەموو جۆرێک مانای پێدەدەن، ئازادیی ڕادەربڕین پەکی دەکەوێت و نووسەر لەکەدار دەبێت، بۆیە توانیم خۆم لە جەهەنەمی ململانێی سیاسیی بپارێزم.

**سمکۆ محەمەد:** جا باشە کێ زۆری لەنووسەر کردووە بەو ئاراستە و بەو شێوەیە بنووسێت، وەکو ئەوەی، کە زۆر لە نووسەرانی ناوچەکە لەژێر سایەی سیاسەت و بەنەغمەی سیاسیی بابەتیان نووسی، بۆ نەیاندەزانی ئەو جۆرە نووسینانە تەمەنیان کورتە و پەشیمانی لە دوایە؟ نەیاندەزانی نووسین پرۆژەی بیرکردنەوە بۆ ئایندەیە، کە دەبێت خوێنەر هەمیشە کەڵکی لێوەربگرێت، نەک بۆ زەمەنێکی کاتی بێت؟ من لەو بڕوایەدام ئەوە پاساوێکی بێ بنەما و شان خاڵی کردنەوەیە لە ئیلتیزامی ئەدەبیی.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** مادام قسەکە بەو ئاراستەیە ڕۆیشت، کەوابوو ئەم جارە من پرسیار دەکەم، نووسەر هەیە خاوەن هەڵوێست بووە، کاری خراپی نەکردووە و سیاسەتی نەکردووە، کەچی لە کایەی کۆمەڵایەتیدا بەتەنیا ماوەتەوە، بۆچی؟

چونکە گەمەی سیاسەت بازیم نەکردووە، خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی و هۆز و شوهرەت، ئایینی نەبووە، ئەوانەش، کە خاوەنی ئەو کایەیەن، هەرچی خراپ، یان باشیان کردبێت، کەوتوونەتە بەردەم ڕۆشنایی و گلۆپ و دەنگیان بەرزتر بووە و بەرگرییان لە هەڵوێستەکانی خۆیان کردووە، ئەمە لەنێو ڕۆشنبیراندا

زۆر بەئاسانی دەبینرێت، جا با ئەو نووسەرە هەر کارێکی خراپیشی کردبێت، یان نووسەری دەربار بووبێت. لەدوای ڕاپەڕینەوە، جگە لە حزب، کۆمپانیاش هەبووە لەپشت ئەدیب و هونەرمەندانەوە بوون، هەموو کارە خراپە سیاسییەکانی ڕابردووی بۆ کراوە بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕیی، ئەمە ڕووی نادیاری پەیوەندییە ڕاستەقینەکەی ئەدەب و سیاسەتە. کەچی نووسەر و هونەرمەند هەیە جگە لە ئەفراندن و هەڵوێستی ئینسانی، بیری لە هیچ بزووتنەوەیەکی دەرەوەی ئەدەب و هونەر نەکردووەتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئینتیمای بۆ حزب، یان سیاسەتێک نەبووە، بە هەڵبەستە کردوویانە بەحزبی و سیاسیی و لەکەداریان کردووە، تاکو بەناشیرینی لە شوێنێکدا پیشانی بدەن و داهێنانەکەی بزر بکرێت و نەناسرێت. پەیوەندی سیاسەت بەم شێوەیەیە، نەک ئەدەبی سیاسیی بەزمانی ناڕاستەوخۆ، لەڕاستیدا من هەمیشە هزری سیاسیم هەبووە، هەر ئەوەندەیە لە دڕندەیی دەسەڵاتی سیاسیی ترساوم، بەڵێ هەوڵمداوە خەڵک نەچێتە بەر خزمەتی سەربازیی، یان بەلای سیاسەتی دەسەڵاتدا نەچێت، بەشێک بووە لەتێگەیشتنی مەعریفەی سیاسیانەی من، ئەمە جگە لەوەی من ئینتیمای سۆسیالیستی و مارکسیم هەبووە، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، تا ئەو ڕادەیەی، کە عەبەسیەت و فرۆیدییەت و بوونایەتیم (وجودی) و چەندین ڕێچکەی نوێخوازی تێکەڵی یاخیگەرێتی سیاسیی کردووە، بەڵام تەنیا ڕاستەوخۆ سیاسی و حزبی نەبووم، بەهەڵوێست بۆم حسێب نەکراوە، من ڕەنگە دیار نەبم، بەڵام خەڵک دیاربووە و سیاسییە، کەچی کراوە بەکارێکتەرێکی نادیار.

**سمکۆ محەمەد:** ئەم موناقەشەیە کۆتایی نایات، چونکە ئەدەب ئەگەر لەوەزیفەی ئیستاتیکی دوور بخەینەوە، دەبێت باسی لایەنەکەی دیکەی بکەین، کە پەیوەستگەراییە، وەکو ئەوەی سارتەر لە کتێبەکەیدا بە ناوونیشانی (الادب الملتزم) موناقەشەی ئەدەبی کردووە. ئەو پێیوایە ئێمە بەقەد باڵای ڕێژەیی ئەدەبیی بیر ناکەینەوە، چونکە ئەدیب، کە مێژووی وەکو پشتی ڕووداوەکان تەماشا نەکرد، ناتوانێت مەرجە هیومانیستییەکان لە گێڕانەوەدا تەوزیف بکات، بەهای ئەدەب لەهەر چەرخێکدا، گرێدراوە بە تێڕوانینی کارێکتەری ئەدیب، یان کەسی بیرکەرەوە، ئەو دۆخەی، کە دیکارتی تێدابوو، تەنیا کاریگەری سوقرات نەبوو، بەڵکو تێڕامان لەو ئینسانەی، کە وەکو مردوو لەلایەن دەسەڵاتی ئایینی و سیاسییەوە حیسابی بۆ کرابوو، سارتەر بانگەوازی ئەوە دەکات، کە بچین ئەو نیەتە هیومانیستییە بۆ نووسین و ئەدەب بەکار بهێنین.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** پابەندبوونی ئەدەبیی جۆری زۆرە، بەڵام پێموایە پابەندبوونی زەق هەیە و ئەوی دیکەیان نادیارە، یەکەمیان دەق و هونەر لە پێناو پابەندبوونە بەخودی فەزای بیرکردنەوەی نووسەرەکە، چونکە مەرج نییە نووسەرەکە بەرهەمەکەی پابەند بێت، ئەگەر بتوانێت پابەندی سیاسەت نەبێت، مەبەستم ئەوەیە کۆپیکاری سیاسەت بێت، جۆرێکی دیکەی پابەندبوون هەیە، نووسەرەکە ڕۆمانێک دەنووسێت، کە دەربڕی ڕووداوێکی مێژووییە و دەیخاتە بەرچاو، یان لەدەقەکەدا ڕووداوەکە تەوزیف دەکات، ئەمەیان دەمانباتەوە سەر مێژووی ڕووداوەکە، دوو کێشە لە بەردەم ئەو جۆرە کارە هەیە، بەڵام چەند ڕاستە و چەند هەڵەیە ئەوە شتێکی دیکەیە، دووەم تاچەند پەیوەندیدارە بەهونەری دەقەکەوە، لەنێو وڵاتانی خۆرهەڵاتی


سمکۆ محەمەد:

**ئەم موناقەشەیە کۆتایی نایات، چونکە ئەدەب ئەگەر لەوەزیفەی ئیستاتیکی دوور بخەینەوە، دەبێت باسی لایەنەکەی دیکەی بکەین، کە پەیوەستگەراییە، وەکو ئەوەی سارتەر لە کتێبەکەیدا بە ناوونیشانی (الادب الملتزم) موناقەشەی ئەدەبی کردووە**

عەباس عەبدوڵڵا یووسف:

**پابەندبوونی ئەدەبیی جۆری زۆرە، بەڵام پێموایە پابەندبوونی زەق هەیە و ئەوی دیکەیان نادیارە، یەکەمیان دەق و هونەر لە پێناو پابەندبوونە بەخودی فەزای بیرکردنەوەی نووسەرەکە، چونکە مەرج نییە نووسەرەکە بەرهەمەکەی پابەند بێت**

ناوەڕاست پابەندبوونی ساختەبازیی هەیە و تەنیا بۆ هەڵوێست نیشاندانە.

**سمکۆ محەمەد:** من باسی پابەندبوونی ئەدەب دەکەم، هەم لەنێوەوە، هەم لەدەرەوە، بە هەردوو دیوەکەی، هەم هونەریی، هەم هیومانیستی، بۆ نموونە من باسی مەحاڵم نەکردووە، وەکو ئەوەی هەندێک تیۆر هەیە، کە پراکتیک ناکرێن، لەوانەش تیۆرەکەی میرلۆبۆنتی، کە سارتەر باسی دەکات، ئەو باسی هونەری هاوتەریبی لە مۆزیک و شێوەکاریدا دەکات ، بەڵام نووسەر هەمیشە خەمێکی هەیە و لەگەڵ خۆیدا لە هاودژیدا دەژی، کەچی لەگەڵ هەمان ئەو موفرەدانەیە، کە

> سمکۆ محەمەد:
> ***بۆ نموونە سیرڤانتس لە ڕۆمانی دۆنکیشۆت و ویلهێم رایش لە کتێبی (گوێگرە پیاوی بچووک)دا، خەڵک و خودی ڕۆشنبیریش بێ ئومێد دەکەن (تەها حوسێن) یەکەم جار ئەم تێزەی باس کردووە***
>
> عەباس عەبدوڵڵا یووسف:
> ***ئێمە لێرەدا باس لەهەموو جۆرە کاریگەریەکی نووسەر دەکەین، کە داهێنەر بوون، ئەوەی کە بەلامانەوە گرنگە داهێنانەکەیە، دۆنکیشۆت پەیبردن بوو بەرۆژگاری داهاتوو***

خەڵکیش بەکاریدەهێنن مامەڵە دەکات، ئەو قەیرانەی تۆ باسی دەکەیت تەنیا لە ئەدەبدا نییە، بەڵکو لەهەموو کایەکاندا بوونی هەیە، بەڵام خۆ دەبێت نووسەر خەون بەو شتانەوە ببینێت، کە خەڵک بەئاسانی پێی ناگەن، دانتی لەکۆمیدیا، سێرڤانتس لەدۆنکیشۆت و گۆتە لەفاوستدا ئەوکارەیان کردووە، بۆ نموونە نووسەر نابێت ئەوە بنووسێت، کە خەڵک دەیزانێت، دەبێت ئەو شتە بنووسێت، کە خەڵک نایزانن، یان ناتوانن دەریببڕن، من باسی ئەو پەیوەستگەراییە دەکەم، خۆ نەمگوتووە ئەدەب بچێت موبارەزەی سیاسیی بکات؟ تایتڵی موبارەزە مۆدێلی بەسەرچووە.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** هەندێک کەسی داهێنەر و بەناوبانگ لەمێژوو، توانیویانە هەردوو مەرجەکە پەیڕەو بکەن، بۆ نموونە پاپلۆ نیرۆدا وەکو هەڵوێست شاعیرێکی چەپ بوو، وەکو هونەریش هونەروەر بوو، نیرۆدا ڕۆژە ڕەشەکانی ململانێی فاشیزم و دیموکراسی و پێشکەوتنی بینی، تا دوا هەناسەش لایەنگری سلڤادۆر ئەلەندی بوو، هەیە لە ناوەوە بایەخ بەخۆی و ئەدەبەکەی دەدات، ئەم جۆرە پابەندبوونە دوولایەنەیە و بەدوای ئەنجامێکی تەبادا دەگەڕێت، وەکو جێمس جۆیس لە ڕۆمانی یۆلیسیس، ئەم ڕۆمانە وەکو هزر و وەکو (ڕووداو)ێک بە زەمەن کورت و بە جووڵە و ڕەفتار جەنجاڵە، بەم ڕۆمانەش توانی ستایلێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، کە بریتییە لە دارژانی هۆش.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام پێچەوانەکەشی هەیە، بۆ نموونە سیرڤانتس لە ڕۆمانی دۆنکیشۆت و ویلهێم ڕایش لە کتێبی (گوێگرە پیاوی بچووک)دا، خەڵک و خودی ڕۆشنبیریش بێ ئومێد دەکەن (تەها حوسێن) یەکەم جار ئەم تێزەی باس کردووە، کاریگەریشی لەسەر خوێنەری عەرەب هەبووە، بەتایبەتی ڕەتکردنەوەی ئەدەبی جاهیلیی، کە هەموو ڕۆشنبیر و مەلاکان و نووسەرانی هێنایە قسە و بەرگریان لەئەدەبی جاهیلیی کرد، ئەمە جۆرە پەیوەستگەراییەکە، هەموو کەس پێی ناگات، بەڵام خۆ نەجیب مەحفووز و مەحموود دەروێش و محەمەد ماغووت، هەرچەند بەزەقی قسەیان کردووە و ئەدەبیان پێشکەشی خوێنەر کردووە، کەچی کاریگەریەکی وەهای نەبووە و لەجیهاندا دەنگ بداتەوە، تەنیا نەجیب مەحفووز نەبێت نۆبڵ-ی وەرگرت و ناسرا.

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف:** ئێمە لێرەدا باس لەهەموو جۆرە کاریگەریەکی نووسەر دەکەین، کە داهێنەر بوون، ئەوەی کە بەلامانەوە گرنگە داهێنانەکەیە، دۆنکیشۆت پەیبردن بوو بەرۆژگاری داهاتوو، داهێنانێکی ئیسپانی تۆمارکرد، بوو بە داستانی میللەتێک، لە دۆنکیشۆتدا ڕەخنەگری چەپ، بە ڕاستەوخۆیی هەموو پێکهاتە سیاسییەکان جیاجیا کەڵکیان لێوەرگرت، ئەگەر بنووسرێت هەر یەکەیان جۆرە دیدێک وەردەگرێت، لەمەدا دەتوانین بڵێین ئەو دەقانە کانییەکی نەمرن بۆ لێدوان، میللەتانی دونیاش لەو جۆرەیان هەیە، بەڵام نەبوون بەئەدەبی دابڕان

و بەدیلی ئەدەبیی خۆراوایی، چونکە ئەوان خۆیان، هەم موڵکی خۆیانن، هەمیش خۆرهەڵات بەموڵکی خۆیان دەزانن، بۆیە بە ئاشکرا کەڵک لە کەلەپووری خۆرهەڵات وەردەگرن و بەناوی مۆدێرنەشەوە بە تاڵانیی دەیبەن، خۆ ئەمە ئیدوارد سەعید باسی کردووە.

## گفتوگۆی چوارەم

**سمکۆ محەمەد:** زۆر لەنووسەران بەناوی خوازراو شت دەنووسن، هەریەکەیان بیانوویەکی هەیە بۆ کات و سەردەمەکە، بۆچی تۆ کاتی خۆی بەناوی سیروان و باوکی دۆتمێر شتت نووسیوە؟ ئەوە لە ترسان بووە یان بۆ پاداشت؟ چونکە هەندێکیان لەسەروەختی دۆخی ئاسایی بوون، تۆ چەند ناوێکت هەبووە، بەم ناوانە شتی سیاسیت نووسیوە، کە خەڵک هەیە بەگومانەوە باسی ئەو ناوانە دەکەن، کە لەژێر ناوەکە وتاری سیاسیی نەشیاو نووسراوە؟ من ئەمە بە کێشەی نووسین دادەنێم.

**عەباس عەبدوڵلا:** نووسین بەناوی سیروان چەند بابەتێک بوو لەئەدەبیاتی حزبی سۆسیالیست لەشاخ بڵاوبووەتەوە، ئەوکات بەڕێز (عەبدولخاق زەنگەنە) لە سووریا چەند بابەتێکی نارد، کە لەسەردەمی سۆڤیەت نووسرابوون، منیش هەندێکم کردە کوردیی و لە ڕۆژنامەکەیان بڵاوکرایەوە، نهێنی ئەوەیان پەیڕەوێکی باوی نێو نووسەرانی حزبەکان بوو، بۆیە بە ناوی سیروان-ەوە بوون، چونکە نەدەکرا بە ناوی خۆم بڵاوی بکەمەوە، بزانن لە هەولێر کێشە و ئازار بۆ خێزانەکەم دروست دەکەن دواتر خۆ لەشاخیش نەبووم، تاکو نەترسم و بە ناوی ڕاستەقینەی خۆمەوە بڵاویان بکەمەوە. بابەتەکانی دی بەناوی باوکی بەهاناس بڵاوبوونەتەوە ئەدەبیی بوون، ئەوە پەیوەندییان بەکارەوە هەبوو، چونکە من لە ڕۆژنامە و گۆڤاریش کارم کردووە، چەند بابەتێکم لە یەک ژمارەدا بڵاودەکردەوە، بۆیە نەدەبوو لە یەک کاتدا چەند بابەتێک بە ناوی خۆم بێت، ئەوەیە نهێنی ئەو ناوانە، بەڵام شتی دیکەم بۆ سیاسەت نەنووسیوە، بەناوی سیروان-ەوە.

**سمکۆ محەمەد:** کێشەیەک هەیە لە دونیای ئەدەب، ئەویش بریتییە لە نەگەیاندنی پرسی ئەدەب لەمیدیادا، بۆ نموونە کورد لەهەموو بوارەکاندا ڕۆژنامەنووسی هەیە، تەنیا لەبواری ئەدەبیدا ڕۆژنامەنووسی نییە، چونکە مەعریفەی ئەدەبییان نییە، تیۆری ئەدەبیان نەخوێندووەتەوە، چاوپێکەوتنی ئەدەبیی جیهانییان نەخوێندووەتەوە، یان بەمانایەکی دی ناخوێننەوە، تاکو پرسیار بکەن، من ئەم کێشەم تەنانەت لەو شاعیرانەشدا بینیوە، کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ شاعیرێکی دی کردووە و لەچەند پرسیارێکی سادە بەولاوە، هیچ پرسێکی ئیحراج، یان قووڵیان نەورووژاندووە تاکو موناقەشەی بکەن. ئەدیبی کورد تا ئێستە هەستیان بەم گرێیە نەکردووە.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** گۆنتەرگراس ڕۆمانووسی ئەڵمانیی لە نووسینێک، کە ڕووی لە نووسەرێکی سەرپەرشتیاری لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکە دەڵێت: (کتێب

سمکۆ محەممەد:

**دواتر بۆ نزیک بوویت لە جەماعەتی عەزیز ئەلحاج، لەکاتێکدا ئەو جەماعەتە لە لای خەڵک واناسرابوون، کە بە ڕێگەی شەڕی پارتیزانی و تفەنگ دەیانەوێت دەسەڵات وەرگرن**

عەباس عەبدوڵڵا یووسف:

**مێژووی ئەدەب تەماشای ئەفراندنی نووسەر دەکات، سیاسەتیش تەماشای ڕەوشتی تاکەکسی دەکات**

نمایش کردن پێویستی بە جوان خوێندنەوەیە، نەک خوێندنەوەیەکی سادە و لابەلا)

ئەمە پێمان دەڵێت (لاپەڕەی ئەدەب) بەدەست ئەو ڕۆژنامانەیە، کە ئەو لایەنەی بەڕێوەی دەبات و نووسەرەکەش خۆی بە پاشکۆی ڕۆژنامەکەی دەزانێت، نەک لاپەڕەی جددی وەکو لاپەڕەکانی سیاسەت و ئابووریی و بۆیە ئەو ڕۆژنامەنووسە، کە لەو لاپەڕەیە کار دەکات، بەهۆی ئەوەی پەراوێزی ڕۆژنامەکەیە ئاوهاش ڕۆژنامەنووسەکە پەراوێز خراوە، خۆشی ناخوێنێتەوە تاکو ببێت بەکەسێکی ناسراوی دونیای ئەدەب، هەروەها بەشێکی زۆری ڕۆژنامە و میدیا پسپۆڕی ئەدەبیی پێویست نییە، تاکو کەسانێک بتوانن بێ لایەنگیریی، یان دژلایەنیی


بنووسن و پرسیار بکەن.

**سمکۆ محەمەد:** بەڵام ئەمە لەگۆڤارەکانیش و لەخودی ئەو کتێبانەشدا، کە تایبەت بوونە بە چاوپێکەوتنی ئەدەبیی هەمان دیاردەن، خۆ ئەگەر جاربەجار ببینین چاوپێکەوتنێک پرسیاری باشی تێدا ورووژێنرابێت، ئەوا شاعیر، یان ڕۆماننووسەکە خۆی پرسیارەکانی داڕشتووە، وەکو ئەوەی هەستی پێ دەکرێ، کە خۆی چاوپێکەوتنی لەگەڵ خۆی کردبێت.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** بەشی زۆری ڕۆژنامەنووسەکان ئەو توانایەیان نییە، یان بەئەنقەست ئەو لاپەڕەیە بەلاڕێدا دەبەن و ناشیرینی دەکەن، تاکو بە ڕای گشتیی بڵێن ئەم توێژە نووسەرە تواناکەیان ئەوەندەیە، چونکە ئەسڵەن ڕۆژنامەکە بیر لە کوالێتی ئەو بوارە ناکاتەوە، چونکە نازانێ ئەم چاوپێکەوتنە دەرچێتە نێو ئاستی ڕۆشنبیری نەتەوەکەی، سەرپەرشتیاری لاپەڕە هەیە دوژمنکارانە مامەڵە لەتەک ئەم بابەتە دەکات و خراپ دەیخاتە بەر دیدی خوێنەر، وەها بەزەلیلی نیشان دەدات، کە خوێنەریش دووربخاتەوە لە خوێندنەوەی ئەدەب، هەندێک کتێب زۆر بە باشی نمایش دەکات، کەچی لە بەرانبەردا کتێبی زۆرباش هەیە، بە خراپ نمایش دەکرێت، بەهەر دوو ئاراستەکە کار دەکات، تاکو خۆی بێ بەری بکات لەو دیاردەیە. ئاراستەیەکی دی هەیە شاعیر، یان ڕۆماننووسەکە تەنیا مەدحی خۆی دەوێ، پرسیاری ڕەخنەیی پێخۆش نییە، ئەگەر وەکو کاڵا و شتومەک ڕێکلامی بۆ نەکرێت، تووڕە دەبێت و لەشوێنی دی شکات دەکات، چونکە شارەزای تیۆری ئەدەبیی نییە، ئەو بوارەی نەخوێندووەتەوە و نازانێت تیۆرێک هەیە بە ناوی تیۆری ڕۆماننووسی.

**سمکۆ محەمەد:** من لەوە باش تێدەگەم، چونکە هەمیشە و ڕۆژانە لەگەڵ ئەو بابەتە بەریەک دەکەوم، نووسەری کورد ئامادە نییە قووڵ بیر بکاتەوە، ئامادە نییە پرسیاری فیکری لێبکرێت، ئامادە نییە ڕەخنەی لێبگری، چونکە لەوە تێنەگەیشتووە ڕەخنە و ڕەخنەگرتن بەرەنجامی سیستەمە، بۆیە، کە هەرکات موناقەشەیەک دەکەیتەوە، یان ئەوەتا سادە دەکرێتەوە و بەهای موناقەشەکە لەنێو دەبەن، یان ئەوەتا دەیکەن بەگاڵتەجاڕی، هەر ئەوەی لە دونیای ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی کوردیدا تەنیا کۆڕی موجامەلەیی هەیە، کۆڕێک نییە بۆ موناقەشەیەک لەسەر تیۆرێک، لەسەر ستایلێک، لەسەر فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی نووسین، یان پرسیار کردن لەوەی بۆچی ئەدەبی کوردیی چەقیوە و پێش ناکەوێت و تێکەڵ بە ئەدەبی جیهانیی و نزیکەکانی خۆی نابێت؟ من زۆر لەمێژە هەستم بەو کێشەیە کردووە و دەشزانم هۆکارەکانی چین، یەکێک لە هۆکارەکانی بەشداری نەکردنی دونیای فیکرە لەپاڵ ئەدەبدا، یەکێکی دی ئەوەیە، کە زۆربەی ئەدیبانی کورد نازانن لەنێوان خوێندنەوە و نووسیندا سپەیسێک، یان مەودایەک هەیە ئەویش بیرکردنەوەیە، بۆیە کە ڕۆمانێک دەخوێننەوە، یان دیوانێکی شیعریی بیانی دەخوێننەوە، ڕێک دەکەونە ژێر کاریگەریی و دەینووسنەوە، بەبێ ئەوەی ئاگایان لەوەبێت ئەو کاریگەرییە دیارە، چونکە لە موناقەشەدا دەردەکەوێت، کە بۆچی ناتوانێت بەرگریی لەو بیرکردنەوەیە بکات؟ کێشەی خراپ نووسینیش لە دونیای ئەدەبیی کوردیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نووسەری کورد بە شێوەیەکی گشتیی، کە دەخوێنێتەوە نازانێت پنتێک هەیە پێی دەگوترێت بیرکردنەوە، ئیدی کە یەکسەر دەنووسن دەبنە کۆپی ئەو دەقەی پێشتر خوێندوویانەتەوە.

**عەباس عەبدوڵلا یووسف:** وەک دیارە من بەش بەحاڵی خۆم جیاوازم، ئامادەم لە هەموو بوارەکان موناقەشە بکەم، چونکە کتێبی زۆرم لەسەر تیۆرە ئەدەبییەکان خوێندووەتەوە، بەئاگاییشەوە دەزانم بۆچی بەو ستایلەی خۆم دەنووسم؟ بۆچی (تاکدێڕی) م هەڵبژاردووە؟ چونکە دەزانم کاریگەرییەکی هزر و تەکنیک لەپشت ئەو (تاکدێڕی)یانەوە هەیە، دەزانم ئەدەب بەبێ ڕەخنە و موناقەشە و بیرکردنەوە لە ڕەهەندە قووڵەکان، جگە لە ئەدەبێکی سەتحی و ئاسایی، شتێکی دی نییە، هەرکەسێکیش بەرپرسە لە ئاستی تێگەیشتنی خۆی: ئاستی بەرگریکردن لەپرسە ئەدەبییەکان و ستایلی نووسین، من هەمیشە لە کۆڕەکان ڕەخنە دەگرم، ئەگەر هیچ نەبێت لە بواری لانگویستک، واتە زمانەوەریی قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەم، کە خاوەن کۆڕەکە باسی دەکات، چونکە ژیانی ئەدەبیی بەبێ ڕەخنە، پووچە و تەلقینی مردووە.



عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

# توانا و داهێنان

## لەنێوان کاری حیکایەت و دەقی ڕۆماندا

**پێشەکی:**

ئەگەرچی لە سەردەمی تەکنۆزانست و هەڵگەڕانەوەی مرۆڤی نوێ، دەق و کاری ئەدەبیی و جۆرەکانی حیکایەت و ڕۆمان ئاوێتەی یەکدین و ناتوانین پێوەرێکی نۆرماڵ و تا ئەندازەیەک نزیک لە گۆڕانکاری بۆ جیاکردنەوەیان بدۆزینەوە، چونکە وەک دەزانین دەقی گێڕانەوەکان بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە بە شێوەیەکی مێژوویی دەرکەوتوون، پلە بە پلە و بە شێوەی جۆراوجۆر گەشەیان کردووە. دواتر هەموویان لە هونەری سینەمادا توانەوە!

سینەما وەک دیاردەیەکی سەر بە ئەفراندن، نەک شوێنی نواندنەوە، وەک (دۆلۆز) جەختی لێدەکاتەوە، ئەفراندنی سینەمایی شوێنی نواندنەوەی نەست و دەرکەوتە نەستییەکان نییە، بەڵکو ژانرێکی جیهانیی فرە ڕەهەند و فرە چێژی مەعریفە و بینین و دونیابینی سەردەمە.

بە کورتی ئەمڕۆ ژانرەکانی ئەدەب و حیکات و ڕۆمان و خەیاڵەکانی گێڕانەوە بە هەموو ناونانەکانیانەوە هیچ جیاوازییەکی فۆرمالیان لە نێواندا نەماوە. جگە لە جیاوازیی داهێنان و دونیابینی و مەعریفەی فرە ڕەهەندی و شیعرییەت و تەکنیک.

بەگشتیی لەم نووسینەدا هەوڵم داوە بەدواداچوونێک بۆ جیاوازیی (توانا)کانی گێڕانەوە لە کاری حیکایەت و (داهێنان)ی تەکنیکی لە دەقی ڕۆماندا بکەم

(١)

(توانا)ی حیکایەتخوانیی لە (هونەر)ی دووبارە گێڕانەوەدا خۆی دەبینێتەوە، حیکایەت شوێنی لە دایکبوونی زاری خەڵکە! حیکایەت لە ڕێی جووڵەی خۆبەخۆی دووبارە گێڕانەوەوە، دەوڵەمەندی و جیاوازییەکانی ژیان بەرەو وشکبوونەوە دەبات! چونکە هەڵگری گوتارێکی بازنەیی تەواو یەکڕەنگ و داخراوە.

ئەگەرچی هونەری دووبارە گێڕانەوە لای گوێگرانی لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوکاتە کاڵ دەبێتەوە و ون دەبێت، کە چیدی ناتوانێت چنینی دیکە بۆ گوێگرەکانی لەوەی، کە هەیە زێتر پەرە پێ بدات؟! بەو مانایەش ئەوەی (ڕۆمان) لە (حیکایەت) جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە (داهێنان)ی ڕۆمان بۆ کەلەپوری زارەکیی ناگەڕێتەوە! جووڵەی هونەری ڕۆمان بە ڕووی ژیاندا فرە ڕەهەندە و هەڵگری گوتارێکی کراوەی کەلێندارە، شوێنی لە دایکبوونی ڕۆمان بە تەنیا تاکە کەسە، (سوبێکتە)!

یەکەمیان بە توانای دووبارەکردنەوەی جووڵەی (خۆبەخۆ) و زانینی موتڵەقەوە بەندە، دووەمیان بە داهێنانی پرسی (نە-هەموو) و چەمکی ئەویترەوە دەلکێ! لە بەدواداچووندا (جیاوازییەکانی حیکایەت و

ڕۆمان) دەکەونە نێوان دەعبای زانینی موتڵەق و زانینی تەواو بەتاڵ.

**(٢)**

جیاوازییەکانی نێوان (داهێنان- creation) و (توانا- ability) ئەوەیە، کە داهێنان ناکەوێتە دەرەوەی تواناوە، بەڵام دەشێ بەکارهێنانی توانا، داهێنان نەبێت؟! وەک چۆن لەو خاڵانەی خوارەوە دەبینرێت:

١- لە داهێناندا، خود خۆی دەشارێتەوە، بەڵام لە بەکارهێنانی تواناداا خود خۆی بەرجەستە دەکات.

٢- لە داهێناندا بەرهەم هێنانی فیکر دەبێتە شوێنی تێرامان، لە بەکارهێنانی توانادا هێزی دەربڕین دەبێتە شوێنی سەرنج.

٣- لە داهێناندا مەبەست ئاشکرا نییە، لە بەکارهێنانی توانادا مەبەست ئاشکرایە.

٤-داهێنان خاوەنداری ناکرێت، توانایی خاوەنداری دەکرێت.

**(٣)**

کاری گواستنەوەی حیکایەت بۆ ڕۆمان، دەکەوێتە نێوان (گوتراو) و (نووسراو)ەوە، ئاخاوتن و وشەوە. ئاخاوتن وەک جێگرەوەی ساکارانەی شتەکان تەماشا دەکرێ، وشەکان وەک بکوژی شتەکان (وشە ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکی دیاریکراو نییە)

لە سەردەمی هەڵگەڕانەوەدا وشەکان هەوڵدەدەن تەمومژ و وەهم و پیرۆزیی ئاخاوتن دابماڵن، چونکە هەتا دوێنێ ئاخاوتن وەک سێنتەری چارەی دەروونشیکاری و پەروەردەی دەروونشیکاران ئەژمار دەکران، بەڵام ئەمڕۆ دونیای وشەکان دونیای شتەکان دادەهێنن!

دووبارە کردەی گۆڕینی حیکایەت بۆ گێڕانەوەی ڕۆمان، کردەی تێکشکاندنی دونیابینی و کاتێکی تایبەتە بۆ دونیابینی و داهێنانێکی دیکەی جیاواز! کردەی تەرجوومەکردنی منی حیکایەتخوانە، بۆ منی نووسەری ڕۆمان! کردەی گۆڕینی حەکمێکە، کە ڕاوێژی بۆ گەلێک هەلومەرج لە حیکایەتدا هەڵگرتووە، بۆ نووسەرێک، کە هەڵکشان و بەرزبوونەوەی حەز و ئارەزوو بۆ زانیاری و گەیشتن و سەرکەوتنی چاپەمەنی.

سەرهەڵدانی جەماوەریبوونی ڕۆمان، وەک واڵتەر بنیامین (Walter Benjamin ١٨٩٢-١٩٤٠) دەڵێت: زانیاری و ڕۆمان پێشبڕکێی ئەوە دەکەن، ببنە جێگرەوەی حیکایەتخوانیی! (بڕوانە تۆفانێک، لە بەهەشتەوە هەڵدەکات- دەروازەیەک بۆ هزری واڵتەر بنیامین، نووسینی پێشڕەو محەمەد، ل١٥).

**(٤)**

حیکایەت هەمیشە دووبارە دەکرێتەوە، ئەوەش وامان لێ دەکات لەبیر نەکرێت، ئەو لەبیرنەکردنە جۆرێک لە ئەبەدییەت بە حیکایەتخوان و گێڕانەوە دەبەخشێت!

بەڵام ڕۆمان یەکجارە و بە تەنیا دەخوێنرێتەوە! ئەزموونەکانی ڕۆمان، ئەزموونی تەنیایی و جیاوازیی و گۆشەگیریین، خوێنەری ڕۆمان مرۆڤێکی ناسکە، لە ژێر ئاسمانی پەڵە هەورێکی چڵکندا دەژی، کە بەرگەی ناگرێ! (بنیامین) لە وتارەکەی دەربارەی چەمکی مەرگ و ئەزموونی مەرگ لە نێوان حیکایەتخوان و گێڕانەوەی ڕۆماندا دەڵێت: حیکایەتخوان دەسەڵاتی خۆی (ئەبەدییەتی) لە مردنەوە وەردەگرێت، بەڵام لە ڕۆماندا مرۆڤ بە تەنیا دەمرێت!

**(٥)**

بە بڕوای من کاری تەرجومەکردنی حیکایەت بۆ ڕۆمان لە لای (نووسەری داهێنەر) هەمیشە پابەندی خەیاڵی زمان و دونیابینی سەردەم و زانیاریی و چیگوتن و جوانگوتنە. بەشێوەیەکی گشتیی دەشێ (خەیاڵی

> ***حیکایەت شوێنی لە دایکبوونی زاری خەڵکە! حیکایەت لە ڕێی جووڵەی خۆبەخۆی دووبارە گێڕانەوەوە، دەوڵەمەندی و جیاوازییەکانی ژیان بەرەو وشکبوونەوە دەبات! چونکە هەڵگری گوتارێکی بازنەیی تەواو یەکڕەنگ و داخراوە***

نووسینەوەی ڕۆمان) پابەندی (ئازایەتی پاڵەوان و سەلیقەی حیکایەتخوان بێت) ئەوەش ئەو کاتەیە، کە تێیدا پاڵەوانی حیکایەت دەبێت بە منی کاراکتەری سەرەکی ڕۆمان.

لە میکانیزمی ئەو کردەیەشدا لە بری خۆشەویستی پاڵەوانی حیکایەت، پێویستە منی نووسەر خۆشویستراوێک بۆ خۆی وێنا بکات، دەشێ ئەو خۆشویستراوە بکەوێتە نێوان ئازایەتی پاڵەوانی حیکایەت (بۆ گوێگرانی) و داهێنانی منی نووسەر (بۆ تەکنیک) ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە لە گۆڕینی حیکایەت بۆ ڕۆمان (نەشوێنی) منی کاراکتەری ڕۆمان بکەوێتە بەرانبەر (شوێنی) منی پاڵەوانی حیکایەتخوان.

کەواتە لە پرۆسەی گواستنەوەی کاری حیکایەت بۆ تێکستی ڕۆمان، نووسەری ڕۆمان لە ڕێگەی زمانی خوێنەرانەوە زمانی خۆی دەکاتەوە، حەز و سەلیقە و هەستەکانی خۆی سەبارەت بە کاری حیکایەت، بۆ تەکنیکی ڕۆمان بەرز دەکاتەوە. وەک چۆن حیکایەت بە سەلیقە و حەزی ئاخاوتن و گێڕانەوە بەندە، نووسینەوەی ڕۆمان-یش پابەندی حەزی نووسین و خەیاڵی زمان و جوانی وشە دەبێ! حیکایەتخوان جەوهەری حیکایەت و سەلیقەی گێڕانەوە لە ڕێگەی حەزەکانی ئاخاوتن و بەدواداچووندا پەرە پێ دەدات، بە هەمان شێوە ڕۆماننووس حەزی وشە و تەکنیکی ڕۆمان لە ڕێگەی دونیابینی سەردەم و زانیاری و خەیاڵی زماندا دادەهێنێ! بەڵام جیاوازیی نێوان حیکایەتکردنی ڕابردوو و داهێنانی ڕۆمان، گواستنەوەی گوتراو و دۆزینەوەی نەگوتراو، ئەوەی حیکایەت دەیزانێ و ئەوەی ڕۆمان دەینووسێتەوە ئەوەیە، کە (سەربابی حیکایەت) گشتە و (سەربابی ڕۆمان) تاکە.

یەکەمیان سەرچاوەی حەزی (کۆمەڵایەتییە-گشتییە -سۆسیبڵ- sociable) و دووەمیان سەرچاوەی ئازاری (من - ئیگۆ- سوبێکت- subject)ە.

**بە بڕوای من کاری تەرجومەکردنی حیکایەت بۆ ڕۆمان لە لای (نووسەری داهێنەر) هەمیشە پابەندی خەیاڵی زمان و دونیابینی سەردەم و زانیاریی و چیگوتن و جوانگوتنە**

(٦)

حیکایەت چەسپاندنی دەربڕین (ئەو شتەی لە ناوەوە دێت)ی حەزەکانی خۆ بەخۆیە! ڕۆمان جێگۆڕکێی دال (ئەو شتەی کە سوبێکت بۆ داڵێکی دیکە دەنوێنێتەوە)ی حەزەکانی ئەویترە!

واتە پەیوەندی ئاخاوتنی حیکایەت بە گوێگردایە و پەیوەندی نووسینەوەی ڕۆمان بە خوێنەری جیاواز، یەکەمیان نواندنی سنوورێکی داخراوی زمانە، دووەمیان نواندنی سنوورێکی ئازاد! لە پەیوەندی سنورداردا زمان پارێزگاری لە هەر هەوڵێک دەکات، کە ئاگایانە ئاسۆی پێشبینییەکان بگۆڕێ، لە پەیوەندی ئازادانەدا زمان ئازادە لە هەر هەوڵێک، کە ئاگایانە و نائاگایانە ئاسۆی پێشبینییەکان بگۆڕێ! لە یەکەمیاندا زمان بریکارە، بەو مانایەی کە خۆبەخۆیە! لە دووەمیاندا زمان شوێنەوارە، بەو مانایەی، کە درز و پێچە! دەمەوێت بڵێم حیکایەت گوێگرێکی یەکگرتوو بۆ خۆی پێکدەهێنێ و ڕۆمان کۆمەڵێ خوێنەری جیاواز لە خۆی کۆدەکاتەوە.

حیکایەت ناهێڵێ ئاخاوتن ببێ بە ئاماژە و دالی نوێ، بەڵام ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئاماژە و مەدلولی داتاشراو بەرهەم بێتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی ئەوەی بەردەوام هەوڵ دەدا دەربڕینی ڕەوانبێژی لەناونەچێ. ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەوانە، لە نووسینەوەی ڕۆماندا پێچەوانە بکەونەوە.

# بە ڕۆمانکردنی داستان



کافکاف

کوردەواری دارماڵە لە داستان، داستانی قارەمانێتی، ئەویندارى، قارەمانێتی ئاوێزان بە ئەویندارى، بە ئۆلدارى. زۆر لەو داستانانە لە ڕێی لاوک و حەیران و بەیتەوە بە زیندوویێتی ماونەتەوە و تۆمارکراون و دەیانبیستین. داستاندۆستان چێژ و کەڵکیان لێ وەردەگرن. زۆری ئەو داستانانە کەرەستەی خۆشەکراون بۆ چیرۆک یان ڕۆمان، بەڵام چۆن؟

تۆ بێیت داستانێ بهێنی، وەکوو خۆی، یان بە دەستکاری کەمەوە، بە پاش و پێشکردن، بە گۆڕینی هەندێک ناو و شوێنەوە بیانگێڕیەوە، بە داڕشتنێکی پتەو، بە زمانێکی بەرز و ڕەوان و ئەدەبیی بینووسییەوە، ئەوە هیچت نەکرد، نەبووە ڕۆمان. ڕۆمان ئەوە نییە. ئەدی چۆن دەبێتە ڕۆمان؟

بەر لە هەر شتێک پێویستە کەسایەتییەکانی نێو داستان لە داستانەکە وەرگرییەوە، لە دیرۆکیان وەرگرییەوە، بیانکەیتە هی خۆت، بە شێوەیەک بیانگۆڕی، داستانەکە نەیانناسێتەوە، یان شێوەیان بکات، هەوە، هەو نییە! واتە بیانکەیتە کەسایەتیی ڕۆمان. ڕووداوەکان نەک هەر هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکەیت، پێویستە ڕووداوی نوێ، ڕووداوێ ڕووینەدابێ دابهێنی، هەڵبەتە ڕووداوی دەستکردی ئاسایی نا، ڕووداوی وا نا کە لە

ڕووداوە ڕاستەقینەکان بچێ، بەڵکوو ڕووداوێ لە خەیاڵی داهێنەرانەوە سەریکردبێ، ئاخر دوو جۆر ڕووداوی خەیاڵی هەیە، یەکیان درێژکراوەی ڕووداوی ڕاستەقینەیە، کە ناچیتە چێوەی خەیاڵی ئەدەبیی. ئەوی دی ڕووداوی خەیاڵی ئەدەبیی، خەیاڵی داهێنەرانە. کۆتایی ڕۆمانیش، کۆتایی داستانەکە نییە، دەکرێت بە شێوەیەک بێت، هەرگیز بیرت بۆی نەچووبێت. دەکرێت گۆڕان لە شوێنیش بکرێت، لە شوێنی دیاریکراوی داستانەکە نەمێنیتەوە و شوێناو شوێن بکەیت. ڕەنگبێ ئەوەی باش نەبێ دەستی دەستکاری بگاتێ، کاتە، کاتی ڕوودانی داستانەکە.

بە ڕۆمانکردنی داستان وەک هەندێک تێگەیشتوون، ئاسان نییە. زەحمەتتر نەبێ، ئاسانتر نییە لە ڕۆمانێک، کە کەرەستەکەی لە داستان و ڕووداوی دیرۆکییەوە وەرنەگیراوە. داستان کەرەستەیەکە بۆ ڕۆماننووس، بەڵام پێویستی بە کەرەستەی دیکە هەیە، کەرەستەی نێو خەیاڵی ڕۆماننووس، لێک گرێدانی ئەو دوو کەرەستەیە لە دەستی هەموو ڕۆماننووسێ نایێ، ڕۆماننووسی خۆی دەوێ. ئەوجا هەڵبژاردنی گێڕەرەوە، گۆڕین لە تاک دەنگییەوە بۆ فرە دەنگی، دونیابینی پشت ڕۆمانەکە، پەیامیش، پەیامی جوانییش لەوێ بوەستن.

من لەو بوارەدا هەندێک هەوڵم هەیە، دیارە نەک ماف بە خۆم نادەم، ناشتوانم ڕۆمانی خۆم هەڵسەنگێنم، ئەوە بۆ ڕەخنەگری بەتوانا و ڕۆمانناس و خوێنەری وردی ڕۆمان بەجێ دەهێڵم. بۆ کەسانێک نا، بەر لەوەی بیخوێننەوە، بڕیاری خۆیان داوە. بۆ کەسانێک نا، لە ڕۆمان و هونەرکارییی ڕۆمان شارەزا نین و لە بارەی ڕۆمانەوە قسان دەکەن و دەنووسن، بە هەردوو باردا: یان پێیدا هەڵدەڵێن، یان پێیدا دێنە خوارێ. بۆ کەسانێک نا کە. بۆ بەرچاو ڕوونی، بۆ ئەوانەی ئەو جۆرە ڕۆمانە بە دووبارە نووسینەوەی داستان تێگەیشتوون، لەملاولا قسەی نابەرپرسانە دەکەن، لێرە پێویست ناکات قسەکانیان بنووسمەوە. هێندە دەڵێم:

ستی و کەریمی نێو (مایەنەشێی ستی) ئەو ستی و کەریمە نییە، کە لە نێو بەستە بیستووتانە. بەستەبێژان بیخوێننەوە نایناسنەوە. مریەم و حەسەنی نێو (حەسەن و مریەم- داستانی بەستی هەنگوین) ئەو حەسەن و مریەمە نین، کە لە لاوکێک ناسیوتن و کەسێک بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاویەتیەوە. دەروێشی (دەروێشی ئەڤدی- داستانی کوڕژنێ لە خوێنەوە) کوا ئەو دەروێشی نێو لاوکانە؟ زەنبیل فرۆشی نێو( زەنبیل فرۆش - داستانی....) ئەو زەنبیل فرۆشە نییە، کە بیستووتە و خوێندووتەوە.

ڕۆمان ڕۆمان بێت بە زانینی چۆن کۆتایی هاتنی، خوێندنەوەی بەتاڵ نابێتەوە، ڕۆمان هەیە چەند جارێ دەیخوێنیتەوە و چێژ لە دەست نادات. بیستنەوە جێی خوێندنەوە ناگرێتەوە. هێ لەوە وەک گوتم ڕەنگبێت کۆتاییەکە بەو شێوە نەبێت، کە تۆ دەیزانی! ڕۆماننووس کاتێک داستان دەکاتە ڕۆمان، بابەت دەبێتە هی خۆی، دەبێتە بابەتێکی ئێستە و ئایندە، بە باکردنی کای کۆن نییە.

ڕۆماننووس، ئەو زمانە، یان ئەو زارەی پێی دەنووسێ، زاری هەموو کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەیەتی، ناکرێ هەر کەسایەتییەک بە شێوەزاری خۆی بێتەگۆ. بۆ نموونە: لە ڕۆمانێک سێ کەسایەتی هەن. یەکیان کرماشانییە، یەکێکیشیان ئامەدی، ئەویدی هەولێری. دەکرێت هەر یەکەیان بە زار و شێوەزاری خۆیان بدوێن؟ نابێ، ئەوە چی لێ دەردەچێ! ئاساییە نووسەری کورد کەڵک لە شێوەزارەکان وەربگرێ و بەپێی پێویست وشە و دەستەواژەیان لێ وەربگرێت و بەکاریان بهێنێ، بەڵام وا نا ئەگەر خوێنەرێک هەر سێ شێوەزارەکە نەزانێ و تێی نەگات. نووسەر زمانی خۆی هەیە و بەو زمانە دەنووسێ. ئەوەی گرنگە ڕۆماننووس ئاستی تێگەیشتنی کەسایەتییەکان بزانێ، ژنێکی نەخوێندەواری بەتەمەن داچوو، وەک بیرمەندێک قسان نەکات، منداڵێ، کە هێشتە چەپ و ڕاستی خۆی نەناسێ، وەک فەیلەسووفێک نەدوێ.

ڕۆماننووس لە بە ڕۆمانکردنی داستانان لە ڕابردوو نامێنێتەوە، ئاوڕی لێ دەداتەوە، لێ ئێستاییە و ڕوو لە ئایندەیە.

## کورتە چیرۆک

# دوو کڵاوەکەی باوکم

بەباشی لەبیرمە ئەوکاتەی هێشتە هەر پۆلی دووی سەرەتایی بووم، لەو زووەدا بوو؛ ئیدی ژیانی من بەتەواوی وەرچەرخا. ئەودەم دوو ساڵ بوو ئاگری شەڕ هەڵگیرسابوو، وەکوو خەڵکی دی بەنۆرەی خۆی؛ باوکیشم جلوبەرگی سەربازیی کردەبەر و بە ناچاریی چووە مەیدانی جەنگ. لەدوایین نامەیدا بۆ ئێمە؛ گوتبووی خودا یاربێت لە بیست و نۆی مانگ دێمەوە. ئەوەی ڕاستی بێت؛ ئێستەشی لەگەڵ دابێت ئەو هەر نەهاتەوە، بێسەر و سۆراخ چوو و ڕۆیی!

لەمە بەدوا ڕۆژانی ژیانم بە ئەسپایی تێدەپەڕین، ئەوەی بۆ من و دوو خوشکە بچووکەکەم زۆر دژواربوو؛ ڕۆژانی جێژن بوو! لەبەرئەوەی لە ماڵی ئێمە لەباتی شادی و پێکەنین؛ دەبووە شین و گریان، چونکە دایکم عادەتی بەوە گرتبوو، یەکەم ڕۆژی جەژن، بەیانی زوو؛ ڕانکوچۆغەڵ و کڵاو و جەمەدانی و جلەکانی دیکەی باوکمی لە بوخچە و باولی دەردەهێنا و هەتا نیوەڕۆ تێرتێر بەدیاریانەوە دەگریا.

پاش چەند ساڵێکیش؛ وەک نەریتێک بۆ خێری مردووان، هەموو جلەکانی باوکمان کرانە خێر و سەدەقە، خۆشبەختی تەنیا دوو کڵاوی نەبێت، نازانم چۆن بوو هەر لە لامان مانەوە. ئەمە بۆ من یادگارییەکی گەلەک خۆش بوو، لەبەرئەوەی بەیناوبەین ئەو کڵاوانەی باوکم دەهێنا و ماچم دەکردن و تێر بەدیاریانەوە دەگریام. تەنانەت هەتا ئێستەشی لەگەڵ دابێت، ئەوە بووە چل و دوو ساڵ، من هەر وەکوو ئەو سەردەمەی منداڵیم؛ بە یادی باوکم جارجار هەردوو کڵاوەکەی دەهێنم و لەدەستم دەگرم و بەچاوی پڕ فرمێسک تێروپڕ بۆنە خۆشەکانیان هەڵدەمژم.

**٥/ی حوزەیران/٢٠٢٣**



**محەمەد مێرگەیی**

# مانگی تابان خەرمانەی کردبوو

شار خامۆش بوو، میری شۆک و چەکدارەکانی پاشەکشەیان کردبوو، چاوساغەکانی لە دەرفەت دەگـەڕان. شارییانیش بە خەندە و تیلە چاو بۆ دایکی خانی هەستی خۆیان دەردەبڕی.

ڕۆژی هەینی دایکە لەگەڵ گەزەنگی بەیان چاوی هەڵێنا و ئاخێکی هەڵکێشا، گورج هەستا و ڕاپەڕی، دەبێ پێی ڕابگەم، ئەمڕۆ دێت، هەر دێت!

بەخێرا نوردییە نانێک و چوار هێلکەی کوڵاو و مشتێکی مێووژ و کاکڵە گوێزی پێچاو دەرچوو. باشە ئـاوایی خامۆشـە و منداڵەکانیش وا لە شیرینی خـەودان. بە بناری سەفیندا خزی، بەبێ دەنگیی خۆی گەیاندە کانی حەسار* و چاوێکی بە لووتکە سەرکەشەکانی سەفین خشاند و لەگەڵ کزەبای شەماڵ هەناسەیەکی قووڵی هەڵێکشا، تین و توانایەکی بێ ئەندازە گیانی داگرت.

لە ئاوە زوڵاڵەکەی حەسار دەستنوێژی هەڵگرت و لەسەر تاتە بەردەکە نوێژی دابەست. لەگەڵ ((السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)) و ڕوو وەرگێڕانی، خانە جوانەکەی کەوتە بەرچاو، باڵا بەرز وەک شاخی سەفین، ڕواڵەتێکی ساف و نیان وەک نێرگزەجاڕی سەر کانیاوەکە، خەندەیەکی بێگەرد ڕوونتر لە هەستی پاکی سۆفێتی نوێژکردن بەسەر لێوەکانیدا نیشتبوو. خانێ گرتە باوەش و تێرتێر یەکدیان ڕاموسان.

ئۆخەی ڕۆڵەکەم، دڵ خەبەری دام بەرەو ئێرەی هێنام، دەمزانی دەتبینم.

– منیش بە یادی ساڵی پار و بۆنی تۆ بۆ سەر کانی کێش کرام.

شنە بایەکی فێنک لە بناری سەفین هەڵی کرد و خونچە باوییە تـازە پشکوتووەکانی دەهێنایە خـەندە و هـەناسـەی خـۆش و ئۆخـەی دیـداری گەرمتر دەکرد و جەستەی جۆش دەدا.

خانێ دوو چەپکە گوڵی مێرگەکەی چنی، یەکێکیانی دایـە دەسـت دایـکی، ئەمەیان بۆ نـازە و باڵایە، لەجیاتی ئـەوان گوڵەکانم مـاچ کـردووە. خانێ چاوەکانی بریسکانەوە و خەندەیەکی شەرمن بەسەر لێوەکانی داباری و دەزگیرانەکەی ناخی بزواند، ئەوەی دی بۆ شەوبۆیە.

دایکە داما، دەبووا لەگەڵ خۆمدا بیهێنم، بەڵام لە ڕێگەدا ((بەکرۆکی مەرگەوەڕیم)) بینی دڵم ڕاچڵەکی، گوتم نەوەک ئەو کەمتیارە شوێن پێم هەڵگرێ.

چریکەی شالورێکی خنجیلە بە ئاوازە خواییەکەی لەگەڵ شنەباییەکی شەماڵی لێک دەئاڵان و پەلکە زێڕینەکەی سەر دڵۆپە خوناوەکانی گەڵا و گوڵەکانی سەر کانی مژدەبەخشی جوانی و خۆشەویستی بوون.

خانێ چەپکێکی نێرگزی ڕنی و کەمەرەکەی بە وەنـەوشـە پێچاو چەقەکەی بە کولێک نیسانی سـوور ئاخنی، لا ڕوومـەتی بە خوناوی چەپکە گوڵەکە سڕییەوە، هەناسەیەکی قووڵی پڕ بە سینەی هەڵمژی، خۆزگە بە دیداری ئەویش شاد دەبووم.

گەواڵە هەورێکی ڕەش ئاراستەی بایەکەی گۆڕی و قەڵەڕەشێک قیژاندی، خانێ بەرەو ئاسمان چاوی هەڵبڕی، لەگەڵ سەر کێل کردنەوەیدا بروسکەیەکی ئاگرین ڕووبووە قۆڵنجی چەپی، دەنگی تەقەیەکی هاتە بەر گوێ و بە سەردەمدا داکەوت.

شەوبۆ ئێوارە درەنگانێک بەرەو جێژوانی مەرگ هەڵکشا، بینی دڵۆپە خوێنەکانی هێشتە بەسەر تاتە بەردەکەوەن، نێرگزجاڕەکەش وەک بێ ئاگابوون و فەنابوونی خوایی سەریان وێک ناوەتەوە.

ئاگرێک گڕی لە هەناوی بەردا و خامۆش کەوت، کە بێدار بووەوە چاوی هەڵێنا و سەری هەڵبڕی، مانگی تابان بە ئاسمانەوە سوور هەڵگەڕابوو. خەرمانەی کردبوو.

**تێبینی:**

* حـەسـار: کانیاوێکی سـازگـارە لە خۆرهەڵاتی شەقڵاوە بەلای بانەنۆک دا.

* لە کۆتایی هەشتاکان، لە ناخەوە دەسووتاین، هـەژمـوون و سـتـەمـی ڕژێـمـی دیـکـتـاتـۆری لە ڕادەبەدەر بوو، پێشمەرگە لە بەرگرییەکی نەبەردی بێ وێنە لە شەڕێکی نا بەرانبەر دابوو.

* سووت و سوێی نێو چیرۆک زادەی دونیا بینینی ئە ڕۆژانەیە.

* چـیرۆک لەنێو کـۆنـە دەفـتـەرە بـەسـەر یەک داکەوتەکاندا سـەری دەرهێنا، گەرەکیەتی لەبەر ڕووناکیدا ئەنجامی خەرمانەی مانگی تابانی بینێ!؟



ئیسماعیل خۆشناو

# پرسیارە سەرەتاییەکان

شیعر

*هیچ ڕوو نادات لە ژێر ئەم پووشوپەڵاشانەی*
*هەر هەندەت زانی گریان گرت...!*
*ڕەگمان لە باوش،*
*ڕەگمان لە پاژنە ڕووا بوو*
*کەچی سەفەرمان کرد تاکو زامەکانمان بسرێتەوە.*
*زام و ڕەگ ئاوێتەی خوێناوی تاراوگە بوون.*
*کاتێک سەفەرمان کرد گوانی گوڵەگەنم پڕ*
*مانگی دەستکرد بەسەر سەرماندا دەسوڕانەوە.*
*ڕۆحم وەک شووشەیەکی مەرەکەب*
*لە دە لاوە شکا بوو*
*دڵۆپ دڵۆپ زامێکی ڕەشی لێ دادەچۆڕی...*
*کاتێک چاوم دادەخست بۆ ئەوەی ڕوونتر ببینم*
*لەشی خۆمم دەبینی*
*کێردێکی ئەڵماس*
*شەقاری دەکرد بە بێدەنگی.*
*وەڵامم بۆ هەموو پرسیارەکان هەبوو*
*پرسیارێکم نەبوو بۆ وەڵامەکان.*
*کاتێک سەرم دەرهێنا*
*لە ژێر وێرانەخاک و زامێکی پەنگخواردوو*
*هیچم نەدەبینی*
*نە ئاسمان شین دەچووەوە*
*نە نووکی پێنووسەکان دیدایی*
*وەک بەردی کەڵەکەبوو*
*لە جیاتی وەرزی دەروینە*
*خاچێک دەڕوا لە قەبرغەمان*
*وەک داهۆڵ ڕەق بووینەوە...*
*زایەڵەی ئاوازێک*
*دەهاتە بەر گوێمان*
*ڕوخساری ڕەش هەڵدەگەڕاندین*
*هەنگاومان دەنا بە بێ سیما*
*هەنگاوی تەڕتر لە ئێجە*



**ئەحمەدی مەلا**

شەقاوی شاشتر لە تەم
کێشوەرێک بە تامی لەززەت قووتی دەدایِن...
فەقێیانەکەی نالی
لە سەنگی دیوارەکان گیر دەبوو
پێشتر لە ئێمە، زەنگی کۆچ و ئاوارەیی
گەرووی پڕ تەپوتۆز کرد
قافییەیەک هەڵیدەواسی تا ببێ بە چرا
ئەستەمبوڵ دوورترین پێتی باکوور و
حیجاز کۆنترین پێتی باشوور!
چەک لەدەستان وەکو تارمایی خزانە
نێو شارەکان
لە سەر سەوزیی فەرش سەماوەریان جۆش دەدا
دەستێک تا دەهات کورتر دەبوو
قامکەکان ئیدی نە ختووکەی ژیان دەدا
نە ئاوازێکی نوێ
لە خاکەوە بەرزدەبووەوە...
یەک لە دوای یەک
وەک مەڵۆتکە
کەوتینە سەر خاکێکی نوێ
هەڵتۆقینەوە وەک قارچکی ناوەخت
قارچکی کڵاو وەنەوشەیی
قارچکی کڵاو ئاڵ و واڵا
«ئاسانترین ژان چارەسەری گەڕانێکە!»
برینەکانمان بە ئاوی دەریا سارێژ کرد
کاتێک بەلەمەکان لە ڕۆخی کەنار کۆبوونەوە
ئەوە ئێمە نەبووین سواریان دەبووین
تارماییەکان بوون
بەجێیانهێشتین
بە تەنیا ماینەوە وەک گەرد
بە تەنیا ماینەوە وەک شەقڵنی باڵی کۆچبەرێ
بە تەنیا ماینەوە وەک سێبەری کۆڵبەرێ
بە تەنیا ماینەوە وەک زایەڵەی ئەشکەوتێ
بە تەنیا ماینەوە وەک یادەوەری زامێ
بە تەنیا ماینەوە وەک برکە تامێ
بە تەنیا ماینەوە وەک ڕەگی هیشکەوەبووی نەمامێ...

بوخچەکان فڕێ دەنە سەر پشتی کەشتی
چارۆگەکان ڕەنگ کەن
سەوڵەکان وەکو خاچ بۆ ئاسمان بەرزکەنەوە
سەیری دوا ئەستێرەی بەیان بکەن
کاتێک خۆر بە بێ باک هەڵدێت
هەموو گەیشتووینەتە کێشوەری سەراب
پەنجەرەکان دادەخرێن
پەرژینی دەروازەکان دادەڕێنەوە
لە دوورەوە ئاواییەکان سەوز دەچنەوە
وەک تراوێلکە لە دوورەوە دەلەرێنەوە
مانگ هەپروون هەپروون بووە
وەک کەرتە ئاوێنەی درز بردوو
روخسارمانی تیا دەبینین...
ئەوە ئێمەین یا نا؟
ئەوە ئەوانن یا نا؟
ئەوە ئێوەن یا نا؟
ئەوە تۆی یا نا؟
ئەوە منم یا نا؟
ئاوێنەی تەڵخی درزبردووی بێ رەنگ
دەجریوێنێ هەڵدەوەرێ بە بێ دەنگ...

## زەوی بە یارمەتی شیعر فۆرمی وەرگرتووە

لە زەردک ٢ لەگەڵ ئەحمەدی مەلا بەشداری هەست و چاودێری جیهان دەکەین و ڕەسەنایەتی بۆ شوێن دەگەڕێنینەوە. دەقەکان خاڵی سەرەتای خۆیان دامەزراندووە و خوێنەر تا پلەی چێژ و یادگە بەرزدەکەنەوە ناو نیشانە هاوچەرخەکانی ژیان و ئاراستەی دەکەن بۆ ناسینی وێناکردن و پەیوەندی و هەڵگرتنەوەی پارچە کەوتووەکانی لەدەستچوو.

زەردک ٢ ئامرازەکانی خۆی لە زەردک ١ وەرنەگرتووە، یان لەناوی نەماوەتەوە، بەڵکو بێلایەن و پەتییە، بەهۆی ئەوەوە دەوڵەمەندبووە. لە دەقی دووەمدا ژیان لە سەرەتاوە دەستپێدەکاتەوە و دەمانناسێت، واتە: بینایە، بینین نییە.

یەکەمجارە ڕێکەوت بکەم شاعیرێک کۆشیعرێکی بە دوو ئاستی شارەزایی ئەزموون بنووسێت. ئەم ئەزموون و داهێنان و دیاردەیە لە شیعری کوردیدا بەر ئەحمەدی مەلا دەکەوێت. پێی دەڵێین بیرکردنەوە و چاوی زیندووی شیعر.

سی و پێنج ساڵ نێوانیان بێدەنگییەک، یان بەردەوامبوونەوەیەکی ئێستێتیکی و سەرچاوەی نوختەی بینینە، بینینی بەدیهێنانی لەدایکبوونەوە.

لەدایکبوونی مرۆڤ تا خوداوەند. لەدایکبوونەکان دووبارەبوونەوەنین، تەکنیکی نووسینن.

**سەباح ڕەنجدەر - ٢٠٢٣/٥/٤ هەولێر**

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***چەند سەرنجێک لەبارەی وەرگێڕان***

ڕێباز مستەفا

- ***ئایا زمان موڵکی کەسییە؟***

سەدیق سەعید ڕواندزی

- ***ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا (بەشی دووەم)***

د. راویة عبدالمنعم عباس و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

- ***با منیش قسەی خۆم بکەم! (بەشی یەکەم)***

عەبدوڵلا زەنگەنە

# چەند سەرنجێک لەبارەی وەرگێڕان



پێناز مستەفا

### پێناسەی وەرگێڕان

وەرگێڕان بە درێژایی مێژوو لە ژیانی هەر گەلێکدا گرنگی و بایەخێکی زۆری هەبووە و هەیە. کورتترین پێناسەش بۆ وەرگێڕان، ئەوەیە، کە زمانێک بۆ زمانێکی دیکە دەگوازێتەوە، بێگومان مەبەستیش لەو پرۆسەیە گەیاندن و ئاڵوگۆڕی دەربڕین و زانیاریی نێوان گەلان و زمانە جیاوازەکان و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی جیاوازی ئەو گەلانەیە. بەم پێیە ئەرکی وەرگێڕ، دوای هەڵبژاردنی ئەو دەقەی، کە وەریدەگێڕێت بریتیە لە گواستنەوە و گەیاندنی واتا و ناوەڕۆکی ئەو دەقە بە خوێنەرانی خۆی، جا ئەو واتا و ناوەڕۆک گواستنەوەیە تا جوانتر و زیاتر مایەی تێگەیشتن بێت، باشترە و کارەکە سەرکەوتووتر دەبێت. بێگومان وەرگێڕ مافی خۆیەتی بۆ ئەوەی کارەکەی بە باشترین شێوە ئەنجام بدات وێڕای تواناکانی خۆی، دەست بۆ گشت ئامراز و فاکتەرە یارمەتیدەرەکان درێژ بکات، وەک فەرهەنگ و وشەدانەکان، فەرهەنگی وشە و زاراوەکان فاکتەرێکی یارمەتیدەرە و وەرگێڕ دەتوانێت لە پاڵ زۆر ئامرازی یارمەتیدەری دیکە سوودی لێ وەربگرێت.

### جۆرەکانی وەرگێڕان

وەک باوە و زۆر جاریش باس کراوە، تا ئێستا لانی کەم سێ جۆر وەرگێڕانمان هەن: وەرگێڕانی وشە بە وشە، وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە، سێیەمیشیان وەرگێڕانی ئازاد و بەپێی تێگەیشتنی وەرگێڕ لە ناوەڕۆکی دەقەکە. هەموو وەرگێڕ و خوێنەرێکی باش دەزانێت، کە جۆری یەکەم خراپترینی وەرگێڕانەکانە، چونکە نە دەتوانێت مانای دەقە ئەسڵەکە بگەیەنێت و نە چێژێکیش بە خوێنەر دەبەخشێت، سەرەڕای شێواندنی لایەنی زمانەوانی، چونکە هەر زمانە و بنەما و ڕێزمان و شێوازی ڕستەسازیی تایبەت بە خۆی هەیە. جۆری سێیەمیش ئەمانەتی وەرگێڕانی تێدا نابێت و دەتوانین بڵێین لە قاڵبی وەرگێڕان دەردەچێت و دەکرێت پێی بگوترێت وەرگێڕانی بەدەستکاری، یان ئامادەکردن، بەڵام وەرگێڕانی جۆری دووەم واتە ڕستە بە ڕستە باشترین وەرگێڕانە و دەتوانێت مانای دەقەکە بگەیەنێت، تام و چێژ و ئەمانەتی دەقە ئەسڵەکە بپارێزێت. خوێنەر لەو جۆرە وەرگێڕانە ماندوو نابێت و زۆر دڵنیایە، بەڵام بێگومان وێڕای ئەمانەش هەڵبژاردنی دەق زۆر گرنگە. وەرگێڕ دەبێت دەقی باش و ئەوەی، کە خوێنەر پێویستی پێ هەیە و داوای دەکات هەڵببژێرێت، پاشان دەبێت وردەکاری و تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی باش و ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمانکردن ڕەچاو بکرێن.

### شێواز، یان ‹ستایل› لە وەرگێڕان

شێواز، یان ستایل بریتییە لە شێوەی دەربڕینی هەر نووسەرێک لە نووسینی ئەو بابەت و بەرهەمەی کە دەینووسێت. بێگومان شێوازی نووسینی چیرۆکێک، ڕۆمانێک جیاوازە لە شێوازی نووسینی وتارێکی زانستی، یان بابەتێکی مێژوویی. بۆ نموونە زمانێک، کە بۆ نووسینی وتارێکی زانستی بەکار دەهێندرێت، بۆ نووسین و خستنەڕووی بابەتێکی ئەدەبی جیاوازە با ڕووداو و ماکی بابەبەتەکەش یەک شت بن. ئەوە بەرانبەر هەمان بابەت، کە بۆ منداڵان دەنووسرێت دیسان لە هەردوو شێوازی دیکە جیاوازە.

با نموونە بە نووسەرێک بێنینەوە، کە سەبارەت بە بابەتێک بە دوو شێواز دەنووسێت، یەکیان بە شێوازی زانستیی و ئەوەی دی شێوازی ئەدەبیی، بۆ نموونە ئەگەر لە بارەی کەشوهەواوە بنووسێت و وەک هەواڵێک، یان زانیارییەکی گشتیی باسی بکات، ناکرێت بە شێوازی ئەدەبی بیپێچێتەوە و لە جیاتی ‹لە چیاکان بەفر باریوە› بنووسێت ‹چیاکان بەرگی زیوینیان پۆشیوە›. ئەگەر ویستی مەبەستەکەی خۆی ئاوا بە شێوازی ئەدەبی بخاتە ڕوو، با خوێنەر لە مەبەستەکەشی بگات، بەڵام هەر لەجێی خۆیدا نییە و ڕەنگە بشبێتە مایەی پێکەنین.

لەبەرچاوگرتن و پاراستنی شێوازی نووسەر، لە کاتی وەرگێڕان و گواستنەوەی بابەتەکە بۆ زمانی دووەم، مەرجێکە بۆ سەرکەوتنی وەرگێڕ. هەر وەرگێڕێک لەو

بنەمایە دەرچوو و شێوازی بنەڕەتی نووسینی زمانی یەکەمی فەرامۆش کرد، سەرکەوتوو نابێت. زۆر لە وەرگێڕەکان لێرەدا دەکەونە هەڵەوە، کە پێیان وایە دەتوانن بەسەر شێوازی نووسەری یەکەمدا باز بدەن، ڕاستە وەرگێڕ دەربڕین و مۆرکی خۆی بەسەر کاری وەرگێڕاندا دادەنێت و هەوڵ دەدات ئەوەی، نووسەر باسی کردووە و نووسیویە، بە دەربڕینی تایبەتی خۆی و بە شێوەیەکی ڕەوان و ئاسان بیگەیەنێتە خوێنەری خۆی، بەڵام لەوە ئازاد نییە لە شێواز و بنەما سەرەکییەکانی نووسین و دەربڕینی نووسەرەکە دەربچێت و لێی دوور بکەوێتەوە. هەموومان دەزانین بۆ نموونە ‹یەشار کەمال›ی نووسەر شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، بە سادەیی و ڕەوانی و بێ گرێوگۆڵ دەنووسێت، بەڵام لە وەسفکردن و جەختکردنەوە زۆر پێداگرە و دەتوانی چەند لاپەڕە لەسەر باڵی پەپوولەیەک بنووسێت، وەرگێڕ نابێت ئەو شێوازە بەلاوە بنێت و بڵێت من هەر بە کورتی دەتوانم وەسفی باڵی پەپوولە بکەم و خوێنەری خۆم ماندوو ناکەم.

با ئاماژە بە سێ کتێبی وەرگێڕدراو بدەین، کە هەر سێکیان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کراونەتە کوردیی و تا ئێستاش وەکو سێ کتێبی گرنگی ئەدەبیی لە یادەوەریی خوێنەرانی کورددا ماونەتەوە، ئەوانیش کتێبەکانی (داغستانی من، نووسینی ڕەسووڵی هەمزەتۆف و وەرگێڕانی مامۆستا عەزیز گەردی؛ دووەم کتێبی براکوژی، نووسینی نیکۆس کازانتزاکی و وەرگێڕانی مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی؛ سێیەمیش ڕۆمانی حەمەدۆک، نووسینی یەشار کەمال و وەرگێڕانی مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە) بێگومان کتێبی باشی دیکەش وەرگێڕدراون، بەڵام ئێمە هەر وەکو نموونە ناوی ئەو سێ دانەیە دێنین. کاتێک، کە دەبینین ئەو سێ بەرهەمە وەکو سێ شاکاری وەرگێڕدراو دەمێننەوە، دیارە هەر سێ وەرگێڕی ناوبراو وێڕای شارەزاییان لە زمانی کوردیی، شێوازی نووسەری کتێبەکانیان پاراستووە و بە هەموو وردەکاری و ئەمانەتەوە کاری خۆیان کردووە، بەو هەنگاوەشیان تەکانێکی زۆر گەورەیان بە پرۆسەی وەرگێڕانی کوردیی داوە.

مامۆستا ‹محەمەدی قازی›ی گەورە وەرگێڕیش لە هەڤپەیڤینێکیدا وێڕای خستنەڕووی تێڕوانینەکانی خۆی لەبارەی وەرگێڕان، بە ڕشتی جەخت لە پاراستنی شێوازی نووسەر دەکاتەوە و زۆر نموونەش دێنێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە وەرگێڕیش ناتوانێت بە یەکجاری خۆی ڕادەستی شێوازی نووسەر بکات و مۆرک و شێوازی تایبەتی خۆی بکاتە قوربانی نووسەر. وەرگێڕی سەرکەوتوو، هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، بێ ئەوەی شێوازی نووسەرەکە فەرامۆش بکات، مۆرکی خۆشی بەسەر کاری وەرگێڕاندا جێ دەهێڵێت، بە شێوەیەک کاتێک خوێنەری ورد بەرهەمەکەی خوێندەوە بێ ئەوەی ناوی وەرگێڕەکەش بەسەر کتێبەکەوە بێت، دەیناسێتەوە.

## بایەخی وەرگێڕان

مرۆڤ هەر لە سەرەتای مێژووەوە پەی بە گرنگی وەرگێڕان بردووە و لە سەردەم و ڕۆژگارە هەرە دێرینەکان ئەو پرۆسەیە چ وەک گۆڕینی ئاخاوتنی نێوان کەسەکان و چ وەک کتێب و نووسین کراوە، بە تایبەت کار و بەرهەمی یۆنانی دێرین و زانست و فەلسەفەی یۆنانی هەر زوو بۆ زمانەکانی دیکە وەرگێڕدراوە.

**لە نووسین و ئەدەبیاتی کلاسیکی نەک ئێمە، بەڵکو هی میللەتانی دەوروبەریشمان ڕەچاوی خاڵبەندی نەکراوە**

بازرگان و گەڕیدەکانیش ڕۆڵێکی دیار و گرنگیان هەبووە لە پەرەپێدانی پرۆسەی وەرگێڕان، چونکە بازرگانەکان پێویستیان بەوە هەبووە لەگەڵ ئەو کەسەی کاری دانوستان و سەودا و مامەڵە دەکەن لە یەکدی تێبگەن و کاری کڕین و فرۆشتنەکە بە ڕوونی بەڕێوە ببرێت.

دەکرێت گرنگیی کاری وەرگێڕان لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

١-گواستنەوەی زانست و زانیاریی نێوان گەلان و شارستانیەتە جیاجیاکان؛

٢-وەرگێڕان هۆکارێکە بۆ یەکدی ناسین و تێکەڵاوی و پێکەوەیی نێوان گەلان و زمانە جیاجیاکانی سەر گۆی زەوی؛

٣-لە ڕێگەی وەرگێڕانەوەیە بە خێرایی هەواڵ لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەگوازرێتەوە؛

٤-وەرگێڕان هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزار و گەرمکردنی بازاڕ و دانوستانی نێوان گەلانی جیاجیا؛

٥-وەرگێڕان دەرفەتی کار بۆ ئەوانەی بە دوای کاردا دەگەڕێن، دەڕەخسێنێت؛

٦-وەرگێڕان یارمەتیدەریشە بۆ خوێندکارانی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن، کە ئەو زانیارییانەی پێویستیانە دەستەبەر بکەن و لە باس و توێژینەوە و دەرسەکانی خۆیاندا سوودی لێوەربگرن.

٧-لەوانەش گرنگتر وەرگێڕان هۆکاری پەرەپێدانی کایەی ڕۆشنبیریی و پێشکەوتنی هزری و گەشە و دەوڵەمەندکردنی زمان و زۆر تایبەتمەندی دیکەیە.

## بوارەکانی وەرگێڕان

وەرگێڕان لە چەند بواری جیاجیادا کراوە و دەکرێت، کە بە کورتی دەتوانین لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان پێ بدەین و چڕیان بکەینەوە:

١-وەرگێڕان لە بواری زانستیدا؛ ئەمە بوارێکی گرنگە، کە وەرگێڕ بابەتێکی زانستیی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە

***زۆر لە وەرگێڕەکان لێرەدا دەکەونە هەڵەوە، کە پێیان وایە دەتوانن بەسەر شێوازی نووسەری یەکەمدا باز بدەن***

دەگوازێتەوە و وەرگێڕ بۆی نییە بە کەیف و سەلیقەی خۆی شتی بۆ زیاد و کەم بکات. پێویستە دەقەکە وەکو خۆی بگوازێتەوە، جا بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە دروست و مایەی دڵنیایی بێت، پێویستە وەرگێڕ شارەزایی لەو زانستەدا هەبێت و ئەو چەمک و دەستەواژە زانستیانە بزانێت و شارەزایان بێت، کە کاری وەرگێڕانیان تێدا دەکات؛

٢- وەرگێڕان لە بواری ئەدەبیدا؛ ئەمە لە هەرە گرنگترین و بەربڵاوترین بوارەکانی وەرگێڕان و گواستنەوەی کلتور و بەرهەمی ئەدەبییە لەنێوان گەلان و شارستانییەتە جیاجیاکاندا. یەکێکیشە لە وەرگێڕانە هەرە سەختەکان، کە وەرگێڕ بە شێوازی ئەدەبیی تایبەتی خۆی و بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک ئازاد پرۆسەکە بەڕێوە دەبات.

وەرگێڕانی ئەدەبیی نابێت وەکو زمانی یەکەم، ئەوەی پێی نووسراوە دەقنووس بکرێتەوە، بەڵکو لەسەر وەرگێڕ پێویستە لە دەقە ئەسڵییەکە بگات و بە شێواز و یاسا و ڕێسای زمانی دووەم، ئەوەی کە بۆی وەردەگێڕێت، دایبڕێژێتەوە. بۆ ئەمەش زۆر باشتر دەبێت زانیاری لەسەر نووسەرەکە و شێوازی نووسین و بیرکردنەوەی و تەنانەت هۆکار و پاڵنەری نووسینەکەشەوە هەبێت. لەم حاڵەتەدا ئەگەر نووسین بە فەرشێک بچووێنین، وەرگێڕانەکە دەبێتە ڕووی دووەمی فەرشەکە.

٣-وەرگێڕان لە بواری ئەکادیمیدا؛ ئەمەشیان یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی دیکەی وەرگێڕان. لەم بوارەدا وەرگێڕ سەروکاری لەگەڵ ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەدا هەیە، کە باس و توێژینەوەی خوێندنی باڵای زانکۆکان و پلە زانستییەکانی پێ دەنووسرێت، ئەم وەرگێڕانە پێویستی بە پارێزکاری و وردبینییەکی زۆر هەیە، بە شێوەیەک، وەرگێڕ دەبێت بەبێ زیاد و کەم و فەرامۆشکردنی تەنانەت وشەیەک دەقەکە بگوازێتەوە، چونکە هەر گرفتێک لەو وەرگێڕانەدا ڕەنگە ببێتە مایەی بەهەدەرچوونی دەرفەتێکی گەورەی ئەو خوێندکار و زانستخوازەی، کە پشتی بەو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانە بەستووە.

٤-وەرگێڕان بە شێوازی خێرا و ڕاستەوخۆ؛ ئەو وەرگێڕانە، کە گواستنەوەی ئاخاوتن و هەواڵ و وتاری ڕاستەوخۆیە، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێک جار کەموکوڕی تێبکەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێویستە کەسی وەرگێڕ هەردوو زمانی ئاخاوتن و قسەکردنی ئاسایی و ڕۆژانە باش بزانێت و بتوانێت هەر لەگەڵ ئەوەی کەسی یەکەم قسەی کرد، یان خوێندییەوە هەم تێی بگات و هەم خێرا لای خۆی مەبەستەکەی دابڕێژێتەوە و دەریببڕێت.

٥-وەرگێڕان لە بواری فیلم و دراماکان؛ ئەم وەرگێڕانە لەبەر ئەوەی زۆر لە فیلم و دراماکان بە زمانی ئاخاوتنی گشتیی و ئاسایی، کە خەڵک ڕۆژانە لەگەڵ یەکدا پێی دەئاخڤن، بەرهەم دەهێندرێن، پێویستە وەرگێڕ زمانی ئاخاڤتنی ڕۆژانە، کە ئەو کارەی پێ بەرهەم هێندراوە بزانێت. ئەگەرچی ئەمەش نەبووەتە مەرج، چونکە بینیومانە فیلمێک، یان بەرهەمێکی هونەری، بە زمانی گشتیی و ڕۆژانە بەرهەم هاتووە، کەچی بە زمانی نووسین بۆ زمانی دووەم دۆبلە کراوە، بەڵام ڕەنگە ئەگەر وەکو بەرهەمە ماکەکە پێشکەش بکرێتەوە، باشتر و زیاتر مایەی پەسند بێت.

## کێشە و گرفتەکانی بەردەم وەرگێڕان

ئاستەنگەکانی بەردەم کاری وەرگێڕان زۆرن، هەندێکیان پەیوەندییان بە کاتی وەرگێڕان و هەندێکیشیان پەیوەندییان

بە دوای وەرگێڕانەوە هەیە. مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی زمانێکی دیکەی جیا لە زمانی خۆت، خۆی لە خۆیدا سەختە، چونکە وەرگێڕ جگە لەوەی دەبێت زمانی یەکەم _مەبەستم ئەو زمانەی، کە بۆی وەردەگێڕێت_ زۆر باش بزانێت، پێویستە ئەو زمانەیش کە لێیەوە وەردەگێڕێت باش بزانێت و شارەزای بێت، ئینجا خودی ئەو دەقەش، کە وەریدەگێڕێت پرسێکی دیکەیە. ئایا نووسەری دەقە ئەسڵەکە توانیویەتی مەبەستەکانی خۆی بە شێوەیەکی باش، ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ دەرببڕێت؟ ئایا وەرگێڕ شارەزایی و پاشخانێکی هزری و ڕۆشنبیریی لەبارەی بابەتی دەقەکە هەیە؟ ڕەنگە وەرگێڕێک لە بوارێکی دیاریکراودا باش شارەزا بێت و بتوانێت لەو بوارەدا بە باشی وەربگێڕێت، بەڵام لە بوارێکی دیکەدا وانەبێت. بێگومان ئەگەر بە هەر هۆکارێکەوە ویستی لە بواری دووەمدا وەربگێڕێت سەرکەوتوو نابێت، چونکە پاشخان و باکگراوندە ڕۆشنبیرییەکەی دەرەقەتی وەرگێڕانی بابەتەکە نایەت. بۆیە من وادەبینم وەرگێڕ ئەگەر بیەوێت بە باشی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت دەبێت زۆر ورد و بە حەوسەڵەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ کارەکەیدا بکات، هەمیشە دەبێت ئەوەی لەبیر بێت، کە وەرگێڕان کارێکی سەختە، ئاستەنگەکانی یەک و دووان نین، لەهەمان کاتدا بەرپرسیارێتییێکی گەورەشە. لەگەڵ ئەمانە هەموویش من پێموایە تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئیدیۆم سەختترین لایەنی کاری وەرگێڕانە. هەر زمانە و ئیدیۆم و هێمای تایبەت بە خۆی هەیە، کە تەنیا لە ڕووی ماناوە دەکرێت وەربگێڕدرێن. هەر وەرگێڕێک شارەزایی لە ئیدیۆم و هێما و کون و کەلەبەر و وردەکارییەکانی ئەو زمانە نەبێت، کە لێیەوە وەردەگێڕێت، وەرگێڕانەکەی باش دەرناچێت و تووشی گرفتی گەورە دەبێت.

خاڵێکی دیکە هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە، کە هەندێک خێزانەزمان هەن لە یەک نزیکن، ڕێزمان و کۆد و دەربڕینەکانیان دەچنەوە سەر یەک، نموونەش هەردوو زمانی کوردیی و فارسیی، کەچی زمانگەلی دیکە هەن بە پێچەوانە ڕێزمان و شێوازی داڕشتن و ڕستەسازییان زۆر لێک جیاوازە، نموونەی کوردیی و عەرەبیی. لەم حاڵەتەدا وەرگێڕان لە زمانی فارسیی بۆ زمانی کوردیی و لە کوردیی بۆ فارسیی ئاسانترە لەوەی لە عەرەبیی بۆ کوردیی وەربگێڕیت، یان لە کوردیی بۆ عەرەبیی. خۆ ئەگەر وەرگێڕەکە باش شارەزا نەبێت وەرگێڕانەکەی کرچوکاڵ و ناتەواو دەردەچێت، بە شێوەیەک کاتێک خوێنەرێکی بۆ نموونە کورد وەرگێڕانێک، کە لە عەرەبییەوە کراوە دەخوێنێتەوە، با ناوی نووسەری زمانی یەکەمیش بەسەر کتێبەکەوە نەبێت، هەر کەمێک عەرەبیی بزانێت بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت ئەم بابەتە لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە. من پێم وایە وەرگێڕانی باش ئەوەیە هیچ خوێنەرێک بە شێوازی نووسین و داڕشتنەکە نەزانێت بە چ زمانێک نووسراوە، خوێنەر دەبێت وا هەست بکات دەقەکە سەر بەو زمانەیە، کە دەیخوێنێتەوە.

## پرسی خاڵبەندی لە وەرگێڕاندا

ئەگەرچی ئەمە هەر تایبەت نییە بە وەرگێڕان، بەڵکو بۆ نووسین بە گشتیی دەبێت ڕەچاو بکرێت، بەم پێیە دەبێت بایەخی تەواو بە خاڵبەندی بدرێت. ئاشکرایە، کە لە نووسین و ئەدەبیاتی کلاسیکی نەک ئێمە، بەڵکو هی میللەتانی دەوروبەریشمان ڕەچاوی خاڵبەندی نەکراوە. خۆشبەختانە ئێستا نووسەرانی ئێمەش بە لاساییکردنەوەی داڕشتنی نووسەرانی دیکە بەتایبەت لاساییکردنەوەی نووسەرە خۆراواییەکان بایەخ بەو خاڵە دەدەن. بێگومان خاڵبەندی زۆر یارمەتیی تێگەیشتنی باسەکە دەدات و دەبێت نووسەرانمان بە وردی ئاگادار بن و لە شوێنی پێویست نیشانەکانی وەک پرسیار، سەرسوڕمان، دووخاڵی لەسەر یەک، هێڵی سەری دێڕ، وێرگول، پارانتیز، سێ خاڵی بە دوای یەک و خاڵی کۆتایی ڕستە دابنێن، چونکە فەرامۆشکردنی تەنیا یەکێک لەمانە ڕەنگە مانای تەواوی ڕستەیەک بگۆڕێت. وەرگێڕیش دەبێت وەک نووسەر لە داڕشتنەوەی بابەتەکەی لای خۆی، بە تەواوی ڕەچاوی خاڵبەندی بکات، بەڵام ئەو خاڵبەندییەی وەرگێڕ مەرج نییە وەک هی نووسەری دەقە ئەسڵەکە بێت، بەڵکو دەبێت بەپێی پێویست و داڕشتنی وەرگێڕەکە بێت، چونکە وەک پێشتر باسمانکرد هەر زمانە و داڕشتنەوە و ڕستەسازیی تایبەت بە خۆی هەیە، خاڵبەندیش دەبێت لە چوارچێوەی ئەو داڕشتن و ڕستەسازیەدا ئەنجام بدرێت.

*** بۆنووسینی ئەم وتارە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١-کتێبی ‹محەمەدی قازی کێیە و چی کردووە؟› هەڤپەیڤینی سەید عەلی سالحی، وەرگێڕانی بۆ کوردی ڕێباز مستەفا؛
٢-شرکة الترجمة الدولیة، الاردنیة، مجموعة مقالات.
٣-در مورد سبک در ترجمه، هفت گفتار درباره ترجمه، نوشته: دکتر کوروش صفوی.

# ئایا زمان موڵکی کەسییە؟



**سەدیق سەعید ڕواندزی**

زمان لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا، زمانی گشتە و ئامرازێکە بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و ئەڵقەی پەیوەندی هزریی و کۆمەڵایەتی نێوان کەسەکانە. زمان لێرەدا، مۆرکێکی گشتییانەی هەیە و زمانی هەمووانە. بەو پێیەی هەمووان بەو زمانە دەئاخافن و گوزارشت لە هزر و تێگەیشتنیان دەکەن. بەمەش زمان خاوەنداریەتییەکی نییە، بەڵام هەمان ئەو زمانە، کاتێک دەبێتە نووسین، جۆرێک لە مۆرکی تایبەتی وەردەگرێت و دەبێتە ڕەگەزێک بۆ ناسینەوەی ئەزموون و ستایلی نووسینی نووسەرێک. بە جۆرێک لە ڕێگەی ئەو زمانەوە، لە ئەزموونی نووسینی ئەوانی دی جیا دەکەینەوە. بەمەش زمان، تایبەتمەندییەکی واتایی و هونەریی وەردەگرێت و پێویستی بە ڕێساکانی نووسین، خاڵبەندی و داڕشتن بە گشتیی هەیە، کە ئەمە لە زمانی دەربڕینی ئاساییانەی ڕۆژدا، ڕەچاو ناکرێت.

بەو مانایەی ئەوەی لێرەدا گرنگە گەیاندنە، بەڵام لە نووسیندا، لە پاڵ گەیاندن، شێوە و جۆری ئەو گەیاندنەش گرنگە، کە هەر ئەمەشە نووسین و زمانی نووسین لە زمانی دەربڕین بە مانا ئاساییەکەی جیا دەکاتەوە. تایبەتمەندییەتی زمان لێرەدا، بە مانای ئەوە نایەت، کە زمان سیما واتایی و فەرهەنگییەکانی خۆی لەدەست بدات و سیمایەکی دیکەی بۆ دابتاشرێت، چونکە ڕەهەندەکانی وشە و دەربڕین لە ئاستی زمانی تایبەتدا، هەمان ئەو چەمک و دەستەواژانەن، کە لە چوارچێوەی زمانە گشتییەکەدا هەن، بەڵام ڕەهەندی واتایان دەگۆڕدرێت. بۆ

نموونە: چیا، لە زمانی گشتیی و هەمووەکیدا، هێمایە بۆ چیا بە مانا سرووشتییەکەی، بەڵام کاتێک چەمکی چیا دێتە نێو نووسین، دەبێتە سیمبولی (خۆڕاگریی، ئازایەتی، ڕزگاربوون، پێشمەرگە، هێز و ئیرادە) و گەلێک مانای دیکە. لێرەدا، ئەوەی دەگۆڕێت وشەی (چیا) نییە بە مانا فەرهەنگییەکەی، بەڵکو ڕەهەندی واتاییانەی وشەکەیە. بەمەش بۆ ناسینەوەی چیا، دواجار ئێمە لە هەردوو باری زمانی گشتیی و تایبەتیدا، دەبێ هەر چیا بە کاربێنین. مەگەر دەتوانین کە ئاماژەمان بۆ چیایەک کرد، بڵێین ئەمە پێشمەرگەیە؟ بەڵکو هەر دەبێت بە مانا بوونە سرووشتییەکەی خۆی کە چیایە بیناسینەوە، بەڵام لە دوو توێی نووسیندا، شێوەیەکی دیکەی واتایی لەخۆ دەگرێت. بێگومان هەموو وشەیەک لە ئاستە فەرهەنگیەکەیدا ماناو دەلالەتێک دەگەیەنێت، ئەو دەلالەتانە، خۆرسکانە وەکو خۆیان دەمێننەوە و ناگۆڕدرێن، ئەگەر لە چوارچێوەی پانتایی کۆمەڵایەتی زمانی گشتیدا بە کار بهێنرێن، بۆیە هەر گۆڕانکاریی و شێواندنێک لە ئاستی بوونە فەرهەنگییەکەی وشەدا و هەوڵدان بۆ داتاشینی چەمک و دەستەواژەی دیکە، یاخود مانایەکی دیکەیان بدرێتە پاڵ، جۆرێکە لە تێکدان و شێواندنی زمان. زمان موڵکی کەسی و تایبەتی نییە، تا کەسێک بە ئارەزووی خۆی وشەی نوێی بۆ بتاشێت و زیاد بکات، کە جگە لە خەیاڵدانی ئەو، هیچ مانایەکی دیکەی فەرهەنگیی و وشەیی نەبێت.

ئێستە دیاردەیەک لای بەشێک لە نووسەرە گەنجەکان دەبینرێت، ئەویش داتاشینی وشە، دروستکردنی وشەی تازە و بێ مانا، یاخود گۆڕانکارییە لە وشە بە ئاراستەیەکی دیکەی جیاواز، کە ناکۆک و دژ دەکەوێتەوە، لەگەڵ بوونە واتایی و فەرهەنگییەکەی زمان.

ئەوانە، وادەزانن وەک چۆن دەکرێ گۆڕانکاریی لە بونیادی هونەری کارەکتەرێک، شوێن و زەمەنێک، لە ڕۆماندا بکرێت و لە ئاستی واقیعدا دەربهێنرێن و ڕەهەندێکی خەیاڵییان پێ بدرێت، بەو جۆرش دەتوانن وا لە وشە و دەربڕینە زمانەوانییەکان بکەن، کە ئەمەش نەک هەر هەڵەیە، بەڵکو تێنەگەیشتنە لە مانا قووڵ و فەرهەنگییەکانی زمان، لە ئاستی وشەو واتادا.

بۆ نموونە: گۆران سەباح، هاتووە هەردوو وشەی (کات و شوێنی) لێکداوە و کردوویەتییە (کافشین) ئایا کافشیین، هیچ مانایەکی هەیە؟ دەکرێ سووک و ئاسان کەسێک بێت، وشەیەکی تازە و نامۆ، کە تەنیا لە خەیاڵدانی خۆی هەیە، دابتاشێت و وەک وشەیەکی تازە و نوێ بە کاری بێنێت و بیکاتە بەشێک لە نووسین؟ من یانزە ساڵ لەمەوبەر، دەستەواژەی (زەمەنشوێنی)م بۆ خوێندنەوەی شیعرێکی ئیسماعیل بەرزنجی بەکار هێناوە، بەڵام ئەمە هەرگیز نەبووە وشەیەکی لێکداری تازە و نوێ، چونکە کات و شوێن، دوو توخمی فیزیکی و گەردوونی لێک جیاوازن و پێوەری خۆیان هەیە. ئەگەر کەسێک سەردانی کەسێک بکات و ئەو کەسەش لە شوێنێک بێت، ئەوا ئاماژە بۆ هەردوو توخمی کات و شوێن، لە میانەی ئاماژەداندا دەکرێت. تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیش، کە ئەم نووسەرە خۆی ئینگلیزی دەزانێت، هاوکات بە یەک دەربڕین گوزارشت لەکات و شوێن ناکرێت و ناگوترێت کافشین. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم وشەیە، وشەیەکی نامۆزیکی و نا ئستاتیکیە و لە گۆکردن قورسە و لە نووسینیشدا نامۆیە. هەر ئەم نووسەرە، چەمکی (خەیاڵی زانستی) کورت کردۆتەوە و کردوویەتییە خەز! گریمان، خوێنەرێک ئەم وشەیەی بەبێ ڕوونکردنەوەی دوو وشە لێکدراوەکە، لە نووسینێکدا کەوتە بەرچاو، چ لێکدانەوەیەکی بۆ دەکات و چ مانایەکی دەداتە پاڵ؟ خەز بە تەنیا چییە؟ هیچ ئاماژەیەکی واتایی و فەرهەنگیی هەیە؟

لە هەندێک باری زمانەوانیدا، کورتکردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا وەک (ئیسماعیل _سمکۆ ، سەروەر _سەرۆ، حوسێن _حوسۆ) بەکاردێت، بەڵام ئەمە تەنیا پەیوەندیان بە دەربڕین هەیە و ناچنە نێو ئاستەکانی نووسین و فەرهەنگ، چونکە دواجار لە نووسینی ناسنامە و هەر مامەڵەیەکی کارگێڕیدا، دەبێت ناوە بنەڕەتییەکە بنووسرێت. شۆڕش شلماشی، لە کتێبە بێ ماناکەی خۆیدا بە ناوی (قرووسکەی سەگەکەی ناوەوم) کە نازانم چۆن بوێری ئەوەی هەبووە، ئەم کار و

**"زمان زانست و هونەرە، بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی و فەرهەنگییە، بۆیە موڵکی کەسی نییە، تا بە ئارەزووی خۆی وشەی نوێی بۆ بتاشێت"**

لادانە ناکۆمەڵایەتییە تایبەتییانەی ژیانی کەسی خۆی بکاتە نووسین، هاتووە لە بەرانبەر وشەی (پێشمەرگە) وشەی (گوڵەگەزیزە)ی بەکارهێناوە. من نازانم لە ڕۆژهەڵات ئەمە چەند باوە، بەڵام زۆر باش دڵنیام لەوەی کە سەدان ساڵە، وشەی پێشمەرگە، هەر بە ناوی پێشمەرگە چۆتە نێو مێژوو، ژیانی گشتیی و تایبەتی، یادەوەریی سیاسیی و نەتەوەیی، کە ناوی پێشمەرگە دێت، مانای قارەمانییەتی و خۆڕاگریی و ئازایەتی دەگەیەنێت. ئیدی وشەی بێ مانای گوڵەگەزیزە، کە پتر ڕەهەندێکی ڕۆمانسییانەی هەیە، لەوەی وشەیەکی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی بێت، هیچ داهێنانێکی تێدایە؟ هاوتاکرنی گوڵەگەزیزە بە وشەی پێشمەرگە، جۆرێکە لە شێواندن و تێکدان و سڕینەوەی بونیادی فەرهەنگیی و واتایانەی ئەم وشە پیرۆزە، کە سەدان ساڵە سیمبولی نەتەوەیی و قارەمانیەتییە و چۆن دەبێت وشەیەکی ئاسایی، بکرێتە شوێنگرەوەی وشەی پیرۆز و گەورەی پێشمەرگە.

هەر ئەم نووسەرە، لە درێژەی کتێبە بێ مانەکەی خۆیدا، لە بەرانبەر وشەی (منداڵدان)ی ئافرەت، وشەی (پەپولەی) بەکار هێناوە، لە بری (چاو) پەنجەرە و لە بری (بەردەم) بەرگەدەی نووسیوە. ئەم جۆرە لە تێکدان وشێواندنی بونیادی واتایانەی وشەی کوردیی، کە سەدان ساڵە لە چوارچێوەی فەرهەنگیدا پێی دەناسرێنەوە، هەڵەیەکی گەورەیە و تەنێ دەلالەت لەبێ ئاگایی و نەشارەزایی ئەم نووسەرانە دەکات، لە ڕەهەندی فەرهەنگیانەی زماندا.

هیوا ناسیح، لە وتارێکیدا، دەستەواژەی (گەورە تاوان)ی بۆ ئەنفال بەکار هێناوە. ئەم برادەرە، وا تێگەیشتووە، مادام ئێمە بتوانین بنووسین (تاوانی گەورە) بۆچی نەشنووسین (گەورە تاوان)؟ وەک ئەوەی (حەسەن کەچەڵ) بێ یان (کەچەڵ حەسەن) جیاوازییان نییە. بێگومان ئەم دەستەواژەیە، ڕەنگە لە ڕووی ڕێزمانییەوە گرفتێکی نەبێت، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە، لادانێک و لەنگییەکی لە گۆکردن و نووسینی تێدایە. ئەوەی هەیە تاوانی گەورە و تاوانی بچووکە، گەورە تاوان و گچکە تاوان، بەرهەمی خەیاڵدانی

**"گۆران سەباح، هاتووە هەردوو وشەی (کات و شوێنی) لێکداوە و کردوویەتییە (کافشین) ئایا کافشیین، هیچ مانایەکی هەیە؟"**

ئەم نووسەرەیە و کەس لە زمانی کوردیی، نە بەم شێوەیە دەنووسێت، نە بە کاریشی دێنێت. هەر لە پەراوێزی ڕەهەندی واتایانەی زمان، دەمەوێت ئاماژە بە نموونەیەکی دیکە بکەم، بەڵام بێگومان نەک بەهەمان شێوەی ئەوانەی سەرەوە، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی دیکەوە. دکتۆر کوردستان موکریانی، بیرەوەریەکانی خۆی لە (هەولێرەوە بۆ هەولێر) بە ڕێنووسێکی کوردییانەی جوان و سەرنجڕاکێش نووسیوە و پیتە عەرەبییەکانی (ع _ ح _ق) هەڵگێراونەتەوە و کردوونی بە ( ئ _ ه _ ک) واتا هەر وشەیەک بەم پیتە عەرەبیانە نووسرابێت، ئەم گۆڕیونی بۆ کوردیی وەک (قەلا، کەلا، عەلی، ئەلی) بێگومان دکتۆر، زمانزان و ئەکادیمی و پسپۆڕێکی دیار و بە توانای زمانی کوردییە، بەڵام پرسیاری من لێرەدا وەک خوێنەرێک ئەوەیە، ئایا ئەم گۆڕانکارییە گرامەریی و فەرهەنگییە، لە ڕووی واتاییەوە، گیروگاز دروست ناکات؟ بە تایبەتیش کە زمانی کوردیی لە زمانە ورد و ئاڵۆزەکانەو یەک فۆنیم و یەک مۆرفیم، مانای تەوای وشەکە دەگۆڕێت.

بۆ نموونە: وشەکانی (قەڵا) (حیوان) (عۆڵ) (قوڕ) ئەگەر بکرێنە، کەلا، هەیوان، ئۆل، کوڕ، گۆڕانکارییان لە ڕووی واتایەوە بەسەر دانایەت؟ ئایا ئەگەر وشەی قۆر، بگۆڕین بۆ کۆر، کە بە مانای کۆریی دەمی برەڕەکان دێت، گۆڕانکاریی دروست ناکات؟ دەنا نایشارمەوە هەم زمانی نووسینی کتێبەکە، هەمیش ڕێنووسی کتێبەکەم بەلاوە چێژ بەخش بوو، بەڵام زمان لە یەک کاتدا فەرهەنگ و وتا و ڕێزمانیشە، کە ئەمانە هەموویان بە سەر یەکەوە، بونیادی زمان پێکدێنن. دواجار دەڵێم، زمان زانست و هونەرە، بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی و فەرهەنگییە، بۆیە مولکی کەسی نییە تا بە ئارەزووی خۆی وشەی نوێی بۆ بتاشێت. ئەمە کاری ئەکادیمیا، کۆڕ و نێوەندە زانستییەکانی زمان و زمانزانانە. نەک نووسەرێک، کە ڕەنگە لە هەموو ژیانی بیست کتێبی لە بارەی زمان نەخوێندبێتەوە و پسپۆڕییەکەی هەزاران فرسەخ لە زمان دوورە.

بەشی دووەم



# ئاراستە نوێیەکان لە هونەر و جوانیدا

**لیبنتز (١٦٥٦ ـ ١٧١٦)**

دوای ئـەوەی هەڵوێستی دیکارتمان لـەبارەی بابەتی جوانییەوە خستەڕوو، ئاماژەشمان بە بۆچوونەکەی دا، لە بەستنەوەی نێوانی بیر و هەستەکان و باوڕبوونیشی بـەو چێژوەرگرتنە جوانییەی دەربـارەی گونجان و هاوسەنگی نێوان ئەندامەکانی هەستکردن و کردەوەکانی بیرەوە دەرچووە.

بڕیارەکان و هەڵسەنگاندنەکانی جوانیی بە مۆرکێکی ڕێژەیی تایبەتمەند دەبێت، کە لـە تیۆری جوانی لە لای لیبنتز (فەیلەسوفی ئەڵمانیی ئـاوەزی ئایدیاڵیزم) لێی دەکـۆڵـێـنـەوە، بیرەکانی بـە پێشبینی ئـەو بیرانە دەژمێردرێن، کە لە دوایدا دەرکـەوت، نەخاسمە لەلای هەریەکێک لە بومگارتن و کانت، بەڵام لەئاستی هونەری سەردەم فەلسەفەی جوانیی لیبنتز گوزارشت لەو ئازادییە دەکات، هونەری بارۆکی لەشێوەکانیدا جیا دەبێتەوە، کە لە کلاسیکیی دوورکەوتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە هاودەنگی هونەریی و فەلسەفەی جوانیی پشت بەستن بەجوانپۆشی و هاودەنگی زیاتر لەجوانی باس کراوە. لەوەی کە جووڵەیەک لەهێڵەکان لەدایک ببێت، فەلسەفەی جوانیی خودان مۆرکێکی پێکهاتنی ئازادیی جۆراوجۆرە باشترین دەربڕینی فەلسەفەکەیەتی لەم سـەردەمـەدا، سەردەمی بارۆک لە لای لیبنتز جیهانێکی سیخناخە و چۆڵەوانیی تێیدا نییە، لێوانلێوە لەزیندوویەتیی و جوانیی، گەردوون وێڕای چڕبوونەکەی هاودەنگە بە ڕێگەیەک ئەو بەشانەی زیندوویەتیی لێ دەرژێت کۆدەکاتەوە.

وێڕای ئەوەی باسکاڵ لە میتۆدەکەیدا هیچ بەشێکی لە لێکۆڵینەوەی دۆزەکانی تایبەت بەهونەر و جوانیی تەرخان نەکردووە، بەڵام پاساوێکی جوانی بۆ ڕاستەقینەیی لەلا دەبینینەوە. جیهان نەک هەر باشترینە، بەڵکوو کۆی گشتیشە، هەروەها لە مۆنادۆلۆجیی (Monadology)دا خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە بیرۆکەی زیندوویەتیی ماتریاڵ، هەر ماتریاڵێک لە جێگەی ئاوێنەیەکی زیندووە و هەمیشە بۆ گـەردوون وەک شارێک وایـە لەچەندین گۆشەی جیاوازەوە دەبیندرێ، کە چەندین ڕووی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا یەکێتییەکەی خۆی دەپارێزێت، ئەمەیشیان ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی چەندین ئەگەری ناکۆکیی لە سیستەمێکی پتەودا، واتە بەپێی وتەکانی ئامرازی گەیشتنە بە گەورەترین ڕاددە لە تەواوی (Perfection) بەوپێیەی سیستەمی فەلسەفی لیبنتز لەسەر بنەمای گونجانی تاهەتایی دادەمـەزرێت، لەنزیکەوە فێرگەی جوانیناسییەکەی بە بیرۆکەکانییەوە بەستراوەتەوە سەبارەت بە گونجانی پێشووەوە، بیرۆکەی گونجانی تاهەتایی لەنێوان مۆنادە گیانییە جیاوازەکان و هەستە ناوەکییەکانمان لەم زیندوویەتییە هەڵقوڵاوە، کە تێڕامانە لەو زیندوویەتییەی گەردوون ئاوەدان دەکاتەوە، لەوەدا وادیارە لەڕووناکی و هەڵهاتندا دەردەکەوێت ڕوونیی و درەوشانەوەکەی زیاتر دەبێت، کاتێک بابەتەکانی پەی پێبردنمان لەڕێگەی ڕاڤەی زانستییەوە ئاشکرا دەکەین.

لیبنتز دەڵێت: «وا دەردەکـەوێت لە هەموو بەشێکی مـاتـریـاڵـدا جیهانێک لـەدروسـتـکـراو و بـوونـەوەرە زیندووەکان و گیانلەبەر و گیانی ڕووەکی و گیانداریی هەبێت»

لە لای لیبنتز جیهان، یاخود سروشت بـواری ژیانی هەمیشەییە، تا هەتایی زیندوویەتیی ئەبستراکت نوێ دەکاتەوە، وەک چۆن ئەندێشەی ئەوەش دەکات هیچ شتێک لە جیهان نامرێت، یاخود تێک ناچێت، لەبەر ئەوەی شتەکان لە ژیاندا دەژین، گەشە دەکەن، نەشونما دەکەن سروشتیش تەنیا لەسەر ئەو شتانە گۆشەگیر بووە، کە هەستیار و هەستەکین.

هـەمـوو گـەردیلەیەکیش لـە مـاتـریـاڵـەوە، دەرکـەوتـەی جیهانێکە لـە دروسـتـکـراوێـک، کـە لـەنـێـو دەچـێـت و هەمیشەش دەجووڵێت، لە سروشت دا هیچ شتێک لەدایک نابێت، وەک چۆن لەدایک بـوون نییە، چونکە مـردن، بە واتـای ڕەهـا، بوونی نییە، چونکە ئەوەی لە بووندا کۆتایی دێت، لێیشییەوە دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام لە وێنەیەکی دیکەدا، بەم شێوەیە جیهان لە تێڕوانیندا بواری

نووسینی: د. راوية عبدالمنعم عباس
و. لە عەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

گیانگۆرکێ و گۆڕانە، یان جووڵە و ژیانە، لەبەر ئەوەی گیانمان لەگەڵ جیهاندا دروستکراوە، بۆیە تاهەتایی و هەمیشەییە نە دەمرێت و نە کۆتایی پێدێت.
بۆ ئەم واتایەیش، لیبنتز لە مۆنادۆلۆجییەکەیدا ئاماژە بە وتەکەی دەکات: «لە دایکبوون گەشەسەندن و نەشونماکردنە، مردنیش لەخۆگرتن و کەموکوڕییە، نە لە دایکبوونێکی ڕەها بوونی هەیە، نە مردنێکی تەواو بە واتا بێگیانییەکەی هەردووکیان»
بەم جۆرە خولیای زیندوویەتیی ئایدیالیی خۆی لە ئاراستەیەکی نوێ لە میتافیزیکیای لیبنتزییدا دەنوێنێت، بەجۆرێک بوون لە جووڵانەوەیەکی داهێنەرانەی چالاک، گەشەکردوو و پەرەسەندوو لە زیندوویەتییەکی تەواودا تاجی بەسەر جیهان داداوە دەردەکەوێت.
لەمۆنادە هەرە دەگمەن و تەنانەت باڵاترین واتە (مەزنترین مۆناد) پەرشوبڵاو دەبێتەوە، لیبنتز دەڵێت: «لە جیهان هیچ شتێک وشک، یاخود نەزۆک، مردوو، هاوار، یاخود ئاژاوە نییە تەنیا لە ڕواڵەتدا نەبێت»
لە بەشداریکردنە گەورەکانی لە بواری فەلسەفەی ئایدیالیزمدا، تێڕوانینی لیبنتز بوو بۆ شاری گیانە بگۆیەکان (مدينة النفوس الناطقة) کە باشترین جیهانی ئەندێشە دەکرد، ئەم شارە نموونەییە ئایدیالییەی وەک ئەگەری تەواوترین دەوڵەت لە ژێر تەواوترین و مەزنترین ئیمپراتۆردا گوزارشت کردووە. دیدگای جوانیناسی لیبنتز لەم شارەدا بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە پەیوەندی نێوان هەندێک مۆناد بەهەندێکی دیکەوە لە جیهان، پەیوەندییەکان لەم جیهانە نموونەییەدا بەشێوەیەکی نموونەیی ڕەوشتیی مومارەسە دەکرێت، بۆیە جیهان بە مەزنترین بەرهەمی خودا و شکۆی خودایی دەژمێردرێت، تێیدا بایەخدان و ئەندازەگیرییە پێشترەکەیی دەستی تێوەردەدات، سیستەم و ڕێکخستنێک دروست دەکات لە نێوان مۆنادەکانەوە، ئەوەی کەمترین گرنگی هەبێت دەردەکەوێت، تەنانەت کۆمەڵەی گیانە ئاوەزییەکان، یان بگۆییەکان، یان گیانەکان (Spirits) هەست بە پێبردنەکان دەکات و پێشییەوە پەیوەست دەبێت، هەوڵ دەدات لاسایی خودا بکاتەوە، وەک ئەو بەشداری لە پێکهێنانی شاری خودایی گیانە بگۆیەکان بکات و لاساییشی دەکاتەوە، لێرەدا خولیای لیبنتز بۆ تێڕوانینی لە جیهانێکی فەزیلەتدار و جواندا بەدەر دەکەوێت، دامەزراوە لەسەر ئەوگونجانەی بوونی ڕاستیی، جوانیی، تەواوی، دادپەروەرییەوە لە شاری گیانە بگۆیەکاندا بەرهەم دێنێت، کە تێیدا هەموویان لە پێناو چاکەکاریدا کاردەکەن.
لە سایەی فەرمانڕەوایەکی دادپەروەرانەی حکومەتێکی تەواودا هیچ کردارێکی چاکەکاریی بەبێ پاداشت بوونی نییە، هیچ کردارێکی شەڕانگێزانەیش بەبێ سزا بوونی نییە. لیبنتز دەڵێت: «لەسایەی ئەم حکومەتە تەواوەدا هیچ کردارێکی چاکە بەبێ پاداشت نییە، نە خراپەکارییەک بەبێ سزادان هەیە. ئەوەی لە بووندا هەیە، پێویستە کاربکات بۆ ئەوەی چاکەی چاکەکاران سەربکەوێت»
بەم جۆرە ئایدیالە، لیبنتز بوونی بە جیهانێکی تەواو تێڕوانین کردووە تێیدا پەیوەندییەکان بەپێی بنەمای گونجان و کۆکبوون دەگوزەرێت، گرنگیی بە جیهانی هونەر، بەتایبەت هونەری میوزیک دەدات، وەک ڕواڵەتی ڕیتمی گەردوونیی، گوزارشتی لێ کردووە، چییەتییە ناوەکییەکەی ژمارە و ڕێژەیە، سەیریش نییە نێوانی میوزیک و وەرزشیش تێکەڵ بکات، بێ گومان ئەفلاتوونییەکی ئایدیالیزمیی بوو.
لیبنتز هەمیشە نێوان جوانیی میوزیک و جوانیی سروشتی گەردوونیی، یان گونجانی میوزیکیی و گونجانی سروشتی بە یەکەوە دەبەستەوە. بەو پێیەی میوزیک نوێنەرایەتی جۆرێک لە ئەژمارکردن، یان پەیوەندی هەست پێکراوی نێوان ژمارە ڕێکخراوەکان دەکات، بەپێی مەودا و جۆرگەلێکی دەنگیی دیاریکراو، چێژ لە گیاندا دەبوژێنێتەوە، جا لێرەوە پەیوەندییەکی پتەوی بە زانستی ژمارەکانەوە دەبێت، بۆ ئەوەیش ئەژمارکردنێکی نەستیی و ڕواڵەتی ئەو ڕیتمەیە، کە گەردوونیش دەگرێتەوە، وەک چۆن لەو گونجان و جوانییەی گیانی مرۆڤ نەستییانە وڵامی دەداتەوە و خۆی دەنوێنێت، لەبەرئەوەی خۆی لە گەردووندا، لە توخمەکانی سیستەم و جۆراوجۆریی و ڕێکخستن و گونجاندا دەنوێنێت.
هونەری میوزیک ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەستنەوەی نێوانی مۆنادەکان، مەزنترین مۆناد لە جیهانی گیانە بگۆیەکاندا بەڵگەی بایەخی خودایە، بە گەردوون و هێنانەدی ئەندازەیەکی زۆری گونجان لە جیهانی زیندوویەتیدا، ئەو گونجانەی پێکهاتەیەکی ڕێکخراو و جوان لە نێوان باڵاترین ڕیتمەکان بەدیدەهێنێت.
ئەم یەکێتییە لە جیاوازیدا، ئەم سیستەمە هەرە گونجاوە هەوڵێکە بۆ جوانیی، یاخود پێناسەیەکی نزیکە بۆی، بەپێی ئەم فەلسەفە جوانیناسییە ئەگەر ئەمە زیاد بکەین، لیبنتز یەکەم کەس بووە، بەشێوەیەکی فەلسەفی نەستی دۆزیوەتەوە و هەندێک ڕۆمانتیکی وەک گۆتە لە فەلسەفە جوانیناسییەکانیاندا شوێنێکی گەورەیان بۆ کردبێتەوە.
گەر هەموو ئەمانە زیاد بکەین هەستمان بەدەوڵەمەندی فەلسەفە جوانیناسییەکەی لیبنتز کردووە.

بەشی یەکەم

# با منیش قسەی خۆم بکەم!

عەبدوڵلا زەنگەنە



لەو بڕوایەدام هیچ کام لە مرۆڤەکانی سەر ڕووی ئەم زەوییە، جا لە هەر توخم و ڕەنگێک بن، بێ جیاوازیی لەگەڵ یەکدی هەڵناکەن و بێی یەکدیش حەوانەوەیان نابێت، ئەو تایبەتمەندییە فسیۆلۆجی و دەروونییەش، لە ژیانی مرۆڤەکاندا، هەروا ڕۆییوە و هەرواش دەمێنێتەوە، ئەوە بە چاوپۆشین لەوەی ناخی هەموو مرۆڤێک، لەژێر کاریگەریی دەوروبەر، بە هەردوو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکەیەوە، هەر بەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە، ئەوەتا پێشینیانمان بەردەوام بە گوێیاندا چرپاندووین: (شەیتانی ئادەمی، ئادەمی خۆیەتی) با نموونەیەکتان لەسەر ئەم بۆچوونە بۆ بێنمەوە: زۆرجار وابووە بە تەنیا چەند وشەیەکی سادەی کەسێکی عاقڵمەند و دونیا دیتە، کەسانێک لە پۆپەی ڕق و لەوپەڕی تووڕەیی خاوکراونەتەوە، بەمەش وەکو دەڵێن ئاو بەسەر ئاگردا کراوە و لایەنی بەرانبەریش ئاشتی و هێمنی هەڵبژاردووە، من بۆ خۆم لەو جۆرە ئەزموونانەم زۆرن، بەڵام لێرەدا وا ئەزموونی کەسێکی دیکەتان بۆ دەنووسمەوە.

لە ٩ی حوزەیرانی ئەم ساڵ، لەگەڵ برادەرێکم، بۆ نانی نیوەڕۆ، چووینە سەر سفرەی برادەرێکی ئەو، بۆیەش دەڵێم برادەری ئەو، چونکە وەکو من تێی گەیشتووم، ئەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خانەخوێکە وەکو هی یەک خانەوادەیە، بۆ منیش ئەوە دەبووە سێیەم جار، لەسەر داوای ئەو، چوومەتە سەر ئەو سفرەیە، هەموو جارێکیش، پێش نان خواردن و دواتریش، کۆمەڵێک بابەتی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی. ڕۆشنبیریی و بابەتی دیکە خراونەتە بەر باس، لە دواساتی دانیشتنەکەی ئەم جارەمان، خانەخوێ باسی گرفتێکی نێو خەڵکی عەوامی کرد، کە دیاربوو ڕووداوی کوشتنی تێکەوتبوو، گوتی: چەند کەسێکی خزمەکانی کوژراو، وا دیاربوو دەیانەویست بچن لە تۆڵەی کوژراوەکەی خۆیان دەست لە چەند خانەوادەیەکی کوژەر بوەشێنن، بۆ نموونە چەند ماڵێکیان بسووتێنن! دیارە ئەویش بەم مەرامەیان ڕازی نەبووە و قسەی خۆی کردووە و لە زیانەکانی دواتری ئەو هەڵوێستە نەرێنییەیان ئاگاداری کردوونەتەوە، بە قسەی ئەو بێت وای لێکردوون، هەمووان سارد ببنەوە، بەڵکو کارێکی کردووە جارێکی دیکە بیریش لە هەڵنانی هەنگاوێکی وا نەکەنەوە!

بەو بۆچوونەوە ئەگەر ڕۆژانی کۆچ و ڕەوەکەی ١٩٩١تان بیربێنمەوە، دەپرسم و دەڵێم: ئەرێ ئەوە کامێرای دەستی کامێرامان و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندکارانی جیهان نەبوو ناخی خەڵکی جیهانیانیان هەژاند؟ بەمەش فشاریان هێنا تا بڕیارێکی

> ***دەمێکە هەردووکیان خراونەتە خانەی ئەوانەی بۆ دوارۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بە جێی هیوا و ئومێد دانراون***

تایبەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرژەوەندی ئەو بەشەی کوردستان دەرچوو. بەهەر حاڵ، من نامەوێت بە وردەکاری دیکەی ئەم جۆرە بابەتانە سەرقاڵتان بکەم، بەڵام دەبێ ئەوەش بیر بخەمەوە، بەم کارەی ڕۆژنامەنووسان هونەرمەندە ناودارەکانی جیهانیشیان خرۆشان، تا دواجار دەنگیان هەڵبڕی و بە تەنیا یەک شەو پتر لە (١٥٠) ملیۆن دۆلاریان بۆ خەڵکی لێقەوماو کۆکردەوە، کەچی ئەوسا و ئێستەش کەس نازانی ئەو پارە زۆرە، لە لایەن دەستڕۆیشتوانی خۆبەخۆیی، چۆن چۆنی حەپەلوش کرا! ئەگەر ئەوەش نەبێت، دەپرسم ئایا شوێنی ڕۆژنامەنووسی کارامە و لێهاتوو، لەبارەی هەر بابەتێکی وادا، یان هەر کارێکی دیکەی ڕۆژنامەنووسیی، دەبێ چی بێ و چۆن بێت؟! دیارە ئەو پرسیارەشم هەر لەو کایەیە و ئەنجامی ئەو نیگەرانیەمە، کە لە یەک دوو بڕگەی ناوەرۆکی چەند (دیدار)ێکی پێشووی گۆڤاری (دیوان) هاتووە!

لێرەدا من دووانیان دەخەمە بەر نووکی قەڵەمەکەم، یەکەمیان لەگەڵ (زادە)ی هونەرمەند و جواننووسیی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جارانە، کە لە ژمارە (٧)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ی ئەو گۆڤارەدا شوێنی بۆ کراوەتەوە. هەرچی دووەمیانە، ئەوە لە بارەی برگەیەکی دوتوی (دیدار)ێکە لەگەڵ ڕەحمەتی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)ی چیرۆکنووس و وەرگێڕ، دیارە ئەمەشیان لە ژمارە (٢٢)ی ئاداری ٢٠٢٢ی هەمان گۆڤار شوێنی خۆی گرتووە.

دیداری یەکەمیان لە لایەن (نازم دڵبەند) ئامادە کراوە، دیداری دووەمیشیان لە لایەن سەرنووسەری گۆڤارەکە (سمکۆ عەبدولکەریم)، دیارە جێ پەنجەی ئەو دوو بابایەش لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا چەندە دیار و بەرچاوە، لای منیش دەمێکە هەردووکیان خراونەتە خانەی ئەوانەی بۆ دواڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بە جێی هیوا و ئومێد دانراون، ئەی کەواتە دەبێ ئەو

> **نازم گیان کەی ڕۆژنامەی هاوکاری بە ژمارە سفر دەست بە بڵاوکردنەوی کراوە؟**

نیگەرانییەی من لە چییەوە هاتبێت؟ وا بەم شێوەیە ڕێی بۆ خۆش دەکەم تا وەکو پێویست بیانخەمە بەرانبەر ئەو چەمکەی من دەمێکە (دژەتەوەر و دژەبۆچوون)م بۆ کردووەتە ناوونیشان.

با ئەوەش بڵێم ئەوەتا کەسی دووەمی ئاخێوراو کۆچی دوایی کردووە، وەکوو دەڵێن شەیتانیش دەستی خۆی لێی شووشتووە، بۆیە ئەوەی دەینووسم و ئاشکرای دەکەم بۆ زیندووەکانە نەک مردوو، ئێ ئەوە خوایە بەڵکو جێی خۆی بگرێت!

**لەگەڵ هونەرمەند محەمەد زادە**

لەبارەی (زادە)ەوە دەڵێم: بەو کەمە بەهرە خۆرسکییەی هەمە و پێوەیشی دەنازم، دەمێکە دەزانم ئەو کەسێکی دەست و پەنجە ڕەنگینە و شایانی ئەوەشە بایەخی پێ بدرێت، من بۆ خۆم، لە ساڵانی (٢٠٠٤ تا ٢٠١١) کاتێک سەرنووووسەری گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووم، بۆ ئەم مەرامەم، چەند جاران هەوڵم داوە بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بیوروژێنم، ئەمەش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان بووە لە گۆڤاری ئاماژە بۆکراو، دڵنیام ئەوسا ئەوەم بۆ بچوایە سەر ئێستە، وەکو کتێبی (ئەزموونی ڕژنامەنووسیم)یەکەی (فەرهاد عەونی) دەبووە سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ ئەو بوارە، دیارە ساڵانی تەمەنی ئەوساش زۆر لەبارتر بوو، نەک وەکوو ئەمەی ئەمڕۆ ڕووداوەکان تێکەڵ بکات؟!

فەرموون یەک دووانێکیان لێ دەژمێرم و دەپرسم: ئەرێ (نازم)گیان کەی ڕۆژنامەی (هاوکاری) بە ژمارە سفر دەست بە بڵاوکردنەوی کراوە؟ تاوەکوو لەسەر زاری (زادە) گیان بنووسی: (لە ڕۆژی ٩/ ١/ ١٩٧٠ واتە لە ژمارە سفرەوە دەست بەکار بووم) کەواتە وردەکارێکی ئیزعاجی وەکوو من لەسەر ئەو چیرۆکەی لەبارەی (عزەت ئەلدووری) کە لەسەر زاری ئەو نووسراوە: (جارێکیان عیزەت الدووری تازە لە ناو حزبی بەعس پەرەی دەسەند و گەشەی دەکرد. بەڵکوو لە ناو جەماوەری بەغدا و ڕاگەیاندنی عێراقی پیاوێکی تازە بابەت بوو هێشتا نەبۆتە جێگری سەدام حسێن، لە نێوان ساڵانی ١٩٧١ یان ١٩٧٢ بوو، سەرپەرشتی ئاهەنگێکی ڕۆژی ئافرەتانی دەکرد بە وەکالەت لە جیاتی سەرۆک کۆماری ئەو وەختە ئەحمەد حەسەن بەکر، هەمیشە ئەوە هەواڵێکی چەورە بۆ ڕۆژنامەکان، بە هەر حاڵ ڕۆژنامەی (التاخي)یش وەک نەریت کردیە هەواڵێکی گرینگ لە لاپەڕەی ناوەوە، ناونیشانەکەش بە مانشێتێکی تۆزیک گەورە، سەرپەرشتیاری لاپەڕە لەسەر هەواڵەکە نووسیبووی (السيد عزة الدوري) منیش تەماشای ناوەڕۆکی هەواڵەکەم کرد هەواڵی ئافرەتانە! گوتم: هەبێ و نەبێ سەرپەرشتیاری لاپەڕە پیتی (ة) لەبیر چووە بۆ وشەی (السيد)ەکە، چونکە بە مەزندەی خۆم کە لێکم داوە وشەی (عزة) ناوی ئافرەتانە! لەسەر ناوی (نبيلة، ملكة، رحمة، جميلة، عزة) منیش یەکسەر بە خەتێکی گەورە نووسیم: (السيدة عزة الدوري...) بەو شێوەیە، بۆ بەیانی چاپکراو بڵاوکرایەوە! دوای ماوەیەک عیزەت الدووری خۆی تەلەفۆنی بۆ دارا تۆفیق سەرنووسەری (التاخي) کرد و گوتی: دارا جارێ جێی قوونمان گەرم نەبووە ئێمەتان کرد بە ژن! ئەوە خێرە؟ بۆ ژمارەی پاشتر داوای لێبوردنی لێکرا).

با جارێکی دیکەش بڵێم نامەوێ بە پرسیاری کەی و و چۆن و لە کوێ؟ مێشکی کەس جەنجاڵ بکەم، هەر ئەوەندە دەڵێم «دارا تۆفیق» لە ژمارە (٦٩٠)ی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ٢٣ی ئاداری ١٩٧١ بەدواوە بووەتە سەرنووسەری (التاخي) ئەوساش (السيد عزة الدوري...) (الاصلاح الزراعي) بووە، واتە بۆنەکەی ساڵی ١٩٧١ فت! جگە لەوە، هەردوو ژمارەی ٩٧٨ و ١٢٧٧ی (٨)ی ئاداری ١٩٧٢ و ١٩٧٣یش، کە ڕێکەوتی بۆنەی ڕۆژی ئافرەتانی جیهانیان کردووە، ئەو هەڵە سەیر و سەمەرەیان تێدا نەدۆزراوەتەوە، دیارە کەسێکی دیکەش بە ناوی (د. عزة مصطفى) وەزیری تەندروستی بووە. چەندەی لەخۆم دەپرسم سەردەر لەو سیناریۆیە دەرناکەم! هەر قسەیەکیش لە بارەی ئەو جۆرە چیرۆکە بکەم، تەقەڵەکان ئاڵۆزتر دەکات، کەواتە دەڵێم من بوایەم ئەو دیدارەم ساز بکردبا، بەر لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێ پرسیارم لەبارەیەوە لەبەردەم ناوبراو قوت دەکردەوە! لەوەندە زیاتر هیچی دیکە ناڵێم و ڕاستۆخۆ دەچمە سەر بابەتە سەرەکییەکەم کە (زادە)گیان لێکدانەوەی سەریری بۆ کردووە.

دوای ئەوەی (زادە) بۆ گەیاندنی پەیامەکەی باس لە پێوەندی نێوان برادەرێکی خۆی و سەرتاشە تایبەتییەکەی دەکات، بەم شێوەیە مەرامەکەی دەگەیەنێ: (خولاسە پیشەکەی منیش وەک پیشەی ئەو سەرتاشەی! زۆر لە برادەرە ئازیزەکانی خۆم کە بەرهەمێکیان دەبێ ڕوو لە من دەکەن بۆ خەت و دیزاینی بەرگی کتێبەکە، منیش تەخسیریان بۆ ناکەم باوەشیان بۆ دەکەمەوە و ڕێنماییان دەکەم، کە ئێستا باشترین دیزاینەر و خۆشنووس هەیە، بەڵام قەناعەت ناکەن و دەڵێن بە دەستی تۆ نەبێ تینوێتیمان ناشکێ! یەک لەو ئازیز و خۆشەویستانە «دکتۆر سەباحی غالب» لە سەرەتای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە دەنگوباس زیاتر یەکتریمان نەبینیوە، لە وڵاتی ئینگلستانەوە بەرەو کوردستان ئەوجا بۆ لای (زادە)ی خزمەتکار بۆ دیزاینکردنی «هەردوو بەشی بەرگی یەکەمی مێژووی کورد و کوردستان ١٩١٨ - ١٩٢٠» جا ئاسوودە بوو...).

ئەو جۆرە گێڕانەوەی ئەو ئازیزەمان، سەربوردەی کەسێکی بیر خستوومەتەوە، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالی هەولێر لای من شوفێری گرێدەر بوو، تا بڵێی پیاوێکی ئازا و مەرد و ئیشکەر و گوێڕایەڵ بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژانی دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراق، لەگەڵ چەند شوفێری قەلاب و شۆڤەل، ئەویشمان ناردبووە دەوروبەری گوندی (گومەسپان) تا لە مەقلەعێکی پشت دووکانەکانی ئەوێ تێکەڵە بگوازنەوە و شانی ڕێگەکەی کەسنەزان - دیگەڵە تێکەڵەڕێژ بکەن، هێشتە کارەکەیان بەنیوە نەکردبوو، هەواڵم بۆ هێنرا، گرێدەرەکەی (حاجی هەمزە) ئەتۆ خۆش، ئەوساش بڕیاری حکومەت وابوو، دەبوا لەم حاڵەتانە شوفێر بگیرێ و بە قەد نرخی مەکینەکەیشی سزای پارەی لەسەر بکرێتە ماڵ، ئێ من دەمزانی ئەو چەندە مەکینەکەی خۆی خۆش دەویست و چەندەیش لەم بەسەرهاتە بێ گوناهـ بوو، پێی ناوێ خۆم هەڵکێشم بەوەی چون نەمهێشتووە بۆ تاقە ڕۆژێکیش بگیرێت، بەڵام بۆ سزای پارەکە دیارە هیچم لە دەست نەهاتووە، ئاگام لێ بوو تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام پارە لە مووچەکەی دەبڕدرا، دوای کۆچ و ڕەوەکە و دواتر گەڕانەوەی ڕژێم و خەڵک بۆ شارەکان، زۆرجار

**زادە ئەگەر هەموو مافێکی مادیشی پارێزراو بووبێت، دەبوا ئەوەی لەبیر نەچێت ئەوە من بووم چەند جاران بە نەخشەسازی بەرگەکە ماندووم کردووە**

بۆ هەندێک کاری کارگێڕی دەبووا بچمە خۆیەتی بەڕێوەبەرایەتییەکە، بەرپرسەکەی ئەو بەشە ناوی (محەمەد کەریم) بوو، تا بڵێی لە کارەکەی خۆی لێهاتوو و لێزان بوو، ڕۆژێکیان باسی خۆی بۆ کردم کەوا چەندە دڵخۆشە، بەوەی لە لایەن حکومەتەوە بە چەند هەزار دینارێکی ساڵانی پێشوو قەرەبوو کراوەتەوە، دیارە من یەکسەر پرسی (حاجی هەمزە) و کەسێکی دیکەم بیر کەوتووەتەوە، کە ئێستە ناوەکەی ئەوەیانم بیر ناکەوێتەوە، هەواڵم دایە بەشی ماف، هەستم کرد وا خۆیان لە پرسەکە دەدزنەوە و کارەکەی خۆیان وەکو پێویست ناکەن! منیش وەکو بەرپرسی میکانێک بە بوێری و چاوقایمی خۆم بیرخەرەوەیەکم نووسی، تیایدا داوام کرد بەپێی فلان بڕیار و مادە، ئەو کەسانە دەبێ قەرەبووی مووچە لێبڕاوەکانیان بکرێنەوە و ئەو دۆسیەیەش دابخرێت، هەر خۆیشم

بیرخەرەوەکەم بردە لای بەڕێوەبەر، بەم هەڵوێستەم بابەتەکەم جووڵاند، ئەوەندەی نەبرد، هەموو پارەکانیان وەرگرتەوە، تا ئێرە هەموو شتێک ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی ئاسایی نەبوو، چەند ڕۆژێک دواتر زانیمەوە وا حاجی هەمزە، کە خۆی خەڵکی (پیرزین)ی بن هەولێر بوو، مەڕوماڵاتیشی لەو گوندە خودان دەکرد، دیارە دوای چارەسەری گرفتەکەی، وەکو دواتر بیستمەوە، دوای چارەکردنی کێشەکەی دوو سێ جار چووبووە ماڵی بەڕێوەبەر، ماست و شیر و پەنیر و سەرتوێژی بە دیاریی بۆ بردبوو، ئەو گێڕانەوەی (زادە)م ڕێک وەکو کردەوەکەی (حاجی هەمزە) دێتەوە بەرچاو، کێ دەیکا و کێیش هەڵدەنرێت؟ بەهەر حاڵ، ئەگەر (حاجی هەمزە) مابێت، ئومێدی ساغ و سەلامەتی بۆ دەخوازم، خۆ ئەگەر کۆچی دواییشی کردبێت، لە خوا دەپاڕێمەوە

***کە مرۆ قافی قسەی هات، ناچار دەبێت ڕاستی دیکەش ئاشکرا بکات، «زادە» ئەگەر هەموو مافێکی مادیشی پارێزراو بووبێت، دەبووا ئەوەی لەبیر نەچێت ئەوە من بووم چەند جاران بە نەخشەسازی بەرگەکە ماندووم کردووە***

بە کردەوەکانی خۆی لەگەڵ نەکات، ئەوسا لەسەر ئەو کردەوەی گەلێک گاڵتە و گەپمان کردووە.

سەرەتا دەبێ بڵێم: (زادە) لە ساڵی ١٩٧٩دا، بەرگی کتێبی (ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا) بۆ (صەباحی غالب) نەخشاندووە، ئەو پیاوەش لە ساڵی ١٩٨١ بەدواوە وڵاتی جێهێشتووە، تا دوای ڕاپەڕین، بۆ تەنیا تاقە جارێکیش، نەهاتووەتەوە کوردستان، دواتر لەمەڕ نەخشەسازی بەرگ کتێبی (کوردو کوردستان) کە لە لایەن «زادە» نەخشەسازی بۆکراوە، نەخشەسازی ناوەوە و هەڵەبژێری و هەڵەچنی سەر کۆمپیوتەریشی لە لایەن هەر یەک لە «ئاوات حەکیم زادە»ی خەڵکی مەهاباد و «شێرزاد فەقێ سمایل» و «مەحموود شێرزاد» بۆ کراوە، هەموو ئەم کارانە، نەک هەر نووسەری کتێبەکە ئاگای لێ نەبووە، بەڵکو هەندێک جارانیش، ئەگەر من پێشنیازم بۆ نەکردبێت، یا ئاگادارم نەکردبێتەوە، هەر ئاگای لێیان نەبووە، تەنیا شتێک ئاگام لێی نەبووبێت و بێی من تێپەڕ بووبێت، ناوی (محەمەد زادە)یە لە پێناسەی ئەو چاپەی کتێبەکە، نەخراوەتە تەک ناوەکانی سەرەوە، بەم حاڵەیشەوە دەمێک بوو ئەو پرسەم چارە کردبوو، بیرمە لە ٢٠٠٨ بە دواوە، کە ئەمەیان ئەو ساڵە بووە، نەخشەسازی بەرگی کتێبی (کورد و کوردستان) ی (د. کەمال مەزهەر)ی بۆ ئامادە کردووم، دواتریش ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی «جەمال خەزنەدار» و دوای ئەویش سەرجەمی بەرهەمەکانی «جەبار جەباری»ی و دوای هەمووشیان ئەو کتێبەی خۆی باسی کردووە، دەبێت «زادە» چاک بە بیری بێت، هەموو جاران ئەوە من بووم پێداگریم لە دانانی ئیمزای خۆی لە ژێر ناونیشانەکانی ئەم بەرهەمانە کردووە، بۆ هەر هەمووشیان چەند جاران، بە وەخت و ناوەخت، دەرگای ماڵەکەیانم گرتووە.

کە مرۆ قافی قسەی هات، ناچار دەبێت ڕاستی دیکەش ئاشکرا بکات، «زادە» ئەگەر هەموو مافێکی مادیشی پارێزراو بووبێت، دەبووا ئەوەی لەبیر نەچێت ئەوە من بووم چەند جاران بە نەخشەسازی بەرگەکە ماندووم کردووە، بەوەی چەند جاران قەبارەی خەت و ناوی نووسەرم پێی گۆڕیوە، یان گەورە و بچووکی کردووە، هەروەها هەڵەی نووسینی سەر بەرگەکەیشم پێی ڕاست کردووەتەوە، بەڵای کەمییەوەش دوو جاران جۆری خەتەکەیم پێی گۆڕیوە، دەزانم ئاگای لەوەش نەبووە، دوای نووسینی جۆری خەتی دووەم جار، لە مەهابادەوە پێشنیازیان بۆ نووسەری کتێبەکە کردووە بە تەڕاحێکی ئەوێ و جۆرە خەتێکی دیکە بەرگەکە برازێننەوە، حەز دەکەم (زادە) خۆی و خوێنەران و ڕۆژنامەنووسانیش بزانن، ئەوە من بووم ئەو پێشنیازەم قبووڵ نەکردووە و سووریش بوومە بەوەی دەبێ خەتەکەی زادە بمێنێتەوە! ئەوەش هیچ هەر خۆیشم لە چاپخانە و لە کاتی بەرگ تێگرتن، ڕۆژانە بە مەبەستی سەرپەرشتی هاتوچۆی ئەو شوێنانەم کردووە، چەند سەعاتان ماوەمەتەوە و زۆر کاری دیکەیشم بۆ کردووە، پێویست ناکات لێرەدا سەری کەسیان پێوە بیەشێنم!



# دیدار

# فرمێسک وریا قانیع

نزیکەی بیست خوولەکی مابوو، کە (خۆم و ڕەوەست نەوزاد) تەقەمان لەدەرگا هێنا، لەگەڵ دەرگا کردنەوە، یەکەم ڕستە گوتی: ئەوە یەکەم جارە ببینم کورد پێش مەوعید بگاتە جێ، ئێمە لە مەوعید هەمیشە دواکەوتووین.

لەسەر وێستگەی ژیانی وەرزشیی و مامۆستایەتی، کۆمەڵێ باس و خواسی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی دیکە، فرمێسک وریا ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی دیوان دەداتەوە.

# فرمێسک وریا قانیع:

# پێنج خوشک و پێنج برا، لەگەڵ باوکم هەموومان شەترەنج زانین



فرمێسک وریا، نەوەی قانیع-ی شاعیرە، باوکی لە باپیری و خۆیشی لەباوکی فێری شەترەنج بووە. لەتەمەنی پازدە ساڵییەوە بووەتە یەکەمی عێراق و ماوەی سێزدە ساڵ بەسەر یەکەوە، یەکەمی سەر ئاستی عێراق بووە، لە پاڵەوانێتییە عەرەبییەکانیشدا حەوت مەدالیای بەدەست هێناوە و بەشداریی یارییەکانی ئۆلۆمپیاتیشی کردووە.

ئەو نەوەیەی قانیع، لەگەڵ ئەوەی خۆی و هەردوو کورەکەی و کچەکەی پاڵەوانی عێراق-ن، بەڵام لەئێستەدا خۆیان دوور گرتووە، خۆشحاڵ نین بەیاریکردن لە یانەکانی شەترەنج لەهەولێر، چونکە وەک ئەو دەڵێت: یانەکان هێندەی لەخەمی ڕاگەیاندن و خۆ ڕەپێشکردنی بەر شاشە و کاری حزبایەتین، هێندە لەخەمی شەترەنج و دروستکردنی پاڵەوان نین.

فرمێسک ماوەی حەڤدە ساڵ مامۆستای زیندەوەرزانی بووە و لە بارەی جیاوازیی خوێندنگە ئەهلی و حکومییەکان و دابەزینی ئاستی خوێندکار و ئەنجامەکانی ئەمساڵ، بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە.

هاوکات فرمێسک وریا، شەترەنج بەژیان دەبەستێتەوە و دەڵێت: هەم لە شەترەنج و هەم لەژیاندا دەبێت بڕیارەکان زۆر ورد و لەسەرەخۆ بن. چۆن لە شەترەنج هەموو یاریزانەک دەبێت ڕاهێنەرەکی هەبێت، لەژیانیشدا هەموو کەسێک دەبێت ڕێنیشاندەرێکی هەبێت.

هەر لەو دیمانەیەدا فرمێسک وریا، هەڵوەستە لەسەر زۆر باسوخواسی خێزانیی، زەوقی شعریی و وابەستەبوون بە شار، دەکات.

**دیمانە: محەمەد گۆران**

**- با لە قانیع-ی شاعیر، باپیرتانەوە دەست پێ بکەین، ئێوە وەک خێزانێک هەر لە بنەڕەتەوە هەمووتان شەترەنج زانن و لەوەوە فێری شەترەنج بووینە، پرسیارەکە ئەوەیە، قانیع لەکێ فێری ئەو یارییە بووە و ئێوەش لەکێ؟**

+ باپیرم لەیاری شەترەنج دا زۆرزۆر باش بووە، یەکێ بووە لەیاریزانە زیرەک و لێزانەکان، بەبێ ئەوەی، کە لەو سەردەمەدا هیچ هۆکار و کەرەستەیەکی فێرکردنی لەبەردەست هەبووبێت، بۆ ئەوەی زیاتر خۆی پێش بخات، باوکیشم هەر لەو دەچێت، چونکە ئێستەش یاریزانەکی زۆرباشە. ڕاستییەکەی نازانم، کە قانیع-ی باپیرم یەکەمجار لەکێ فێری شەترەنج بووە، بەڵام بەو پێیەی مەلا بووە و زۆر ناوچە و دێهات لە هەردوو بەشی کوردستان، باشوور و ڕۆژهەڵات گەڕاوە، لەوە دەچێت لەو هاتوچۆیە لە کەسێک فێربووبێت.

ئەو کاتەی کە زیندانیی بووە، لە ناوکی سەموون شەترەنجی دروستکردووە و لەگەڵ بەندییەکانی دیکە یاریی کردووە.

لەو ساڵەی، کە قانیع لە گوندی (لەنگەدێ) لە سنووری پێنجوێن مردووە، منیش هەر لەو گوندە، ساڵی ١٩٦٥ لە دایکبوومە. من لەسکی دایکم، حەوت مانگان بوویمە، ئەو ٧/ ٥/ ١٩٦٥ مردووە، منیش ١٩٦٥/٧/٣٠ لە دایکبوومە، واتە دوومانگ دوای مردنی ئەو.

قانیع-ی باپیرم منداڵەکانی، واتە باوکم و دوو مامەکانمی فێری شەترەنج کردووە، ئەو دوو مامەم زۆر گرنگیان پێ نەداوە، بەڵام باوکم بە پێچەوانەوە، ئەوەندی من بە بیرم بێت، بەردەوام شەترەنجمان لە ماڵ هەبووە، من هەر بەتەماشاکردنی ڕۆژانەم لەگەڵ خوشک و براکانم، کە لەمن گەورەتر بوون، فێری شەترەنج بوومە،

**“ سێ منداڵم هەن، دوو کور و کچێک، هەر سێکیان پاڵەوانی شەترەنجن لە عێراق ”**



لەڕاستەوە: فرمێسک، خاتووزین، چنار، مەریوان، سەمیر تەها

دوو براکەم، کە لەگەڵ باوکم یارییان دەکرد، ئەوە سەرەتای فێربوونم بوو.

دوای فێربوونیشم، هەر باوکم هاندەری یەکەمم بووە، بۆ ئەوەی بچمە دەرەوەی هەولێر و یاریی بکەم، لەگەڵم دەهات بۆ بەغدا و بەسرا، بۆ شارەکانی دیکەی عێراق، تاکو بەشداریی یارییەکان بکەم، لەدوای تەواوبوونی یارییەکانیش بۆی شی دەکردمەوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆمی پێ دەگوتم.

**– ئێوە لەماڵەوە چەند کەس بوون و چەندتان شەترەنجزان بوون؟**

+ پێنج خوشک و پێنج برا لەگەڵ باوکم، هەموومان شەترەنجزانین، تەنیا دایکم خوا لێی خۆشبێت نەیدەزانی. خوشکە گەورەکەشم نەهاتە پاڵەوانێتییەکان و وازی لێ هێنا، بەڵام چوار خوشکەکەی دیکەم، هەمووشمان لە هەڵبژاردەی عێراق بووین.

(خاتووزین و چنار) دووەمی سەرئاستی وڵاتانی عەرەب بوون، بەڵام یەکەمەکەیان وەک من نەهێنا، چونکە من دووجار بوومە پاڵەوانی وڵاتانی عەرەبیی، ئەوان دووەم و سێیەمی سەر ئاستی عەرەب بوون، هەردووکیشیان یاریزانی نێودەوڵەتین، بەهەمان شێوە بژار-ی خوشکم ئەویش یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتمانیی و نێودەوڵەتییە، لە ئۆلۆمپیاتی جیهانیی، کە لە

> **“ قانیعی باپیرم ئەو کاتەی کە زیندانیی بووە، لە ناوکی سەموون شەترەنجی دروستکردووە و لەگەڵ بەندییەکانی دیکە یاریی کردووە ”**

ڕووسیا بەشداریی کرد.

براکانم، مەریوان یاریزانی هەڵبژاردەی هەولێر بوو، بەڵام نەگەیشتە ئاستی هەڵبژاردەی عێراق، هەرچەندە چەند جارەک گەیشتە یارییەکانی پێش کۆتایی، بەڵام نەگەیشتە کۆتایی، چونکە هەڵبژاردەی نیشتمانیی چوار کەسە، ئەو یەکێ نەبوو لەو چوار کەسە. ئارپاک-ی براشم پاڵەوانی لاوانی عێراق بوو، یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقە و چەندجار نوێنەرایەتی عێراقی کردووە و یەکێ بووە لەیاریزانە هەرە باشەکانی عێراق.

**– ئارپاک، ئەو ناوە مانایەکی دیاریکراوی هەیە؟**

+ ئارپاک، بەمانای (قەوم) ئارییەکی پاک، ناوی یەکێک لە وەزیرەکانی زوحاک بووە. براکانی دیکەشم هەموو یاریزانی باش بوون، بەڵام هیچیان وەک ئارپاک قۆناغ و ئاستەکانی یارییەکەیان نەبڕیوە.

**– کە یەکەم جار بەشداریت لەیاریی شەترەنج کرد، لەچ قۆناغ و تەمەنێکدا بوویت؟**

+ ساڵی ١٩٧٨ پۆلی شەشی سەرەتایم تەواو کردبوو، باوکم و مەریوان و ئارپاک-ی برام یاریزانی هەولێر بوون، ڕۆژێک بەنیازی چوونە یانە و یاریکردن، خۆیان گۆڕیبوو و تاکو بەر دەرگاش چوون، لەپڕ گوتیان فرمێسک بۆ تۆش نایەیت، لەوێ دووسێ کچی دیکەشی لێیە، بۆیە هەر زۆر بەرێکەوت بوو، بەپەلە خۆم گۆڕی و لەگەڵیان چووم.

لەوێ کچەکی لێ بوو (ژیان جەمال) دووەمی سەر عێراق بوو، یاریم لەگەڵی کرد و لێم بردەوە، هەموو کاربەدەستانی یەکێتیی شەترەنج لە هەولێر، گوتیان مادام ئاستت وا بەرزە حەزدەکەین بێیت و بەردەوام بیت، زۆر هانیان دام. ئیدی، کە هاتمەوە ماڵ زیاتر لەگەڵ ئارپاک-ی برام، کە دەتوانم بڵێم هەر ئەویش ڕاهێنەرم بوو، خەریکی یاریکردن و ڕاهێنان بووم.

بۆ ساڵی دواتر ١٩٧٩ لەسەر ئاستی هەولێر یەکەم بووم، لە مووسڵ چوومە چوارگۆشەی کۆتایی، لەوێ چوارەم بووم، پاڵێورام بۆ یارییەکانی کۆتایی، بەڵام ئەنجامم بەدەست نەهێنا. هاتمەوە و

دەستم بە ڕاهێنان کردەوە. ئەوەبوو لەساڵی ١٩٨٠، کە ئەوکاتە لە پۆلی سێی ناوەندیی و تەمەنم پانزە ساڵان بوو، لەسەر ئاستی پاڵاوتنەکان دەرچووم و چوومە چوارگۆشەی کۆتایی و لەسەر ئاستی عێراق یەکەمم بووم، بوومە کاپتنی هەڵبژاردەی عێراق.

**- چەند ساڵ لەسەر ئاستی عێراق یەکەم بووی؟**

+ لەساڵی ١٩٨٠ تاکو ١٩٩٣ بۆ ماوەی سێزدە ساڵ یەکەمی عێراق بووم و لەساڵی ١٩٩٣ بەهۆکاری ئەو بارودۆخەی دوای ڕاپەڕین دروستبوو وازم لەبەشداریکردنی یارییەکانی خولی عێراق هێنا.

**- ئەی لەسەر ئاستی عەرەب و نێودەوڵەتی چەند مەدالیات وەرگرتووە؟**

+ لەسەر ئاستی عەرەب حەوت مەدالیام هەیە، پێنج ئاڵتوون، یەکێ برۆنز و یەکێ زیو. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەپاڵەوانێتی ئاسیا بەشداریم کرد، ئەوکاتە پێیان دەگوت پاڵەوانێتی زۆنی دە، لەسەر ئاسیا سێیەم بووم.

ساڵی ١٩٨٤ بەشداریی یارییەکانی ئۆلۆمپیاتم کرد، یەکەم ئافرەت بووم «تەدەروجی نێودەوڵەتی»م وەرگرت، ئێستە ئەگەر لە یەکێتیی نێودەوڵەتی شەترەنج، ناوی من بنووسی، ناوەکم پیشان دەدات، کە یاریزانەکی نێودەوڵەتی بوویمە.

**- لەکاتی بەشداریکردنت لەپاڵەوانێتییە عەرەبییەکان بەهۆکاری ناوەکەت هیچکات کێشەت بۆ دروست نەبووە؟ چونکە ناوی خۆت و باوکت، دیارە کە عەرەب نینە؟**

+ کێشەم بۆ دروستبووە، یەکێ لەو کێشانە ساڵی ١٩٨٥ بوو، ئەوکاتە لە قۆناغی یەکەمی کۆلێژ بووم، زمانی عەرەبییەکەم باش نەبوو و ترسێکیشم هەبوو، پاڵەوانێتییەک لە مەغریب کرا و پلەی یەکەمم بەدەست هێنا.

ڕێکخەرانی پاڵەوانێتییەکە، کە لە ڕۆژنامەیەکی مەغریب-یش بڵاوکرایەوە گوتیان: (پاڵەوانی عەرەب، عەرەب نییە) گوتیان نابێت ئەو کچە مەدالیاکە وەربگرێت چونکە پاڵەوانێتییەکە تەنیا بۆ عەرەب-ە، ئیدی خوالێخۆشبوو (عەبدولڕەزاق ئەحمەد تەها) سەرۆکی یەکێتیی شەترەنجی عێراق، هەڵسایەوە و چوو قسەی لەگەڵ کردن و گوتی: ئەمانە کوردن و لەگەڵ عەرەب لە عێراق، پێکەوە دەژین و هاوڵاتی عێراقین» جا قەناعەتیان هات و مەدالیا زێڕەکەم وەرگرت.

**- بەڵام مەغریب خۆیشیان ئەمازیغین و عەرەب نین، بێگومان عەرەبییەکەی ئێوە هێشتە لەهی ئەوان باشتر بووە؟**

+ ئەو کۆمەڵەی ئەو پاڵەوانێتییەیان بەڕێوە دەبرد، لەوانەیە ئەگەر بیانزانی با لە پاڵەوانێتییەکە یەکەم دەبم، هەر لە سەرەتاوە نەیانهێشتبا بەشداری بکەم، بەڵام درەنگ کەوتبوون، چونکە تازە یەکەم بووبووم.

**- لەبەرچی بە شەترەنج دەگوترێ یاری پادشاکان؟**

+ چونکە پادشاکان هەم شەترەنجیان کردووە، هەم پلانی یارییەکەیان بۆ جەنگ بەکارهێناوە، بەتایبەت لەکاتی هێرشکردن و دابەشکردنی هێزەکان، بۆ نموونە: ئەسپسوار لەملا و فیلسوار لەولایە، پیادە بەو لایە بڕوات، بۆیە پێی دەگوترێت یاریی پاشاکان، هەتا یەکێ لەیارییەکانی شەترەنج چوار جووڵەیە، ئەمە بەناوی ناپلیۆنەوە کراوە،

> “ ساڵی ١٩٨٠ کە پۆلی سێی ناوەندیی و تەمەنم پانزە ساڵان بوو، لەسەر ئاستی عێراق یەکەم بووم و بوومە کاپتنی هەڵبژاردەی عێراق ”



**پاڵەوانێتی عەرەب لەشاری مەنامەی پایتەختی بەحرێن، ساڵی ١٩٨٧ کاتی بەدەستهێنانی پلەی یەکەم و وەرگرتنی مەدالیای زێڕ**



فرمێسک وریا قانیع لە تازەترین وێنەیدا

چونکە کاتی خۆی ناپلیۆن ئەو پلانەی لەجەنگ بەکارهێناوە، لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانیش، ئەو پلانەی ناپلیۆن سەری گرتووە و بەکارهێنراوە.

**- سیستەمی یاریکردنی شەترەنج هەر لەسەر ئەو سیستەمی جاران دەڕوات، یاخود گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟**

+ گـۆڕاوە، سیستەمی ئێستە لـەگـەڵ جـاران جیاوازە و زۆر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، پێشتر هەر یاریزانێک دووسەعاتی هەبوو، دوای ئەو ماوەیە نیو سەعاتی دیکەیان دەدایە، پاش ئەوەش چارەگێکیان دەدایێ، ئەگەر یارییەکە هەر تەواو نەبووایە، بۆ بەیانی یاخود کاتەکی دیکە دوا دەخرا، بەڵام ئێستە ئەو سیستەمە کۆنە نەماوە، سیستەمی ئێستە پێی دەگوترێت (فیشەر) بەپێی ئەو سیستەمە یارییەکە هەر لەو ڕۆژەدا دەبێ تـەواو بکرێت، هەر یاریزانەک نـەوەت خولەکی هەیە، لەگەڵ هەر جووڵەیەک سیی چرکە زیاد دەبێت. ئەو نەوەت خولەکەکە هی یاریزانەکەیە، دەتوانێت لەهەر جووڵەیەک پێنج بۆ دە خولەک، یان زیاتر بووەستێ، چونکە ئەمە کاتی خۆتە، ئـازادی چۆنی بەکاردەهێنی، بـەڵام بـۆت نییە لەکاتی خۆت هەستی و بڕۆی، دەبێت جووڵەکە بکەی و کاتژمێرت ڕاگری، جا بۆت هەیە بچی بۆ تەوالێت، یان ئاوخواردنەوە.

> **لەساڵی ١٩٨٠ تاکو ١٩٩٣ بەدرێژایی سێزدە ساڵ یەکەمی عێراق بووم و لەسەر ئاستی عەرەبییش حەوت مەدالیام هەیە، پێنج ئاڵتوون، یەک بڕۆنز و یەک زیو**

سیستەمی فیشەر (کلاسیک)یشی پێ دەڵێن، بەپێی ئەو سیستەمە ئەگەر کاتژمێرەکەت بووە سفر ئەوە دەدۆڕێیت، هەتا ئەگەر لە ئالەتیش زۆر لەپێش بیت، هەر دۆڕاو حیسابی.

**- بۆچی هەمیشە لە ناوەڕاستەوە دەست بەیاریی شەترەنج دەکرێت؟**

+ چونکە هەموو تەرکیز و وردبوونەکە لە یاریی شەترەنج لەسەر ناوەڕاستە، زۆرجار دەبینی ئالەتەک، وەک ئەسپ لە دواوەم، بەڵام چونکە هەڵوێستم لە یارییەکە بەهێزە و کۆنترۆڵی ناوەڕاستم کردووە، بۆیە من یارییەکە دەبەمەوە. زۆر یاریزانی نێودەوڵەتی، وەک کاسپارۆڤ و کاربۆڤ، زۆرجار قوربانیی بەفیلێکی خۆی دەدات لەبەرانبەر سەربازێکدا، یان ئەسپەک، قەڵایەک دەگۆڕێتەوە بەسەربازێک، وەزیرێک بەقەڵایەک دەدات، واتە بە ئالەتەک لە خۆی کەمتر، بەس بۆ ئەوەی هەڵوێستی لە یارییەکە باش بێت، چونکە هەڵوێست لە شەترەنج زۆر گرنگە، ئەویش هەمووی دەکەوێتە سەر ناوەڕاست، بەڵام لە ڕووخەکاندا باش نییە، نە یاریی بکەی و نە ئالەتەکان ببەیە پێش. ئێستە ئەو ئەسپە (تەختەی شەترەنجەکە لەبەر دەممانە) لەناوەڕاست هەشت چوارگۆشە کۆنترۆڵ دەکا بەڵام ئەگەر لەناوەڕاست نەبێت تەنیا سێ چوارگۆشە کۆنترۆڵ دەکات.

**- غاندی دەڵێت بۆیە خۆم فێری شەترەنج نەکرد، چونکە حەزم نەدەکرد سەرباز بەکوشت بدەم بۆ ئەوەی مەلیک بمێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە، لەکاتی شەترەنج کردندا هەستەکی نامرۆڤانە دروست نابێت، بەوەی هەمیشە سەرباز بکرێتە قوربانی مەلیک؟**

+ ئەی لەشەڕی وڵاتان و نێوان هێزەکانیشدا هەر وانییە، کە سەرباز بەکوشتن دەدرێ، یاخود دەبنە خاوەن پێداویستی تایبەت، هەمووی بۆ پاراستنی مەلیک و سـەرۆکی وڵاتـەکـەیـە، شەترەنج-یش لـەسـەر هـەمـان فیکرەیە، هـەمـوو یارییەکە بۆ پاراستنی مەلیکە، هەمووجارێک وەزیر دەکرێتە قوربانی، بەس بۆ ئەوەی مەلیک بمێنێت، بەڵام کە مەلیک مرد یارییەکە کۆتایی پێ دێت. لەژیانیشدا هەر وایە، لەکاتی شەڕەکاندا خۆ سەرۆکی وڵات ناچێت شەڕ بکات.

**– ئەمە وەختێک دروستە، کاتێک مەلیک و سەرۆکەکە خۆیان یاریی شەترەنج بکەن؟ یاخود کەسەکە لە چینی سەروو، ئەرستۆکراتی بێت، بەڵام کاتەک من و تۆ شەترەنج دەکەین و هەردووکمان لەچینی خوارەوەین، ئینجا سەرباز دەکەینە قوربانی مەلیک، لە کاتەکدا سەربازەکەش لەچینی خۆمانە، هاوکێشەکە دەگۆڕێت؟!**

+ ڕاستە هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، بەڵام شتەکە زیاتر مەعنەوییە، چونکە من نایەم لە ئەرزی واقیع سەربازەک بکوژم، بەڵام کە هاتە سەر تەختەی شەترەنج دەبێتە شەڕی نێوان دوو مێشک، کە کامەمان بتوانێ مەلیکی ئەوەی دیکەمان بگرێت، کامەمان بتوانێ بەکەمترین کات باشترین یاریی بکات.

**– لەکاتی یاریکردندا وا ڕێکەوتووە، گاڵتەت بە عەقڵی یاریزانی بەرانبەرت هاتبێت، یاخود بەپێچەوانەوە زۆر لێی ترسا بیت؟**

+ بەڵێ هەبووە، بەڵام گاڵتەکردن بە یاریزانی بەرانبەرت، زۆرخراپ بەسەر خۆتدا دەشکێتەوە، چونکە زۆرجار بەسووک سەیرکردنی دەبێتە هۆکاری دۆڕاندنت. یاریزان هەبووە زانیومە باش نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من بەسادە و وەک دەڵێن بە فشە وەرم نەگرتووە، چونکە یەک جوولەی هەڵە بکەیت، لەوانەیە ببێتە هۆکاری دۆڕاندنت. زۆر زۆریش لەو یاریزانانە هەبوونە، کە لێیان ترساوم، جاری وا هەبووە، کە زانیومە بەیانی لەگەڵ فڵانە یاریزان دەکەوینە بەرانبەر یەک، لەترسان نانم پێ نەخوراوە.

**– لەیاریی شەترەنج دا چ جووڵە و هەڵسوکەوتێک دەبێتە هۆی سزادان و وەرگرتنی کارت و ئاگادارکردنەوە؟**

+ سەیرکردنی بەرانبەر، بەجۆرێک، کە ببێتە مایەی بێزاریی و سووکایەتی پێکردنی، یان بەهێز بکێشی بەکاتژمێرەکە، نابێت بەشێوەیەک پێیدا بکێشی دەنگی لێوەبێ، یاخود نەقلەیەکی نایاسایی بکەی، بۆ نموونە بۆت نییە «تەبیت» بکەی، چونکە دەبێت بەکش (تەبیت واتا لەکاتی پاراستنی مەلیک، تەنیا لەو کاتە مەلیک بۆی هەیە دووخانە بڕوات) هەروەها قەدەغەیە لەکاتی یاریی کردندا جگەرە بکێشرێت، جاران، کە یاریمان دەکرد، ئەوکات جگەرەکێشان هەبوو، زۆرجار کچە یاریزانەکە لەکاتی جگەرەکێشان دووکەڵەکەی دەکرد بەسەر بۆردی شەترەنجەکەدا، ئەوە بۆ کەسی بەرانبەر ناخۆش بوو، بەتایبەتی ئەگەر جگەرەکێش نەبووایە. ئەمانە ئەو هەڵسوکەوتانەن، کە نابێ لە کاتی یاریی شەترەنج بکرێن. ئێستەش وای لێهاتووە ئەگەر حەکەم دووجار ئاگادارت بکاتەوە، جاری سێیەم دۆڕاو حیسابی.

**– لەیاریی شەترەنج، جیاوازیی لەنێوان کچ و کوڕدا هەیە ، واتە یەکیان لەوەی دیکە زیرەکتر بێت؟**

+ تەنیا لەمومارەسەرکردن و ڕاهێناندا هەیە، کوڕان زیاتر مومارەسەی دەکەن و کاتی زیاتری بۆ دادەنێن. بۆ نموونە کوڕەکەی خۆم، ئەوکاتەی، کە لە تەمەنی چوارە ساڵیدا یەکەمی سەر عێراق بوو، ڕۆژانە چوار بۆ پێنج سەعات ڕاهێنانی دەکرد، بەڵام کچەکەم ئەو ماوە زۆرە ڕاهێنانی نەدەکرد، جا ئەو کەمتر ڕاهێنانەی کچان ئەو جیاوازییەی ئاستیان لە نێواندا دروست دەکات.

**– هۆکار چییە کە ڕووسەکان لەیاریی شەترەنج،**

**“ یانەی خانزاد حزب بەڕێوەی دەبات، کوڕەکان و کچەکەم ئەندامی یانەکەن، بەڵام لەکاتی هەڵبژاردن بۆ یانەکە، ناویان لە لیستەکەدا نەبوو ”**



**پاڵەوانێتی عێراق لە بەغداد ساڵی ١٩٨٣ کە لەسەر ئاستی عێراق یەکەم بوو**

**زیاتر ناویان دێت و باڵادەستن بەسەر ئەم یارییەدا؟**

+ ئەوان زیاتر گرنگی پێ دەدەن و وەکو خوێندن و پرۆگرام لە قوتابخانە دەیخوێنن، تەنانەت لە زۆربەی چایخانە و پارکەکانیش شەترەنج دانراوە، خەڵک دەچێت یاریی دەکات، وەک چۆن لە بەرازیل تۆپی پێ یاری سەرەکییە و لەهەموو شوێنێک دەکرێ، لەڕووسیاش ئاوا گرنگی بەو یارییە دەدرێت و حەزیان لە شەترەنجە.

ئەوان بۆ دروستکردنی یاریزان ئیش دەکەن وەک لای خۆمان نییە، بەس بۆ ڕاگەیاندن ئیش بکەن، ئێستە یانەی خانزاد بەردەوام خول دەکاتەوە، بەڵام ئەنجامەکەیان چییە؟ چەند پاڵەوانیان دروست کردووە؟ من خۆم لەوێ بوومە، پاش ئەوەی وێنەی خولەکە دەگیرێ، دەڵێن یەڵڵا تەواوی بکەن و کۆتایی پێ بهێنن، مەبەستەکە تەنیا ڕازیکردنی بەرپرس و حزب و وێنەگرتنە، تاکو بڵێن یانەی خانزاد ئەوە چەند خول بکاتەوە.

لەو یانەیە، هەیە و نییە (سارا)ی کچی (دڵپاک)مان هەیە، ئەویش بەماندووبوونی خۆی پێگەیشتووە و دایکیشی لەگەڵ خۆمان یاریزان بوو. سارا ئێستە تەلەبەی هەندەسەیە، خۆی زۆر حەزی لە شەترەنجە، تاکو ئێستە ڕاهێنەرەکی نییە و خۆی، خۆی دروست کردووە، بۆیە ئەو ئیشانەی، کە لێرە دەکرێن هەمووی زیاتر بۆ نمایشە و وەک ئەوانەی دەرەوە نییە مەبەست لێی یاریی و دروستکردنی پاڵەوان بێت.

**– یاریزانی شەترەنج پێویستە عەقڵێکی زانستیی، یان ئەدەبیی هەبێت؟**

+ زانستیی، چونکە من چەند کەسێک دەناسم، کە چوونەتە بەشی ئەدەبیی بەس جووڵەکانی شەترەنج دەزانن. ئەو یارییە هەموو کەس دەتوانێ فێر ببێت، بەڵام ناتوانی بگەیتە ئاستی یەکەمی عێراق، یان یەکەمی عەرەب، یان ئاسیا، ئەوەی سەرنجم داوە، ئەوانەی لەبەشی ئەدەبیی دەیانخوێند، دەهاتنە پاڵەوانێتییەکان بەڵام هیچیان بەهیچ نەدەکرد.

**– مەریوان وریا قانیع–ی برات، ئەویش یەکێ لەیاریزانەکانی شەترەنجە و بەشی زانستیی بوو، ئەی چۆن بوو ئەو هیچ ئەنجامێکی بەرچاوی لەو یارییە بەدەست نەهێنا؟**

+ مەریوان زیاتر کاروباری ژیان و ڕووکردنە بواری خوێندنەوە و نووسین وایکرد لە شەترەنج زۆر نەچێتە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانەکی زۆرباش بوو، بەڵام نەدەگەیشتە هەڵبژاردەی عێراق، لە پاڵاوتنەکان هەمووی دەردەچوو، بەڵام نەدەگەیشتە کۆتایی. من و مەریوان زۆریش پێکەوە یاریمان کردووە، ئەو لەمنی دەبردەوە، ئارپاک–ی برام لەمنی دەبردەوە. ڕاستییەک هەیە منیش لەسەر ئاستی کوڕان یاریم کردبووایە ئەو ئەنجامانەم بەدەست نەدەهێنا، چونکە کوڕان بەهۆی زۆر ڕاهێنان کردنیان ئاستیان لە کچان بەرزترە.

**– جگە لەیاری شەترەنج لەهیچ بوارێکی دیکە بەهرەمەندن یاخود ویستوتانە خۆتان تاقی بکەنەوە؟**

+ حەزدەکەم ئەوە بڵێم، کە باوکم زۆر ڕۆڵی هەبووە لەپێگەیاندنی من، نەک هەر لە شەترەنج، کە لە گەڵم دەهاتە شاران، باوکم زۆر هەوڵی دا لە بواری هونەر و مۆسیقاش بەهرەی خۆم تاقی بکەمەوە. سێ جار هەوڵیدا و بە ئەنجام نەگەیشت. جاری یەکەم، کە ئەوکاتە زۆر منداڵ بووین، ویستی من و خاتووزینی خوشکم بباتە خولی مۆسیقا، گوتیان دەبێت گۆرانی «زیڕە» بڵێن، یەکسەر هاتینە دەرەوە. جاری دووەم خولەک کرابۆوە نزیکەی سەت کوڕی تێدابوو تەنیا من و خاتووزین کچ بووین، ئەوکاتە مامۆستای خولەکە بە باوکمی گوت ئەو دووکچە لەنێو ئەو سەت کوڕەدا چی بکەن؟ مەیانهێنە.

جاری سێیەم چووینەوە، دیسانەوە شتێکیان ئامادە کردبوو لەسەر سەددام، من ئەوکاتە لەقۆناغی ناوەندی بووم، کە باوکم منی بردە ئەو خولەی مۆسیقا، گوتیان دەبێ بێن ئەو گۆرانییە بەسەر سەددامدا بڵێن ئینجا بچنە تیپەکە و فێریان دەکەین، ئەوجارەش گەڕاینەوە و بەشدار نەبووین. زۆر حەزم لەبواری نووسین و ئەدەبیشە، بەڵام پێویستم بەخوێندنەوەیەکی زۆر زیاترە، تا بتوانم بابەت بنووسم.

> **"لە قوتابخانەی حکومی و ئەهلی دەرسم گوتۆتەوە، ئەو جددییەتەی لە مەکتەبە حکومییەکاندا هەیە، لە ئەهلییەکاندا نییە، لە قوتابخانەی حکومی دەتوانی لێپێچینەوە بکەی بەڵام لە قوتابخانە ئەهلییەکان ناتوانی"**



**یار-ی کچی فرمێسک لە پاڵەوانێتی عێراق بۆ خوار تەمەنی ١٨ ساڵی، کە پلەی دووەمی بەدەستهێنا**

**- چەند کچ و کوڕتان هەیە و ئەوان لە یاریی شەترەنج گەیشتوون بەچ قۆناغ و ئاستێک؟**

+ سێ منداڵم هەن دوو کوڕ و کچێک، هەرسێکیان پاڵەوانی یاریی شەترەنج بوون لە عێراق. کوڕە گەورەکەم (یاد) ئەندازیاری بیناسازییە، لە تەمەنی هەژدە ساڵی یەکەمی عێراق بوو، کوڕی دووەمم (مەزن) ئەندازیاری مەدەنییە، ئەویش یەکەمی عێراقی بوو، لە چواردە ساڵی و شازدە ساڵیدا، هەتا ماوەک پێش ئێستەش، بەر لەوەی لەگەڵ یانەی خانزاد کێشەمان بۆ دروست بێت، هەر یاریزان بوو لە پاڵەوانێتی یانەکان، سێیەم منداڵیشم کچەکەم (یار) کە ئەمساڵ پۆلی دوانزەیە، لە تەمەنی شەش ساڵی و لە پۆلی یەکی سەرەتایی یەکەمی عێراق بوو، دواتر پاڵەوانێتی عەرەب لە یەمەن کرا دووەم بوو، هەڵگری نازناوی کاندید ماستەرە، لە چواردە ساڵی جارێکی دی یەکەمی عێراقی بوو، لەهەژدە ساڵی دووەمی عێراقی بوو، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی تاقیکردنەوەکان تۆزێ دوور کەوتۆتەوە.

**- باستان لەکێشە کرد لەگەڵ یانەی خانزاد، لەبەرچی کێشەتان هەیە لەکاتێکدا دایک و منداڵەکانی هەموو یەکەمی سەر عێراقن؟**

+ لە کوردستان حزب چووەتە نێو هەموو شتێک، کێشەکە لەوەوە سەری هەڵدا، یانەی خانزاد حزب بەڕێوەی دەبات، کوڕەکان و کچەکەم ئەندامی یانەکەن، بەڵام لەکاتی هەڵبژاردن بۆ یانەکە ناویان لە لیستەکەدا نەبوو، چونکە دەیانگووت ئەوانە دەنگ بەئێمە نادەن. جا پرسیارەکە ئەوەیە، هەڵبژاردن بەچ شێوەیەک پێی دەگوترێت هەڵبژاردن؟ دەبێ ئەوەی لە گەڵتە و ئەوەشی هاوڕات نییە ناوی لە لیستەکەدا هەبێت، چونکە ئەندامی یانەکەیە، ئینجا ئەگەر دەنگت هێنا دیارە شایەنی، دەنگیشت نەهێنا دیارە شیاو نیت، جا ناوی زۆرکەسی تێدا نەبوو، یەک لەوانە (مەزن) بوو، دوو پیاوی ئەمنییان هێنابووە بەر دەرگەکە، ئەوەی ناوی لەو لیستەی، کە خۆیان دروستیان کردبوو تێدا نەبووایە نەدەچووە ژوورەوە، ناوی منیشیان لە ترسان تێ کردبوو، چونکە دەیانزانی من لێیان بێ دەنگ نابم.

بەپێی قانوونی یانەکان هەرکەسێک پاڵەوانی عێراق بێت، ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامی دەستەی گشتیی یانە، کوڕەکانم هەردووکیان پاڵەوانن و ناوی کەسیانی تێدا نەبوو، کچەکەم، کە پاڵەوانە ناوی تێدا نەبوو، بۆیە کە ئەو کێشانە دروست بوون من خۆم لەیانەکە کێشایەوە.

دوای ئەوە لەگەڵ (محەمەد خەلیل) یانەی هەولێرمان ڕێکخست و هەندێک ئیشمان بۆ کرد، سەیرم کرد ئەویش بۆنی حزبایەتی لێ دەهات، لەوێش دوور کەوتمەوە، بۆیە ئێستە ئەندامی هیچ یانەیەک نیم.

**- لەو بیرەوەرییە خۆشانەی، کە لەژیانی یاریکردنتدا بیرت ناچنەوە، چین؟**

+ یەکێ لەڕووداوە خۆشەکانی ژیانی وەرزشیم، ئێمە دوای نەوەتەکان بەهۆی بارودۆخی سیاسی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند وازمان لەیاریی هێنا بوو، چونکە هاتوچۆکردن بۆ بەغدا زۆر قورس بوو، دەبووایە بەسواری لۆری تاکو بازگەی شێراوە بچی و لەوێوە بێیە خوارەوە، زۆرزۆر ئەزیەتیان دەدایین، بۆیە خۆم و خوشکەکانم دوورکەوتینەوە، بەڵام یەکێتیی

**“ من زەوقی شیعریم کلاسیکە و ئیعتراف بەو شیعرە تازانەی ئێستە ناکەم، چونکە زۆربەی ئەوانەی بە ناوی شیعری ئازاد دەنووسرێن، تەنیا وشە ڕیزکردنە ”**



**یاریزانی بەناوبانگی ڕووسی و جیهانی کاراپۆڤ لە یاریکردن لەگەڵ فرمێسک، ساڵی ٢٠٠٠، کە یەکسان بوون**

ناوەندی عێراقی ئەوەندە متمانەی بەیاریی من و خوشکەکانم هەبوو، ساڵی ١٩٩٩ لە بەغداوە بە وەفدێک هاتنەماڵەوە بۆ لای باوکم لە هەولێر، گوتیان ئەو هەڵبژاردەیەی عێراق، کە ئێستە هەیە و چوار کچ بوون، بابلیی و بەسراویی و بەغدادیی بوون، گوتیان ئەوانە نابەین، هاتووین فرمێسک و خاتووزین و چنار ببەین لەگەڵ کچەکەی بەغدا، بە باوکمیان گوت یارییەکان بە ناوی (دەورەت حوسین)ە لەعەممانی پایتەختی ئەردەن و ماوەی سێ هەفتە دەخایەنێ، ئەوەبوو من و خوشکەکانم بەناوی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی بەشداریمان کرد.

لەپاڵەوانێتییەکە توانیمان لەهەڵبژاردەی نیشتمانیی یەکەم بین بەسەر هەموو کچەکانی دیکەی هەڵبژاردەکان، من و هەردوو خوشکەکەم و کچە بەغدادییەکەش (ئیمان) مەدالیای زێڕمان وەرگرت، دوای ئەوەش هەر کەسە و لەسەر بۆردی خۆی، من مەدالیای زێڕم وەرگرت، خاتووزین و چناریش مەدالیای برۆنزیان وەرگرت، بۆیە من دوو مەدالیای زێڕ و خوشکەکانیشم دوو زێڕ و دوو برۆنزیان وەرگرتووە.

**"پەیوەندی شەترەنج لەگەڵ ژیان، زیاتر لەوە دایە، کە بەهیچ جۆرەک، لە بڕیارە چارەنووس سازەکان پەلە نەکەیت"**

ئەوە یەکێ لەشتە خۆشەکانی ژیانی وەرزیشم بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە لەهەڵبژاردەش نەبووین بەڵام لەبەر زۆری متمانەیان بەئاستی ئێمە، بانگی پاڵەوانێتییەکەیان کردین. دوای ساڵەک، لە ٢٠٠٠ (کاربۆف) پاڵەوانی ڕووسی و جیهانیی، هاتە بەغدا و حەزی کرد یارییەکی نمایشی بکات. لەیارییەکە کاربۆف لەیەک کاتدا لەگەڵ بیست کەس یاری کرد، دیسانەوە وەک پاڵەوانی پێشووی عێراق منیشیان بانگ کرد، لەو بیست کەسە کە سیانزە کوڕ و حەوت کچ بووین، تەنیا سێ کەس، من و دوو کوڕی دیکە لەگەڵی یەکسان بووین و حەڤدەکەی دیکە دۆڕان، بۆیە دوای یارییەکە کاربۆف ئەو سێ کەسەمانی بەبڕێک پارە خەڵات کرد. ئەمەش ڕووداوێکی دیکەی خۆشبوو لەژیانی وەرزشیم.

**– ساڵانێکی زۆر لەقوتابخانە حکوومی و ئەهلییەکان مامۆستا بوویت، چۆن بوو لەوەزارەتی پەروەردە خۆت گواستەوە وەزارەتی ڕۆشنبیریی؟**

+ من کۆلێژی زانست، بەشی بایەلۆژیم لەزانکۆی مووسڵ تەواو کردووە، ڕاستە ماوەی حەڤدە ساڵ مامۆستایەتیم کردووە. یەکەم دامەزراندنم لەسۆران بوو، دواتر هاتمە پیرزین و پاشتریش لەئامادەیی ئازادیی کوڕان وانەم دەوتەوە. دوای ئەوە، کە وەزارەتی وەرزش و لاوان دامەزرا، وەزیرەکە گوتی حەز دەکەم ئیشمان لەگەڵ بکەی، بۆیە لەسەر داوای ئەو لە وەزارەتی پەروەردەوە خۆم گواستەوە بۆ وەزارەتی وەرزش. دوای ئەوەش وەزارەتەکە هەڵوەشایەوە و تێکەڵ بەوەزارەتی ڕۆشنبیریی کرا.

**– جاران تەلەبە هەبووە لەبەشی زانستیی بەنمرەی لەسەدا حەفتاوپێنج چووەتە کۆلێژی پزیشکی و ئاستی زانست و پیشەیشی زۆر بەرزبووە، بەڵام ئێستە ساڵانە تەلەبەیەکی زۆر بە وەرگرتنی سەرووی لە سەدا نەوەت وپێنجیش، کەچی ناتوانن بچنە کۆلێژی پزیشکیی، جا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەو سیستەمەی ئێستە نمرە بەرزتر بۆتەوە بەڵام ئاست و مەعریفە و پیشەیی بوون دابەزیوە؟**

+ ناسرووشتییەکە لەوەیە کە جۆری پرسیار

گۆڕاوە، نووسین و ڕەسمکردن نەماوە. ڕاستە پرسیارەکانی ئێستەش ئاسان نین، دواجار هەر دەبێت حەلی کەن، جا وەڵامەکە هەڵبژێرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتە جیاوازە. سەردەمی ئێمە پرسیار دەهاتەوە: ڕەسمی پەیکەرە ئێسک بکە؟ بەڵام ئێستە ڕەسمەکەت بەحازری دەدەنێ و دەڵێن ناوی بەشەکان بنووسن؟ ئەوە زۆر ئاسانترە لەوەی ڕەسمەکە بکەی، بۆیە شێوەی پرسیارەکان ئاسان بووە، بابەتەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئەمە وایکردووە ناهاوسەنگی لەنێوان جاران و ئێستە هەبێت.

من لەپۆلی شەشی زانستیی لە زیندەورزانی ٩٦م هێنا، کە هەمووی لەسەر زیندەوەرزانی بوو، بەڵام ئێستە زیاتری لەسەر بەشەکانی لەشی مرۆڤە، ناتوانم بزەبت بڵێم خەتاکە لە کوێ دایە، بەڵام گۆڕینی سیستەمی خوێندن بەو شێوەی ئێستە لە بەرژەوەندیی تەلەبەدا نییە. من لەگەڵ توندوتیژیدا نیم بەڵام لەگەڵ ئەو نەرمییە لە سنوور بەدەرەشدا نیم، ئەگەر بێتو ئەو پەیوەندییە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و ڕێز، وەکو باوک و کوڕ، یان خوشکی گەورە و خوشکی بچووک بێت، بۆ هەردوولا هەم مامۆستا هەم تەلەبە سوودی زۆر زیاتر دەبێت. من ئێستەش ئەو تەلەبانەی دەرسم پێ گوتوون، پەیوەندیمان ماوە و لەهەر شوێنەک، کە دەیانبینمەوە، وەک هاوڕێ و برادەرین، چونکە خۆم لەسنوورەک ئەو ڕێز و پەیوەندییەم ڕاگرتبوو، کە ئەوانیش لەبەرنبەردا ڕێزم بگرنەوە.

**– لەگەڵ ئەو گرنگیدانە بەقوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان بەڵام ساڵانە، کە ئەنجامەکان ڕادەگەیەنرێت قوتابییانی خوێندنگە حکومییەکان نمرە بەرزەکان بەدەست دەهێنن. جا پرسیارەکە ئەوەیە: کاریگەری خوێندنگەی ئەهلی لەسەر خوێندن و ئاستی زانستی تەلەبە چۆن دەبینی؟**

+ من خۆم لەمەکتەبی ئەهلی دەرسم گوتۆتەوە، باوەڕ بکە لەبەر ئەوەی پارە دەدات، بۆیە دەردەچێت، کە دێتە سەر ئاستی زانستیی، هیچ نازانێت، هیچ! لەگەڵ ئەوەی هەموانیش دەزانن ئاوایە، جا نازانم ئەو خەڵکە چۆن منداڵیان دەنێرنە قوتابخانەی ئەهلی، کە هیچ گرنگییەک بە ئاستی زانستیی تەلەبەکان نادرێت، چونکە من خۆم لەقوتابخانەی حکوومی و ئەهلی دەرسم گوتۆتەوە، ئەو جددییەتەی لەمەکتەبە حکومییەکاندا هەیە لەئەهلییەکاندا نییە. لەقوتابخانەی حکومی دەتوانی لێپێچینەوە بکەی بەڵام لە قوتابخانە ئەهلییەکان ناتوانی ئەوە بکەی، چونکە دەڵێت من پارەم داوە دەبێ دەرچم.

من لەگەڵ کچێک لەو قوتابخانە ئەهلییەی دەرسم لێی دەگوتەوە، بووە مشتومڕمان، دەیگوت: «من پارە دەدەم، یانی چۆن دەرم ناچوێنی؟» ڕێک ئاوای پێگوتم، بۆیە ئەگەر نەشخوێنی، مودیری مەکتەب ناچارە دەریچوێنێ، هەر بۆیە ئاستی زانستیی قوتابییان بەو شێوەیە دابەزیوە.

**– یەکەمەکانی ئەمساڵ بەزانستی و وێژەیی، هەمووان لەسلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان بوون، بە واتایەکی دیکە لە زۆنی سەوز بوو، بە بۆچوونی ئێوە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

+ من نازانم مەکتەبەکانی ئەوێ یاسا و ڕێسایان چۆنە و هۆکارە زانستییەکەی نازانم، بەڵام مەکتەبی (شەهید جەبار) لەسلێمانی زۆر بەناوبانگە و هەموو ساڵەک کۆمەڵێ تەلەبەی نوخبەی لێ دەردەچێت، بۆیە ناتوانم بەوردی هۆکارەک بۆ ئەو باڵادەستییەی ئەوێ بدۆزمەوە، چونکە پۆلی دوانزە، بەنمرەی یەکەم دەگەڕێتەوە سەر کۆشش و ماندووبوونی قوتابییەکە خۆی، کە تا چەند جددییە و خۆی هیلاک دەکات؟ بەڵام ئەمساڵ نەهاتبوو بۆ هەولێر.

**– باوکی قانیع لەمەریوان لە دایکبووە، قانیع-یش لە شارەزوور، تۆش لە گوندێکی پێنجوێن لە دایکبوویتە، پاشتر لە سلێمانی چاوتان بووەتەوە و بەشێکی منداڵیتان لەوێ بووە، دواتر کە هێشتە هەر لەقۆناغی سەرەتایی بوونە ماڵتان هاتۆتە هەولێر، دەکرێ بزانین، لەم شارانە زیاتر ئینتیماتان بۆ کامیان هەیە؟**

+ ئێمە تا ئەو کاتەی لەسلێمانی بووین، باوکم کاسب بوو و ئیشی سەرپێیی دەکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٦ کە کۆمپانیای دەواجن لەهەولێر دانرا (شرکە الدواجن الشمالیە) بەهۆی خزمێکەوە کە لەوێ «بەڕێوەبەری گشتیی» بوو. باوکمی بانگ کرد و وەک نووسەر دایمەزراند و هەر لەو


**“ نازانم ئەو خەڵکە چۆن منداڵیان دەنێرنە قوتابخانەی ئەهلی، کە هیچ گرنگییەک بە ئاستی زانستیی تەلەبەکان نادرێت، چونکە من خۆم لەقوتابخانەی حکوومی و ئەهلی دەرسم گوتۆتەوە ”**

> **"هەمووجۆرە کتێبەک دەخوێنمەوە، مێژوو، ئایین، ڕۆمان، زیاتریش زەوق لە خوێندنەوەی کتێبی عەرەبیی دەبینم"**

خانووانەش، کە بۆ کارمەند و فەرمانبەرەکانی دەواجن دروست کرابوون، خانووەکمان وەرگرت و لە سلێمانییەوە گواستمانەوە بۆ هەولێر و تاکو ئێستەش باوکم هەر لەو خانووە دەژی.

من هەموو شارەکانی کوردستان بەهی خۆم دەزانم، شارچێتی بەهیچ شێوەیەک ناکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەولێر گەورەبووم، یانەکانی هەولێر و یەکێتیی شەترەنجی هەولێر پاڵپشتیان کردووم، ناتوانم ئینکاری ئەو ئیشە جوانانەیان بکەم، بۆیە خۆم بە هەولێریی، بە سلێمانیی، خۆم بە کورد دەزانم، بەبێوابەستەیی بۆ شارەکان؟

**– بێگومان دیوانی قانیع–ی باپیرتان خوێندۆتەوە، دەمەوێت باسی زەوقی شیعری خۆتمان بۆ بکەی لە نێوان کلاسیک و شیعری ئازاد؟**

+ من زەوقی شیعریم کلاسیکە و ئیعتراف بەو شیعرە تازانەی ئێستە ناکەم، چونکە زۆربەی ئەوانەی بەناوی شیعری ئازاد دەنووسرێن تەنیا وشە ڕیزکردنن، نە فیکر، نە ئەو فانتازیا جوانانەی




لە شیعر چاوەڕوان دەکرێ، تێیان دانییە، بەڵام کاتێک شیعرێکی مەحوی نالی قانیع دەخوێنیتەوە، تامۆچێژەک دەبەخشێ، هەربۆیە تاکو ئێستە لە کتێبە مەنهەجییەکان هەر شیعرە کلاسیکەکان زیاتر دەخوێنرێن، یەکێ لەو شیعرانەی قانیع: «ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە« ئەمە وەک شاکارێکی شیعر وایە و یەکێ لە شیعرە هەرە جوانەکانە، لەو تابلۆیە شیعرییە پیشانی دەدات، کە چەند نیشتمانپەروەرە، چەند بێمنەتە لە دوژمنەکەی، بەڵام شیعرە تازەکانی ئێستە ئەو وێنە و فیکرانەیان تێدا نییە.

**– لەخوێندنەوەی کتێب زیاتر چ بابەتەک دەخوێننەوە؟**

+ من هەموو جۆرە کتێبەک دەخوێنمەوە، مێژوو، ئایین، ڕۆمان، زیاتریش زەوق لەخوێندنەوەی کتێبی عەرەبیی دەبینم، چونکە زۆرجار کتێبە تەرجوومەکراوەکان ڕۆحە ئەدەبییەکەیان تێدا نییە، بۆیە ئەگەر وەرگێڕەکە بەناوبانگ نەبێت شتەکانی ناخوێنمەوە. ڕۆمانی کوردیش دەخوێنمەوە بەڵام لە چاو ڕۆمانی عەرەبیی کەمتر.

**– دوا پرسیار، زۆرجار باس لەپەیوەندی نێوان مۆسیقا و ژیان، زانست و ژیان، ئەدەب و ژیان، فەلسەفە و ژیان دەکرێت، حەز دەکەین لەئێوەوەش بزانین، کە پەیوەندی نێوان شەترەنج و ژیان لەکوێدایە؟**

+ پەیوەندی شەترەنج لەگەڵ ژیان، زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەهیچ جۆرەک لەبڕیارە چارەنووسسازەکان پەلە نەکەی، چونکە شەترەنج چەند پەلەی تێدا بکەی، ئەوەندە زووتر دۆخت خراپتر دەبێت، دواتر بەزەحمەت دەتوانی کۆنترۆڵی یارییەکە بکەی، لەژیانیشدا هەمان شت دەبینم، بەتایبەتی ئەگەر لەسەرەتای لاویی و گەنجێتیدا بڕیارێکی هەڵە بدەی، هەندێک جار تا کۆتایی کاریگەریی دەبێ، بۆیە هەم لە شەترەنج و هەم لەژیاندا دەبێ بڕیارەکان زۆر ورد و لەسەرەخۆ بن. هەروەها چۆن لە شەترەنج هەموو یاریزانەک دەبێ ڕاهێنەرەکی هەبێ، لەژیانیشدا هەموو کەسێک دەبێ ڕێنیشاندەرێکی هەبێت، چونکە ئەوکات ناکەوینە هەڵەی گەورەی شەترەنج و ژیانەوە.

# هونەر

- **حەسەن زیرەک و دانپێدانان (بەشی یەکەم)**


مەولود ئیبراهیم حەسەن

- **شانۆگەریی تۆ مەچۆ بۆ شەڕ .. نمایش، بینەر، جیاوازیی**

داستان بەرزان

# حەسەن زیرەک و دانپێدانان





مەولود ئیبراهیم حەسەن

بەشی یەکەم

## پێشەکی

هونەرمەند حەسەن زیرەک، چ وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ و چ وەک شاعیرێکی خاوەن شیعر و شیعری گۆرانی؛ چ وەک کەسایەتیەکی نێو کۆمەڵگە و چ وەک مرۆڤێکی کورد، زۆر ڕووی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەو بە دوا داچوون!

لە ڕووی هونەریەوە وەک ئاوازدانەر و زۆری ئاواز، وەک دەنگ و دەنگێکی تایبەت و کۆنسێرتی و ئاواز ڕەنگ تاوسیی، وەک گوتن. گوتنی زۆر و پڕ هونەر و پڕ دەنگی جیا جیا و زۆر گوتن و بەردەوام گوتن! من خۆم لە هونەرمەندی کورد مامۆستا باکووریی-م بیستووە، گوتوویەتی: (وا ڕێککەوت من و حەسەن زیرەک بە قیتار لە بەغداوە بۆ کەرکووک پێکەوە هاتینەوە، من عودم پێ بوو زیرەک گۆرانی دەگوت و منیش عودم بۆ لێ دەدا، لە بەغداوە تا کەرکووک زیرەک بەردەوام گۆرانی گوت و منیش عودم لێ دا، تا گەیشتینە کەرکووک بەردەوام بووین، خەڵک وەک کورە هەنگ دەوریـان دابووین)١ بۆ زۆر ئاوازیی و زۆر شیعری، مامۆستا محەمەدی ڕەمەزانی نووسەرو وەرگێڕی ناسراوی ڕۆژهەلات، دەگێڕێتەوە، کە مام هەژار گوتوویەتی: (لە بەغدا دوکانێکی عەکاسیم هەبوو، دەفتەرێکی گەورەی تایبەتم بۆ زیرەک کڕیبوو، دەهات شیعرەکانم بۆ دەنووسیەوە، جاری وا هەبوو بەیەکجار( ١٥ ) شیعر و ئاوازی دەهێنا!)٢

دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە لە پێشەکی کتبی (چریکەی کوردستان) لە باسی زیـرەک دەنووسێت: (کاک زیرەک، بەبێ کەسب و کۆشش، چەند هونەرێ تێدا کۆبووەتەوە، کە کەمتر لە کەسانی خوێنەواریشدا، ئەو هونەرانە کۆ بوونەتەوە، هونەری بەستە دانەری، دەنگ خۆشی، قسەزانی، کاک زیـرەک هەروەها کە هونەرمەندێکی پایە بەرزی کوردە، زۆر قسەخۆش و خوێن گەرم و دەس و دڵ بازە و لە دۆستایەتی دا، ڕاست و دروستە و گەلێ نیشتمان ویست و ڕەگەز پەروەرە- ل١-٢)

لەبارەی شاعیریەتی زیرەک نابێ (چریکەی کوردستان) بە کەم سەیر بکەین، چۆن لە وێدا زیرەک ژیانی خۆی لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی بۆ ئێران بە شیعر نووسیوتەوە، بە شیعری ڕەوان و پڕ هونەر و پڕ لە جوانییەکانی شیعر؛ جگە لە شیعری گۆرانییەکانی، کە زۆربەی هەرە زۆری شیعری خۆیەتی و شیعرە فۆلکلۆریەکانیشی ڕێکخستووە و جوانتری کردوون، ئەوەش زانراوە، کە زیرەک دەستە و ڕست و یەکسەر شیعر و ئاوازی بۆ دەهات و جوانیشی بۆ دەهات، هەموو ئەو گۆرانیانەی لە پڕ گوتوونی و تۆمار کراون، گۆرانی سەرکەوتوو و نەمرن!

زیـرەک وەک کەسایەتیەک، زۆر بە توانا لە چەند ڕووێکەوە پێویستە لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ، کەسایەتی هونەریی، ئەدەبیی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، چینایەتی، سیاسیی، ژندۆستی، عاشقیی و زۆر سفەتی وەک دەسبڵاوی، ئازایەتی، بە وەفایی، خۆش مەجلیسی و .....تا دوایی!

## دانپێدانان

دانپێدانان، دوو جۆری هەیە، یەکیان ئەوەیە، کەسێک بە زۆر دانپێدانانی پێ بکرێ! دووەمیان ئەوەیە، کە ئەو کەسە بە خواستی خۆی دانپێدانان بکات، ئێمە لێرە مەبەستمان لە دانپێدانانی زیرەکە بە خواستی خۆی، لەوانەی، کە کردوویەتی و بەسەری هاتووە و پێی کراوە!

دانپێدانان لە ڕووی دەروونناسیەوە، واتای ئەوە دەدات کە ئەو کەسە کارێکی کردووە، یان پێیان کردووە، ئێستە خۆی ئەم کارانەی بەدڵ نییە و وەک بارێکی گران لەنێو دڵیدا بووە بەگرێ و دەیەوێت خۆی لەم بار و گرێیە ڕزگار بکات.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کەسی دانپێداناو لە لۆمەی خەڵک و تیرو توانجی کۆمەڵگە ناترسێ و باسی بەسەرهاتەکانی خۆی دەکات و شەرم ناکات!

دانپێدان چییە؟ گێڕانەوەی کارێکە، کە کۆمەڵگە بە عەیب و شەرمی دەزانێ، کەسێک لە ڕابردوودا کردوونی، یان پێی کراوە، هەوموو کەس دەیانەوێت ئەم جۆرە کارانە بشارنەوە، نایانەوێ خەڵک بیانزانێ! بەڵام؛ دانپێنەر خۆی دەیانگێڕێتەوە، چ لە بەردەم کۆمەڵگە چ لە بیرەوەریەکانیدا! وەک ئەوەی (جان جاک ڕۆسۆ) بۆ یەکەم جار کردوویەتی! کەچی جان جاک ڕۆسۆ چوار ساڵ پاش مەرگی خۆی ساڵی (١٧٨٢) کتێبەکەی دانپێدانانی بڵاوکرایەوە، کەچی زیرەک لە ساڵی ١٩٦٦ بڵاوی کردەوە و هێشتە لە ژیاندا بوو، بەهۆی ئەو کیتابەش (ساواک) فەرمانی گرتنی بۆ دەرکرد و ناچار هەڵات و هاتە کوردستانی ئەو دەمی سەر بە عێراق، واتە لەسەر ئەو کتێبەی، کە بەشێکی دانپێدانانەکانی بڵاوکراوەتەوە، ناچار بوو ماڵ و ئێران بەجێ بێڵێ!

دانپێدانان، سیفەتێکە زۆر کەم مرۆڤەکان دەتوانن دان بەوە دابنێن، کە دژی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دژی یاسا، ئایین و نەتەوە کردوویانە، وەک نەنگیەک حسێب دەکرێ و کۆمەڵگە بە سووک سەیری ئەو کارانە دەکات.

یان ئەوەتە دانپێدانان ئەوەیە، کەسێک بێت ئەو کارانە بگێڕێتەوە، کە خۆی کردوونی و نە دەبوایە بیانکات، یان ئەوکارانەیە، کە بە زۆر پێی کراوە، کە نەدەبوایە پێی بکرێ! یان کارانێکە بەرانبەر بە کەسانی دی کردوونی، کە نە دەبوایە بیانکات!

**دانپێدانان چەند جۆرێکە:**

**یەکەم:** ئەو کارانەی مرۆڤ خۆی کردوونی و کۆمەڵگە بە شەرم و نەنگی و تاوانیان دەزانێ، وەک دزی، درۆ، کوشتن، کاری سێکس و خیانەت!

**دووەم:** ئەو کارانەیە، کە مرۆڤ بەبێ خواستی خۆی بەرانبەری دەکرێ و کۆمەڵگە بە سووکایەتی، شەرم، کەمایەتی و نەنگ دەیناسێ!

**سێیەم:** ئەو کارانەن، کە کەسوکار دەیانکەن، وەک باوک دایک و خوشک و برا و خزم، بە عەیب بۆ ئەو کەسە سەیر دەکرێ! ئەم خاڵەیان زۆرتر لەنێو کۆمەڵگەی خۆرهەڵات، تاک بە کردەوەی ئەم کەسانە چاو شۆڕ و زمان کورت دەبێت. زیرەک لە هەرسێ جۆر دانپێدانانی هەیە!

دانپێدانان، ئازایەتیەکە لە دەست هەموو کەسێک نایەت، ویژدان ئاسوودە کردنێکە قوربانی دانی گەرەکە!

ئەو ئازایەتیە لای تاکی کورد زۆر کەمە، تا ئێستە جاشێک بیرەوەرییەکانی خۆی ناگێڕێتەوە٣ جاسوسێک باسی جاسوسی و ڕاپۆرتنووسینەکانی خۆی ناکات! ئەمە لە ئاستی نەتەوەیی؛ لە ئاستەکانی دیش هەر هیچ!

**تاوانێک، کە زیرەک بەرانبەر کەسانی دی کردوونی**

چەند سەرم شکاند.!

ئەوەی ڕاستی بێت، کە دەڵێین تاوان، نابێ وابزانین کە زیرەک تاوانی گەورەی کردووە، بە نەخشە و بە پلان، چۆن لەو سەردەمانەی زیرەک کارێکی کردووە، دواتر لێی پەشیمانە و دانی پێدا دەنێت؛ کارێکن، کە یان لە سەردەمی منداڵی و بێ سەرپەرشتی و نەزانی کردوونی، وەک خۆی دان پێدادەنێ و لەم ژیاننامەیەدا دەڵێت: هۆشم هاتەوەبەر! وەک خۆی دەڵێ کاری واش هەیە بۆ بەرگری کردن لە خۆی کردوویەتی و لە (چریکەی کوردسان) دەفەرمووێ:

**لە شازدە ساڵە، چەند دەرکەم تەقاند**
**چەندە کارم کرد، چەند سەرم شکاند**
**لە مەراغەدا، بووم بە تووتنچی**
**ڕۆیشتمە تەورێز، بووم بە قاچاخچێ**
**شەوێک کە گیرام، مردن لای وی چی؟**
**تارۆژ لێیاندام، بەدار و قەمچی**

* * *

**لە تەورێز بوومە شاگرد قەنادچی**
**ڕەفیقم کێ بوو؟ پاک هەرچی و پەرچی**
**زۆر کار دەکات و زۆر شار دەگۆڕی بە ناچاری دەڵێ:**
**نەم دەدا خاوە و نەشم دەستاند باج**
**ماڵ و مەنزڵم، قولنجکی گاراج**
**چەند پەندم دی، بووم بە بیست و چوار**
**باش بێ عەقڵ بووم، بێ شەرم و بێ عار**

ئەگەر بە وردی ئەم شیعرانە بخوێنینەوە و بگەڕێینەوە سەردەمی ئەو وەختی ژیانی زیرەک، دەبینین زۆر ڕاستگۆیانەو بێ دوو دڵی باسی سەردەمی خراپەکردنی خۆی دەکات و تا دەگاتە ئەوەی بە خۆی دەڵێ: بێ شەرم و بێ عار و بێ عەقڵ بووم! ئەم دانپێدانانەی زیرەک، هۆی ئەوەیە کە دواجار بە هۆش خۆی دێتەوە و دەزانێ ئەوکارانەی کردوونی، کارێکی باش نەبوونە؛ سەیرکە سەرشکاندن و دەرگە تەقاندن و قاچاخچی کردن و ڕەفیقایەتی کردنی هەرچی و پەرچی! ئەوەش هەمووی لەسەردەمی بێ ماڵی و بێ کەسی دا، کە بەم حاڵەشەوە دەڵێ: نە خاوەم دەدا و نەشم دەستاند باج! کە خاوەدان لە ترسنۆکییەوە باج ساندنیش بە هۆی زوڵمەوەیە! ئەوە دەری دەخات زیرەک لەنێو چ توێژێک و لە چ جۆرە کۆمەڵگەیەک بەبێ کەسی و بێ ماڵی ژیانی بەسەر بردووە! لەم کاتەدا تەمەنی دەبێت بە ( ٢٤ ) ساڵ، بەڵام، بێ ئیشی و برسیەتی یەخەی بەرنادا و سەری پێ هەڵدەگرێ بۆ خوزستان و مەسجد سلێمان و بەسرا؛ لەم هەموو گەڕان و دەربەدەریە کاری دەست ناکەوێ و جارێکی دی غەریبی کەسوکاری دەکات و بەو هیوایەی وەری بگرنەوە:

**دڵ پڕ لە ئاوات هاتمەوە لای برا**
**تا براژنی باش بۆم هەڵکا چرا**
**براو براژن، برازای جوانم**
**ئەوان دەوڵەمەند، ئەمن بێ نانم**
**هەرچەند هەڵوەدا و دژ و عاجز بووم**
**وەڵڵا، لاوێکی پاک و تەمیز بووم**

بەو هەموو ئومێدەوە دێتەوە لای براو براژن و برازاکانی و دەکەوێتە خزمەت کردنیان، کەچی براژن و برازا لێی دەکەونە لچ و لێو بادان و تاوان بۆ دروست کردن!

**براژن وتی: واهات کولکنە**
**برازا وتی: چەن ئەسپێ ونە!**
**بوومە نۆکەریان، بوو بوومە کاردار**
**بەشەو ئێشکچی، بەڕۆژ باروکار**
**سەرەڕا ڕوانیم، براکەم کزە**

**براژنم وتبووی: کە حەسەن دزە**
**پێم گوت براڵە، من کاری گەرم**
**بۆ تۆ کار دەکەم، وەکوو سپەرم**
**ئەمما سەت لەعنەت لە  پیاوی بەدخوو**
**چونکە براکەم زۆر ژن سفەت بوو**
**هەقەکەم چەندە بووەتە چل تمەن**
**کە داوام لێ کرد، پێی وتم؛ بۆگەن**
**کە هانی  لێ دام بەداس و بەشەن**
**ووتی گاڵ بدەم پارچە پارچەت کەن**
**ئیتر من دەستم لە ڕوحم هەڵ گرت**
**شەپێکم لێ داو قوور قوڕووچکەم گرت**
**برازا و براژن کە هاواریان کرد**
**ژاندارم هاتن، کەلەبچەمیان کرد**

هەرچەندە زیرەک باسی خۆی دەکات، وەک لاوێکی پاک و تەمیز، بەڵام، دواجار لە بەرانبەر بێڕێزییەکان  چیتر خۆی بۆ ناگیرێ و داوای مافی کارکردنی ئەو ماوەیە دەکات کە بۆ براکەی کاری کردووە، وەڵامی براکەی گەف لێ کردن و هەڕەشەی لێ دان دەبێت بە داس و شەنە و قسە پێگوتن، لەم کاتەدا زیرەک خۆی پێ ناگیرێ و دەس لە ڕۆحی خۆی هەڵدەگرێ و شەپێکی لێ دەدات و قوڕقوڕاگەی دەگرێ! براژن و برازاکانی دەکەونە هاوار و جەندرمە دێن و کەلەپچەی دەکەن. ئەم گێڕانەوەیەو دانپێدانانە، کە کەسوکاری خۆی چیان پێکردووە، جارێکی دی زیرەک ناچاری سەرهەڵگرتن و دەربەدەری و بێ کاری دەکات.

لەم بێکاریەدا ئەمجارە دەبێتە شاگرد شوفێری حاجیەکی بە تەماع، پاش بینەو بەرەیەکی زۆر و بار پەیداکردن بۆ ماشێن، بەنزین بڕان و باری گران، لێرە زیرەک دەچێتە پشت سووکان و  ماشێنەکە لێ دەخورێ! چۆن شارەزا نییە و تازەکارە لە ماشێن لێ خوڕین، ماشێن خۆی بە دیوارێک دادەدا و گەنجێک بە ناوی مستەفا دەکەوێتە ژێر دیوار و دەمرێ! زیرەک دەڵێ:

**خەتام تیا نەبوو بە کەلامولّلا**
**خودای لێ خۆش بێت یەزادان ئیشالّلا**

کە دەزانێ گەنجەکە مردووە زیرەکیش لە ترسان خۆی لەخۆ دەبات و جووڵە لە خۆی دەبڕێ! فرسەتێکی بۆ هەڵدەکەوێ و دەردەپەڕێ و هەڵدێ! ڕوو لەدەشت و کێو دەکات و مانگەشەو دەبێ و لە دوور کەپرێک دەبینێ! دەچێتە لایان بە هومێدی حەوانەوەیەک! سڵاویان لێ دەکات:

**جەحێل و پیرێ لێم کردیان سڵاو**
**چۆن دوو نەفەر بوون تەواو دایان تاو**

* * *

**یەکیان جەهێڵ، ئەوەی تریان پیر**
**گوتیان بە خێر بێ بە ڕاو تەکبیر**
**لە پشت کەپرەکە کە زۆر سرتەیان کرد**
**ڕایان ئەوە بوو من بکەن دەسگیر**
**پێم نەدان ئامان، وەک شێری سەرمەست**
**هەستام لە جێم و بێ پەرواو سەربەست**
**گوتم وانابێ کار دەکەن بێ هەشت**
**خودا دەیزانێ دەتان کەم قۆڵ بەست**
**چەقۆم دەرهێناو لێم نەکردن باک**
**جەهێڵەکەم گرت وەک پڵنگی چالاک**
**کە کوڕەم واگرت، پیر کەوتە هاوار**
**وتی ئینساف کە ئەی برای ڕێبوار**
**جەهێڵ پاڕاوە، داوێنی بادام**
**سەری دانەواند، جوان خۆی لێ لادام**

باب و کوڕەکە تێدەگەن زیرەک هەڵاتووە، دەیانەوێ بیگرن و بیدەنەوە دەست ژاندارم، بەڵام زیرەک هەر زوو لە نیازیان تێدەگات و کوڕە بەرزەفت دەکا و پیرە دەخاتە پاڕانەوە، زیرەک پیاوێکی زۆر ئازاو چاونەترس و بەهێز بووە، عەلی یاسەمەنی٤ خزمی زیرەک و هاوڕێی منداڵی دەگێڕتەوە، کە لە ناوچەکە کەس پشتی زیرەکی پێ نەدەخرایە زەوی و هەرگیز نەشیدەزانی ترس چییە!؟ هەڵوێستی ئازایانە و چاو نەترسی زۆرە لەگەڵ هەموو دەربەدەری و بێ کاری و بێکەسیشەوە!

لێرەش دوو جۆر دانپێدانان دەکات، یەکیان ئەوەی دەبێتە هۆی مردنی گەنجێک و دوو چەقۆ دەردێنێ و گەنجەکە بەرزەفت دەکات!

ئەم جارە سەر هەڵدەگرێ بۆ تاران و لەوێش بە ژیانێکی مەمرەومەژی  ژیان بەسەر دەبات، پاش دوو ساڵ دەگەڕێتەوە:

**هاتمەوە تەورێز، چوومە مەهاباد**
**لە لای دادستان کردم عەرز و داد**
**نە پاڕامەوە کە بمکا نەجات**
**واش لێ نەکۆشام، بمکاتن خەڵات**

پاش ئەم خۆ تەسلیم کردنەوە دادگا، بە نۆ مانگ بەندکردن فەرمانی بۆ دەردەکات.

**نۆ مانگم کێشا، زیندان بە خەتا**
**دەوڵەت بەخشێنی پێ کردم عەتا**
**ئەم کەین و بەینە ساڵێک بوو تەواو**
**جا چۆن پیر نەبم چۆن بمێنێم لاو**

**بیست و حەوت ساڵەم ئاوا هاتە بان٥**
**جا خۆت کۆمەک بە، خودای لامەکان**

ئەگەر بە وردی ئەم ژیاننامەیەی زیرەک بخوێنیەوە، دەبینین زیرەک لەنێوان هەڵاتن و بێکاریی و بێکەسیی و دەربەدەریی و بەسەرهات و پێشهاتی نەخوازراو بەندیخانە دەخولێتەوە و ناحەسێتەوە، هەر ئەوەشە، کە تەمەنی دەگاتە بیست و حەوت ساڵی، بە داخ و حەسرەتەوە دەڵێ: جا چۆن پیر نەبم و چۆن بە لاوی بمێنمەوە!؟ ئەوەیە کە زیرەک لە گۆرانییەکی دا دەفەرمووێ: لە پڕدا پیریم لێ وەدەرکەوت! ئەو زوو پیر بوون و هەستکردن بە پیریەی زیرەک هۆی ئەوەبوو، کە ئەم ژیانەی زیرەک لێ نەگەڕاوە زیرەک هەست بە ژیان بکات! هەردەم لەنێو گێرە و قەرقەش دابووە، وەک خۆی لە گۆرانییەکی دی دا دەڵێ! هەربۆیە دەبێ گۆرانییەکانی زیرەکیش وەک ژیاننامەکەی بخوێنینەوە، چۆن بەردەوام بەپێی پێشهاتەکان باسی خۆی دەکات، ئەگەر ڕۆژێ دەفەرمووێ؛ ئاخی پیریەتیم هێناوە شنۆ!؟ ئەوا ڕۆژێکیش دەڵێ: بولبول ئەمساڵ من زۆر بەختیارم ساحێبی مەهتاب گوڵی بەهارم!

زیرەک زۆر ڕاستگۆیانەو بێ شەرم باس لە کاری خزم و کەسی خۆی دەکات و هەڵوێستی برا و براژن و برازاکانی دەخاتە بەرچاو، هەر ئەو کارەی ئەوان کردوویانە و ئەو قسانەی، کە پێیان گوتووە، ڕاست و ڕاست دەیانگێڕێتەوە. چڵکن و ئەسپێ ون و دزو بۆگەن و گاڵ دەم لێت دەن بەشەن! دووبارە دەکاتەوە و دانیان پێدا دەنێ.

**تاوانێک کەسانی دی کردوویانە بەرانبەر بە زیرەک**

حەسەن زیرەک لە کتێبی (چریکەی کورستان) بەشیعر باسی ژیانی خۆی دەکات لە منداڵییەوە تا گەڕانەوەی لە عێراق بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٥٨، لەو ژیاننامە شیعریەدا زۆر ڕاستی گوتووە و دانپێدانانی کردووە، سەرەتا لە ماڵی خۆی لە دایکییەوە دەست پێدەکات و دەنووسێت:

**دەستی قودرەت بوو، بابم کۆچی کرد**
**دایکم مێردی کرد، زۆر بە دەست و برد٦**
**بەو جۆرە ماڵی ئێمەی بە قوڕ گرت**
**بزنی دەفرۆشت، دەیگوت مانگا مرد**
**خوشک و برامی وا دەر بەدەر کرد**
**خەڵکی بۆکانی لێمان خەبەر کرد**
**بناغەی ماڵی لە بن دەرهێنا**
**سەبارەت بە مێرد، گشتمانی دەرکرد**

شووکردنەوەی ژنێکی بێوەژن کارێکی عەیب و تازە نییە لە کوردەواریی، دەگێڕنەوە ژنێک شەش منداڵی دەبێت و مێردەکەی دەمرێت، شوو دەکاتەوە؛ بە مامۆستای گوندی دەڵێن: ئەو خانمە شووی کردەوە! مامۆستای گوندی دەڵێ: بێ شەرعی نەکردووە، بێ ئەدەبیی کردووە! دایکی زیرەکیش وەک هەموو دایکێک لەم حاڵەدا مافی خۆیتیان شوو بکەنەوە، ئەوەی کە ئەو دایکە کردوویەتی، وەک زیرەک باسی دەکات، زوو مێردکردنەوە و ماڵ بە قوڕگرتن و بزن فرۆشتن و مانگا تەلفاندن و دەرکردنی کچ و کوڕەکانی و بناغەی ماڵ هەڵتەکاندن لەپێناو مێرد و دەربەدەرکردنی منداڵەکان و کردنیان بە بنێشتە خۆشەی سەرزاری خەڵک، لە کاتێکدا منداڵەکان هەموویان پێویستیان بە سەرپەرشتی و بە خێوکردن و ئاگا لێبوون هەبووە، ئەوەتە بە هۆی ئەو بێ ماڵی و بێکەسییەوەو زیرەک دەڵێ:

**هەشت نۆ ساڵە بووم، بووم بە عەمەلە**
**لە کار کردنا زۆر ئەمکرد پەلە**

لێرەوە سەرەتا دۆزەخییەکەی ژیانی زیرەک دەست پێدەکات و دەکەوێتە نێو تونێلێکی تاریک و تەنگ و هەتا دەمرێ لێی دەرباز نابێت.

ئەو دانپێدانانەی زیرەک، ئازایەتییەکە هەر لە خۆی دەوەشێتەوە، ئەو دانپێدانانەش بۆ نزیک هەفتا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، دیارە زیرەک ئەگەر بە باوک مردن و دایک شووکردنەوەکەی ئازاری زۆری دیوە، بە نووسین و ئەم دانپێدانانەش تانە و تەشەری زۆری لێدراوە و ئازاری ڕۆحی چەشتووە و سووکایەتی پێکراوە، بەڵام، ئازایەتی زیرەک وەک هەموو ئازایەتییەکانی ئازایانە و بێ باک لە دەم و دوی کۆمەڵگە، ئەو ڕاستییەی گوتووە، کە بینیویەتی و ئازاری داوە و ژیانی گۆڕیوە!

زیرەک هەر بە تەنیا ئازاری بەدەست شووکردنەوەی دایکی نە چەشتووە، ئەوەتە براکەشی کێشەیان بۆ پەیدا دەکات:

**برام گەورە بوو کچێکی ڕفاند**
**ئەمنیشی تارکرد، هەردێ و شارم کرد**
**تار بووم هەڵاتم، ڕووم کردە سەقز**
**بوومە چاوساغی مەلایێ حافز**
**مەلا چ مەلا، بە توانج و بوختان**
**لە جیاتی ئامانج کردیشمی بە دز**

دیسان براکەی کچێک هەڵدەگرێ؛ زیرەک دەربەدەر و ئاوارە دەبێت، لەم ئاوارەیی و بێکەسیەی دا لە سەقز دەبێتە چاوساغی مەلایەکی کوێر؛ زیرەک بە هیوای نان پەیدا کردنێک ئەم کارە دەکات، کەچی کوێری لە خودا عاسی درۆی بۆ هەڵدەبەستێ و توانجی لێ دەدات و

دواجار بە درۆو بوختان دەیکات بەدز! ئەوەیە بۆ ڕیش چوو سمێڵی نایە بان!
زیرەک ئەگەر لە باسی شووکردنەوەی دایکی ناپەنگێتەوە، ئەوا لە گوتنی ژن هەڵگرتنی براکەشی خۆ نادزێتەوە و باسی ئەو ئازارەش دەکات، کە ئەمجارە بە هۆی کاری ژن هەڵگرتنی براکەی، تووشی دەبێت.
زیـرەک پیـاوێکی ڕاستگۆیـە و بێ شــەرم و ترس ڕاستییەکانی ژیانی خۆی باس دەکات، ئەگەرچی خەڵک و کۆمەڵگە ئەم کارانە بە شەرم و نەنگ دەزانن و بە چاوی دادەنەوە!
پاش ئەم هەموو غەریبی و دەربەدەری و بێ کاریەی، غەریبی کەسوکاری دەکات و دەیاندۆزێتەوە، بەڵام کەس ڕووی ناداتێ و بە ناچاری جارێکی دی ڕوو دەکاتەوە غەریبی:

**دوو بارە هەروا، کەوتمە غەریبی**
**نەخۆش دەکەوتم لەبێ تەبیبی**
**بەبێ دکتۆر و بێ داوودەرمان**
**چون کە بێکەس بووم نەبوو عەجیبی**
**کێ بێ بێ گەورە، کە بەرەڵلابێ**
**وەک منی لێدێ، زەحمەتە چابێ**
**هەرکەس دایکی بێ ڕەحمی وای بێ**
**دەبێ بەم جۆرە وێڵ و ڕیسوا بێ**

زیرەک بەردەوامە لە گێڕانەوەی ئازارەکانی و داننان بەو کارانەی، کە بەرانبەر ئەوکراوە، ئەوەتە جارێکی دی هۆی ئەم هەموو ئازارو دەربەدەری و سووکایەتی پێکردنەی خۆی دەداتـەوە پاڵ دایکی و دەڵێت هەرکەس دایکێکی وەک منی هەبێت ئاوا وێڵ و ڕیسوا دەبێت، ئەم هەموو ئازارە چاو و دڵی زیرەک دەکاتەوە و لەم دانپێدانانە حیکمەتێک دروست دەکات، کە نرخی بە گەوهەر تەواو نابێ و دەڵێ:

**کێ بێ بێ گەورە، کە بە ڕەڵلابێ**
**وەک منی لێ دێ، زەحمەتە چابێ**

هەر بەڕاستی ئاوایە، ئەو ژیانەی، کە زیرەک ژیاوە! هی ئەوە نەبووە هونەرمەندێکی مەزن و کوردێکی دڵسۆز و مرۆڤێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە! بەڵام، ئەو ژیانەی، کە پڕ زەحمەت بووە، بۆ زیرەک نەبووە بە ئەستەم. زیرەک لێنەگەڕاوە بەلارێی دابڕات و ئەستەمبڕ بووە و بەو هەموو زەحمەتە بووە بە پیاو، چا - کەکە و لە بەرەڵلایی دا نەماوەتەوە.
زیرەک بەردەوامە لە دانپێدانان و گێڕانەوی ژیانی خۆی، میدیا خانمی خێزانی زیرەک لە زاری زیرەک دەگێڕێتەوە:
(حەسـەن لە درێژایی تەمەنی دا، زۆرجار زەماوەندی کـردووە و ژنـی زۆری هێناوە، کە خێزانی یەکەمی کچێک بە نێوی مەحبوبە بووە کاتێک حەسەن، بەهۆی ئاگرگرتنی ماشێنەکەی لە سەقز دا و کوژرانی لاوێکی ١٨ ساڵە، بە بەندی ئەبەدی مەحکوم بووە، لەم کاتەدا دایکی خێزانی ئەوی لە حوسەینی برای مارە کردووە، ئەم کارە زۆر شوێنی لەسەر دڵی ناسکی حەسەن زیرەک داناوە و ئەوی تووشی کەندوکۆسپی نالەبار تر کردووە، لە ترسی ئەم ڕووداوە دا، ماوەیەک ڕای کردووتە عێراق- ل٤،٥)
ئەم کـارەی دایکی و ژنی حەسەن مارەکردنەوەی لە حوسەینی برای، لە کاتێک دا زیرەک لە بەندیخانە بووە، کە هاتووەتە دەرەوە، ئەمە دەبینێ خۆی بۆ ناگیرێ و سەر هەڵدەگرێ! ژیانی زیرەک وەک ئەڵقەی زنجێرێک یەک لە یەک ناخۆشتر و دڵهەژێنتر، چ کارەساتێکە لە بەندیخانە بێیتە دەر و ببینی ژنەکەت بێ پرسی تۆ، کە تۆ هێشتە زیندوو بیت لە برات مارە کرابێ! چ کەسانێک ئەمەیان کردبێ، دایک و برای خۆی!؟

## دەنگت بۆ ڕادیۆ ناگونجێ!

هـەر میدیای زەنـدی دەنووسێت: (ڕەفتـاری دەوڵەتی ئەوکاتە، لەگەڵ حەسەن دا، کە لە کوردەواری و تەواوی دنیا، بەتایبەت عێراق و ئێران ناوبانگی داخستبوو، ئەوی تووشی کەند و کۆسپێکی زۆر کرد، بە تایبەت لـە کاتێکدا کـە (دکتۆرشێخ عـابدی سـەڕاجوودینی) سەرۆکی بەرنامەی کوردی ڕادیۆی تـاران بوو، کاتێ حەسەن هاتبووە ڕادیـۆ، لە مەیدانی ئـەرک دا. شێخ عابدی سەڕاجوددینی، بە دەرگاوانی دەستوور دابوو، تا حەسەن ڕێ نەدەنە ژوورێ، کە ئەم کارە لەسەر دڵی ناسکی زیرەک هێندە شوێنێکی خراپی دانا، هیچ کات نە گەڕایەوە بۆ ڕادیۆی تاران و بە دڵ شکاوی پێ و پێڵاوی پێچایەوە بەرەو بەغدا- ل٧)
سەیرکە، زیرەک هەموو ژیانی خۆی خستبووە خزمەت هونەر، ڕادیۆی تاران-ی خستبووە سەرپێ و ناوبانگێکی ڕۆژهـەڵاتـی پەیدا کرد بـوو لە ئێران و لەنێو هەموو هونەرمەندانی کورد و فارس و ئازەر لە ڕێزی پێشەوەی هەمووان بوو، جا لە وها کاتێک دا بەڕێوەبەری ڕادیۆ بە پۆلیسی دەرگا بڵێ، لێنەگەڕێن حەسەن زیرەک بێتە ژوورەوە! ئەمە چ زوڵـم و بێ ڕێزییەکە بەڕێوەبەری ڕادیۆی تاران بەرانبەر بە زیرەکی کردووە؟ دەرکردن هەر نەیسە؛ بەڵام، ڕێگەی نەدا بێتە ژوورەوە، لە کاتێک دا بە بەرزترین هونەر زیرەک خزمەتی بەم ڕادیۆیە کردووە! ئەوەی لە ڕادیـۆی عێراق و ئێران بە زیرەک



**حەسەن زیرەک لەگەڵ ساکاری کچی - تاران**

کراوە، هەرگیز لە هیچ ڕادیۆیەک بەهیچ هونەرمەندێکی دی نەکراوە!؟ هەر لەو هاتنەوەی بۆ بەغدا، زیرەک دەچێتەوە ڕادیۆ و دەیەوێ جارێکی دی دامەزرێتەوە و لە ڕادیۆی بەغدا کار بکاتەوە، کە پێشتر نزیکەی شەش ساڵ وەک هونەرمەندێکی گەورە و ناودار، لەم ڕادیۆیە دەنگی هەڵێناوە، وەک کەو خوێندوویەتی و وەک بولبول چریکاندوویەتی!؟ کەچی دەڵێن: دەبێ دەنگت تاقی بکەینەوە؛ کە دەنگی تاقی دەکەنەوە، لە ئەنجام دا دەڵێن: (دەنگت بۆ ڕادیۆ ناگونجێ!)٨

سەیرکە بە چ هونەرمەندێک دەڵێن دەنگت بۆ ڕادیۆ ناگونجێ، کەسێک کە ڕۆژانە چەندین جار گۆرانییەکانی لەم ڕادیۆیە لە بەرنامەکان بڵاودەکرێتەوە و گوێگران بەردەوام داوای دەکەن! هەر پاش ئەمە زیرەک دەیەوێ بچێتە (میسر) و لەوێ لە (ڕادیۆی کوردی قاهیرە) کار بکات، بەڵام، عێراق بە تاوانی جاسوسی بۆ ئێران دەیگرێ و هەژدە مانگ لە بەندیخانە دەبێت و شەش مانگ بەردەوام ئازاری دەدەن! برای کوردم سەیری ئەم کۆمیدیایە تاڵ و ڕەشییە بکە، کە زیرەک تێیدا ژیاوە! زیرەک هەموو ئەمانە بەزاری خۆی دەگێڕتەوە، برای خوێندەوارم ئارامت هەبێت، هێشتە ئەڵقە ڕەشەکان کۆتاییان نەهاتووە!؟

کە لێناگەڕێن بچێتە میسر هەر (لەوێ دا گرتیان و خستیانە بەندەوە و لە پەنکەی بن میچ هەڵیانواسی زۆر ئەشکەنجەیان دا، ناچار لە پاش ڕزگار بوون گەڕایەوە بۆ تاران، لە ئێرانیش دا ساواکی ئەوکاتە گرتی و زۆری ئەشکەنجە دا- ل٧) زیرەک لە کاسێتی ناسراو بە کاسێتی ئەبو سەباح، خۆی ئەم گیران و ئازاردانەی ئێران و عێراق دەگێڕێتەوە و بەرد دەتوێنێتەوە!

## مشکێک زیرەکی بە لیدان دا

میرزاکەریم خۆشناو لە زاری زیرەک دەگێڕێتەوە، زیرەک دەڵێ: (دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ی زاینی لە عێراقەوە گەڕامەوە ئێران٩ لە ڕێگا زۆر ماندوو و نەخۆش بووم، لە دێیەکی نزیک ڕێگا دۆستێکی کۆنم هەبوو، گوتم با بچمە ماڵی ئەو دۆستە و کەمێک بسێمەوە و بەڵکە چاکیش دەبمەوە و دیدارێکیش تازە دەکەمەوە (.....) گەیشتمە گوند و لای ماڵی خانە خوێکەم، دیاربوو خانوویکی تازەیان بە سیمەنت دەست پێکرد بوو هێشتا تەواو نەبوو بوو، گەیشتم ژنێکی جوان لەبەر دەرگا بوو، پرسیم خوشکێ ئێرە ماڵی کوێخا عەزیزە؟ ژنە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: ئەرێ وەڵڵا ئێرە ماڵی کوێخا عەزیزە ئەتو چیت دەوێ؟ ووتم من میوانم حاجی لە ماڵە؟ لەسەرداوا خۆم چوونکە ماندوو هیلاک بووم، جێگایان لە خانووە تەواو نەکراوەکە بۆ ڕاخستم کە پڕی بوو لە کونە مشک! لەو جێگایە بەتانیەکی تەنکیان پێدا دام و لە ماندوویێتی و بە نەخۆشیەوە شەو و ڕۆژێک بە خۆ نەهاتمەوە، کە چاوم کردەوە، پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی بوو، داوای هەندێ ئاوم کرد، هەر ئەو ژنە کە ناوی (خەرامان) بوو، جامێک ئاوی بۆ هێنام، خەریک بوو دەست درێژ کات و ئاوەکەم بداتێ، لەپڕ پشتاوپشت گەڕایەوە، بەدەنگی بەرز گوتی: ئای ئای کاکە میهمان مشک نیشانم دەدات! پاشان هاتەوە پێش و گوتی من لە مشک ناترسم، جامە ئاوەکەی پێدام و منیش زۆرم تێنوو بوو زۆرم خواردەوە، گوێم لێبوو کێخوا ژن لەبەر خۆیەوە جوێنی دەدا؛ دەستی کرد بە قسەی ناشیرین و بۆڵە بۆڵ و ووتی: ڕاوێستە با نان بۆ ئەو (گ..) جنێوێکی بە کوڕەکانی دا دیار بوو دەیویست شکات لە من و لە بووکەکەی بکات، منیش بێ خەبەر لە هەموو شتێک، کێخوا ژن بە جوێندانەوە بە دەرکەوت و منیش کەوتمە حاڵی خۆم و لە خەو ڕاچووم، لە پڕ لە زرمەیەک بە خەبەر هاتم، وامزانی خانووەکە بەسەرم دا ڕووخا؛ خەریک بوو ڕاپەڕم، بەڵام، پێڕا نەگەیشتم کە لیسێکیان لە ناو قەدم دا؛ سەیرم کرد کوڕە جاحێلە چوار شانەکە بوو وای بە توند لێی دەدام، ویستم شتێک بڵێم! ئەرێ بۆ لێم دەدەن چیم کردووە؟ بەڵام دەم و دەست ڕمبەیەکی تر لە سەر دڵم هەستا و هۆشم بەخۆمەوە نەما! نەمزانی چیم بە سەرهاتووە!؟ کاتێک بە خۆ هاتمەوە دیم خەرامان لە تەنیشتمەوە دانیشتووە دەگری و بە ترکی ئەیلاواندمەوە و ئەیگوت:

(مهمان یئهڵاهن سیو گولی دی نییه ووەردوس بلاسن!
قیمەرەم گێشمه هیچ بیر سۆز دیمەم ئەما ئیمام عەباسن
ئۆ بیر لارتن که مارته ورسن!)

واته: میوان خۆشەویستی خودایه، بۆچی لێتان دا؟ دڵم نایێ هیچ دوعا له مێردەکەم بکەم بەڵام ئیمام عەباس له تەنکێشی ئەوانی دی بدات!

که به خۆ هاتمەوەو سەیرم کرد مشکێکی تۆپی له تەنیشت خۆی داناوه، که به تەواوی بەخۆ هاتمەوه، هەموو لەشم ژانی ئەکرد، به خۆم نەوێستام دەستم کرد به ناڵین.

خەرامان که چاوی به من کەوت هەڵاتو هاواری کرد مهمان به خۆ هاتەوه، تەپوتۆز پەیدا بوو له ژوورەوه غاریان ئەدایه لای من، له دڵیخۆم گوتم وەڵڵاهی ئەورۆژی پێبچم ئەو ڕۆیه! خودایه چی بکەم تووشی چ ڕۆژه ڕەشێک هاتووم؟ ناچار له ترسی ڕووحی خۆم تەکانێکم دایه خۆم، یان لای کەم هەڵیم، بەڵام وەک سیپاڵم لێهاتبوو تومەز هەرچی لەشم بوو کوترابووه سەر یەک، ئەوەنده به بێ ڕەحمی به لیس و پێلەقه لێیان دابووم! ناچار به نا ئومێدی سەرم جوڵاند و له دڵی خۆم گوتم: خودایه خۆت ئەزانی ئەگەر هەموو جارێکیش خەتام بووبێت، ئەوجاره هیچ گوناهێکم نییه فریام کەوه یارەب العالمین، زۆریش دڵم به خۆم سووتا و بەدەست خۆم نەبوو فرمێسکم هاته خوارەوه! ڕووم کرده دیوار و خۆم تەسلیمی قەدەری خوا کرد و مەئیوس بووم له ژیان! له پڕ دەنگێکی ئاشنا هاته گوێم گوتی کاکی میوان، کاکی میوان، من له ترسان وەڵامم بۆ نەدرایەوەو هەموو گیانم وەک بی ناو ئاو دەلەرزی!

دەنگه که چووه لای ژوورەوەو ووتی: وەڵڵاهی سێ تەڵاقی ئەو دایکەی ئێوەم بکەوێ ئەو میوانه شتێکی لێبێت ئەتانکوژم، یان ئەگەر خۆشم دڵم نێت بتانکوژم تەسلیم به ژاندارمەلی تان ئەکەم هەی (...) چۆن ئێوه له خۆتان له میوان ئەدەن؟ بێ ئەوەی بزانن شتەکه چۆنه؟ ئەو بەستەزمانه تان لەسەر کونه مشک نوواندووه، ماڵی ئێمه وەک ئەشکەوت مشک جلیتانێ تێدا دەکات! مشکێکی کونەکەی ژێر میوانەکه سەری دەرهێنا و خەرامانیش کوردیەکەی تەواو نازانێ! لێره وادیار بوو ڕووی له کێخواژن بوو، نابووایه به خۆت بزانی مەسەله چییه، جا بچی کوڕەکانت حاڵی بکەی هەی (...) لێرەدا خەرامان گوتی: ئاوەڵڵا مامه سیچان دیتم و گوتم مشک دیتم خەسوم ئیشتیباهی کرد به شتێک خراپ! من که ئەم قسانەم بیست ئاهێکم هاتەوه بەر و زانیم کێخوا لای منه، شتەکه ئیشتیباهی ڕووی داوه، بەڵام من قوربانی ئیشتیباهەکه بووم! ڕووم کرده لای ئەوان و کێخوا گوتی: کاکه تۆ ناوت چییه و خەڵکی کوێی؟ بەڵام له قسەکانی دیار بوو کێخوا زۆر موتەئسیر بوو، منیش ڕەنگم زۆر گۆڕا بوو، کێخوا ناحەق نەبوو نەمناسیێتەوه، گوتم : کێخوا عەزیز حەقت هەیه نەمناسیتەوه! چونکه ئەوەندەیان به لیس و پێلەقه لێداوم ڕەشدا هەڵگەڕاوم و ڕەنگی مردووم پەڕیوەتێ! که قسەم کرد کوێخا خۆی بەسەردادام و ئامێزی تێوەرینام و له بابه ڕۆی دا و دەستی کرد به گریان و گوتی: هەی ماڵی وێران خۆم هەی ڕوو سیاه خۆم ئەی شەرمەزار خۆم خۆ ئەوه (حەسەن زیرەک)ی ڕەفیقی کۆنمه چەند ساڵه چاوەڕێم سەردانم بکا ئەی ڕۆ بابه ڕۆ ڕوو له کوێندەر بکەم!

که کێخوا ناوی منی هێنا؛ هەرچی له ماڵەکه بوون سەریان سوڕما و ڕوویان نەبوو له شەرما سەیرم بکەن و سەیری یەکیان کرد و گوتیان حەسەن زیرەک!؟ ئیدی زۆر پەشیمان بوونەوه! بەڵام، کەنگی پەشیمانی بەدەردی خواردووه، کوێخا نەیدەزانی چی بکات گوتی بڕۆن دکتۆر بێنن و به کوێخا ژنی گوت زووکه دوو فڕوج بکوژەوه شۆربایەکی برنجی بۆ بکه! ئیدی ماوەیەک له ماڵی کوێخا مامەوه و زۆریان خزمەت کردم تا چاک بوومەوه!

زیرەک له گێڕانەوەو دانپێدانان و گوتنی ڕاستیه ناخۆش و ناشیرینەکان ناپەنگێتەوەو چی بەسەر هاتووەو چی پێ گووتراوه وەک خۆی بێ زیادو کەم دانیپێدا دەنێ.



**حەسەن زیرەک**



پەیکەری زیرەک دەستکردی هونەرمەند بەشیری ناسری

دواجار زیرەک گوتی: جا برام ئەمن زۆرم تێهەڵدان دیوە، بێ ئەوەی بزانم بۆچی لێم ئەدەن، لەو دنیایە خۆشیم نەدی ئومێدەوارم لە جیهانەکەی تردا خودا تۆڵەم بۆ بکاتەوە و لای کەم لە وێش هەر تێهەڵدان نەبێ بەشم.

### ناوێرم گۆرانی بڵێم!

میرزا کەریم خۆشناو دەڵێ: کە زیرەک لە کانی مەلا ئەحمەد کاسبی دەکرد، زۆر جار گۆرانیبێژانی ئێران دەهاتن و پێکەوە گۆرانیان دەگوت، جارێک گۆرانیبێژێکی لوڕستان هاتبوو، گۆرانی (دایە دایە وەختی جەنگەی) دەگوت، عادەتی زیرەک ئاوا بوو هەمیشە وەڵامی گۆرانیبێژەکانی دەدایەوە، بەڵام، ئەمجارە بێ دەنگ بوو، خەڵکەکە چاوەڕێ بوون زیرەک وەڵام بداتەوە، بەڵام زیرەک هەر بێ دەنگ بوو! زیرەک هۆی بێ دەنگیەکەی ئاوا باس دەکات (ئەو گۆرانیە هەڵقوڵاوی جەنگەکەی قەدەم خێری بیراوەند)ە خۆشم ئەزانم جەوابی دەمەوە، بەڵام ناوێرم چونکە ئەوەندەیان لێ داوم، هەر جارەی بە هانەیەکم پێ دەگرن، من دەزانم وەڵامی بدەمەوە، جەوابەکەشم حازر کردووە، گوتمان چیت حازر کردووە؟ گوتی:

**لایێ لایێت بۆ دەکەم با غیرەت بتباتەوە**
**دەس کەینە تفەنگی برنەو شەو تاڕۆژ بە یاڵەوە**
**جا کەوشە بووم بە پاتەوە**

بەڵام، بە ڕاستی ئەگەر شتێکم گوتبایە، چ لە ئەو شەو زووتر نەبوو سەت جووت شەقیان تێم هەڵ ئەدا، بە هانەیەکی چاکیشیان بۆ ئەدۆزیمەوە.

### خودایە ئەم جارە بۆ کوێ هەڵبێم!

بەڕێز عومەری سوڵتانی دەنووسێ: چووینە کانی مەلا ئەحمەد و ویستمان زیرەک ببینین، چایخانەکە زۆر هەژارانە بوو میز و کورسی کۆن و شل و شۆق بوون، لە دەوری مێزەک دانیشتین، زیرەک هات، بەڵام، چی ببینین زیرەک ڕەنگ و ڕووی گۆڕابوو، قسەی بۆ نەدەکرا، گوتی: تکایە داوای گۆرانیم لێ مەکەن، ئەو چوار کەسە دەبینن لەسەر ئەو مێزەی دانیشتوون، لە هەنجەتێک دەگەڕێن لێم بدەن! کە لە مێزەکەمان دوور کەوتەوە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و گوتی: خودایە ئەم جارە بۆ کوێ هەڵبێم ؟!

### شاگردەکەم هاواری کرد کوڕینە وەرن زیرەکیان کوشت!

میرزا کەریم دەنووسێ بەیانیەکی زوو ڕابیعەخانم لەدەرگای دا و لە گەڵ شاگردێکیا خۆی کرد بە ژوورەو و گوتی: کاکە بمانبوورە بەم بەیانیە بێزارت دەکەین! گوتم: لەوە گەڕێ بزانم چیتان لێ قەوماوە؟ ڕابیعە خانم گوتی: ئەمشەو شەڕیان لەگەڵ کردین، هەندێکیشیان لە زیرەک داوە، هەڵبەت ئەویش دەستی کردەوە، خوا هەڵناگرێ شەڕێکی چاکی لەگەڵ کردن، منیش گوتم ئەمانە کێن شەڕیان لەگەڵ کردوون؟ گوتی: جا بڵێم چی کاکە هەندێکیان جلی خاکیان لەبەر بوو، هەندێکیشیان کۆت و شەڵوار و بە فارسی قسەیان دەکرد، بەڵام، بە خوا وابزانم یان (ئیتلاعات) بوون یان (زەدەی ئیتلاعات) شێوەیان زۆر لە (جینایەتکار دەچوو) پاشان چوومە کانی مەلا ئەحمەد و ڕووم کردە زیرەک و بە پێکەنینەوە گوتم زۆریان لێداوی؟ وەڵلاهی زوو فریام کەوتن، منیش چاکم لێدان کاکە تەور زێنێکم هەیە دەستم دابووێ بە دەوری خۆما ئەم سوڕاند کە ئەممالێ بە ناو شانی هەر یەکێکیان وەک گا ئەیبۆڕاند! ئەمما وەختێ دەورەیان لێدام و تەورزێنەکەیان لەدەست گرتم پەکم کەوت، شاگردەکەم هاواری کرد کوڕینە وەرن زیرەک-یان کوشت!١٠

کاکە کە دیم هەر کوڕە لاوە و بە ڤیزێکەوە هەندێک بە کورسی شەڕیان لەگەڵ دەکردن و هەندێک بەشەق و بە شاپ بەربوونە گیانی شەڕکەرەکان و هەڵیان بڕێن کردنیان بە بەردی برا برایی و هەر دوو سێ کەس بە دوای نەفەرێکیاندا ڕایان ئەکرد و ئەیان وت (وایسە پدەر) واتە ڕاوەستە هەی باوکەکەت!

میرزا کەریم دەیەوێ هۆی شەڕەکە بزانێ! زیرەک دەڵێ: بە خوا کاکە هەر سەر بەخۆ شەڕیان پێ فرۆشتم، بێ ئەوەی هیچ خەتایەکم هەبێت!

# شانۆگەریی تۆ مەچۆ بۆ شەڕ

## نمایش، بینەر، جیاوازیی






داستان بەرزان



## دەستپێک

کایەی شانۆی ئێمە وەک زۆربەی کایەکانی دیکە ڕووبەڕێکە لە بێدەنگی، بەشێک لەوانەی وەک شانۆ پیشان دەدرێن، زیاتر لە نموونەیەک لەو هونەرە دەچن، نەک هەمووی، ئەوانەشی شانۆن کەمترین وزەی ئەوەمان پێ دەبەخشن بتوانین لە بارەیانەوە بدوێین، یاخود بنووسین، بە مەرجێک دەبوو قسەوباسەکانی دوای هەر نمایشێکی هونەریی زۆرجار لە کارەکان زیاتر کاریگەرییان

> ***بەهای گوتار لەم نمایشەدا ئەوەیە خۆی بە بابەتە بچووکەکانەوە سەرقاڵ نەکردووە، بەڵکو بابەتێکی خستووەتە بەرباس، کە بە هەموانەوە پەیوەستە و دەبێت هەمووان دژی بین***

لەسەر دونیای کلتوورییمان هەبووایە، چوون ڕەخنەسازان لە سادەترین پێناسەدا ئەو کەسانەن، کە ئامادەی کاری هونەریی دەبن، پاشان ئەوانەیان، کە خاوەنی دیدی ڕەخنەسازانەن و دەبنە ڕەخنەسازی بەرهەمی هونەریی.

نەبوونی پرۆسەی ڕەخنەسازی شانبەشانی کارە هونەرییەکان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە گرنگیی هونەرەکان بەهەند وەرنەگیرێن و لە جێگاییدا شتی دیکە ببنە مایەی بایەخ پێدان، کە سەختە هیچ بوارێک لە دەرەوەی کلتوور بتوانێت شوێنگرەوەی پێگەی هونەر بێت! کەچی ئەمە بۆ ژیانی ئێمە پێچەوانەیە، وەک دەبینین هەموو شتێک لە هونەر گرنگترە.

لە کۆمەڵگەی هاوشێوەی ئێمەدا لە هونەر قورستر ئەوەیە وابکرێت ڕەخنەسازیی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت و کاریگەریی لەسەر کایە جۆراوجۆرەکان دابنێت. ئاخر ئەوەی تا ئێستە وەک ڕەخنەسازی هونەریی ئەنجام دراوە زیاتر وەک پاشکۆیەکی لاوازی کاری هونەریی تەماشا دەکرێت و لە شوێنێکدا هیچ لە بابەتەکان ناگۆدرێت و بوون و نەبوونی هەمان شتە.

ئێمە لەم هەوڵەدا و لەنێو دونیایەکی بێدەنگ و بێ پرسیاردا مەبەستمانە هەندێک لایەنی یەکێک لە نمایشە شانۆییەکان بخەینەڕوو بە ناوی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) کە تێکستەکەی لە شیعرەکانی ماردین ئیبراهیم وەرگیراوە و هۆرێن غەریب کاری ئامادەکردن و دەرهێنانی بۆ کردووە و دەستەیەک لە ئاکتەری ئاستی جیا و تەمەنی جیا ڕۆڵی تێدا دەگێڕن.

## سینۆپسێک لە شانۆیی تۆ مەچۆ بۆ شەڕ

لە شارۆچکەیەکی وێران، بە هۆی جەنگەوە، باوکێک بە ناوی (ڕافائیل) ئەو جەنگاوەرە دڵڕەقەیە تا دێت دڕندانەتر خۆی دەنووێنێت، بە فشارێکی زۆر کوڕەکەی دەنێرێتە بەرەکانی جەنگ، لە کاتێکدا هاوژین و کچەکانی ئاگاییەکی ئەوتۆیان لە جەنگەکان نییە، کە زۆرجار پیاوان هەڵیان دەگیرسێنن. لە ئەنجامدا کاراکتەری دایک، کە چەتری خێزانەکەیە بڕیاری جێهێشتنی ماڵەکە دەدات و بەو هۆیەشەوە کۆی ئەندامانی خێزانەکە

لێک دەترازێن و ئیدی ڕووداوەکانی نێو شانۆکە بەرەو ئاستێکی دیکە هەڵدەکشێن، دەرهێنەر زنجیرەیەک گەمەی شانۆیی دەسازێنێت و بینەران کاریگەرتر لە دیمەنەکانی سەرەتای نمایش دەخاتە نێو کەشی کارەکە و دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنێت وەک یەکەیەکی چالاک لەگەڵ نمایشەکەدا کارلێک بکەن. بۆ باشتر گەیشین بە ساتەوەختە زیندووەکانی ئەم شانۆییە، باشترین کارێک ئەوەیە بینەری کارەکە بن.

## گۆڕینی شیعر بۆ شانۆنامە

کردەی گۆڕینی تێکستی شیعریی بۆ شانۆنامە وەک دوو ژانری سەربەخۆی ئەدەبیی، یەکێکە لەو کارە پڕ لە کێشانەی دێتە بەردەم کەسانی دراماتۆرگ، کە لە شانۆی ئێمەدا زۆرجار دەرهێنەرەکان خۆیان ئەم کارە دەکەن، بێگومان ئەوەش پڕۆسەکە سەختر دەکات، سەرئەنجام لە شانۆی کوردییدا هەرچۆنێک بووە ئەوەی بینراوە لەو تەرزە ئیشکردنە، کەمجار وابووە ئاکامێکی سەرکەوتووانەی لێ بکەوێتەوە، ئاخر دراماتۆرگی لە هەر ژانرێکەوە بکرێت پێویستی بە شارەزایی هەیە، هەربۆیە لە شانۆی هاوچەرخدا پسپۆڕییەکی سەربەخۆیە، هاوشێوەی پسپۆڕییەکانی دیکەی شانۆ. چونکە کەسی درما تۆرگ تەنیا سەروکاری لەگەڵ تێکستی شانۆییدا نییە، بەڵکو ڕەگەزێکی کارای ستافی بەرهەمەکەیە و لە یەک کاتدا مامەڵەیەکی دراماتۆرگییانە لەگەڵ تەواوی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کاری شانۆییدا دەکات.

سەبارەت بە نمایشی شانۆیی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) بەوپێیەی شانۆنامەکە لە شیعرەوە ئامادەکراوە، بە پێویستی دەزانم هەندێک بەرچاوڕوونی لەسەر هەریەک لەو دوو ژانرە بخەمەڕوو.

شیعر: ئەو ژانرە ئەدەبیەیە، کە ڕیشەیەکی درێژی مێژوویی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە و بە کۆنترین ژانری ئەدەبیی دادەنرێت و هەرچی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەن سەرەتا لە هەناوی شیعردا بوونە، پاشان هەندێک خەسڵەتی تایبەتی خۆیان وەرگرتووە، ئەگەرچی هیچ ژانرێکی ئەدەبیی نییە بە تەواوەتی خۆی لە شیعر دەرباز کردبێت، بەڵکو شیعر ئەو ژانرە کاریگەرەیە هەمیشە بە جۆری جیاواز لە چەشنە ئەدەبییەکانی دی ئامادەیی هەیە، جگە لەوەی شیعر هەتا ئەمڕۆش خۆی لە پێناسەیەکدا جێگیر نەکردووە، دەکرێت بە قەبارە و ژمارەی شاعیرانی دونیا پێناسەمان بۆ شیعر هەبێت، ئەوانەشی لە فەرهەنگە جیهانییەکاندا تۆمارکراون تەنیا ڕوانگەن و هیچیان نەبوونەتە کۆتا ناسنامەی شیعر، شاعیران و تیۆریسانی ئەدەبیی، بەردەوام دیدگای نوێ لە هەمبەر شیعر دەخەنەڕوو.

شانۆنامە: سەرەتا لە شێوەی شیعر بەرجەستەکراوە و ئەکتەرە کۆنەکانی یۆنان، هاودەمی خۆیان خاوەنی ئەو شیعرانە بوون، کە کاری ئاکتین و دەرهێنانیان بۆ کردوون، چیرۆکەکانیان بە تێکستی شیعریی هۆنیوەتەوە و لە ڕێگەی دەنگ و جەستە-وە بەرجەستەیان کردوون، کە دواتر بە تێپەڕبوونی سەردەم دەبێتە چەشنە ئەدەبێکی تایبەت بە نمایش، کە مێژووەکەی لە پاڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا درێژبۆتەوە.

لەو ناساندنە سادەیەی -شیعر و شانۆنامە-وە بە ئاسانی تێ دەگەین، کە ڕاستە شانۆنامە پەیوەندییەکی ڕیشەیی





لەگەڵ شیعر هەیە، بەو هۆیەشەوە تا ئەمڕۆش شیعر لە هەناوی زۆربەی شانۆنامە بەهێز و کاریگەرەکاندا بەرجەستەیە، بەڵام دواجار دوو ژانری ئەدەبیی جیاواز و سەربەخۆن و هەریەکێکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی هەر کامێکیان، پێویستە لە نێوان شیعر بۆ شانۆنامە دەست بە کاری درماتۆرگی بکەین، ئەمەش دەرهەق بە شانۆیی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) بە ئاسانی دەبینرا، کە پرۆسەی ئامادەکردنی شیعرەکان بۆ شانۆنامە بە ئاگاییەوە کراون و دەکرێت وەک هۆکارێکی بنچینەیی سەرخستنی کۆی پێکهێنەرەکانی دیکەی نمایشەکە دەست نیشانی بکەین، چونکە وەک ئاشکرایە، شانۆنامە یەکەمین دەروازەی دروستکردنی کاری شانۆییە و هەر گرفتێک لە شانۆنامەدا دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفت بۆ ڕەگەزەکانی دیکەی، وەک دەرهێنان و نواندن...هتد لە ئاکامدا دەبێتە گرفت بۆ نمایش.

ئەوەی لە نمایشی شانۆیی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) خاڵی بەرچاو بوو، ئامادەکاریی تێکستە شانۆییەکە بوو، کە هاوکات دەرهێنەری نمایشەکەش بوو، توانیبووی بە لەبەر چاوگرتنی ئاگاییەکانی لە هەریەک لە ژانرەکانی (شیعر- شانۆنامە) پرۆسە درماتۆرگییەکەی ئەنجام بدات و تێکستە شیعرییەکان لە کۆنتێستێکی نمایشییدا وەربگێڕێتە سەر زمانێکی تەواو شانۆیی.

هەر ئەوەش وایکردبوو لەم کارەدا ئاسۆکانی نمایش بە گیانێکی بارگاوی بە شیعرییەتێکی شانۆیی بەرجەستە بن و بینەر بخەنە بەردەم هێزی شیعر و هێزی شانۆ، دواجار یەکانگیر پێکەوە بیخەنە گەمەیەکی داهێنەرانەوە.

## دیالۆگ – شیعرییەت

دیالۆگ ڕەگەزێکی سەرەکی شانۆنامەیە و لە سادەترین پێناسەدا بەو قسەوباسە جۆراوجۆرانە دەگوترێن کە لە نێوان دوو کاراکتەر، یان زیاتر ئەنجام دەدرێن، دواجار دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر پیشاندانی چیرۆک و بەرەوپێشچوونی درامای تێکستی شانۆیی. زۆربەی شانۆنامەنووسانی جیهان بایەخێکی زۆر بەم پێکهێنەرەی تێکست دەدەن و بەبێ بوونی دیالۆگ نووسینی شانۆنامە لەلایان کارێکی نەکردەیە.

پەیوەست بە ڕواڵەتی دەربڕینی زمانی دیالۆگ هەندێک لە نووسەرانی شانۆنامە بۆ دروستکردنی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان پەنا دەبەنە بەر زمانێکی باڵای شیعریی چڕ و ئاڵۆز و یاریکردن بە زمان و بەکاربردنی هێما و ئیدیۆمی فرەمانا و فۆڕمی ناباوی زمان، لەبەرانبەردا هەندێکی دیکەیان کاردەکەن بۆ ئەوەی زمانی دیالۆگ ڕوون و ئاسان و نزیک لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی بێت، مەبەستیانە ئەو سەبکە و ئەوەی هەیە لە مەبەست و مانا، هەرچی زووە بگاتە وەرگرەکانیان.

هەرچی شیعرییەتە وەک ڕەگەزێکی گرنگی تێکستی شیعریی لە شاعیرێک بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێت، واتە دەکرێت ئەوەی لای شاعیرێک دۆخێکی شیعرییە لای یەکێکی دیکە ناشیعریی بێت، بەڵام هەندێک بار هەن نزیکەی هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ساتەوەختی شیعریین.

بەڵام داهێنەرانی شیعر هەر کەسەرەستە و دۆخێک

وەک بارێکی شیعریی وەردەگرن، چونکە بەرهەمهێنانی شیعرییەت وابەستەیە بە ئاستی داهێنەرانەی زمان و خەیاڵی شاعیرانەوە، نەک بڕیارێکی پێشوەختە لەوەی چ شتێک شیعرییە و چیش نا شیعرییە؟

بۆیە کاتێک باس بێتە سەر جیاوازی نێوان دیالۆگ و شیعرییەت، بە ئاسانی دەکرێت چەندین خاڵ ڕیز بکەین بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازییەکانیان، بەڵام ئەوەی پەیوەست بە نمایشی شانۆیی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ)ە شایەنی لەسەر وەستانە، لەو نێوانەدا دروستکردنی پەیوەندییە بۆ دروستکردنی لۆژیکێک، کە وابکات هەست بە ئامادەیی دیالۆگ بکەین لە میانی دێڕە شیعرییەکاندا، کە ئامادەکاریی تێکستی ئەم نمایشە بە پشت بەستن بە چیرۆک و کاراکتەرسازی و چنینی هێڵی درامی کاری کردبوو بۆ بونیادنانی دیالۆگی شانۆیی، هەرچەندە دیالۆگەکان تەواو شیعریی بوون و دێڕە شیعرییەکان بە گشتیی وەکو خۆیان بەکارهاتبوونەوە و توانرابوو ببێتە ئامرازێک بۆ ڕوونکردنەوەی چیرۆکی نمایش و خستنەڕووی ڕەهەندی کاراکتەرەکان.

تەنیا خاڵێک، کە بۆ بینەران لە ئاست پێویستدا نەبوو ئەوەبوو بینەری ئێمە لەگەڵ ئەو زمانە شیعرییەی دیالۆگ ڕانەهاتووە، ئەوەش پەیوەستە بە سەلیقەی بینەر و نەبوونی نمایشی جۆراوجۆر، تاکو باڵایی زمان بەرجەستە بکەن و بینەر بزانێت هەموو کات دیالۆگ بریتی نییە لە قسەی ئاسایی.

لە ئەنجامدا، ئەوە وادەکات ئەم نمایشە ئاسان خۆی بەدەستەوە نەدات و هەموو مەوداکانی لە بەرچاو نەبن و کارێکی سەخت بێت بینەر بەبێ بوونی پاشخانێکی شیعریی و شانۆیی لە ورد و درشتی تێ بگات، کە ئەوە گرفتێکە زۆرجار شانۆکاران ڕۆڵیان هەیە لە بەردەوامبوونیدا، چونکە زۆر کەم کار دەکەن، بۆ فراوانکردنی دونیای شانۆییمان، بە هەمەچەشنی ئەو تێکستانەی کاریان تێدا دەکەن، بەڵکو زیاتر ئەو تێکستانە دەخەنە سەر ستەیج کە ئاسان بەدەستەوەدێن و بینەر ناخەنە بەردەم ڕامان و هێزی زمان و باڵایی نمایش.

### زمانی شیعر- زمانی دیالۆگ

زمانی شیعر زمانێکی ناباوە و ئازادانە گەمە بە وشە و دەربڕینەکان دەکات. شاعیران چۆن بخوازن هێزی کشان و هاوکات چڕکردنەوەی زمان دەستنیشان دەکەن، ڕیتمی وشەکان بە بەرکەوتنی ناوەوەی خۆیان ڕادەگرن

**کردەی گۆڕینی تێکستی شیعریی بۆ شانۆنامە وەک دوو ژانری سەربەخۆی ئەدەبیی، یەکێکە لەو کارە پڕ لە کێشانەی دێتە بەردەم کەسانی دراماتۆرگ**

نەریتەکانی زمان دەگۆڕێن و دەرچەی نوێ لە زماندا هەڵدەکۆڵن.

زمان لە شیعردا پەیوەست نییە بە ڕووبەرە بچووکەکانەوە هێندەی خەریکی فراوانکردنی ڕووبەرەکانە بۆ زیاتر و زیاتر کرانەوەی جیهان و گەیاندنی ڕووناکی بە شوێنە هەرە پەنهانەکان، ئەمجۆرە لە خەمی ڕوونییەکی بێمانادا نییە، هەروەک چۆن ئاڵۆزییش لەم زمانەدا سنووری هەیە.

زمان لە شیعردا تێکدەشکێندرێت، لە ڕێساکانی ڕێزمان



میتافۆڕ، بە نموونەی بەردەستی ڕۆژانە ئەوەی هەیە ڕوونی دەکاتەوە، سانا و ئاسانە بە ڕادەیەک هەر کەس دەکرێت لە مەبەستەکانی تێبگات، لە خەیاڵەوە سەرچاوە ناگرێت و بە ژیانی ڕیالەوە وابەستەیە.

زمانی دیالۆگ لە نمایشی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) زمانێکی شیعریی بوو، ڕاستر بڵێین دیالۆگ بریتی بوو لە شیعر، لە هەندێک شوێندا شیعرییەتێکی توند و چڕ باڵی بەسەردا کێشا بوو، کە وایدەکرد بینەری ئاسایی وەک پێویست دەرکی دیالۆگەکان نەکات و بەو خێراییە کۆدەکانی زمان نەکاتەوە، واتە زمان لەم نمایشەدا نێوانێکی لەگەڵ بینەردا دروستکردبوو، نێوانێک، کە ڕەنگە لە بەرژەوەندی کۆی کارەکە نەبێت، بەتایبەت بۆ بینەرانێکی گشتیی، ئەگەرچی وەک باڵایی زمانی نمایش ئاستێکی بەرزی بە کارەکە بەخشیبوو، بەوپێیەی شیعر لە سەرلەبەری کارەکەدا ئامادەبوو، هەروەها شیعرییەتی کۆی نمایش هۆکارێکی گرنگ بوو بە دروستکردنی جوانیی لەسەر ئاستەکانی (بینین- بیستن) بەڵام ئەوەی تێگەیشتنی بۆ بینەرانی شانۆییمان هەبێت، دەزانێت ئەو نێوانە لە کەموکوڕی کارەکە نییە، بەڵکو سروشتی ئەو چەشنە لە نمایشە، کە ناتوانێت لەگەڵ هەموو جۆرەکانی بینەر پەیوەندی ببەستێت.

## دەرهێنان و بەردەوامی

هۆرێن غەریب یەکێک لە دەرهێنەرە خاوەن شێوازەکانی شانۆی پاش ڕاپەڕین، ئەو بە شێوازە هاوچەرخەکەی چەندین بەرهەمی لە بیرەوەریی بینەرانی شانۆدا تۆمارکردووە. ناکرێت باس لە شانۆی دوای ڕاپەڕین بکەین و ئاماژە بە کارەکانی ئەم هونەرمەندە و هاوەڵانی لە (کۆڕی شانۆی با) نەدەین.

شانۆیی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) درێژکراوەی ئەزموونی دەرهێنەری ناوبراوە، کە هەڵگری هەندێک سیما و تایبەتمەندیی هاوکات چەند لێکچوونێک لەگەڵ کارەکانی دیکەی، کە لێرەدا دابەشیان دەکەین بۆ دوو ئاست.

١-تایبەتمەندییەکان: مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم ڕەهەندەکانی (ستوونیی، ئاسۆیی و قووڵایی تەختەی شانۆ...) کە زۆرجار تەکنیکی دەرهێنانی (ڕۆبەرت ویڵیسن) ی ئەمریکیمان بیردەخاتەوە. دروستکردنی کوتلەگەلێکی فراوان لەسەر شانۆ و دابەشکردنی ڕەگەزی جەخت لە دەرهێنان بۆ زیاتر لە پنتێک (جووڵە- دیالۆگ)



لادەدات، وشەکان بە جۆری دیکە ڕیز دەکات و مانای نوێیان پێدەبەخشێت، پەند و ئیدیۆمەکان وەک خۆی دەخوازێت، شوناسە گشتییەکانی زمان بزر دەکات و ناسنامەی تازەی بۆ دادەهێنێت، ئەوەی پێدەگوترێت لۆژیکی زمان بەهەندی وەرناگرێت، چونکە ئەو خەریکی ئەفراندنی لۆژیکێکی نوێیە، شتەکان دەچوێنێت بە شتی دیکە و پەنادەباتە بەر میتافۆڕ، زمانی شیعریی ڕیشەکەی لەنێو خەیاڵ دایە و بە ئاوی خەیاڵ گەشە دەکات.

بەڵام لە دیالۆگی شانۆییدا بەتایبەت شانۆی نەریتی، زمان لە ئاستی لۆژیکی ڕیالدا کار دەکات و ئاگاداری ڕاستەقینەیی دەربڕینەکانییەتی، کەمتر دەچێتە نێو

**پەیوەست بە ڕواڵەتی دەربڕینی زمانی دیالۆگ هەندێک لە نووسەرانی شانۆنامە بۆ دروستکردنی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان پەنا دەبەنە بەر زمانێکی باڵای شیعریی چڕ و ئاڵۆز**

جگە لەوەی بەردەوام کەشی شانۆی وێنەیی لە دیمەنەکاندا بەرجەستەیە، لەگەڵ دروستکردنی ڕیتمێکی ئارام و لە ناکاو بەرزبوونەوەی بۆ ئاستێکی بەرزی درامی و سەرلەنوێ ئارامبوونەوەی بۆ نەرمییەکی ئارامبەخش.

٢-لێکچوونەکان: هەندێک فیگۆر و دیمەن لەم کارەدا دەبینران کە لە کارەکانی دیکەی ئەم دەرهێنەرەدا بەجۆری دی بینراون. لەوانە منداڵێکی پاسکیلسوار لە ڕۆڵی پۆستەچیدا، هەندێک جار دێتە سەر شانۆ و بەشدارییەکی گەمە شانۆییەکە دەکات و دەڕوات، پێشتر لە شانۆی (چوارەم نیوەڕۆ پێش مەحشەر)ی هەمان دەرهێنەر، هاوشێوەی ئەم فیگۆرە لەلایەن (زەریا سامی)یەوە بەرجەستە دەکرا. بەڵام ئەو بەدەم ناوکەکولەکە خواردنەوە دەهات و پاش بەشدارییەکی کەم لە ساتەوەختە شانۆییەکە تێدەپەڕی.

هەر لەم کارەدا دیمەنێکی کاراکتەری (ڕافائیل) کە پێشڕەو حوسێن ڕۆڵی دەگێڕا، وەک دەبینرا کاراکتەرکانی دیکە خەریک بوون نوشتەی ڕەنگاوڕەنگیان بە جەستەیدا هەڵدەواسی، بەهەمان شێوە لە شانۆی (چوارەم نیوەڕۆ پێش مەحشەر) نزیک لەم دیمەنە هەبوو، کە ئیبراهیم چێوار بەرجەستەی کاراکتەرەکەی دەکرد، بەڵام لەوێ چەند کاراکتەرێک جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگیان بە جەستەیدا هەڵدەواسی.

لەسەر ئاستی کەرەستەش هەندێک کەولوپەلی وەک (پیاڵە، کوپ، ئینجانە و درەخت...) هەندێک جار لە کارەکانی پێشووی ئەم دەرهێنەرەدا بینراون.

کۆی ئەمانەش دەکرێت وەک جۆرێک یاریی ئەم دەرهێنەرە تەماشا بکرێن، چونکە وەک دەبینین هەرکام لەم دیمەن و کەرستانە هەرجارەی بە ناسنامەیەکی نوێوە دێنەوە نێو ئیشکەکانی و لە میانی مامەڵەکردنیدا ڕەهەندی جیاوازیان پێدەبەخشێت.

## نواندن و جیاوازی

لە زۆرینەی بەرهەمە شانۆییەکانی (کۆڕی شانۆیی با)دا بەتایبەت ئەوانەی کە هۆڕێن غەریب دەرهێنان، یان هاوبەشی دەرهێنانی تێدا کردوون، سەبکێک لە نواندن دەبینین، لە ڕووی دەنگ و جەستەوە هەڵگری تایبەتمەندین، لە ئەنجامدا شێوە ئاکتینێک دروست دەکات، کە دەکرێت وەک شێوە ئاکتینی کارەکانی ئەم دەرهێنەرە و گروپە شانۆییەکەی وەربیگرێت، چونکە بەر لە ئەوان نموونەی نواندنی وا لە شانۆی کوردییدا بەردەست نییە.

بەڵام ئەوەی خاڵی جیاکەرەوەی ئەم نمایشە بوو، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ئیشە یەکەمجار بوو لە کاری ئەم دەرهێنەرەدا دەربکەون، هاوکات لە ڕووی شێوەی دەنگ و جەستەوە هەریەکێکیان بە شێوازی خۆی ئامادەی کارەکە بوون، نەک ئەو شێوازەی لە نواندنی ڕابردووی کارەکانی (کۆڕی شانۆی با)دا بینراوە. ئەمەش نیشاندەری جیاوازییەکی ڕیشەییە لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەی.

تەنانەت لەو شوێنانەشدا، کە تۆن و فۆڕمی کاراکتەرەکان دەچوونەوە سەر شێوازی پێشووی ئیشکردنی گروپی ناوبراو زۆری نەدەخایاند، گۆڕانی بەسەردا دەهات و



بخەنە فۆرمێکی وەها شیعرییەوە، چونکە جەستە وەک بوونێکی ڕیاڵ ڕەنگە ئاسوودەترین بوونی جەستەیی بێت لەسەر شانۆ، بەڵام بوونێکی شیعریی، واتە جەستە وەک فیگۆڕێکی شیعریی و هاوکات خاوەن گوتارێکی کەم و زۆر ڕیاڵ کاری، هەموو ئەکتەرێک نا، هەندێک ئەکتەر خۆیان لەو بوونە لادەدەن، ڕەنگە هەر بۆشیان ڕوون نەبێت بە وردی مەبەست لەو بوونە چییە؟

لە نمایشی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) ڕەگەزەکانی دیکەی جیاواز لە ئاکتین و دەرهێنان ڕۆڵیان هەبوو لە چڕکردنەوەی شیعرییەتی نمایش، کە دەکرێت زۆرینەیان بە سینۆگرافیا ناویان بەرین.

ئەم شیعرییەتەی سینۆگرافیا لە هەندێک ئاستی نمایشدا، بە جۆرێک ستاتیکی و کاریگەربوو نەدەکرا لە ئاستیدا تووشی ڕامان نەبین، لە بەرانبەر (جوانی- مانا)دا بەتایبەت کاتێک ڕوانینمان بۆ یەکە جۆراوجۆرەکانی سەر شانۆ دابەش دەبوو، لەوێدا سینۆگرافیا بە ئەندازەیەکی زۆر بەشدار دەبوو لە دروستکردنی یارییە شانۆییەکان و بە جووڵەیەکی نەرم دەکەوت بۆ زیاتر سازکردنی ساتەوەختەکانی نمایش!

## گوتاری نمایش

ئەم نمایشە هەڵگری گوتارێکی مرۆڤدۆستانەی وەهایە، دەکرێت لە هەر کوێی ئەم دونیایە کاریگەر بێت، بابەتی جەنگ وەک بەڵایەکی جیهانیی لە هونەردا، هەمیشە مایەی وەستان و قسە لەسەرکردن بووە، کە لەم نمایشەدا سامناکی و دزێوییەکانی خرابوونە ڕوو، لە کۆنتێستێکی بەرزی هونەریی شانۆیی، نەک تەنیا گوتارێکی ڕووت، کە تووشی وەڕسیمان بکات.

جەنگ لێرەدا نەفرەتێکە لە هەر گەلێک دەکەوێت، هەربۆیە ڕێگریکردن لە سەرهەڵنەدانی کاری هەموو گەلێکی زیندووە.

سەرئەنجام بەهای گوتار لەم نمایشەدا ئەوەیە خۆی بە بابەتە بچووکەکانەوە سەرقاڵ نەکردووە، بەڵکو بابەتێکی خستووەتە بەرباس، کە بە هەموانەوە پەیوستە و دەبێت هەموان دژی بین.

لەگەڵ ئەوەشدا ژن وەک بەشێکی گرنگ لە بابەتی ئەم نمایشەدا بوونێکی کارا و ژیاندۆستانەی هەیە و وەک بوونێکی ئاشتیخواز دەردەکەوێت، کە ئەوەش لایەنێکی دیکەی درەوشاوەی گوتاری ئەم نمایشەیە.




بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی بەرجەستەکردن دەڕۆیشت. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ داهێنەریی زۆرینەی ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم کارە بگەڕێتەوە، کە بە تایبەتمەندییە داهێنەرەکانیانەوە، بۆ دروستکردنی نواندنێکی جیاواز و داهێنەرانە، شانبەشانی دەرهێنەر کاریان کردبوو.

## شیعرییەتی نمایش

دەرهێنەر و ئامادەکاری ئەم نمایشە یەکانگیر لەگەڵ تەواوی ئاکتەر و ڕەگەزەکانی دیکەی نمایش پێکەوە توانیبوویان، نەک شیعرییەتی دێڕەکان لە کۆنتێستی نمایشدا بەرجەستە بکەن، بەڵکو سەرجەمی پێکهێنەرەکانیان بە شیعرییەت بارگاوی کردبوو، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ئاکتین، تەنیا لە توانای ئاکتەرە ئەزمووندارەکان دایە ئەو شیعرییەتە تێ بگەن و بەرجەستەی بکەن و جەستە

**نمایشی شانۆیی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) شایەنی لەسەر وەستانە، لەو نێوانەدا دروستکردنی پەیوەندییە بۆ دروستکردنی لۆژیکێک**



# خوێندنەوەی کتێب

- ڕەوسەی قەڵەمەکەی مومتاز حەیدەری ...
ڕەوسەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت

سەعید عەبدوڵڵا

# ڕەوسەی قەڵەمەکەی مومتاز حەیدەری

# ڕەوسەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت

خەرمان بەرەکەت ئەوا بۆ ئەمجارەش خوێنەری کورد و کتێبخانەی کوردی دڵ و چاویان بە کۆبەرهەمەکەی مومتاز حەیدەری دەگەشێتەوە، کە ئەو ناوی ناوە (زادەی تەمەن، ڕەوسەی قەڵەمەکەم)

سەرباری هەڵکشانی تەمەن و باری گرانی خەمی نەتەوەکەیی و ڕەشەبای ژەهری خەمینی ڕۆژانەی ژیانی کۆمەڵایەتی، وەلێ ئەو قەڵەمە هەشتاو پێنج ساڵەیە ئەمجارە زادەی تەمەنی خۆی، ڕەوسەی قەڵەمەکەی پێشکەش بە نەتەوەکەی و کۆی ڕەوڕەوەی ژیانی ڕۆشنگەری جیهانیی مرۆڤایەتی دەکات.

ئەو ڕەوسەیە، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات ڕەنجی سێ ساڵ تێکۆشانی بێوچانی خۆی و دەستەیەک لە هاوکارانییەتی و دەڵێ: (ئەوا ڕەوسەکەی منیش، دیارە بە ماندووبوونی ڕەنگی نەتەوەکەم هاتە کایەوە، بەڵێ دەخوازم بە دەردی ڕەنجی جوتیارانی کوردستان نەچێ و ڕێز و قەدری کلتووری نەتەوەیی خۆی لەلایەن ناوەندە هەمەجۆرەکانی پەیوەندیداری کوردستان وەدەست بێنێ و لە ڕۆژی ئاهەنگی: (جەژنی پیرۆزی کتێب، جەژنی جوانی ژیان) بە گەرمی و بە ئەندازەی گەورەیی خۆی پێشوازی لە ڕەوسەکە بکرێ)

ئەو ڕەوسەیە، کە کتێبێکی هەژدە بەرگییە بە زیاتر لە ٨٥٠٠ لاپەڕە، کۆی قۆناغەکانی ئامادەکردن و ڕێکخستن و تایپ و هەڵەچنی و نەخشەسازی و چاپکردنی بڕیوە و وەک بووکی کوردستان ئامادەیە بۆ زەماوەند، کە بڕیارە لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٨/٥ لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر (لە جەژنی پیرۆزی کتێب)دا وەک جەژنانە ڕابگەیەنرێ و تارای زێڕینی لەسەر لابدرێت.

ڕەوسەی قەڵەمەکەی مومتاز حەیدەری ١٨ بەرگە، کە هەموویان لە یەکدی جیاوازن، قەبارەی کتێبەکە ١٥*٢٢ سانتیمەترە و کۆی بەرزی هەموو بەرگەکان بەسەر یەکەوە ٦٥سانتیمەترە.

بەرگی یەکەمی کتێبەکە ناوونیشانی (ڕۆژنامەی هاوکاری وەکو خۆی) هەڵگرتووە، کۆی گشتیی ٧٣٥ لاپەڕەیە، دوای هەڵدانەوەی بەرگ تابلۆی کتێبخانە و ئارشیفی مومتاز حەیدەری دەبینی، ئینجا رەوسەی ماوەران، بنکەی بێریات و دیارییەکەی حەیدەریزادە بە ئیمزای خۆیەوە، دیاری هەشتا و پێنج ساڵەی تەمەن، ناسنامەی کتێب، بانگەوازێکی نەتەوەیی، ڕەوسەی قەڵەم بەو گەورە مرۆڤانەی بەوپەڕی وەفادارییی و ڕاستگۆییەوە پێشکەشە.

لەلاپەڕەی ٣٣ی بەرگی یەکەمەوە مومتاز حەیدەری سەرەتای ڕێچکەی ژیانی ڕۆژنامەنووسیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، پاشان بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی و ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری لە ژمارەی ١١ی مارتی ساڵی ١٩٧٠وە تا ژمارە ٥٧٦ لە ٢٦ی شوباتی ١٩٨١ بە نزیکەیی هەموو ئەو بابەتانەی تێدایە، کە مومتاز حەیدەری وەک ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری هاوکاری ئامادەی کردوون و بڵاوکراونەتەوە. بەرگی دواوەی ئەو بەرگی یەکەمە بە ناوونیشانی (تابلۆی شانازیی نەتەوەیی) پێشکەش بە (عەزیز گەردی خاوەن قەڵەمێکی حەفت ڕەنگ) کراوە.

بەرگی دووەم و سێیەمی ڕەوسەکە بە قەبارەی ٩٤٢ لاپەڕە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ئێجگار



سەعید عەبدوڵلا

فراوانە، کە پڕۆفیسۆر د. ئەحمەد حەمەدەمین بەناوی (مومتاز حەیدەری و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ڕۆژنامەی هاوکاری وەک نموونە) ئامادەی کردووە و بەرگی دواوەی بەرگی سێیەم وەک تابلۆی شانازی پێشکەشی (وان حەیدەری) کراوە، کە نووسینێکە بە ناوونیشانی (باپیری من)

بەرگی چوارەم (نووسینە هەمە بابەتەکانی مومتاز حەیدەر)ین، کە بە سەرەنجێک و پاشان بە تابلۆیەکی شەرەفخانی بەدلیسی دەست پێدەکات و لەگەڵ بەرگی پێنجەمی هەمان ڕەوسە تەواوکەری یەکن، کۆی گشتیی بریتییە لە ١٢٠٩ لاپەڕە، بەرگی دواوەی چوارەم لە تابلۆی شانازی پێشکەش بە موسا عەنتەر و بەرگی پێنجەمیش پێشکەش بە مەستورە خانم کراوە.

بەرگی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمی کۆبەرهەمەکە بە قەبارەی ١٥٢٨ لاپەڕە بریتین لە دیدارە هەمە بابەتەکانی مومتاز حەیدەری، لە وەڵامی پرسیارە هەمە جۆرەکاندا. ئەوانیش بە هەمان شێوە بەرگی کۆتاییان وەک تابلۆی شانازی پێشکەش کراون بەرگی شەش بۆ هێمنی موکریانی شاعیری نەتەوەیی و بەرگی حەوتەم بۆ کەریم ئەحمەد و بەرگی هەشتەم بە هەمزە عەبدوڵلا پێشکەش کراون.

بەرگی نۆیەم و دەیەمی ڕەوسەی قەڵەمەکەی مومتاز حەیدەری بۆ (مرۆڤە نیشتمانپەروەرە بەخشندەکان) تەرخانکراوە، کە ٩٩٣ لاپەڕەی لە خۆی گرتووە و باسی حەفتاو نۆ کەسایەتییە، کە ڕۆڵ و کاریگەرییان بەسەر ڕەوڕەوەی مێژوویی کورد و کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبووە و جێ دەست و نیشانێکیان لەونێوانەدا بەجێ هێشتووە. تابلۆی شانازیی بەرگی کۆتاییش بۆ شاعیری جوانەمەرگ کەژاڵ ئیبراهیم خدر پێشکەش کراوە. کۆتایی بەرگی دەیەم بۆ تێکۆشەری نەتەوەیی و چەپی سەر ڕاست ساڵح حەیدەری تەرخانکراوە.

بەرگی یانزەی ڕەوسەی قەڵەم بریتیە لە (جینۆسایدی کورد لە خەزێنەی k٢١) کە ٦٠٦ لاپەڕە لە خۆی دەگرێت و سەراپای لێکۆڵینەوە و وتار و ئامار و هەڵسەنگاندنی تاوانی جینۆسایدی کوردە، کە لە چوارچێوەی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و بە عەرەب



کردنی کورد وەک نەتەوە و وێرانکردنی کوردستان وەک نیشتمان ئەنجام دراون. بەرگی کۆتاییشی تەرخانکراوە بۆ تابلۆی شانازی (کچە کورد ـ زینەب خان)ی شاعیر و ڕوناکبیر.

بەرگی دوانزەی ڕەوسە بریتییە لە گەنجینەی ڕێز لێنان، قەڵەمە زێڕینەکان، تایبەت بەو کەس و کەسایەتی، نووسەر، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانەی هەروەک مومتاز حەیدەری دەڵێ (بە تەواوی بڕوای خۆیانەوە قسەی ڕاستگۆیانەی خۆیان کرد) ئەوان ژمارەیان شەست و چوار قەڵەمە، کە بەر لە ماڵاوایی لەبارەی مومتاز حەیدەرییەوە نووسیویانە و کۆی لاپەڕەکانی ئەو بەرگە ٤٠٠ لاپەڕەیە. تابلۆی بەرگی کۆتاییشی تەرخانکردووە بۆ زارا محەمەدی چقڵ و دڕکی چاوی داگیرکەرانی کوردستان.

بەرگی سێزدە تەرخانکراوە بۆ شەش کتێب لە بەرگێکدا، کە کۆی گشتیی ٥٤٤ لاپەڕەیە، هەریەک لە کتێبەکانی (مەلای گەورە، مستەفا شەوقی، کورد و حکومەتی قاسم و شۆڕشی ئەیلوول، داری ماوەران، عەزیز محەمەد، جەلال تاڵەبانی) بەرگی دواوەی ئەم بەرگەیان بۆ پ.د. ئیسماعیل بێشکچی گەورە زانای کۆمەڵناسی تورک تەرخانکراوە.

بەرگی چواردە خەڵاتی میللییە بە ٢٦٤ لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ، و بەرگی دواوەی بۆ (دانەری پەپوولە) تەرخانکراوە ئەو کۆرپەیەی کە لە ٢٠٢١/١٢/١٧ بەهۆی لافاوەوە لە ناحیەی قوشتە ئاو بردی و دوای نزیکەی دوو مانگ تەرمەکەی دۆزرایەوە.

بەرگی پازدەیەمی ڕەوسەی قەڵەم بۆ (کتێبخانە و ئەرشیڤی مومتاز حەیدەری لە کتێبێکی ئەرشیفی)دا تەرخانکراوە، کە بریتییە لە ٤٠٠ لاپەڕە و شایەتی دانی هەموو ئەو کەسانەیە، کە بە مەبەستی توێژینەوەی زانستیی لە وەرگرتنی پلەی زانستی و بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرا و بەکالۆریۆسیش سوودیان لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی مومتاز حەیدەری وەرگرتووە،

بەرگی شازدەیەمی ڕەوسە تایبەتکراوە بە جەژنی کتێب، جەژنی ژیان بە قەبارەی ٤٧٠ لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگی فرەلایەن و تابلۆی شانازی ئەو بەرگەش پێشکەش بە سارای شەهید کراوە.

بەرگی حەڤدە بۆ (حوزنی موکریانی، گەورە ڕۆژنامەنووس، مێژوونووس) تەرخانکراوە، کە ٢٠٠ لاپەڕەیە و تابلۆی بەرگی ئەویشیان وەک شانازی پێشکەش بە (ئاڤا هوما) نووسەری ڕۆمانی کچانی دووکەڵ و ئاگر کراوە.


بەرگی کۆتایی ڕەوسەی قەڵەمەکەی مومتاز حەیدەری ژیانی کوردەوارییە بە زوومی حەیدەریزادە، کە بریتییە لە ١٩٢ لاپەڕە و سەرجەمی ژمارەیەک وێنەی کۆن و تازەی جۆراوجۆر لە خۆی دەگرن، لەگەڵ ئەوەی، کە ئەو بەرگەیان سەرجەمی وێنەیە بە ڕوونکردنەوەی پێویستەوە، بەڵام لە کۆی ١٧ بەرگەکەی دیکەش سەدان وێنەی جۆاوجۆری مێژووی کەسایەتی و ناوچەکانی کوردستان لەخۆی دەگرێت. و بەرگی کۆتایی بەرگی حەڤدەهەم تابلۆی شانازییەکەی پێشکەش بە کاپیتان محەمەدی مەولوودی کراوە.

لە کۆتاییدا جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەو ڕەوسەیە بە هەموو قۆناغەکانییەوە جگە لەوەی خۆی چاودێرێکی ئێجگار ورد و بە سەلیقەی بووە، هەر مومتاز حەیدەری خۆیشی تەواوی خەرجییەکانی ئەو پڕۆژە مەزنە نەتەوەییەی لە ئەستۆ گرتووە و هیچ لایەن و ناوەند و دەزگا و کەسێک بە قرووشێک هاوکارییان نەکردووە و چاویشی لێ نییە، ئەوە سەربارى ئەوەی هەر خۆی خاوەنی پڕۆژەکانی حەیدەرینامە و قامووسی ناوە نەمرەکان و بیست و یەک ژمارەی گۆڤاری K٢١ی ناودارە لە تەک هەشت ژمارە گۆڤاری ناوازەی لەیلاقاسم لەیلازانا، ...هتد. بووە، سەرباری ئەوانەش هێشتە لەسەر لووتکەی شانازی وەستاوە و پێ لەسەر ئەزموونی دەیان ساڵە سەری لە نێو ئەستێرەی شانازی و بیر و هۆشی لەنێو تار و ماری خەیاڵدا دەڵێ: بە هیوام دایکە نیشتمان ئەم هەوڵە لە ڕۆڵەیەکی ماندوونەناسی خۆی وەربگرێ. بۆیە ڕەوسەی قەڵەمەکەی مومتاز حەیدەری ڕەوسەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە.

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان - بەشی (٢٠)

د. ئەرسەلان بایز






د. ئەرسەلان بایز

(٢٠)

لە کۆتایی گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ک) و ڕژێمی عێراق (لاسک) لە دایک بوو (لاسک) بە شێوەزاری قسەکردنی سلێمانی-یە، بە عەرەبیی واتە (غصین) لە هەولێر جاران زیاتر دەیانگوت (لاچک) بۆ نموونە لاچکە توور، بەڵام ناوەکەی بە شێوەیەکی ئەدەبیی ناونراوە بۆ نموونە لاسکە گوڵ.

ئەگەرچی (هاوێر)ی خوشکە گەورەکەی لە تەمەنی چل ڕۆژی ڕەوانەی سلێمانی کرایەوە و لەلایەن (پەریخان)ی پووری بۆ ماوەی هەشت ساڵ پەروەردە کرا، دواتر گەڕێنرایەوە لای دایک و باوکی. بەڵام (لاسک) هەموو منداڵی خۆی لە ژێر ڕەحمەتی تۆپ و فڕۆکە و نێو شاخ و ئاوارەیی بەسەر برد. تاکە منداڵی نێو بارەگای دەزگای ڕادیۆی شۆڕش بوو، بۆیە کاتێک پێی گرت هەمیشە لەم ژوور بۆ ئەو ژوور دەگەڕاو سەردانی ستافی ڕادیۆو پێشمەرگەکانی دەکرد.

چونکە منداڵێکی قژ لوول و وریا بوو، بۆیە هەموو بارەگاکە خۆشیان دەویست. تەنانەت کاتێک مام جەلال و هێرۆخان بۆ ماوەی مانگێک لە ماڵی ئەوان لە (بەرگەڵوو) مانەوە گەلێ جار مام جەلال لە باوەشی دەکرد و یاری لەگەڵ دەکرد. تەنانەت هێرۆخان ناوی نابوو (ئەمیرەی بەرگەڵوو)

(لاسک) بە حوکمی تێکەڵاوی لەگەڵ کادیر و هاوڕێیانی ڕادیۆ فێری هەندێک زاراوەی شۆڕش ببوو. لەوانە لە (قوبادی مەلا ڕەسووڵ) فێر ببوو (دوو دابەزە یەک سەرکەوە) قوباد کوڕی مەلا ڕەسووڵی گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی بوو. باوکی لە شۆڕشی ئەیلوول شەهید ببوو. کوڕەکانی مەلا ڕەسووڵ (فەرهاد و قوباد) خۆشەویستی مام جەلال و هێرۆخان بوون. ئەو ساڵانە قوباد لەسەر (لاسلکی) بێسیمی ڕادیۆ بوو هەمیشە (لاسک) لە باوەشی بوو، بۆیە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ جیهازی لاسلکی مەڵبەندەکان لە قوباد فێری ئەو جۆرە قسانە ببوو و لاسایی دەکردەوە.

تەنانەت لەکاتی یاری دوو گۆڵی جیهانیی، کاتێک یاریزانی نێو نەتەوەیی (مارادۆنا) وەکو ئەستێرەیەکی گەشی ئەو یارییانە دەرکەوت (لاسک) لاسایی تەلەفزیۆنەکەی دەکردەوە، لە خەو ڕادەپەڕی و هاواری دەکرد و دەیگوت: مارادونا، مارادونا، گۆ ۆ ۆ...ل).

هەر لە بەرگەڵوو، لاسک لە باوەشی قوبادی مەلا ڕەسووڵ فێری قسەکردن بوو، یەکەمین فێربوونیش ئەم ڕستەیەی خوارەوە بوو. ڕۆژێک لاسک لە باوەشی کاک قوباد دەبێت لەسەر چەمی دۆڵەکەو یاری بە ئاوەکە دەکەن، لەپڕ بۆقێک خۆی هەڵدەداتە نێو ئاوەکە، لاسک-یش دەڵێ (بۆقەکە یەکسەر خۆی هەڵدایە نێو ئاوەکە).

کاک فەرید ئەسەسەرد یەکێک بوو، لە نووسەر و کادیر و پێشمەرگە دیارەکانی ڕاگەیاندن، حەوسەڵەی زۆری لەگەڵ منداڵان هەبوو، پێوەندیشی لەگەڵ لاسک زۆر خۆش بوو. ڕۆژێک فاتمە خانی خوشکی حاکم فەرهاد و کاک قوباد، لە بەرگەڵوو هاتە سەردانی براکانی (فاتمە)خان کچێکی تەمەن (٦-٧) ساڵەی هەبوو، دوای هاتنیان کچە منداڵەکە بێتاقەت ببوو. حاکم فەرهاد-یش گوتبووی وەرە بتبەمە لای منداڵێک لێرە. بردبوویە لای کاک فەرید. دواتر کچەکەی (فاتمە)خان دەیگوت (وای ئەو منداڵە گەورەیەی ئێوە چەند هارە).

شەڕی عێراق، ئێران گەورە و گەورەتر

دەبوو. ناوچەکانی هەورامان و خۆرهەڵاتی حاجی ئۆمەران و شارباژێڕیش بوون بە مەیدانی شەڕی هەردوو سوپا. هێزەکانی ئێران لە ناوچەی شارباژێڕ گەیشتنە بناری شاخی (ژیلوان) بۆیە ڕۆژانە بە ئاسانی گوێیان لە نرکەی تۆپی هەردوولا دەبوو. جارجارە شارەکان بە فڕۆکە و تۆپە دوور هاوێژەکان بۆردوومان و تۆپباران دەکران. چەندین جار سلێمانی کەوتە بەر شاڵاوی تۆپبارانی ئێران و خەڵکانێکی زۆر شەهید و بریندار بوون. زیانی زۆریشی بە بەرژەوەندی خەڵک گەیاند. بێگومان شارە سنوورییەکانی ئێران و ئەوانی دیش بە هەمان شێوە، بەتایبەتی کە عێراق لە بواری هێزی ئاسمانی زۆر باڵا دەست بوو.

سەرباری بەرفراوان بوونی مەیدانی شەڕەکان و ئەو هەموو کوشت و کوشتارە زۆرەی نێوانیان. نە ڕژێمی عێراق نەرمییەکی بەرانبەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نواند و نە ئێرانیش دەرگایەکی گفتوگۆی بۆ حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات کردەوە. شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە هیچ گۆڕانکارییەکی لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەهێنایە کایە. هەردوولا کۆک بوون لەسەر نکۆڵی کردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد. تەنانەت لە گەرمەی ناکۆکی و شەڕەکانیشدا ئامادەی هاوکاری یەکتر بوون لە دژی کورد.

لەو شەڕەدا جیا لە ئەمریکا و چەندین وڵاتانی دی ئەوروپا هەموو دەوڵەتانی عەرەبیش جیا لە سوریا پشتیوانیان لە ڕژێمی سەددام کرد و بە پارە و چەک و ڕاگەیاندن هاوکارییان دەکرد. هەر بۆیە سەددام ناوی عێراقی نابوو (دەرگای خۆرهەڵاتی نیشتمانی عەرەب)

ڕژێمی سوریا نەک هەر پشتیوانی لە سەددام نەکرد، بەڵکو بە ئاشکرا پشتیوانیان لە ئێران دەکرد. هۆکاری ئەو پشتیوانییەش بۆ دوو خاڵ دەگەڕایەوە.

هەردوو حزبی بەعسی عێراق و سوریا لە ڕووی بیرکردنەوە زۆر دژی یەک بوون. (ی.ن.ک)یش

**لە شۆڕشی نوێی کوردستان (١٩٧٦) سەدان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکان. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، ئەفسەر، هونەرمەند، نووسەر و ئەدیب لە پاڵ کرێکار و جووتیارەکان پێوەندییان بە شۆڕشەوە کرد و چەکی بەرگرییان کردە شان**

بە حزبی بەعسی عێراقی دەوت (فاشی) بەڵام بە حزبی بەعسی سوریای دەوت (چەپ) لە ڕاستیشدا هەردوو حزب دیوی یەک دراو بوون لە دژایەتی کورد و چەوساندنەوەی نەتەوەکان. دیارە پێوەندی نێوان (ی.ن.ک) و حکوومەتی سوریا زۆر باش بوو. بەڵام بەهۆی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ هەندێک پچڕانی بە خۆیەوە دی. وەکو (کەس)یش مام جەلال پێوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ سەرۆک (حافز ئەسەد) هەبوو. خۆشی بە قەرزاری سوریا دەزانی، کە ڕێگەی دابوو



ئەرسەلان بایز لەگەڵ خێزان و منداڵەکەی لاسک

بریندارەکان.

+ + +

لە شۆڕشی نوێی کوردستان (١٩٧٦) سەدان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکان. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، ئەفسەر، هونەرمەند، نووسەر و ئەدیب لە پاڵ کرێکار و جووتیارەکان پێوەندییان بە شۆڕشەوە کرد و چەکی بەرگرییان کردە شان. فەرماندەی بەشێکی زۆری هێزەکانی پێشمەرگە ئەندازیار، مامۆستا، خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگەکان بوون. هەریەک لە یەکەکانی پێشمەرگەش ڕابەرێکی سیاسیی ڕووناکبیری هەبوو. هەندێک لە هەڵگرانی ئەو بڕوانامانە لە قەسابخانەکانی کەرکووک، بەغدا، مووسڵ لە سێدارە دران، یان چەندین ساڵ زیندانیی کران. بەشێکیشیان لە شاخ و مەیدانەکانی شەڕی ڕووبەڕوو بوونەوە بریندار، یان شەهید بوون لەوانە (د. مەجید عەبدوڵڵا، ئەنوەر حەسەن خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری، د. بەختیار خالد، سەڵاحی موهەندیس، دەشتی موهەندیس، ملازم خولە، ملازم حەسەن خۆشناو، نەقیبی موهەندیس ئیبراهیم عەزۆ، چەتۆ موهەندیس....هتد).

ئەو ساڵانە ڕەونەقی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هێندە پڕشنگدار بوو. خوێندکارەکانی زانکۆ پەلەی ئەوەیان بوو هەتا زووە زانکۆ و پەیمانگەکان تەواو بکەن و بڕوانامەکانیان وەربگرن. لەبەر ئەوە نا بچنە فەرمانگەکانی حکوومەت و دابمەزرێن. بەڵکو بۆ ئەوەی بە بڕوانامەکانیانەوە دەستە دەستە پێوەندی بە شاخەوە بکەن و ببنە پێشمەرگەی کۆمەڵە و بەرگری لە مافی ڕەوای میللەتەکەیان بکەن.

هەموو شۆڕشێک، چەند پتەو و تۆکمە و بە دیسپلین بێت. زۆر و کەم کێشەی تایبەتی خۆی هەیە. چونکە جەنگاوەرەکان خۆبەخشانە خەبات دەکەن. جاری واهەیە بە چەندین مانگ لە سەرکردایەتی دادەبڕێن، دووچاری سەرماو گەرما، برسێتی و نارەحەتی زۆر دەبنەوە، دوور لە ماڵ و منداڵ و کەسوکار. بۆیە گەلێ



(ی.ن.ک) لە یەکێ لە قاوەخانەکانی (دیمەشق) دابمەزرێت، هەواڵەکە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سووریاش بڵاوکرایەوە. لە لایەکی دیکەوە شارەزایان پێیان وابوو حوکمڕانی شیعەی ئێران لە بواری مەزهەبی لەگەڵ حوکمڕانی (عەلەوی) سوریا یەک دەگرنەوە، بۆیە پێوەندییان بەهێز بوو.

هاتنی هێزی پاسدارانی ئێران بۆ ناوچەی شارباژێڕ و نزیک دۆڵی جافایەتی کێشەی هاتووچۆی بۆ (ی.ن.ک) دروست کرد، بۆ دیوی ئێران. چونکە ئەو ساڵانە ئێران دەرگای پێوەندییەکانی دەرەوەی (ی.ن.ک) بوو. جیا لە هێنانی ئازووقە و چارەسەری نەخۆش و

**لاسک بە حوکمی تێکەڵاوی لەگەڵ کادیر و هاوڕێیانی ڕادیۆ فێری هەندێک زاراوەی شۆڕش ببوو**

جار شیرازەی دیسپلین لەبەر یەک دەترازێ. هەندێک جار ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەرانەی لە شار فەرمانبەری سەرکەوتووی دەزگاکانی حکومەتن، لەکاتی پێوەندییان بە شۆڕشەوە، ناتوانن وەکو پێویست خۆیان لەگەڵ واقیعی تایبەتی پێشمەرگایەتی و خەباتی پارتیزانی بگونجێنن.

یەکێ لەو شۆڕشگێڕانە (ڕائید جەلال) بوو، کە ئەفسەرێکی نموونەیی و لێهاتووی سوپای عێراق بوو. خۆی و براکانی (مام خالد، مامۆستا زرار) لە تەمەنی لاوێتییەوە فرچکیان بە خەبات و کوردایەتی گرتبوو. ئەوانە خەڵکی گوندی (دوو شیوانی) ناوچەی کەندیناوا بوون. ڕائید جەلال لەبەر لێهاتوویی خۆی کرابوو بە (ئامر فەوج) لە سوپای عێراق. لە دەورە سەربازییەکاندا هەمیشە لە پلەی پێشەوە بوو. بە درێژایی خزمەتیشی لە سوپای عێراق پێوەندی تایبەتی بە (مام جەلال)ەوە هەبوو، لە هەر شوێنێ بیزانیایە سوپای عێراق بەرەو کوردستان و شەڕی پێشمەرگە دەجووڵێ بەنامە ئاگاداری سەرکردایەتی شۆڕشی دەکردەوە. هەر چرکە و ساتێک شۆڕش پێویستی بووایە یارمەتی دەدا. تاکو لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پێوەندی بە مەڵبەندی (٣)ی (ی.ن.ک) لە بالیسان کرد. کاک جەلال دەیویست هەر بە هەمان دیسپلینی سوپای عێراق بەردەوامی بەکارەکانی بدات لە پێشمەرگایەتی. بەڵام دیسپلینی شۆڕش و سوپا لە یەکتر جیاوازن. هەریەکە و دیسپلینی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە بە داخەوە لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزی و پەرۆشییەی بۆ خەبات و شۆڕش و پێشمەرگایەتی نەیتوانی وەکو پێویست لەگەڵ بارودۆخ و دیسپلینی پێشمەرگایەتی بگونجێ. مامۆستا زراری براشی دوای چەندین ساڵ پێشمەرگایەتی و بوون بە لێپرسراوی مەڵبەندی مەخمور، لە ڕێگەی هەولێر-کۆیە بە کارەساتێکی دڵتەزێن شەهید بوو.

+ + +

کاتێ (ئەو) لە ساڵەکانی (١٩٧٦-١٩٧٩) لە بەشی (أحکام ثقیلە)ی زیندانی ئەبو غرێب زیندانی بوو، لەگەڵ دوو پیاوی لە خۆی بەتەمەنتر و ڕێزدار یەکتریان ناسی. یەکەمیان بە ناوی (حاجی فایق) ئەو پیاوە خەڵکی گوندی (مۆرد)ی ناوچەی شوان بوو، خۆشی لە عەشیرەتی شوان بوو. بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی پیاوێکی خەڵکی گوندەکەی خۆیانی کوشتبوو بۆیە زیندانی کرا بوو. بەداخەوە لە کوردەوای خۆمان، کێشەکان لە بری ڕێگای چارەسەری هێمنانە زیاتر بە توندوتیژی چارەسەر دەکرێن. لەسەر بەزاندنی بستێک (تخوب)ی نێوان زەویو یان لا دیوارێکی نێوان ماڵی گوندییەکان، یان چوونی دووسەر مەڕ بۆ ناو قەرسیلو یان دەغڵودانی جووتیاران، لە شاریش لەسەر فوول لایتێکو یان ڕاگرتنی سەیارە تەقە لەیەک دەکەن

***ڕائید جەلال ئامر فەوج بوو لە سوپای عێراق. بە درێژایی خزمەتیشی لە سوپای عێراق پێوەندی تایبەتی بە (مام جەلال)ەوە هەبوو، لە هەر شوێنێ بیزانیایە سوپای عێراق بەرەو کوردستان و شەڕی پێشمەرگە دەجووڵێ بەنامە ئاگاداری سەرکردایەتی شۆڕشی دەکردەوە***

و یەکدی دەکوژن. بەپێی سەرچاوە شارەزاکان هۆکاری توندوتیژی تاکەکانی گەلی کورد بۆ سەدان ساڵەی ژێر دەستەیی و چەوسانەوە دەگەڕێتەوە، کە دوژمنان نیشتمانەکەیان لێ داگیر کردون. تاکە ڕێگەی ئازادیش تەنیا ڕاپەڕین و شۆڕش بووە. جا ئەو جۆرە سایکۆلۆژییەتە لە پێوەندییە نێوخۆکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەرچی (ئەو) لەگەڵ حاجی فایق ماوەیەکی کەم لە قاوشی ژمارە (٢)ی ئەو بەشە زیندانیە بەیەکەوە بوون. بەڵام پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا دروست ببوو.

دوای ئازاد بوونی هەردووکیان لە زیندان، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەپڕ

حاجی فایق سەردانی (ئەو)ی کرد لە بەرگەڵوو. دوای بەخێرهاتن و چاو نان خواردن (ئەو) لە حاجی فایقی پرسی: جەنابت هەروا هاتبووی، یان کارێکت هەیە. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: وەڵڵا چیت لێبشارمەوە ئەمجارەیان کوڕەکەم زەلامێکی لە دەست زەڕ بووە و لێرە لە زیندانە. هاتووم هەم چاوم پێی بکەوێت و هەمیش هەوڵم بۆ بدەیت لە ڕێگەی مەکتەبی کۆمەڵایەتییەوە (صلح)مان بۆ بکەن. ئامادەی هەموو جەزایەکین (ئەو)یش بەهۆی پیاوەتی و لێهاتوویی حاجی فایق وەعدی پێدا چی لە دەست بێت هاوکاری بکات. دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر، دوای هاتن و چوون و هەوڵی هەموو لایەک سوڵحیان کرد

**پێش هاتنی (کاک کۆسرەت) هێزەکانی گەرمیان و سلێمانی و هەورامان و شارەزوور، بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی (ی.ن.ک) دەهێنرانە سنووری پارێزگای هەولێر. بەڵام دوای هاتنی (کاک کۆسرەت) هێزەکانی هەولێر دەبرانە سنووری سلێمانی بۆ شەڕو پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتی. بستەبستی شاری سلێمانی و شارباژێڕ و دۆڵی جافایەتی گەواهی ئازایەتی و نەبەردی هێزەکانی هەولێرن**

و کوڕەکەی حاجی فایق کە ناوی (نعمان) بوو بە (مارف) بانگ دەکرا ئازاد کرا. ئیدی حاجی فایق گوتی: لەمەودوا مارف کوڕی تۆیە و نایبەمەوە لای خۆم.

(مارف) بوو بە کوڕیماڵەکەی ئەو. هەتا بڵێی گوێڕایەڵی (ئەو) بوو. پێشمەرگەیەکی ئازاو وریا و بە جووڵە بوو. بەڵام هەندێک سەرکێش بوو (ئەو) هەمیشە چاوی لەسەر بوو، چاودێری دەکرد. چ وەکو ئەمانەتێک لەلای چ وەکو کوڕی خۆی. دوای ئاوارە بوونیشیان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات خۆی و خێزانەکەی زیاتر لە ساڵێک بەیەکەوە لە ماڵێک ژیان. دوای هاتنەوەش لە

ساڵی ١٩٩٢ دیسان مارف هاتەوە بۆ لای (ئەو) و بۆوە پێشمەرگە. بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٥ لە شەڕی ناوخۆ شەهید بوو.

\+ + +

لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد پێمان دەڵێن دەست تێکەڵاو کردن لەگەڵ داگیرکەران کارێکی ئاساییە و هەزار و یەک بڕوبیانووی بۆ دۆزراوەتەوە. ناتەبایی و شەڕی ناوخۆی نێو ڕیزەکانی گەلی کورد. ئەو دەردە کوشندە و وێرانکەرە دێرینە بەردەوامە هەزاران ڕۆڵەی دڵسۆزی ئەم نیشتمانەی کردۆتە قوچی قوربانی بەرژەوەندییە شەخسی و حزبەکان. شەڕێک، کە هەرگیز کۆتایی نایەت. بێگومان هەموو سەرکردە و فەرماندە سەربازییەکان، دوورونزیک، زۆروکەم لێی بەرپرسیارن. هیچ هێمایەکیش نییە سەرکردەکانی کورد دەرسوپەند لە ڕابردوو وەربگرن. سەیر لەوە دایە هەموو لایەنەکانیش خۆمان بە دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و برای تەبایی دەزانین. کەسمان خۆمان بە گوناهبار نازانین.

\+ + +

دوای کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەرێمایەتی و دەولی. ئیدی ڕژێمی عێراق بڕیاری دا پەلاماری بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بدات لە دۆڵی جافایەتی. بۆیە وردەوردە هێزی بۆ کۆکردەوە و لە سێ لاوە پەلاماریدا (قۆڵی دۆکان، ناحیەی کارێزە، ناحیەی سورداش) لە هەر سێ لاوە شەووڕۆژ بە فڕۆکەی جەنگیی و تۆپی دوور هاوێژ تۆپبارانی بارەگاکانی سەرکردایەتی و سەنگەری بەرگری پێشمەرگەی دەکرد. لەبەرانبەر ئەو هێرشە گەورەیەش سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هێزێکی باشی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بانگێشتی سەرکردایەتی کرد. لەو شەڕانەدا (کاک مولازم عومەر، کاک کۆسرەت) لەگەڵ ژمارەیەک لە فەرماندە سەربازییەکان ئیدارەی شەڕەکانیان دەدا (کاک ملازم عومەر) کوڕی بنەماڵەیەکی دیار و دەوڵەمەندی شاری سلێمانییە. خۆی دەرچووی کولێژی سەربازی

بەغدا بوو. لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بوو. لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێش یەکێ لە سەرکردە دیارەکانی پێشمەرگە بوو. بە درێژایی ساڵانی شۆڕش و دواتریش گەڕانەوەی بۆ شار، هەمیشە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەریی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بوو. ماوەیەکیش جێگری سەرۆک وەزیران (ناوچەی سلێمانی) و وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێم بوو. کاک عومەر هەمیشە برای تەبایی و ئاشتی نێوان لایەنە ناکۆکەکان بوو.

(کاک کۆسرەت) ناوێکی دیار و باڵای شۆڕشی نوێی کوردستان و حکوومەتی هەرێم. سنووری چالاکی هێزەکانی مەڵبەندی هەولێر لە سەردەمی لێپرسراوێتی ئەو سەرانسەری سنووری هەولێر و بەشێکی سلێمانیشی گرتبووەوە. پێش هاتنی (کاک کۆسرەت) هێزەکانی گەرمیان و سلێمانی و هەورامان و شارەزوور، بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی (ی.ن.ک) دەهێنرانە سنووری پارێزگای هەولێر. بەڵام دوای هاتنی (کاک کۆسرەت) هێزەکانی هەولێر دەبرانە سنووری سلێمانی بۆ شەڕو پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتی. بستەبستی شاری سلێمانی و شارباژێڕ و دۆڵی جافایەتی گەواهی ئازایەتی و نەبەردی هێزەکانی هەولێرن.

لە ژیانی پێشمەرگایەتی دوو ڕووداوی گەورە یەخانگیری (کاک کۆسرەت) بووەوە. یەکەمیان فرۆکە جەنگیەکانی ڕژێم لە بۆردومانی بارەگای مەڵبەندی (٣)ی هەولێر لە سماقولی بووە هۆی بریندارکردنی (کاک کۆسرەت) بە سەختی، ئەگەر ئازایەتی و لێوەشاوەیی (د. زریان) نەبوایە (کاک کۆسرەت) بە برینە سەختەکانی ماڵاوایی لێ دەکردین. دووەمین ڕووداو. شەهید بوونی دوو جگەر گۆشەی (کاک کۆسرەت) بوو بە ناوەکانی (پێشڕەو و ئاراس) کە بە کارەساتێکی دڵتەزێن لە سماقووڵی شەهید بوون. باسی کوڕە گەورەکەشی (ڕێباز) لەو لاوە بوەستێ، کە لە سنووری سلێمانی بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد.

بەرەبەیانیەکی زوو لە بەرگەڵوو، تەق تەق لە دەرگای ماڵەکەی (ئەو)یان دا کاتێ دەرگای کردەوە پێشمەرگەیەکی (کاک نەوشیروان) بوو، گوتی: کاک نەوشیروان دەڵێ سەردانم بکات. (ئەو)یش وای مەزندە کرد خوا نەخواستە ڕووداو، یان کارەساتێک ڕووی دابێت. ئەگینا بەم بەیانیە زووە



کۆسرەت رەسووڵ

بۆچی بەدوایدا دەنێرێت. هەر بە پەلە خۆی ئامادە کرد و چووە بارەگای کاک نەوشیروان، کە ماوەی پێنج سەد مەترێک لەوان دوور بوو. کاتێک چوو، دیتی کاک نەوشیروان لەسەر بانی بارەگاکە پیاسە دەکات و جگەرە لەسەر جگەرە دەکێشێ.

(ئەو)یش هەر لە دوورەوە هەستی بە وەزعێکی نائاسایی کرد. کاتێک چووە لای، کاک نەوشیروان گوتی: خێرە؟ خوا نەخواستە شتێک بووە؟ ئەویش بەسەرهاتی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی منداڵەکانی (کاک کۆسرەت)ی بۆ باس کرد.

ئەو ساتە وەختە کاک کۆسرەت بە خۆی و سەدان پێشمەرگە لە بارەگای سەرکردایەتی بوون، لەبەرەکانی داستانی قەیوان ماوەت، کە جەنگێکی سەخت بوو. (ئەو) پرسی ئەی کاک

**لە ساڵی ١٩٩٢ دیسان مارف هاتەوە بۆ لای (ئەو) و بۆوە پێشمەرگە. بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٥ لە شەڕی ناوخۆ شەهید بوو**

کۆسرەت زانیویەتی؟ لە کوێیە؟ کاک نەوشیروان گوتی ئەوەتا لە خوارەوەیە و ماوەی سەعاتێکە پێم گوتووە. بڕۆ بۆ لای

(ئەو)یش چووە خوارەوە بۆ لای کاک کۆسرەت. کاک کۆسرەت ئەو پیاوە خۆڕاگر و جوامێرە چاوەکانی خەمی دونیایان لێ دەباری. (ئەو)یش چوو باوەشی پیادا کرد و ئەملاو ئەولای ماچ کرد. نەیزانی چۆن تەعبیر لەو کارەساتە بکات. هەر هێندە بە دیارییەوە دانیشت و وەکو ئەو دەست لە ئەژنۆ. لە ڕووداوی دڵتەزێنی ئاوا مرۆڤ نازانێت چۆن تەعبیر بکات، چی بڵێت. ئاخر شەهید بوونی دوو جگەر گۆشەی (٦و٧) ساڵان ئەبێ چۆن ناخی دەروونی ئەو دایک و باوکە بکاتە بورکانێکی ئاگر. ئیدی پاش چەند سەعاتێک کاک کۆسرەت لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی بەرەو سماقووڵی گەڕانەوە بۆ ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنیان.

بەهۆی ڕاپەڕین و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان. هەزاران منداڵی چاوگەشی وەکو (ئاراس و پێشڕەو) و ژن و پیاو و گەنج و پیر بوونەتە قۆچی قوربانی کەچی هێشتە گەلەکەمان نەگەیشتۆتە کەناری ئارام و نەیتوانیوە (کیان) ێک بۆ خۆی پێکەوە بنێت. گەورە مێژوونووس و شاعیرە ناودارەکانیش دەڵێن هۆکاری نەگەیشتن بە ئامانج بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

- نەبوونی سەرکردەیەکی نەتەوەیی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کورد لە ژێر باڵی خۆی کۆ بکاتەوە (جیا لە بارزانی ڕەحمەتی ماوەیەک سەرکردەی هەموو پێکهاتەکان بوو، بەڵام بەداخەوە لە ئەنجامی پیلانی داگیرکەران شۆڕشی ئەیلوول دووچاری شکست بوو.
- ناتەبایی و شەڕی ناوخۆی نێوان حزب و گروپ و کەسە سیاسییەکان.
- پشت بەستن بە بێگانە لە بری یەکگرتوویی گەلی کوردستان.
- یەکڕیزی و هەماهەنگی داگیرکەران دژی مافەکانی کورد.

ئەی ئەبێ (ئەمیرە)خان لە چ بارێکی دەروونی سەخت بووبێت. ئەمیرە پێشتریش برایەکی جوامێری لەسەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سێدارە درابوو. ئێستەش دوو جگەر گۆشەی بەیەکەوە شەهید بوون. کاک کۆسرەت-ی هاوسەریشی چەند سەعات ڕێگە لێی دوور بوو. ئەمیرەخان ئەو ژنە خۆڕاگرەی کاتێک لەنیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کوڕە گەورەکەی (ڕێباز)یش چووە ڕیزی دوو منداڵە چاوگەشەکانی. بۆیە کاک نەوشیروان لە گوتاری مەکتەبی سیاسی وای باس کرد. (خوشکی بەڕێز شێرە ژنە خۆڕاگرەکەی کوردستان ئەمیرە خان).

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (ڕزگار شێخانی)
- دیوانی هەولێر (یانەی مۆزەفین و مام ڕەمەزانی چایچی)

نازم دڵبەند

- گۆشەی دیوان (چاوپێکەوتنێکی تەواونەکراوی فەرهاد پیرباڵ)

ئا: هەڵمەت

- یەکەم بابەت (عبدالرحمن صادق فرهادی)

ئا: قەلەندەر

- سینەما فیلم (فیلمی چاوە شین کاڵەکە)

ئا: پەروەر

- دیوانی وەرزش ( یانەی وەرزشی برایەتی)

پەیام فەتحوڵڵا ڕەسووڵ

- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)

پرسیار (١)

# بۆ ئەم ناوونیشانەت بۆ دانا؟

## کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک

وەرگری خەڵاتی: تەرجەمەی ئەدەبی سوێدی بۆ زمانی بێگانە ـ ئەکادیمیای سوێدی ٢٠١٨

کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک ـ ئەمە دوا دێڕی شیعری (کۆڕۆنا)ی دڵشاد عەبدوڵڵا-یە لە دیوانی ـ کات زۆرە، بەڵام چی لە کات بکەم ـ کە لە سەردەمی پەتای کۆڕۆنادا بە یادی ـ پاول سێلان-یەوە (١٩٢٠ ـ ١٩٧٠) نووسیویەتی.




پاول سێلانیش شیعرێکی بەم ناوەوە هەیە، کە شیعرێکی خۆشەویستییە و بۆ ئینگێبێرگ باخمانی نووسیوە. باخمان لە نەمسا لە دایک بووبوو. باوکی ئەندامێکی چالاکی نازییەکان بوو، سێلان-یش پەناهەندەیەکی جووی ڕۆمانیا بوو. باخمان لە ڤییەنا دەژیا، لەوێ بەشی فەلسەفەی دەخوێند و خەریکی نووسینی دکتۆرانامەکەی بوو لەسەر هایدگەر، هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە سێلان ئاشنای فیکری هایدگەر دەبێت و دەست بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەکات و پاشان دەبن بە هاوڕێی یەکدی.

من ئەم دێڕەم (کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک) کردووە بە ناوونیشانی بژاردەی شیعرەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا بە سوێدی و شیعرەکەیشم وەک دوا شیعری بژاردەکە داناوە.

واتە، بژاردەکە بە هەمان دێڕەشیعر دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت.

ناونانی بژاردەکە بەم ناوەوە ـ کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک ـ لای من ڕەهەندی ئەدەبیی، زمانەوانیی و سیاسیی هەیە.

سەرنجی وشەی کات Tid لەسەر بەرگی کتێبەکە بدەن، کە بە تیپی گەورە نووسیومە، بەڵام بە ڕێنووسی ستاندارد بە تیپی بچووک دەنووسرێت. لێرەدا کات وەک شتێکی ئەبستراکت نامێنێت و ئەم (کات)ە ئەبستراکتە نییە، کە ئێمە لە نێویدا دەژین. نا، لێرەدا کات دەبێت بە بوونەوەرێکی زیندوو و ڕۆڵی دەبێت. کتێبەکە هەر لە سەرەتاوە سەرنجی خوێنەر بۆ وشەی کات

ڕادەکێشێت.

ئەم بە بوونەوەرکردنەی شتی ئەبستراکتی وەک کات، لە شیعردا زۆر باوە و زۆر شاعیر وایان کردووە. پاول سێلانیش، کە دڵشاد شیعرەکەی بە یادی ئەوەوە نووسیوە، لە زۆربەی شیعرەکانیدا وای کردووە، کە هەم دڵشاد عەبدوڵڵا و هەم منیش زۆر بەم شاعیرە سەختە سەرسامین.

کات لای سێلان، کاتی سەردەم و ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانییە، کە لەنێویدا دایکی و نزیکەی پەنجا ملیۆن مرۆڤی دی کوژران، یان لە برسان مردن. ئینسان لەنێو کاتێکدا دەژیا، کە هەمیشە مرۆڤی دەکوشت. دڵشاد عەبدوڵڵایش، هەم شیعرەکە و هەم دیوانەکەیشی ـ کات زۆرە، بەڵام چی لە کات بکەم، لە سەردەمی پەتای کۆڕۆنادا، نووسیوە، کە ئەم سەردەمەی پەتاکە زێتر لە شەش ملیۆن مرۆڤی کوشت. نووسیمە: شەش ملیۆن مرۆڤی کوشت، چونکە لە سەردەمی پەتاکەدا، شەڕی مرۆڤ بوو لەگەڵ کات، کە لە ئەنجامدا مرۆڤ سەرکەوت.

ناونانی کتێبەکە بە سوێدی بەم ناوەوە، (کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک) وەڵامدانەوە و دیالۆگیشە لەگەڵ دیوانی ـکات زۆرە، بەڵام چی لە کات بکەم ی دڵشاد عەبدوڵڵا. دیالۆگە لەبارەی ڕووداوەکانی سەردەممان. ئەم سەردەمە زۆر ناخۆش و تاریکەی ئێستە لەنێویدا دەژین، کە لە زۆر ڕووەوە لە سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاست و سەردەمی جەنگەکانی جیهانیی دەچێت. مەترسی جەنگی جیهانیی، کارەساتی سروشتی، گرانیی و برسێتی زۆر زیادیان کردووە. مرۆڤ زۆر لەم دۆخانە نیگەرانە و کاریگەریی دەروونیی و ئابوورییان لەسەر مرۆڤ هەیە. بۆیە پێموایە ئێستە ـ کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بەتیشک ـ و ئەم نیگەرانیی و تاریکییەی جیهانی داپۆشیوە، ڕووناک بکەنەوە.

**ڕزگار شێخانی ـ سوێد**



ڕزگار شێخانی

نازم دڵبەند

# یانەی مۆزەفین و مام ڕەمەزانی چایچی

سەرەتای حەفتاکان، لەتەمەنی هەرزەکاریمان، بێجگە لەوەی چووبووینە نێو خوێندنەوە و دەمدان لەسیاسەت و دانیشتن لەچایخانەکان، بەگرووتینەوە گفتوگۆمان دەکرد، زۆرجار بە هەڵچونێک، یان خۆ سەپاندنێک، کە ئێستە لەوە گەیشتووم (هەر ئاسنی ساردمان کووتاوەتەوە) لەپاڵ ئەمانەدا هەندێک جار باسی سەر مەستی (جاهید)ی شاعیریان بۆ دەکردین و دەیانگووت: فلان شیعری زۆر جوانە، چونکە لەکاتی مەستی نووسیویەتی.
یان دەیانگووت: (فایەق بێکەس)ی شاعیر شیعرێکی جوانی لەساڵی (١٩٣٦) لەکاتی کردنەوەی یانەی (موزەفین)ی هەولێر خوێندووەتەوە.
زۆریان بە بەژن و باڵای ئەم یانەیەدا هەڵگووتووە، خۆشم هەرچەند جاری بە بەردەمی یانەکە دادەچووم، هەستم بە هەیبەت ئەو شوێنە دەکرد. بەئاواتەوە بووم ڕۆژێ بتوانم بچمە نێو ئەو یانەیە و وەکو ئەو هەموو (سەترەو پانتۆڕ) لەبەرانە لەسەر کورسی و مێزەکان دابنیشم، یان بچمە ژوورەوە، تا لە نزیکەوە مەخلوق و عالەمی نێو ئەو یانەیە ببینم و بناسم، ئەمەش بۆ ئێمەی هەرزەکاری ئەوێ دەمێ زۆر سەخت بوو.
لە بیریشمە ڕۆژێکیان هەر لەسەر باڵکۆنی ئەو یانەیە چەند کەسێک وەستابوون و هوتافیان لێ دەدا و ژمارەیەکی زۆری (ئەفەندی)یش لە خوارەوە لێیان دەسەندنەوە، منیش لێیان نزیک بوومەوە بە (فزولیەتەوە) لەیەکێ لە (ئەفەندی)یەکانم پرسی:
ئەرێ ئەو هەرایە چییە؟
گووتی: ئەوە هەڵبژاردنی مامۆستایانی (پارتی) و (شیوعی)یە، بۆ (نەقابەی مامۆستایان).
زۆرجار لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانم ئەو جورئەتەمان دەدایە خۆو دەمانگوت ئەمشەو دەچینە یانەی (مۆزەفین) کە لە بەردەمی دەرگاکەی عارەبانەیەک هەبوو (کێشکەی کولای) دەفرۆشت، بەڕاستی زۆر خۆش و بەتام بوو.
دووجار چووین و گەیشتینە پرسگەکە دوو پیاو ڕێگەیان پێگرتین، یەکێکیان باڵا بەرزێکی لەڕولاواز دوایی زانیمان ناوی (سالح عزاوی)یەو ئەوەی دیکەیشیان پیاوێکی بەژن مەیلەو مامناوەندی و نورانی بوو، ئەویش لەدواییدا زانیمان ناوی (مام عوسمان)ە لێیان پرسین؟ ئێوە مۆزەفن ؟ گوتمان نەخێر.
گوتیان: دەنا مەمنوعە بچنە ژوورەوە، فەرموون ئێرە چۆڵ کەن، چونکە ئێرە تەنیا بۆ مۆزەفەکانە.
بەدڵساردی گەڕاینەوە دواوە. ئەم حەسرەتە ڕۆژانە، پەنگی دەخواردەوە. تا ساڵی ١٩٧٦ بۆم ڕەخسا بەشداریی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بکەم، کە لەم یانەدا سازدرا، ئەمجارەیان لە پرسگە بەڕێزەوە ڕێگەیان پێدام و چوومە ژوورەوە، دوای ئەوەی شیعرم خوێندەوەو چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێدام، وەکو گەنجێکی شاعیر دەرکەوتم، بۆ شەوەکەشی لە یانەکە دەریان نەکردین، ئاواتی یەکەمم هاتەدی و عالەمی نێو ئەو یانەیەم بینی و لەگەڵ هاوڕێکانم لەسەر کورسی و مێزی ئەو یانەیە دوو بیرەی



ئێوارە کۆڕێک لە یانەی مۆزەفین لە کۆتایی حەفتاکان

(فەریدە)م خواردەوە، ئەمشەوە وامدەزانی یەکێکم لە (پادشا) سەرمەستەکانی یانەی مۆزەفین.

دوای ئەم شیعر خوێندنەوەم ئیدی کە دەهاتمە یانەکە (سالح عزاوی) و (مام عوسمان) وەکو جاران ڕێگەیان لێ نەدەگرتم و سڵاوەکەیان دەسەندەوە و فەرموویان لێ دەکردم. ئێوارەیەک چوومەوە یانەکە، لەبن هەیوانی یەکەم پیاوێکی قەڵەوم دی قژە ڕەشەکەی بۆ سەرەوە شانە کردبوو، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، مێزێکی لەپێش بوو، هەندێک ڕۆژنامە و دەفتەر وەسڵی لەسەر بوو، ئەویشم ناسی، ناوی (عەلی خدر نەبی) بوو بە (عەلی بەدالە) ناسرا بوو.

ئەو کاتبی ئێوارانی یانەکە بوو، بەیانیانیش لە بەدالەی هەولێر دەوامی دەکرد، ئەو یانەیە تاکە شوێنی حەسانەوەی فەرمانبەران بوو، دوو هۆڵی گەورە و چوار باخچەی ڕازاوەی پڕ دارو گوڵی لێبوو. ناویان نابوو: حەدیقەی گچکە، ناوەڕاست و حەدیقەی گەورە.

یەکێکیشیان ناوی (پینپۆن) بوو، ئەم ناوەی دوایی ماناکەی نەزانراوە، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕادەکێشا ئەو پیاوە هێمنە کورتە باڵا کورتەک و شەرواڵ لەبەر و جەمەدانی لەسەرە بوو، کە بە مام ڕەمەزان-ی چایچی ناسرابوو، چایخانەی یانەکە بەدەست ئەوەوە بوو، لەو حەدیقەیەی ئێواران گەورە مۆزەفەکانی هەولێرێی بۆ چا خواردنەوە لێ دادەنیشتن، هەمیشە بەڕێزەوە داوای (چا)یان لە مام ڕەمەزان دەکرد.

(مام تۆماش) موتەعەهیدی یانەکە بوو (مام عەزۆ، مام عەتۆ، پەترۆس، سالم، داود و سەباح) شاگردی بوون مام عودیش کەبابچی بوو. مام موشی دەیبرژاند. مام بەهنام قاپ شۆر بوو، هەموشیان خەڵکی عەنکاوە بوون.

مەجید خێڵە و مام ئیبراهیم و مام عەزیز و مام سابیر و کەریم عەجەم-یش لەوێ کاریان دەکرد.

هەرزوو زانیم ئەو پیاوە مام ڕەمەزان باوکی هاوڕێی نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد شێخانی-یەو ئەویش مێژوویەکی دوورو درێژی لەگەڵ ئەم یانەیە هەیە، بۆیە حەزم کرد لەدەمی خۆیەوە باسی پیرۆزی ئەم پیاوەم بۆ بکات.

دەگێڕێتەوە و دەڵێت: بابم (ڕەمەزان شەریف شێخانی) یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی شاری هەولێر و یەکێکیشە لە کۆنترین چاپچییەکانی هەولێر، ماوەی سی ساڵ کاری بەردەوامی لە چایخانەکەی یانەی مۆزەفین کردووە.

وەختی خۆی لەهەولێر سێ نادی مۆزەفین هەبوو یەکیان لە ناوەڕاستی شار بوو، کە ئێستە بوویتە بینای پێنج قاتی داونتاون. دووەمیشیان نادی مۆزەفینی ئازادیی بوو. ئەوی دیش نادی مۆزەفینی عەنکاوەی بوو.

ئەو سێ نادیە جێگەی پشوودانی مۆزەفەکانی هەولێر بوون، کە ئەو وەختی هەموویان پیاوی ناسراو و ئەرباب و کەسایەتی ڕەسەنی شار بوون. نادی مۆزەفینی گەورە لە بەرانبەر بانقی ڕافیدێنی جاران بوو لە سەنتەری شار.

تەمەنەکی زۆرم لە و نادییە بەسەربردیە لەچایخانەکەی بابی ڕەحمەتیم، کە لە چلەکانەوە لەو نادیەی چایخانەی هەبوو، خۆم و نەوزادی برام شاگردی بابم بووین.

ئەو نادییە نازدارە، کە تاکە جێگەی خۆشی ڕابواردنی مۆزەفەکانی شار بوو. دوو قاعەی گەورە و چوار حەدیقەی پڕ دارو گوڵوگوڵزار و هەشت غورفەی گەورەی هەبوو.

هەرچی پیاوماقووڵ و مۆزەفی حکومەت و ئەعیانی شار بوون لە دوای عەسرانەوە لەوێ خڕ دەبوونەوە. پۆلیسەکەی بەر دەرگا ناوی مام زرار بوو.

> **“فایەق بێکەس-ی شاعیر لەساڵی ١٩٣٦ لەکاتی کردنەوەی یانەی موزەفین-ی هەولێر شیعری خوێندووەتەوە”**



**چیرۆکنووس (محەمەد مەولوود)و (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر لە یانەی مۆزەفین ساڵی ١٩٧٠**

> ❝ ڕەمەزان شەریف شێخانی یەکێکە لە کۆنترین چایچییەکانی هەولێر، ماوەی سی ساڵ بە بەردەوامی لە یانەی مۆزەفین چایخانەی هەبووە ❞



مام ڕەمەزانی چایچی

لە عەسرەوە هەتا درەنگانی شەو موسەجیلەکە گۆرانییەکانی ئوم کەلسومی دەخستە سەر. جاروباریش حەفلەیەکی گۆرانی ساز دەکرا بە بە شداری فوئاد ئەحمەد و عەبدوڵڵا دڵسۆز .

لەبیرمە لە ساڵی حەفتاکان کۆنگرەی یەکێتیی نووسەران لە هەولێر بەسترا زۆربەی ئەدیب و نوسەرانی سلێمانی و دهۆک و کەرکووک لەو نادیە خڕ بوونەوە.

جا حیکایەتەکە لەگوندی (کۆزەپانکە) لە دەڤەری (کەندیناوە)ی هەولێر لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەست پێدەکات، ئەوکاتی باپیرم (شەریف کانەبی) دانیشتووی ئەو گوندە بووە و خاوەنی نۆ منداڵ بووە لە داپیرم (بەسێ ڕۆستەم) بابم ڕەمەزان یەکێ بووە لەوان، جووتیار بووە، بەڵام لەدەست زوڵم و زۆری ئاغای ئەو سەردەمی بێزار بووە، ئەو دەمەش خەڵکی گوند هیچیان لە سیاسەت و ململانێی چینایەتی نەزانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەستیان بەو ناعەدالەتیەی ئاغا کردبوو، بۆیە باپیرم ڕۆژێکیان (فەللاح)ەکانی گوندی خڕ دەکاتەوە و باسی ئەو زوڵم و زۆرداریییەی ئاغایان بۆ دەکات، داوایان لێ دەکات دەست بخەنە نێو دەستی و هەموو بەڵێن بدەن چیدی بەشی ئاغا لەبەروبوومی کشتوکاڵی خۆیان نەدەن، هەموویان قەناعەت بەقسەکەی دەهێنن و بەڵێن دەدەن نەیدەن، بەڵام باپیرم گومانی پەشیمانبوونەوەیان لێ دەکات و پێیان دەڵێت: دەبێ یەک، یەک قورئان بخۆن، کە پەشێمان نابنەوە. ئەوانیش یەک، یەک سوێند دەخۆن، بەڵام کە کاتی خەلەو خەرمان دێ، ئاغا فشارێکی زۆریان بۆ دێنێ و پیاوەکانی خۆی دەنێرێتە سەریان و هەموویان پەشیمان دەکاتەوە، هەریەکە و بەشی ئاغا جیا دەکاتەوە، تەنیا (شەریف کانەبی) ڕازی نابێ و ملکەچی ئاغا نابێت، بۆیە ئاغا دەنێرێتە دوای، ئەویش پێی دەڵێت: من قورعانم خواردووە گەنمت نادەمێ.

ئاغا لەگوندی دەری دەکات، ئەویش بە خاووخێزانەوە گوند جێ دەهێڵێ و دێتە هەولێر و لە گەڕەکی (تەیراوە)ی نیشتەجێ دەبێت، کە تازە ئاوەدان کرابۆوەو وەکو دەشگێڕنەوە تەیراوە هەمووی موڵکی تاهیر ئاغایەک بووە، بەڵام پیاوێکی خێرخواز بووە، زۆربەی عاردەکانی بە هەرزان داوەتە خەڵک، ئەگەر کەسێک ئیمکانیاتیشی نەبووایە، بەخۆڕایی دەیدایێ، ئەوەبوو باپیریشم پارچە عەردێکی لێ دەکڕێت و دەیکاتە خانوو، کە دەکەوێتە پشت قوتابخانەی (ئەیوبیە)ی ئێستە، بابم ڕەمەزان-یش لەسەرەتادا دەبێتە شاگردە قەساب لەنێو قەیسەری هەولێرێ، لەگەڵ دامەزراندنی یانەی (مۆزەفین)یش لەوێ چایخانەی کردیتەوە، هەتا ساڵی (١٩٧٥) هەر لەوێ ماوەتەوە، لەدوای ئەوەدا لەڕێگەی خوالێخۆشبوو (عەلی بەدالە) کە ئەوکات سەرۆکی نەقابەی خزمەتگوزاریی هەولێر دەبێ بەخزمەتگوزار دادەمەزرێ و چایخانەی ئەو شوێنە بەڕێوە دەبات، تا ساڵی (١٩٨٥) کە بەکارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەهەمووی گرنگتر لای من ئەوەبوو، قەت لەبیرم ناچێتەوە بابم لەخوا دەپاڕایەوە دەیگوت: خوایە ڕەزیلم نەکەی، هەر کاتێک کاتم تەواو بوو بۆ خۆتم ببەوە، نامەوێ ببمە بارگرانی بەسەر کەسەوە.

فیعلەن هەر واشبوو خوا ئەو دوعایەی قەبوڵ کرد لە ڕێگەی چوونەوەی بۆ ماڵ ئۆتۆمبێل لێی دا، لەڕێگەی نەخۆشخانە لە باوەشی (ئەمیرە)ی خوشکم ڕۆحی پاکی سپارد.

گۆشەی دیوان

ئا: هەڵمەت

# چاوپێکەوتنێکی تەواونەکراوی

# فەرهاد پیرباڵ

**نـازم دڵبـەند دوای ئـەوەی چاو بە ئەرشیفەکەیدا دەگێڕیتەوە دوو لاپـەڕەی چاوپێکەوتنێکی خۆی، کە پێدەچێت هی ساڵی ١٩٩٣ بێت دەکەوێتە بەرچاو، وەک بۆخۆی دەڵێت چاوپێککەوتنێکی تەواونەکراوە.**

**فەرهاد بەدەست و خەتی خۆی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە. ئێمـەش بەباشمان زانی لەگۆشەی دیوانی ئەمجارە وەک خۆی، لەگەڵ چەند وێنەیەکی فەرهاد لەسەردەمی پێشمەرگایەتی نێو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بڵاویان بکەینەوە.**

**پرسیار/ گۆڤاری نووسەری کوردستان لەشاخ لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەردەچوو، وەکو کادیرێکی ئیشکار لەم گۆڤارە وەکو بیرەوەری سەربردەی دەرچوون و ئیش و ئازار و پشتگیری و بەربەرەکانی کردنی ئەم گۆڤارەمان بۆ بگێڕیتەوە؟**

وەڵام/ گۆڤاری نووسەری کوردستان لە ١٩٨١ یەکەم ژمارەی دەرچوو، چەند قۆناغێکی پچڕ پچڕی هەبوو. (١٨)مین ژمارەی لە ١٩٩١ دەرچوو. من لەهەولێر بووم، لەساڵی ١٩٨٢ کاتێ یەکەمین ژمارەیم خوێندەوە، شەهید ناسر شەیدا بۆی هێنام کە بەرپرسی شانەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو لەهەولێر، منیش بەناو برادەراندا بڵاوم کردەوە.

**پرسیار/ ئەگەر بەبیرت بێتەوە ئەم گۆڤارە سەرەتا لەکوێ دەرچوو و سەفەرەکانی بۆ چەند شوێن بوو و چەند ژمارەی لێچاپ دەکراو چۆن بڵاودەکرایەوە؟**

وەڵام/ نازانم چەند ژمارەی لێ چاپ دەکرا، بەڵام لە شاخەوە دەستاو دەست و بەنهێنی، لەڕێگەی شانە حزبیەکانەوە دەگەیشتە شار.

**پرسیار/ ئەی ئەوانەی کارییان تێدا دەکرد؟**

وەڵام/ لەهەر قۆناغێکدا کۆمەڵە نووسەرێک کاریان تێدا دەکرد؛ لەوانە ئازاد جوندیانی، محەمەد موکری، سەعدوڵلا پەرۆش، حەمەکەریم عارف، فازڵ قەساب.

**پرسیار/ لەو (١٠١) ژمارەیەی کە لەمیانی (١٩٨١ - ١٩٩١) بڵاوکرایەوە بەڕای تۆ بەچەند قۆناغی پێکەوە ژیانی نووسەران و لێکدابڕانی، یان هەڵبەت بەشاخدا تێپەڕی. ئایا جوداخوازی لە فیکر هەندێ جار کارەکانتانی زەحمەت نەدەکرد؟**


وەڵام/ نەخێر، بەپێچەوانەوە، جوداخوازیی بیر، یەکێک بوو لەدیاردە جوانەکانی ئەو گۆڤارە.

**پرسیار/ پێشمەرگە چۆن دەیڕوانیە دەرچوونی ئەم گۆڤارە. ئەی چۆن دەگەیشتە شار و دەنگدانەوەی چۆن بوو؟**


وەڵام/ من وابزانم، دەنگدانەوە و تەئسیری لەناو شاردا زیاتر بوو لەچاو شاخ، چونکە چۆنیەتی و چەندێتی هەر لەناو شاردا زیاتر بوو.

**پرسیار/ کێ بوون ئەو نووسەرانەی کە ئەوسا لەناو شارەوە بەرهەمیان دەنارد؟**

وەڵام/ زۆربەیان بەناوی نهێنییەوە بەرهەمیان دەنارد، من بۆ خۆم بەناوی نهێنی (٢) جار، بەناوی خۆشم دوو جاری تر بەرهەمم بڵاوکراوەتەوە، لەو نووسەرانەی دەمناسینەوە، ئەمانە بوون: ناسر شەیدا، محەمەد فەریق حەسەن، تاهیر سالح سەعید، جەمیل ڕەنجبەر،



فەرهاد پیرباڵ و ڕەوەز- هەڵەدن ١٩٨٤



**فەرهاد پیربال – بەختیار بەرگەڵو ١٩٨٤**

رەئوف بێگەرد.

**پرسیار/ ئەوساکە ئەوەی لەگۆڤاری (نووسەری کوردستان) بلاودەکرایەوە، ئەدەبی مقاوەمە بوو و بە رۆحێکی شۆڕشگێڕانەش دەنووسرا.ئەی ئێستا ئەو ئەدەبە مقاوەمە دەبینی.؟**

وەڵام/ نەخێر، هیچ.

**پرسیار/ شتێک بگێڕەوە کە ئەو ساتانەی لەم گۆڤارەدا کارتان دەکرد، چ ساتێکی خۆش و ناخۆشی پێبەخشیون؟**

وەڵام/ مامۆستا (حەیدەر خانەقینی) کە بەرپرسیاری چاپخانەکەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ بوو؛ رۆمانێکی گەورەیە و ناتوانم لێرە بیگێڕمەوە! هەروەها شەهید خەسرۆ خانەقینی، ئەمە جگە لە (رەوەز) و (بەخە) و (باسم الرسام) و (سعدون فەیلی) و (هوشیار عابد) و مامۆستا عبدالرحمن کە خۆشنووسی گۆڤارەکە بوو، وە دەیانی دیکە کە سەرپەرشتی گشتیی راگەیاندن



**فەرهاد پیربال، رەوەز بەرگەڵو**
**دۆڵی کاولان ١٩٨٤/٦/٢١**


بوون لەدوای کاک ئەرسەلان باین، کە هەر یەکەیان هەزار و یەک حەکایەتی جوان و خۆش و ناخۆشی جۆراوجۆریان وەک گوڵ لەناو دڵمدا چاندووە، هەموویان رۆڵیان هەبوو لەم بوارەدا.

**پرسیار/ زۆر شتت ساغ کردەوە بۆ رۆژێ بەلای ساغکردنەوەی رۆژە سەختەکانی دەرچوونی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)دا نەچووی؟**


وەڵام/ ساغکردنەوەکە، پێویستە شارەزایان بیکەن، من رۆژنامەنووس و ئیعلامی نیم، هێندەش پیر نەبوومە موزەکەراتم بنووسمەوە.

**پرسیار/ ئەگەر بەبیرت بێتەوە کێبوون بەناوی خوازراوەوە لەشارەوە شتیان بۆ ئەم گۆڤارە دەنارد... چۆن ئەم بەرهەمانە دەگەیشتە گۆڤارەکەتان؟**

وەڵام/ من لەدەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە نەبوومە، هەرگیز، بەڵام دەستاودەست دەنێردرایە شاخ، من جارێکیان بەدەستی شەهید کەریم عوسمان ـ دا بەرهەمێکم بەناوی نهێنییەوە نارد، تەنانەت دایکی شەهید کەریم عوسمان، خوشکی ژنێکی خانەدان و بەجەرگ و دڵسۆزی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی بوو، جارێکیان ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەم لە ئەو وەرگرت، لەگەڵ کۆمەڵێک (نامە) کە دەبووایە بیانبەمەوە بۆ هەولێر.



**لاپەڕەیەک لە وەڵامی پرسیارەکانی فەرهاد پیربال بە دەست و خەتی خۆی**




(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێیدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)

**ئا: قەڵەندەر**

## عبدالرحمن صادق فرهادی

### چاوەڕوانی

قوتابی دواناوەندی زۆزانی کوڕن هەولێر
چەندی چاوەڕوانم کردی
ئارەقی ڕەش و شینم دا
تۆ نەهاتی
چەندی قسە و یادی دێرینت بیسترا
چەندی شیعر و گۆرانی نوێ
بۆ تۆی شیرن هەڵبەسترا
تۆ نەهاتی
چاو هەرچەند بینایی مابێ چاوەڕێتە
دڵ هەرچەندە عیشقی جوانی نیگای تۆ بێ
هەر دەم پەندێکی ژێر پێتە
هەموو جەستەم سارد و سڕ و ماندوو بووە
کەچی جێگای کۆنە زامی جارانی تیا وون نەبووە
تۆ نازانی
هەموو کات و زەمانم لە چاوەڕوانی سەرف دەبێ
تۆ نازانی بەهاتنت
کۆنە زامی دێرینی جەستەم  وون دەبێ؟
تۆ نازانی بەهاتنت
ئاگری خۆشەویستی تۆ
گەشتر دەبێ؟
وەرە گیانە
چەند لە مێژە دڵەی زامدار
شەونخوونیت بۆ دەکێشێ
وەرە گیانە
چاوەکانم لە تەنیا چرکەیەک دا
سەدان هەزاران جار
نیگای جوانی تۆ دەکێشێ





بەرهەمی لاوان

چاوەڕوانی..

عبدالرحمن صادق فرهادي
قوتابی دواناوەندی زۆزانی کوڕان هەولێر

چەندی چاوەڕوانم کردی
-رەقی ڕەش و شینم دا
تۆ نەهاتی
چەندی قسەو یادی دێرینت بیسترا
چەندی شیعر و گۆرانی نوێ
بەتۆی شیرین هەڵبەسترا
تۆنەهاتی.
چاو هەرچەند بینایی مابێ چاوەڕێتە
-ل هەرچەندە عیشقی جوانی نیگای تۆبێ
هەردەم پەندێکی ژێر پێتە
هەموو جەستەم ساردو سڕو ماندوو بووە
کەچی جێگای کۆنە زامی جارانی تیا وون نەبووە
تۆنازانی
هەموو کات و زەمانم لەچاوەڕوانیت سەرف دەبێ
تۆنازانی بەهاتنت
کۆنە زامی دێرینی جەستەم وون دەبێ ؟
تۆ نازانی بەهاتنت
ئاگری خۆشەویستی تۆ
گەشتر دەبێ ؟
وەرە گیانە
چەند لەمێژە دڵەی زامدار
شەو نخونیت بۆ دەکێشێ
وەرە گیانە
چاوەکانم لەتەنیا چرکەیەکدا
سەدان، هەزاران جار
نیگای جوانی تۆ دەکێشێ،

ئامادەکردنی: پەروەر

# فیلمی چاوە شین کاڵەکە

فیلمی «چاوە شین کاڵەکە» ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە چیرۆکێکی خەیاڵیی، کە پەیوەندی بە ژیان و ڕووداوەکانی شاعیری ئەمریکی ئێدگار ئالان پۆ-وە هەیە، ئەگەرچی ڕۆڵ و ناوی ئەم شاعیرە ناوداره لەنێو فیلمەکەدا بەرجەستە کراوە و چەندین ئاماژەی ڕاستەقینەشی تێدایە، بەڵام هێشتە هەر لە فیلمێکی خەیاڵی دەچێت، بەڵام دەقی چیرۆکەکە بۆ زستانی ناوچەیەکی هادسۆن هایلاندز لە نیویۆرک دەگەڕێتەوە، کە باس لەو خەیاڵە دەکات، ئەگەر ئێدگار ئالان پۆ-ی گەنج خۆی بەشداری لە لێکۆڵینەوەکانی کوشتنی هاوخوێندکارێکی ئەکادیمیای سەربازی، وێست پوینت کردبا، ڕەنگە چی ڕووی دابا. ڕووداوەکە بریتییە لە هەڵواسینی تەرمێک لە کەناری ڕووباری هادسۆن، کە بە درەختێکەوە هەڵواسراوە.

شتێکی سەرسوڕهێنەر لەو ڕووداوەدا دەردەکەوێت. پێی گەنجەکە لەسەر زەوی بووە و پەنجە ڕەقەکانی پارچە کاغەزێکیان تێدا بووە، لە هەمووی سەرسوڕهێنەرترین ئەوەیە، کە دڵی دەرهێنراوە. ئەم دیمەنە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیاننامەی شاعیر ئێدگار ئالان پۆیەوە نییە، بەڵام پڕە لە ڕۆحی ئەو.

لە کتێبی (چاوە شین کاڵەکە)دا ئاماژە بە ژیاننامەی ئێدگار ئالان پۆ کراوە، وەک ئارەزووی خواردنەوە، خۆشەویستی بۆ ژن و مەیلی دروستکردنی دوژمن، بە وردبینییەکی واقیعی، بەڵام بە تەواوی ئەو شوێنە تاریکانەی ڕوون نەکردووەتەوە، کە وەسوەسەکانی لە نووسیندا لێیەوە سەرچاوەیان نەگرتووە.

چاوە شین کاڵەکە، شتگەلێک لەبارەی کارەکتەری شاعیر ئێدگار ئالان پۆ-یەوە دەهێنێتە ئاراوە، وەک



ڕێورەسمی جادوویی، کریپتۆگرافی، سنووری نێوان عەقڵ و شێتی و وێنەی ژنێکی مردووی جوان، کە ئالان پۆ بە جوانترین شیعر لە جیهان وەسفی کردووە.

دەردەکەوێت کە دەکرێت کوشتنەکە پەیوەست بێت بە ڕێورەسمی سیحری ڕەشەوە. چونکە دواتر چەند ڕووداوێکی هاوشێوەی ڕوودەدەن

لانـدۆر، کـە ئـەرکی لێکۆڵینـەوەی ئـەو ڕووداوە و ڕووداوەکـانی دیکەی پێ سپێردراوە، لەگەڵ ئێدگار ئالان پۆ گومان لە خێزانی دکتۆر دانیال مارکیس، کە هێنراونەتە نێو لێکۆڵینەوەکە دەکەن، بەتایبەتی گومان لە ئارتێموسی کوڕی و لیای کچی دکتۆر دانیال (کە تووشی جۆرە نەخۆشییەک بووە)

دواجـار ئێدگار ئالان پۆ لەلایەن لیاوە سیحری لێ دەکرێت ماددەی هۆشبەری دەدرێتی و لە هۆش خۆی دەچێت، کاتێک بە ئاگا دێتەوە هەست دەکـات، کە ئارتێمۆس و لیا خەریکە دڵی دەردەهێنن، لەم ساتەدا لاندۆردەگاتە شوێنی ڕووداوەکـە و ئالان پۆ ڕزگار دەکات، لەوکاتەشدا خانووەکە، کە کاردەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرا ئاگر دەگرێت و لیا و ئارتێمۆس دەمرن.

بەمشێوەیە کۆتایی بەم دۆسیەیە دێت، بـەڵام دوای ئەوەی ئالان پۆ چاک دەبێتەوە ڕووبـەڕووی لاندۆر دەبێتەوە و ئەوەی بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە، کە ئەو دەستنووسـەی لە نێو پەنجەی تەرمە هەڵواسراوەکە دۆزرایـەوە، هاوشێوەی دەستنووسەکەی لاندۆر-یە، ئەمەش دەری دەخـات، کە لە ڕاستیدا لاندۆر بکوژە ڕاستەقینەکەیە، چونکە پێشتر کچەکەی لاندۆر لەلایەن ئەو کەسە و دوو کەسی دی دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر، بەوهۆیەشەوە دواجار خۆی کوشتوە، لاندۆر ئەمەی بۆ کەس ئاشکرا نەکردبوو، بەڵکوو وای پیشان دەدا، کە هەڵاتووە. واتە دوای کوشتنی، لیا و ئارتێمۆس دڵ-یان دەرهێناوە.

ئێدگار ئالان پۆ بەر لـەوەی لانـدۆر بەجێ بێڵێت دەستنووسی کاغەزەکان، کە ڕاستەوخۆ لانـدەر بە کوشتنەکەوە دەبەستێتەوە دەسووتێنێت.

لە کۆتایی فیلمەکەدا لاندۆر دەبینرێت، لەسەر ئەو بەردە وەستاوە، کە کچەکەی خۆی لەسەر هەڵداوە و گیانی لە دەست داوە، شریتی قژی کچەکەی بە بادا دەدات و دەڵێت:



«پشوو بدە خۆشەویستەکەم»

*** ئەم فیلمە ئەمریکییە لە ساڵی ٢٠٢٢ لەلایەن سکۆت کوپەرەوە نووسراوە و دەرهێنراوە، ناوەڕۆکەکەی لەو ڕۆمـانـە وەرگیـراوە، کە ساڵی ٢٠٠٦ لویس بایارد نووسیویەتی.**

*** ئێدگار ئالان پۆ- : Edgar Allan Poe لە ساڵی ١٨٠٩ زایینی لە بۆستۆنی ئامریکا لە دایک بووە، و لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٩ لە بالتیمۆری هەر ئەو وڵاتە مردووە. ئەم ئەدیبە یەکێکە لە گەورەترین نووسەران و شاعیرانی سەردەمی خۆی، کە زۆربەی کارەکانی بریتییە لە کورتە چیرۆک، زۆربەی چیرۆکەکانیشی ترسناکن و هەر بەم هۆیەشەوە بەناوبانگن.**



پەیام فەتحوڵلا ڕەسووڵ

# یانەی وەرزشی برایەتی

یانەی وەرزشی برایەتی لەیەکگرتنی هەردوو یانەی قوتابیان و لاوان پێکهات. یانەی قوتابیان ساڵی ١٩٧٨ و یانەی لاوانیش ساڵی ١٩٨٢ دامەزرا بوون، ئەوکاتە دوو یانەی جیاواز بوون بەڵام لەساڵی ١٩٨٤ هەردوو یانە لێکدران و بەناوی یانەی برایەتییەوە مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرت.

یانەی وەرزشی برایەتی، لەسەر دەستی کۆمەڵێ وەرزشکاری شاری هەولێر دروستبوو، کە بەیەکەمین دەستەی دامەزرێنەی یانەکە دادەنرێن، وەکو: (بەدر مستەفا، فوئاد محەمەد، حەیدەر ئەیوب، بایز عومەر، نەجات میکائیل، دڵشاد شێخیل، سەرتیپ فاروق، ئیسماعیل عەدۆ، ئازان شەریف و حەسەن حوسێن) کە ڕۆڵیان هەبوو لە برەودان بە چالاکییەکان و بەرەو پێشبردنی ئاستی یانەکە، لەسەرجەم یارییە جۆراوجۆرەکان.

لەساڵی ١٩٨٦ دەستەیەکی دیکە ئەرکی بەڕێوەبردنی یانەکەیان لەئەستۆ گرت، کە پێکهاتبوون لە: (حەسەن حوسێن ئەڵلا داد، حەیدەر ئەیوب، بایز عومەر، دڵشاد شێخیل، سەرتیپ فاروق، ئیسماعیل عەدۆ، ئازان شەریف)

ڕاستەوخۆ و لەدوای دامەزراندنی یانەی وەرزشی برایەتی چەندین وەرزشکاری هەولێر لەسەرجەم یارییە جۆراوجۆرەکانی وەکو (تۆپی پێ، تۆپی دەست، تۆپی باسکە، گۆڕەپان و مەیدان) پەیوەندییان بە یانەکە کرد و چوونە پاڵ ڕیزەکانییەوە. لەو سەردەمەش تەنیا یانەی وەرزشی هەولێر لە گۆڕەپانەکە بوونی هەبوو، بۆیە دروستبوونی یانەی وەرزشی برایەتی دەروازەیەکی دیکەی کردەوە بۆ وەرزشکارانی شاری هەولێر، کە تواناکانی خۆیان تیادا دەربخەن و بگەن بەلووتکەی سەرکەوتن.

لەبواری کارگێڕییەوە، یانەی وەرزشی برایەتی هەر لەڕێکەوتی دروستبوونیەوە، تاکو ئێستە، خاوەنی چەندین کادیری بەتوانا بووە، کە وای کردووە یانەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو پێش بچێت و ببێتە جێگەی هیوا و ئاواتی وەرزشکاران، لەوانەی، کە زۆرترین خزمەتیان بەیانەکە گەیاندووە: (حەسەن حوسێن، سەرتیپ فاروق، ئازان

شەریف، ڕەمزی وەلی، شەهید فاروق جەبار، عوسمان بانیمارانی، مامۆستا ڕێبوار، د.سامی عەزیز، وەیسی ئەحمەد، حەسەن سەلیم، بەشدار سەربەست، قەلەندەر نەسرەدین دکتۆر دارا ڕەشید) لەبواری ڕاگەیاندن و هەواڵەکانی یانەکە و بڵاوکردنەوەی چالاکییەکان نابێت ڕۆڵی (زاگرۆس نانەکەلی و ئومێد ئیبراهیم) لەبیر بکرێت کە توانیویانە لە ڕابردوو و ئێستەدا ڕۆڵی کارا بگێڕن و چالاکیەکانی یانەکە بەباشترین شێوە بە وەرزشکاران لەسەرتاسەری کوردستان بگەیەنن.

**فاکتەری سەرکەوتن:**

هەرکاتێک باس لە شانازیی و سەرکەوتنەکانی یانەی وەرزشی برایەتی دەکرێت، ناکرێت ڕۆڵی کاک (کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی) لەبیر بکەین، کە ساڵانێکی زۆرە خزمەتی ئەم یانەیە دەکات و هاوکار و پاڵپشتی سەرەکی یانەکە بووە. ئەوەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەدەست هاتووە، بەشێکی زۆری بۆ پشتیوانی و ڕۆڵی ئەو دەگەڕێتەوە. شالاو کۆسرەت ڕەسووڵ-یش بەهەمان شێوە، ئێستە پاڵپشت و هاندەری یەکەمی یانەکە و سەرۆکی فەخری یانەکەیە.

**نازناوەکان:**

مێژووی دروستبوونی یانەکە خۆی لەنزیکەی چل ساڵ دەدات، یانەکە لەیارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەکاندا خاوەنی چەندین نازناوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، لەوانە (تۆپی پێ، تۆپی سەرمێز، پایسکلسواری کوڕان و کچان) کە زۆرترین نازناویان دەستەبەر کردووە. تیپی تۆپی پێی یانەکە بە یەکێک لە بەناوبانگترین تیپەکانی هەولێر و کوردستان دادەنرێت و خاوەنی چەندین نازناوە لەسەر ئاستی کوردستان، گرنگترینیان:

- پاڵەوانی خولی یانەکانی کوردستان ١٩٩٤- ١٩٩٥
- پاڵەوانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان ٢٠١٣-٢٠١٤
- پاڵەوانی خولی یانەکانی کوردستان لەسلێمانی وەرزەکانی ١٩٩٨- ١٩٩٩- ٢٠٠٠- ٢٠٠١
- پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان وەرزی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١
- پاڵەوانی جامی کوردستان وەرزی ٢٠٢١ - ٢٠٢٢



- پاڵەوانی جامی سوپەری کوردستان ٢٠٢١ -٢٠٢٢

- پلەی دووەمی خولی نایابی کوردستان وەرزی ٢٠١٧ - ٢٠١٨

ئەم تیپە لەسەر ئاستی عێراقیش توانیویەتی چەندین ئەنجامی باش دەست بێنێت، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی یانەکە لە ساڵی ١٩٨٥ توانی لەماوەی چەند وەرزێکی کەمدا لەڕیزی یانە پلە سێیەکانی عێراقەوە خۆی بگەیەنێتە ڕیزی یانە پلە یەکەکان، کە ئەمەش دەستکەوتێکی ئێجگار مەزن و گرنگ بوو لەو کاتەدا، هەروەها لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر نزیک بوو لە گەیشتن بەڕیزی یانە نایابەکانی عێراق، بەڵام بە جیاوازی خاڵێک یاخود گۆڵێک چەند جارێک نەیتوانی بگاتە ڕیزی یانە نایابەکان.

لەیاری تۆپی سەرمێزیش، یانەکە یەکێکە لەیانە پێشەنگەکانی کوردستان و عێراق، خاوەنی چەندین دەستکەوتی تاکەکەسی و بەکۆمەڵن، لەوانە:

- پاڵەوانی خولی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی پێشکەوتووان ٢٠١٣.

- دووەمی خولی یانەکانی عێراق لەسەر ئاستی پێشکەوتووان ساڵی ٢٠١٢

- سێیەمی خولی یانەکانی عێراق لەسەر ئاستی پێشکەوتووان ساڵانی ٢٠١١- ٢٠١٤- ٢٠١٦- ٢٠١٧- ٢٠١٨.

- بەشداری کردن لەخولی یانە پاڵەوانەکانی عەرەبیی لە ساڵانی ٢٠١٢ لە مەغریب، ٢٠١٦ لە لوبنان، ٢٠١٧ لە تونس، ٢٠١٨ لە مەغریب.

- پاڵەوانی خولی نایابی عێراق لەساڵی ٢٠٢١ لەسەر ئاستی بێچووە شێران.

لە یاری پایسکلسواری کوڕان و کچان، یانەکە توانیویانە چەندینجار پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەست بهێنن و نوێنەرایەتی عێراق بکەن لە پاڵەوانیەتییەکانی عەرەب و کیشوەری ئاسیا. لەیاری شەترەنج-یش، شەترەنجزانانی یانەکە لەڕابردوودا چەندین دەستکەوت و ئەنجامی باشیان بۆ یانەکە دەستەبەر کردووە.

**سەردەمی زێڕین:**

سەردەمی زێڕینی یانەی وەرزشی برایەتی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی توانی دووجار لەسەریەک ببێتە پاڵەوانی خولی یانەکانی کوردستان لەساڵانی (١٩٩٤- ١٩٩٥) دوای گواستنەوەی بارەگاکەشی لەهەولێرەوە بۆ سلێمانی لەدوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٦ یانەکە لەچالاکییەکانی خۆی نەوەستا، بەڵکو بەشدار بوو لەسەرجەم ئەو خول و پاڵەوانیەتیانەی، کە لە سنووری سلێمانی ئەنجام دەدران، دووجار توانی ببێتە پاڵەوانی خولی یانەکانی کوردستان لەساڵانی (١٩٩٨- ١٩٩٩) دوای گەڕانەوەشی بۆ شاری هەولێر، یانەی برایەتی پەرەی زیاتری بەچالاکییەکانی خۆی داوە. توانی ئەنجامی باشتر و بەرچاوتر بەدەست بهێنێت و بۆ یەکەمجار لەمێژووی خۆیدا ببێتە پاڵەوانی خولی نایابی سەرتاسەری کوردستان لەوەرزی ٢٠٢٠-٢٠٢١.

**خاڵی جیاکەرەوە**

خاڵی جیاکەرەوەی یانەی برایەتی لەگەڵ زۆربەی یانەکانی دیکەی کوردستان، خۆی لە دوو خاڵ دەبینێتەوە:

یەکەم: بوونی چەندین ئەستێرەی بەناوبانگ لەنێو یانەکەدا، ئێستە و ڕابردوو، کە وەکو ڕاهێنەر، یان یاریزان خزمەتیان کردووە، لەوانە: (عادل عەبدولقادر، سەرکار عەلی خان، مەجید سەلام، خوالێخۆشبوو دکتۆر شاخەوان مەجید، فازڵ عەباس، کرێکار زرار، حەمید خالید، کاوە عومەر، محەمەد خۆشناو، پشتیوان شبیب، فەیزوڵا عوسمان، سەمەد جەوهەر، شاخەوان عومەر، جەودەت سلێمان، کامەران محەمەدی گۆڵپارێز، شوان بەکر، هەڵۆ ئەحمەد دزەیی، عەبدوڵلا ساڵح، قەرەچوغ ئەحمەد، تاهیر تۆفیق، ئازاد سەلاحەددین، سەفین مەنسور، کامەران حەیدەر، فاتیح حەمەخان، فاروق خدر، محەمەد عوسمان، ڕزگار سەلیم، تاریق عەزین، عومەر مەجید، ئازاد سەید ئەحمەد، خەتتاب ئەحمەد، سەرهەنگ موحسین، هەرێم تەحسین).

دووەم: بوونی هاندەر و هەوادارێکی زۆری یانەکەیە لەشاری هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان، چونکە کەم یانە هەن لە کوردستان، کە خاوەنی ئەم جۆرە هاندەرە بن، کە خۆشەویستیەکی زۆریان بۆ تیپەکەیان هەبێت و هەردەم بەشێکی دانەبڕاوی خۆشی و ناخۆشییەکانی بن، بەدرێژایی یارییەکان ڕۆڵیان هەبێت لەسەرکەوتنەکان و هاندانی یاریزانان.

# دایکم و سەرشوشتنی جارانم

کە منداڵ بووم، زۆر ڕقم لە شەوی هەینی دەبووەوە، چونکە هەموو شەوانی هەینی، گەرماوی ماڵمان بۆ سەرشوشتن ئامادە دەکرا. ئەو کات گیزەر و میزەر نەبوو، کولخانێک هەبوو، بە دار و پەلکە گیز، مقەبا، کاغەز و نەوت گەرم دەکرا، چۆن گەرم کردنێک، بەبێ نەعل، پێت لەسەر عاردی حەمامەکە دانابا دەسووتا. دایکم خاوەنی هەشت منداڵ بوو، من منداڵی دووەم بووم، هەمیشە پێش من، برا گەورەکەمی دەشوشت، بۆیە بەردەوام گوێم لە دەنگی گریانی دەبوو، کە بەهۆی ئاوی گەرم و ئێشی کەفی چاوانی. دوای وی نۆبەتی من بوو. پێش هەموو شتێک جلوبەرگی لەبەر دادەکەندم، وای چ عەزابێک بوو، خۆ ئەگەر ملی بلوزەکە هەندێک تەسک با، سەرە گەورەکەم و گوێچکەکانم ئازاری پێ دەگەیشت و دەستم بە گریان دەکرد، دایکیشم باکی نەبوو، ئەو پەلەی بوو، من زوو تەواو بم، چونکە پاش ئەوانی دیش مابوون. ئاوی خۆ شووشتنەکەش بۆ ئەوکاتی منداڵی من زۆر گەرم بوو، هەرچەند بمگوتبا ئاوەکە گەرمە، وەک ئەوە وابوو گوێی لەهیچ نەبووە، ئەو کاتە شامپۆ و مامپۆش نەبوو، کەفی سابوونی ڕەقی دەچووە نێو چاوان و بە گریانی دەخستی، ئەگەرچی بەردەوام دەیگۆ چاوت قەپاتکە، بەڵام کەفەکە ڕێی چاوەکانمی دەناسی! ئەدی لیفکەکە، هەند دربوو دەتگۆ سیمی قاپانە، بەجۆرێک لەسەر و گۆلاک و لەشمی دەخشاند دەتگۆ لە فانۆسی عەلائەدینی دەخشێنی. هەرچەند گریابام یان ناڕەزاییم پیشان دابا بێ هودە بوو، هەردەیگۆ بێ دەنگ بە، هەی قەرپ. لەسەر شوشتنەکەی تەنیا حەزم لە گوێ خاوێن کردنەوەکەی بوو، چونکە بەدەوی خۆی کەف و ئاوی ناو گوێمی دەمژی و فرێی دەدا دەرەوە، دواجار بە خاولی سەر و لەشمی هیشک دەکردەوە، خۆ ئەوکات موجەفیفەش نەبوو تاکو قژمان هیشک بکاتەوە، زۆر بە توندی قژمی هیشک دەکرد و بە پەرۆکەک سەر و گوێلاکمی دەبەست، دەیگۆ هەتا سەرمات نەبێ. ئەو جارە نۆرەی جل لەبەرکردنەوە دەهات، ئەویش عەزابێکی گەورەی لەگەڵ دابوو، بەتایبەتی لە زستانان، چەندین فانیلە و بلوز و کراسی بەخورتی لەبەردەکردم، ئەوەی ئەو دیاری دەکرد بێ لام و جیم دەبوایە لەبەریان بکەم، خۆ لەکاتی بلوز لەبەرکردن ئەگەر قۆڵی کراسەکەت نەگرتبی یان لە دەستت بەربووبی ئەوە شەقازلەیەکی ئەبوجاسمییت دەخوارد! سەرەڕای ئەمەش بەڕاستی ڕۆژانێکی خۆش بوو.

دایەگیان جێگەت بەهەشت بێ و خوای میهرەبان لێت ڕازی بێ زۆر لەگەڵمان ماندوو بوویت و هاوکار و پاڵپشتی هەموومان بووی، خاوەنی هیچ بڕوانامەیەک نەبووی، کەچی هەموومانت کردە خاوەن بڕوانامەی زانکۆ. لە کۆتاییدا دەڵێم (الجنة تحت أقدام الأمهات).



حوسامەدین
سەرداری

لە دەفتەری نەمریدا



# جان تۆماس

## ٤/٤/١٩٤٧ – ٦/٧/٢٠٢٣

## له دەفتەری نەمریدا



# کاروان شەمسەدین


## ١٩٦٨ – ٢٠٢٣/٧/١٢

# سالۆنی لاپەڕە (٩)

ئا: ڕەوەست نەوزاد

**لە درێژەی کۆڕەکانیدا سالۆنی لاپەڕە ٩ی ناوەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوەی ٢٠٢٣/٦/٢٤ تا ٢٠٢٣/٧/٢٢ ئەو کۆڕانەی ڕێکخست:**

**٢٠٢٣/٦/٢٤**









مەڕاسیمی ناساندن و دابەشکردنی کتێبی (ئاگر و خوێن تاوانەکانی حەرەس قەومی) لە نووسینی مەلا شاخی

**٢٠٢٣/٧/٨**




بەئامادەبونی دکتۆر مەجید حمەدئەمین لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و نوسەران و ڕۆشنبیران، مەڕاسیمی ناساندن و دابەشکردنی هەردوو کتێبی (مێگەرایی، ڕوانگە و ڕەهەندەکانی بزووتنەوەی ژنان) و (گوڵدانی ژن) لە چاپکراوەکانی ئینستتیوتی نارین و لە نووسینی خاتوو نەرمین عوسمان.

## ٢٠٢٣/٧/١٥







مەڕاسیمی ناساندن و دابەشکردنی هەردوو کتێبی (هەڵەبجەییەکان وا دەڵێن ) و (دەنگی مەرگ) لە نووسینی نوسەر و ڕۆژنامەنوس ئیبراهیم هەورامانی.

## ٢٠٢٣/٧/٢٢



کۆڕێک بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنوس (کاوە نادر قادر) بەناوونیشانی (لە ساڵیادی سەدساڵەی پەیماننامەی لۆزانەوە- لەپەرتکە زاڵبە، بۆ یەک چارەنووسی گەلی کوردستان)

# سەکۆی گۆڤاری دیوان لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنیدا

د. ئەحمەد حەمەدئەمین

مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ دوو ساڵ بەسەر تەمەنی گۆڤاری دیوان تێپەری و پێی نایە ساڵی سێیەم.

گۆڤاری دیوان دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەک و هەر لە سەرەتاوە، بووە بە جێگەی بایەخی خوێنەران و نووسەران. بێدرا هەمووان بە شەوقەوە چاوەڕوانی ژمارەی دواتری دەکەن.

لەو سۆنگەیەوە بەندە لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا لە دووتوێی کتێبێکی (١٢٨) لاپەڕەیی پوختەیەکم لەسەر چۆنییەتی دەرچوون و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە نووسی، لەگەڵیدا بیلیۆگرافیایەکمان بە ناوی نووسەران، ناوونیشانی بابەتەکان و وەرگێڕەکان ئامادە کرد. بۆ ساڵی دووەمیش هەمان هەنگاومان نا، بەڵام ئەمجارە وردتر لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان و بەشەکانی گۆڤارەکە هەڵوەستەمان کردووە، دواجار کارەکەمان بە کۆتا هێنا و خۆشبەختانە بەرەو چاپخانە بەرێکرا و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران.





ئاشکرایە لەو دوو ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری دیوان، وەک سەکۆیەک ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران، بابەتی گرنگ و بایەخداریان تێیدا نووسیوە، پەردە لەسەر زۆر لایەنی شاراوەی سیاسیی، مێژوویی، کلتووریی، ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی گشتیی هەڵدراونەتەوە.

بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران ڕوون بێتەوە، بە زمانی ژمارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین، کە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا چی پێشکەشکراوە:

یەکەم: لە ماوەی دوو ساڵدا سێ سەد و حەفتا و یەک نووسەر لە ڕەنگ و دەنگی جیاواز وتاریان لەو گۆڤارەدا نووسیوە.

دووەم: هەشت سەد و حەفتا دوو بابەتی هەمەجۆر نووسراون.

سێیەم: بیست و سێ وەرگێڕ، سی و سێ بابەتی گرنگیان وەرگێڕاوتە سەر زمانی کوردیی.

چوارەم: گۆڤاری دیوان لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنیدا، بیست و چوار تابلۆی هونەریی بە خوێنەرانی ناساندووە.

پێنجەم: لای لە ژیانی پازدە وێنەگر کردووەتەوە و یەکێک لە وێنە نایابەکانیانی بڵاوکردووەتەوە.

شەشەم: لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، بیست و چوار دۆسیەی بۆ کەسایەتی جیاواز کردووەتەوە و بەشێکی باشی لەلایەنەکانی ژیانیان بە خوێنەران ناساندووە و بۆ ئەبەد بە زیندوویەتی هێشتوونییەتەوە.

بۆیە ئەوەی لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا لە گۆڤاری دیوان ئەنجامدراون جێگەی دەستخۆشییە، بۆ ئەو بەڕێزانەی شەو و ڕۆژیان خستووەتە سەر یەک، تا ئەوەی گۆڤارەکە بە باشترین شێواز بکەوێتە بەر دەستی خوێنەران، بۆیە لە دڵەوە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.